خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا          لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

---

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف          ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر          بابان ئەنوەر

# شارە زەردەواڵە

## پرۆسەی دروستکردنی داعش

موعتەسەم نەجمەدین

2017

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (212)

ناوی کتێب: شارە زەردەواڵە پرۆسەی دروستکردنی داعش

بابەت: سیاسی

نوسینی: موعتەسەم نەجمەدین

تایپ و هەڵەچن: زریان رەحیم- کەیوان عمر- نیاز کمال

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئاکام شەمسەدینی

چاپخانە: حەمدی

ساڵی چاپ: 2017

چاپ: یەکەم

تیراژ: 500 دانە

نرخ: 3000 دینار

لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955a044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1620)ی ساڵی 2017ی پێدراوە

# شارە زەردەواڵە

## پرۆسەی دروستکردنی داعش

موعتەسەم نەجمەدین

2017

# پێڕست


پێشەکی .......................................................................... 7
سعودییەکان بڕیاری سیاسی، ئابوری و سەربازی............ 21
سایکس- بیکۆی سەدەی بیستو یەک ............................ 28
کۆتایی شەڕی سوریا و سەرەتای قۆناغێکی نوێ ......... 35
کورد لەهەناوی گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵات .................. 41
یەکێتی لەنێوان ئەیلول و نیساندا .................................... 51
کورد زەرەرمەندی یەکەمی دابەزینی نرخی نەوتە ......... 60
داعش کوڕی شەرعیی بەعسیزمە ................................... 67
پرۆسەی سیاسی عیراق لە نەشتەرگەری ........................ 74
قەیرانی ئیفلیجیی بڕیاری سیاسی .................................... 81
ستراتیجی هەرێمایەتیی شیعە .......................................... 88
ئیسلامی سیاسی کوردیی ................................................. 95
ئەوەی سەرۆک لێی غافڵە ............................................... 112
لەنێوان سیستمی سەرۆکایەتیو پەرلەمانیدا ..................... 119
دەستوور لەسەر بناغەی ئیرادەی کۆمەڵگا ....................... 126
تورکیا لە دووڕیانێکی چارەنوسسازدا ........................... 133
کۆمەڵگای کوردی لەنێوان دوو جۆر ............................. 139

شکستی ئەردوگانیزم ........................................................ 156
لێکترازانی عیراق لەستراتیجی ئەمەریکادا ...................... 171
نەرمەهێز لەستراتیجی نوێی ئێراندا ............................... 186
سوریا لەستراتیجی نوێی روسیادا .............................. 200
هاوپەیمانی نوێی بەغدا ............................................ 220
پەیوەندیی روسیا – ئێران ............................................. 234
خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ..................................................... 243
کوردستان لەستراتیجی نوێی ئەمەریکادا ...................... 252
درووستکردنی شارە زەردەواڵە .................................... 271
موسڵ پردێک بۆ گەڕانەوەی تورکیا .............................. 289
قەیرانی بونیادی لە ئیخوانی کوردیدا ............................ 302
کورد لە گەمەی هێزە هەرێمایەتیەکاندا ......................... 323
گەمە گاڵتەجاڕیەکانی ئەنفال ....................................... 330
شەراکەتو سازان هەوڵێک بۆ رزگاربوون لە ............... 337

# پێشەکی

ساڵی 2015 بە گشتی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی و بەتایبەتی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ساڵێکی پڕ لەئاشوب، کارەسات، شەڕ، قەیران و ماڵوێرانی بوو.

لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی، تەنانەت لەبواری تەندروستی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، برسێتی، ئاوارەیی، رەوکردن و هەڵهاتن، تراژیدیایەکی یەکجار بێوێنەی سامناک و دڵتەزێن بوو.

قوڵبوونەوەی قەیران، کێشە و گرفتەکان لەم ساڵانەدا بەشێوەیەک بوو، تروسکایی هیواو ئاسۆی ئومێد بۆ رزگاربوون لەم دۆخە بووە خەونێکی بەتاڵ، خواستێکی بێ بناغە و هیوایەکی

پوک. لەڕووە واقعییەکەیەوە زۆربەی دنیابینی و بیروبۆچوونەکان بۆ ساڵی داهاتوو بەو ئاڕاستەیەدان، کە قەیران، کێشەو نەهامەتییەکان نەک هەر کۆتاییان نایەت، بەڵکو روو لەزیادبوون و زیاتر قوڵبوونەوە دەکەن.

## دنیابینیەکی رەشبینیانە و زەمینەیەکی واقیعی

ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەوەی لەڕواڵەتدا دنیابینیەکی رەشبینیانەیە و لەجەوهەردا زەمینەیەکی واقعی هەیە، بەڵام سروشتی مرۆڤ بەوەی بەردەوام بەهیوا و ئومێد دەژێت، هێشتا خوازیارە ساڵی ئاییندە ساڵێکی باشتر و ساڵی رزگاربوون بێت لەقەیران، کێشە و گرفتەکان، هەرچەندە ئەم هیوایە بە پێی زۆربەی ئاماژەکان دوورە لەواقیعەوە، بەڵام ئەستەمیش نییە، ئەوکاتەی مرۆڤەکان دەگەنە باوەڕێک، چیتر دۆخەکە بەرگەی ئەوە ناگرێت بەردەوامی بەفۆرمێکی تایبەت، دۆخێکی جێگیر لەشەڕ و کارەسات بدەن، بێگومان ئەوکات زەمینەیەکی جیاواز و نوێ

دەخوڵقێت. بەواتە لەو بارەدا گەیشتن بە باوەڕێک، کە بەردەوامبوون لەو دۆخەدا، خاوەن نەخشەکە بۆ خۆشی دەسوتێت. لێرەوە ئاراستەکە بەو رووەدا دەبرێت، کە دۆخێکی نوێ بخوڵقێنرێت. لە راستیدا ئەم دنیابینییەیە، کە دەبێتە بناغە بۆ بە واقیعکردنی ئەو خەونە.

سەدەی بیستویەک بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەکارەسات و شەڕوماڵوێرانی دەستی پێکرد. لەمەش گرنگتر، جێی بایەخو سەرنج ئەوەیە، ئەم واقیعە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا و خۆرئاواوە پێشتر ئاماژە و پێشبینی بۆکراوە، چەندین جار باس لەوەکراوە، کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا جێگەیە بە بێ بەرجەستەبوونی گۆڕان چەندین دەیان ساڵە، وەک خۆی ماوەتەوە، هیچ گۆڕان و نوێبوونەوەیەکی تێیدا روونەداوە. بەیتی مەقسەد لێرەدا ئەوەیە، بە شیکارکردن و توێژینەوەی ئەو لێدوان و دنیابینیانە دەگەینە ئەو راستییەی، کە پێشتر بەرنامە و ستراتیجێکی ئەمەریکی بۆ بەرجەستەکردنی گۆڕان، خوڵقاندنی شەڕ و پشێوی لەم ناوچەیە هەبووە.

لەم چوارچێوەیەداو بە پێی تیۆرە زانستیەکانی لەمەڕ جیۆپۆلێتیک، میسر و عیراق بە بەردەوامی کلیلی کۆی گۆڕانکارییەکانو جێگەی بایەخی داگیرکەران بووە. میسر لەمێژە بەخاڵی ئیرتیکاز ناسراوە و عیراقیش دڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە هەر گۆڕانو نوێبوونەوەیەک بە بێ ئەوەی بەمیسر و عیراقدا تێپەڕێت، ئەستەمە بگات بە ئامانج.

## راپەرین دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە عەرەبییەکان

لەدوای شۆڕشەکەی میسر، پێویستی بەرجەستەکردنی گۆڕان پەڕییەوە بۆ عیراق. لە درێژەی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی پشێوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و راپەرینی خەڵک لەدژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە عەرەبییەکان گەیشتە سوریا و ئەو وڵاتە بووە گۆڕەپانی شەڕو پێکدادانی نێوان پێکهاتە جیاوازو نەیارەکانی سوریا. شۆڕشو راپەرین لەم وڵاتە بەو ئاراستەیەدا نەڕۆیشت، کە ئەندازیارانی پرۆسەی بەهاری عەرەبی

دەیانویست، بەڵکو دۆخەکە گەیشتە ئاستی شەڕو پێکدادانێکی فرەڕەهەندو شەڕەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترو فراوانتر بوو، کە نەخشەی بۆ کێشرابوو. پێکدادانی هێزا سیاسییەکان لە هەرسێ ڕەهەندی لۆکاڵی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی یەکانگیر بوو، شەڕێکی نێودەوڵەتی بەوەکالەت لە سوریا و عێراق بەرپا کرا.

لەم پرۆسەیەدا چەندین گروپی تیرۆرستی دروستکرا، شەڕ و پێکدادانەکان بەرگی شەڕی سوننە و شیعەی لەبەر کرا. لەنێو ئەو گروپانە مۆدێلێکی نوێ لەگروپی تیرۆرستی بەناوی داعشەوە پەیدا بوو. ئەم گروپە لە جەوهەردا سروشتی شارە زەردەواڵەی هەڵگرتووە. هەر ئەم سروشتەش وایلێکردووە لە مەلەفی دەزگا هەواڵگریەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا و ئیسرائیلدا، بەناوی پرۆسەی شارە زەردەواڵەوە تۆمار بکرێت.

ئەم گروپە بەوەی لەستراتیجدا کار بۆخزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا بەشێوەیک دەکات، لە هەندێک ناوەندی هەواڵگری و سیاسیدا بە بەشێک لەستراتیجی

نوێی ئەمەریکا ناودەبرێت، گومانەکان زۆر بۆ ئەوە دەچن، کە ئەمەریکا بۆ خۆی خوڵقێنەری ئەم گروپە بێت. لە لایەکیترەوە ئاشکرابوونی پەیوەندیی نێوان تورکیا و داعش، هاوکارییە سەربازی، ئابوری و لۆجستییەکانی ئەو وڵاتە بۆ داعش، هاوکات دانپێدانانەکانی هیلاری کلنتۆن لەمەڕ رۆڵ و دەستییان لەدروستکردنی داعش ئەم گومان و بۆچوونەی زیاتر بەهێز کرد.

## فراوانبوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش

لەم گەمەیەدا فراوانبونی شەڕ، پێکدادانەکان و فراوانبوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و جیابونەوەی بەرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو، ئەو بارەی خوڵقاند، کە روسیا و تورکیا راستەوخۆ بێنە شەڕەکەوە.

لەنیوەی دووەمی ئەم ساڵەوە، بەهاتنە ناوەوەی سوپای روسیا بۆ سوریا، کێشەو شەڕەکان زۆر لەپێشوو زیاتر ئاڵۆز، فراوان و قوڵتربوونەوە، گۆڕان و وەرچەرخانێکی

گەورە لە ئاڕاستەی رووداوەکان و مێژووی جیهان بە گشتی و ئایندەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، بەرجەستە بوو. ئەم رووداوە بە پراکتیکی بەدوای خۆیدا فراوانبوونی گۆڕەپانی شەڕ، پێکدادانەکانی فراوانتر و هێزی ناکۆکییەکانی قوڵترکردەوە. بەرەکانی شەڕ جیابونەوە، فراوانبون و چڕبوونەوەی پێوەریان تۆمارکرد. شەڕ و پێکدانانەکان سروشت و واقعی شەڕی بەوەکالەتیان رەتکرد. لەم دۆخەدا هەرسێ رەهەندی جیهانی، هەرێمایەتی و لۆکاڵی لە هاوکێشەی نوێی هێز، سیاسەت و شەڕەکاندا یەکانگیر دەبن. ئەم دۆخە بەم رواڵەت و جەوهەرەی چەند دنیابینییەک لەسەر پێناسەکردن، ناساندن و شیکارکردن دەخولقێنێت، لە رووییەکەوە سیمای شەڕێکی جیهانی هەڵدەگرێت و لەرووییەکیترەوە، دەبێتە سەرەتاو بناغە بۆ بەرجەستەبوونی شەڕێکی ساردی نوێ، لەجەوهەریشدا ئاڕاستەکە بەرەو ئەو ئاقارە دەڕوات، کە سیستمێکی نوێی جیهانی لەهەناوی ئەم دۆخەوە بەخێرایی خۆی بسەپێنێت.

ئەمڕۆ، لە لێواری دامەزراندنی بناغەی ئەم سیستمە نوێیە جیهانیدا، کۆی دنیابینی و پێشبینیەکان بەو ئاراستەیەدان، کە سیستمێکی فرەجەمسەری جیهانی، لەسەر داروپەردوی رووخاوی جیهانی تاک جەمسەری ئەمەریکا دروست بێت. لەم پرۆسەیەدا هێزە مەزنەکان هەریەکە بە پێی سەنگ و قەبارەی خۆی، پێگە و دەسەڵاتی لەم سیستمە نوێیەدا دەبێت. لە لوتکەی دەسەڵاتدا چەند هێزێکی مەزن دەبن بە جەمسەری سەرەکی، لەو هێزانە، ئەوانەی تا ئەمڕۆ ئایندەو سیمایان دەرکەوتوە، ئەمەریکا، روسیا و چین، هاوکات، کۆمەڵێک دەوڵەتیتر، کە لەناو ستراکچەری ئەو سیستمەدا بەوڵاتە سەرکەوتووەکان ناویان دێت، وەک وڵاتانی ئەڵمانیا، بەرازیل، هیندستان و وڵاتانی ئیمپراتۆرە کۆنەکان، کە تا ئەمڕۆش سەنگ و پێگەی دیار، تایبەت و بەهێزیان هەیە، لەوانە بەریتانیا، فەرەنسا، ژاپۆن و...هتد.

باراک خانە لەکتێبی جیهانی دووەمدا، ئەو وڵاتانە بەجیهانی دووەم ناو دەبات، بەڵام ئەو هیچ ئاماژەیەک بۆ بوونی جیهانی سێیەم یان ئاستی نزمتر لەم وڵاتانە ناکات.

لەڕاستیدا ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن، کە لەخوار ئەمانیشەوە چەند هێزێکی هەرێمایەتی و دەوڵەتیتر ریزبەند دەبن.

لەم سیستمە نوێیەدا بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لەسەرجەم بوارە سیاسی، ئابوری و کولتوریەکاندا لەنێوان ئەو هێزانەدا یەکلادەکرێتەوە و دەدرێت. دەرئەنجامی ئەم واقیعە نوێیە، بەرجەستەبوونی نێواندژی و ناکۆکی لەنێوان ستراتیج و بەرژەوەندی هێزە مەزن و گەورەکاندا، زەمینەیەک بۆ دروستبوون و دامەزراندنی چەندین هاوپەیمانی، رێکخراوی جیهانی و هەرێمایەتی نوێ دەڕەخسێت.

بە واتە لەم دۆخەدا لە منداڵدانی سیستمی سیاسی رابردودا، سیستمێکی نوێ دروست دەبێت، لەم پرۆسەیەدا بەڕوونی سیستمێکی جیهانی سیاسی دەڕوخێت و لەجێگەیدا سیستمێکی نوێ دروست دەبێت. بەواتە جیهان ئەمڕۆ لەقۆناغی پەڕینەوەدایە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی نوێ، سیمای ئەم قۆناغە بارێک لەناجێگیری و ناسەقامگیری نمایش دەکات، لەم پرۆسەیەدا لەگەڵ ئەوەی

تا ئەمڕۆ سیستمی رابردو بە سیماو رواڵەت هێشتا بەپێوەیە، بەڵام لەناوەرۆکەوە بە بەردەوامی لە پوکانەوە و رووخاندایە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی سیستمی نوێ تا ئەمڕۆ سیماو رواڵەتێکی دیاری نییە، بەڵام لەکرۆکدا بە بەردەوامی لەگەشەکردن، دروستبووندایەو رۆژ بە رۆژ زیاتر پایەکانی جێگیر دەبێت و تارمایی ڕوونتر دەبێتەوە.

بە واقیعی لە مێژودا کەمجار ڕوویداوە، کە قۆناغی پەڕینەوە بەبێ شەڕ، پێکدادان و توندوتیژی بتوانرێت رەتکرێت، بۆیە ئاسایە لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک شەڕ و پێکدادان ببنە سیماو رواڵەت بۆ ئەم قۆناغە نوێیە. لەم قۆناغەدا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەوەی پایەیەکی بەهێز، بە پیتی ململانێ و رکەبەرایەتییەکان، دەبێتە پایە، زەمینەیەکی سەرەکی شەڕ و پێکدادانەکان.

ئەجێنداو ستراتیجی ناکۆک یەکانگیر دەبن

لەم ناوچەیە چەندین ئەجێنداو ستراتیجی ناکۆک یەکانگیر دەبن، بەرژەوەندییە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بەهاوسەنگی و یەکسانی لە دابەشکردنی دەسەڵات، سامان

و ناوچەی نفوز بەردەوام دەبن لەخولْقاندنی چەندین جۆری شەڕ، رکەبەرایەتی، ململانێی سیاسی، ئابوری، سەربازی و کەلتوری. لەم پرۆسەیەدا شەڕ و رکەبەرایەتییەکان هەرسێ رەهەندە جیهانی، هەرێمایەتی، لۆکاڵییەکان دەبڕێت، شەڕ و پێکدادان لەهەموو بوارو رەهەندەکاندا بەرجەستە دەبێت.

بەرەکانی شەڕ لەهەر سێ رەهەندە جیهانی، هەرێمایەتی و لۆکاڵییەکانی بەڕوونی جیادەبنەوە و لەڕووی یەکتری دەوەستنەوە، هەموو هێزەکان لەهەر سێ رەهەنددا دەبنە بەشێک لەهاوکێشەیەکی جیهانی ئاڵۆز.

لەم دۆخەدا ساڵی 2015، بەشی شێری ئەم رووداو و پێکدادانەی گرتووەتە خۆی. لەم ساڵەدا چەندین هاوپەیمانی و رێکەوتنامەی سیاسی، ئابوری، سەربازی جیهانی، هەرێمایەتی، لۆکاڵی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دروست بوون. لەبەرەی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرابەرایەتی ئەمەریکا و هاوپەیمانی عەرەبی و هاوپەیمانی ئیسلامی بە رابەرایەتی سعودیە و موبارەکبایی ئەمەریکا دروست بوون.

لە بەرەی روسیاشدا، هاوپەیمانی و رێکەوتننامەی روسیا، ئێران و هەردو حکومەتە فەرمییەکەی عیراق و سوریا، دیارترین هاوپەیمانی ئەم بەرەیەن.

بە شێوەیەکی گشتی لەڕەهەندی هەرێمایەتیدا جیابوونەوەی بەرەکان و هاوپەیمانییەکان بەرگی جیاکاریەکی تایەفەگەری لەبەرکراوە، لەبەرەی ئەمەریکادا سوننە، لە بەرەی روسیادا شیعە روالەتی بەرەکان نمایش دەکەن.

ئەم قۆناغە لەچەندین رووەوە جیاوازی جەوهەری لەڕابردو هەیە، دیارترین ئەو جیاوازیانە، شەڕ، ململانێ و رکەبەرایەتییەکان بەرگی ئایدیۆلۆجیا لەبەر ناکەن، بەڵکو بەرژەوەندی دەبێتە بناغەی بیر، سیاسەتو ستراتیجی لایەنەکان. بەرژەوەندی رووداوەکان دەجوڵێنێت، هاوپەیمانیەکان، ستراتیجەکان دیاری دەکات و یەکییان دەخات، لێرەوە ئەو باوەڕە خوڵقاوە، کە زۆرێک لە بیرمەندانی سیاسی بەرژەوەندی وەک ئایدیۆلۆجیای سەدەی بیست و یەک پێناسە بکەن.

لەبواری ئابوریدا لە ئاست و پێگەی لوتکەدا، واتە لە لوتکەی هەرەمی بەرەکاندا، بەواتە لەنێوان روسیا و ئەمەریکادا، یەکێک لە سیماکانی جیاوازی ئەوەیە، بەرەکان لەنێوان وڵاتە بەرهەمهێنەکانی نەوت و گازی سروشتی لەلایەک و بەکاربەرانیادا لەلایەکیتر دەردەکەون. سیاسەتی دابەزاندنی نرخی نەوت یەکێک لەو بەڵگە دیارانەیە، کە دەبنە بناغە بۆ ئەم دنیابینیە. ئەمەریکا و هاوپەیمانانی بە بەردەوامی کاریان بۆ ئەوە کردووە، کە نرخی نەوت روو لەداشکاندن بکات، هەرچی روسیا و ئێرانیشە کار بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت و گازی سروشتی دەکەن.

لەڕەهەندی هەرێمایەتیدا، کە بە رواڵەت بەرگی شەڕ و پێکدادانی نێوان سوننە و شیعەی لەبەرکردوە، لەجەوهەردا درێژەپێدەری شەڕی مێژووی عوسمانی، سەفەوی و شۆفینزمی عەرەبییە. لەبەرەی سوننەدا ئەوەی دەبێتە بناغەی ناکۆکی و گرفت بۆیان، لە ئەمڕۆدا گواستنەوەی سەرکردایەتی سوننەیە لەتورکیاوە بۆ سعودیە. تورکەکان، کە بەدرێژایی مێژووی نوێ خۆیان وا راهێناوە،

رابەرایەتی بەرەی سوننە بکەن، جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بە قوڵایی ستراتیجی خۆیان ببینن، لەم دۆخەدا دوورخستنەوەیان بارێک لە نائارامی سایکۆلۆجی و سیاسیان لادەخولْقێنێت، رەنگە هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی بەشێکی زۆر لەو هەڵە ستراتیجیانە بێت، کە رۆژانە دەیکەن.

## سعودییەکان بڕیاری سیاسی، ئابوری و سەربازی سوننە پاواندەکەن

سعودییەکان لە ئەمڕۆدا بڕیاری سیاسی، ئابوری، سەربازی و کولتوری سوننەیان پاوان کردووە، لەئەمڕۆدا بە پراکتیکی رابەرایەتی دوو هاوپەیمانی گرنگ و کاریگەر دەکەن، هاوپەیمانی عەرەبی و ئیسلامی. لەڕاستیدا شکستهێنانی پرۆسەی عوسمانیەتی نوێ و گۆڕانی هاوکێشەی سیاسی بەو ئاراستەیەدا، کە بەپێچەوانەی ستراتیج و بەرژەوەندی تورکیادا دەشکێتەوە ئەو بارەی خولقاندووە، کە رۆڵ و کاریگەری، مەودای جموجۆڵی تورکیا بە تەواوەتی تەسک بێتەوە. ئەو بارە دەسەڵاتدارانی تورک، بە تایبەتیش عەرابەکانی عوسمانیەتی نوێی توشی

شێوەیەک لەناجێگیری دەروونــی کـردوە و چەندین هەڵەی گەورەیان پێدەکات.

لەم سیناریۆیەدا، کە تـەواوی ناوچەی سنـوری ڕێکەوتنامەی سایکس- بیکۆی گرتوەتەوە و کۆی کوردستانی عوسمانیەتی خستوەتە نـاو گـەمـەکـەوە، بـارودۆخـەکـە بـەو ئـاراسـتـەیـەدا دەڕوات، کـە تــەواوی سنـورەکـانـی ئـەو وڵاتـانـەی ڕێکەوتنەکە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا دروستی کرد، جارێکیتر بکەونەوە بەر ئەگەری سەرلەنوێ پێداچوونەوە و کێشانی نەخشەیەکی نوێ بۆ سنوری نەتەوە و گەلانی ئەم ناوچەیە. لـەم دۆخــەدا ئـەوەی تورکیا و دەسـەڵاتـە شۆڤێنیەکەی سەغڵەت کردووە، دەرکەوتنی تارمایی ئـەم راستیەیە. ئـەوان پێیانوایە نەخشەی ئـەم ناوچەیە دەکێشرێتەوە و تورکیا دەکەوێتە بەر ئەگەری دابەشکردن، کــوردەکــان هــەلـی رزگــاربــوونــیــان بۆ دەڕەخسێت، ئەمەش وایلێیانکردووە وەرەقە سیاسییەکانیان لێتێکەڵ بێت و هەڵەی زۆر کوشندە بـکـەن، نایانەوێت لـە ئاڕاستەی رووداوەکـــان، ئـەجنـدای نـوێـی، ستراتیج،

واقیعی ئەم قۆناغەی جیهان و هاوکێشەی سیاسی، هاوسەنگی نوێی هێز تێبگەن.

بەشێک لە کارەسات بۆ ئێمەی کورد لەم گەمەیەدا ئەوەیە، لایەنێکی سەرەکی کورد لە ئەمڕۆدا زۆر بە تین و هۆشەوە کار بۆ لکاندنی کوردستان بە ئەجندای تورک دەکات، دەیەوێت کوردستان لە بەرەیەکی ئەم شەڕەدا ساغ بکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدا لە سەر زەوی خاکی کوردستان لەنێوان هەردوو بەرەی جیهانی و هەرێمایەتیدا دابەشبووە، بەواتە ناوچەی دەسەڵاتی ئێرانیەکان لە جەوهەردا تا سنوری دێگەڵەی نێوان سلێمانی و هەولێر دەڕوات، لە بەرانبەریشدا سنوری دەسەڵاتی تورکەکان بە تەواوەتی لە سنوری هەرێمی هەولێردا چەسپیووە. لەم دۆخەدا، کە پێویست دەکات ئێمە ستراتیجێکی نەتەوەیی، نیشتمانی روون و یەکگرتومان هەبێت، ستراتیجێک لەپێناو رزگاری نیشتمانییدا، بەڵام دابەشبوونی ئەم ناوچەی دەسەڵاتە لاوازی لایەنە سیاسییەکانی کورد لەبەرانبەر ئەجندا هەرێمایەتیەکان لە لایەک و قوڵبوونەوەی قەیرانە ئابوری، دارایی و سیاسیەکان لە

لایەکیتر ئەو بارەی خوڵقاندوە، کە ئێمەش بکرێنە بەشێک لەو هاوکێشە هەرێمایەتییە، ئەجندا و پرسی رزگاریمان بخەینە دەستی داگیرکەرانەوە. لەبواری ناوخۆیدا بەوەی لە ئەمڕۆدا کوردستان بە دۆخێکی زۆر ئاڵۆز، پڕ کێشەوگرفتدا تێدەپەڕێت، دوژمنان و نەیارانی پرسی رزگاریخوازی کورد لە بەغداد، ئەنقەرە و تاران بە بەردەوامی کار بۆ قوڵکردنەوە و شکست پێهێنانی هەر چارەسەرێک، کە بە ئامانجی دەرچون و رزگار بوون لەو قەیرانانە بیهاوێژین، دەکەن. ئەم دۆخە وایکردوە ئێمە لە ئەمڕۆدا لەبواری ناوخۆیدا بە کۆمەڵێک قەیرانی ستراکچەریدا تێپەڕین. لە راستیدا بەشێکی سەرەکی هۆکاری ئەم دۆخە غیابی عەقڵ و لۆجیکە لە لایەن سەرکردایەتی کوردەوە، لەم دۆخەدا پێدەچێت سەرکردایەتی کورد بێئاگایی و تێنەگەیشتنێکی لە هاوکێشەی سیاسی نێودەوڵەتی و هاوسەنگی نوێی هێز هەبێت. لەم رووەوە چەندین سیاسەتمەداری گەورەی وەک کیسنجەر لەگێڕانەوەی یادەوەریەکانیاندا، لەو بەشەی، کە باس لە کورد و پرسەکەی دەکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئێمەی

کورد بە درێژای مێژوو کێشە و گرفتمان لە گەڵ تێگەیشتن لە هاوکێشەی نێودەوڵەتی، پایەکانی هاوسەنگی هێز، گەمە سیاسی و هەواڵگریەکان هەبووە. لە پرۆسەی شکستی شۆڕشی ئەیلول و ڕێکەوتنامەی جەزائیر لە ساڵی 1975دا، سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوەندە بێ ئاگا بوو لە ڕووداو، گۆڕانکاری، هاوکێشەی سیاسی، سەربازی و هاوسەنگی هێز زۆر بە ئاسانی تەفرەدران، ئاشبەتاڵ و شکستییان بە شۆڕشێکی گەرەی کورد زۆر بە ئاسانی، بێ هیچ ئاستەنگ، باجێکی سیاسی و سەربازی، هێنا.

لەم کتێبەدا کۆمەڵێک وتار دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەر، کە ڕاشکاوانە تاوتوێیەکی بارودۆخی ناوخۆیی، دەرەکی، کوردستان و ناوچەکە دەکات، هاوکات چەند بابەتێکی تایبەت بە قەیران و کێشە و ڕووداوە ناوخۆیەکانیش دەکات، چونکە من بۆ خۆم پێموایە، ڕزگاری نیشتمانی و پرسی ئازادی لە کرۆکدا وابەستەی هەردوو بواری ناوخۆی و دەرەکییە، بەواتە چەندێک بارودۆخی دەرەکی گونجاو و گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئەوەندەش

زەمینەسازی ناوخۆیی، ئامادەکاری، یەکریزی و باوەڕبوونی جەماوەری و سیاسیش گرنگە. ئەم وتارانە، کە بە زۆری لەماوەی ئەم ساڵ (2015)دا نوسراون و راستەوخۆ لەهەناوی رووداوەکانەوە خولقاون، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی رووداوەکانی ئەم ساڵ، مللانێ، رکەبەرایەتی، شەڕ و پێکدادانە سەربازی، سیاسی و ئابورییەکان لە هەرسێ ئاستی جیهانی، هەرێمایەتی و لۆکاڵی، ئەم وتارانە لە گەڵ ئەوەی هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە دایکبووی رووداوێکی دیاریکراوە، سروشت و سروشی لەو رووداوەوە وەرگرتووە، بەڵام لە جەوهەردا دەبێتە بەشێک لە رووداو، دیاردەیەکی گەورە و بۆخۆی بەشێک لەپرۆسەیەکی ئاڵۆز پێکدەهێنێت، ریزبەندی نوسینەکان و دابەشکردنی بە پێی مێژووی بڵاوکردنەوەیەتی، بەڵام وەک ناوی کتێبەکە، کە راستەوخۆ لەناوی وتارێکەوە وەرگیراوە، لە جەوهەردا گرێی سەرەکی کۆی شەڕ و رووداوەکانی ئەم ناوچەیەیە، شارە زەردەواڵە، کە گوزارشت لە گروپی تیرۆرستی داعش دەکات، ناوەکە

لە کرۆکدا هەڵبژاردەی دەزگـای هەواڵگری ئەمەریکا، بەریتانیا و ئیسرائیلە، بەڵام وەک نەخشەی دامەزراندنی بە پێی زۆربەی بەڵگە و بۆچونەکان، ئـەم پرۆسەیە لـە داهێنانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانێتی، لە جەوهەریشدا بە شێکە لە ستراتیجی سەرەکی ئەمەریکا بۆ سـەدەی بیست و یـەک، لـەم پرۆسەیەدا ئەمەریکا شەڕ بۆ مانەوە لە لوتکەی دەسەڵاتی جیهاندا لەچوارچێوەی سیستمێکی جیهانی نوێی فرە جەمسەر دەکـات، جگە لە شەڕی نـاوچـەی نفوز و جێگیرکردنی پـایـە، بنکە سەربازیەکانی و دروستکردنی هاوپەیمانی نوێ، کە لە گەڵ خواست و پێداویستیەکانی سەدەی نوێدا بگونجێت، زۆر بەوردی کار بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی سەرچاوەکانی وزەی نەوت و گازی سروشتی دەکـات، لە ستراتیجیشدا ئامانجی راگرتنی نرخی گـازی سروشتی و نەوتە لە ئاستێکی نزمدا.

30/12/2015

# سایکس-بیکۆی سەدەی بیستو یەك

لەوەتەی شەڕی سوریا بەرپا بووە لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەر پاشەکشێ و لاوازبوونێکی ئۆپۆزسیۆنی سوری، هەڕەشەو گوشارەکانی ئەمەریکا بۆ لێدانی رژێمە دیکتاتۆرییەکەی ئەسەد، بەگوڕوتینێکی زۆرەوە دێتە بازنەی ئامادەکاری دیپلۆماسی و سەربازییەوە، پێویستی رووخانی رژێمەکەی ئەسەد دەبێتە ئەرکێکی ئاکاری مرۆڤایەتی و ئەمەریکی. لەگەڵ نزیکبوونەوەی دەنگوباسی رووخانی بەشاریش باسوخواسی بەرجەستەبوونی نەخشەی هێزە مەزنەکان بۆ گۆڕینی جیۆپۆلەتیکی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دابەشکردنی سوریا دەبێتە جێگای مشتومڕ، قسەوباسی زۆرێک لە سیاسەتمەدار و

ڕاگەیاندنەکان. زۆرێک پێیانوایە دابەشکردنی سوریا ئەو جەمسەرە دەبێت، کە بەدوای خۆیدا دابەشکردنی چەندین وڵاتی تر دەگرێتەوە، لەپێش هەموشیانەوە عیراق، کە وا پێدەچێت ئەمڕۆ بەڕوونی هێڵەکانی دابەشکردنی کێشرابێت.

## سفرکردنەوەی بەها مرۆڤایەتییەکان

شەڕی سوریا، شەڕی نێوان دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و خوێنڕێژ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی تیرۆریست و بێویژدان، شەڕێک هەموو بەها مرۆڤایەتییەکانی تیادا سفر کراوەتەوە، لەکرۆکدا شەڕی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ناوچەی نفوزە لەنێوان دوو جەمسەری مەزنی جیهاندا. سوربوونی ئەمەریکا لەسەر لێدان و ڕووخانی سوریا لەڕێگەی هێڵێکی نێودەوڵەتی- هەرێمایەتی- ناوخۆیی (ئەمەریکاو فەرەنسا- تورکیا- ئۆپۆزسیۆنی سوری). لەبەرامبەریشدا سوربوونی روسیا وەک جەمسەرێکی نوێی جیهانی لەسەر بەرگریکردن لە لێدان و ڕووخانی سوریا بە هەمان هێڵی نێودەوڵەتی- هەرێمایەتی- ناوخۆی (روسیاو چین- ئێران-

دەسەڵاتەکەی بەشار) بارودۆخ و ئاکامی شەڕەکەی زۆر ئاڵۆز و ترسناک کردووە. ئەم ئاڵۆزبوونە، کە لە بازنەی ناڕەزایی، گوشاری سیاسی دەرچووە و ئەو زەمینەیەی خولْقاندووە، کە هەرسێ هێزە هەرێمایەتییە گەورەکەی ناوچەکە، تورکیا، ئێران، ئیسرائیل، موشەکە بەرگرییەکانیان، هێز و سوپایەکی زۆر لەنزیکترین سنورەکانی سوریا حەشار بدەن. لەم بارەدا ئەگەرەکانی فراوانبوونی شەڕ زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە دەگرێتەوە و بازنەی ئاسایشی وڵاتانی عیراق، لوبنان، تورکیا، ئێران، ئیسرائیل و هەندێک لەوڵاتانی کەنداویش دەبڕێت.

## هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبوو

ئاڵۆزبوونی ئەم پرسە ئەوبارەی خولْقاند، هەر لەسەرەتاوە بەشێک لەلایەنگرانی لێدانی سوریا پاشەکشێ بکەن. لەم دۆخەدا سەرۆک ئۆباما و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا جەولەیەکی گەڕانی دیپلۆماسیان بۆ فراوانکردنی بەرەی دژ بەسوریا دەستپێکرد، سەرۆک ئۆباما

لەکۆبوونەوەیەکی تایبەت بەم دۆخەدا، هەوڵیدا قەناعەت بە سەرۆک پۆتین بکات بۆ پاڵپشتی لێدانی سوریا، بەڵام لەڕاستیدا کۆی هەوڵەکانیان سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست نەهێنا. لەئاکامدا دابەشبوونی ئەوروپا بەسەر هەردوو بەرەدا، رازینەبوونی پەرلەمانی بەریتانیا بەداواکەی سەرۆک وەزیرانەکەی بۆ بەشداریکردن لەشەڕی دژ بەسوریا و راگەیاندنی هاوپەیمانی ناتۆ بە بەشدارینەکردن لەو شەڕە ئەو زەمینەیەی خولقاند، کە ئەمەریکییەکان هەڵوەستەیەکی جدی بکەن لە لێدانی بەشار. هاوکات بۆ دڵنیاکردنەوەی روسەکان، ئێستا باس لەلێدانێکی سنوردار دەکەن نەک لێدان بۆ رووخاندنی.

رووداني شەڕ و لێدانی سوریا لەلایەن ئەمەریکاوە ئەو بارەی خولقاندووە، کە نەک رەنگە هەر هاوپەیمانی نەبێت، بەڵکو ئەگەری فراوانکردنی شەڕەکە و تورەکردنی روسیا دوور نییە کارەسات نەخولقێنێت، چونکە لەیەکەم بەرپەرچدانەوەی روسیا لەدوای رەوانەکردنی هێزێکی سەربازی پتەو و بەتوانا

بۆ دەریای سپی ناوەڕاستو سنورەکانی نزیک لە سوریا، هاوکات هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە هەموو ڕێککەوتنەکانی پێشوەختی بۆ سنورداركردنی بڵاوەکردنی چەك هەڵدەوەشێنێتەوە، ڕاستەوخۆ چەك و موشەکی زۆر پێشکەوتوو دەداتە وڵاتانی دراوسێ و بازنەی شەڕەکە بەشێوەیەك فراوان دەکات، کۆی ناوچە بەپیتەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە، لەم بارەشدا زۆرێك لەئەورووپییەکان، پێش ئەمەریکا و روسیا زەرەرمەند دەبن.

## گرنگی دەسەڵاتی هەرێمایەتی

لە کرۆکدا بەوەی ئەم شەڕە ململانێ و رکابەرایەتی بەرژەوەندی هەردوو هێزی گەورەی جیهانی (ئەمەریکا و روسیایە)ە، ئاکامی شەڕەکە و سیمای ئایندەی ناوچەکە بۆ هەردوو وڵات چارەنوسسازە. بەڕووخانی رژێمەکەی ئەسەد و باڵادەستبوونی بەرەی ئەمەریکا گرنگی لەسەر پێگەی بەرژەوەندییە ئابوری و جیۆپۆلەتیکییەکانی ئەمەریکا لەم ناوچەیە و جیهان لەو رەهەندەوە

چارەنوسسازە، کە دەبێتە فاکتەر و پایەیەکی بەهێزی پاڵپشتیکردن لەمانەوەی ئەمەریکا، وەک تاکە جەمسەری جیهان و تاکە هێزی باڵادەست. بە بارێکی تردا، رووخانی سوریا بۆ روسەکان کارەسات دروست دەکات، بە واتای سەرلەنوێ بوژانەوە و زیندوکردنەوەی پـرۆژەی نـابـوکـۆ و کـردنـەوەی دەرگـای هـەنـاردەکـردنـی گـازی بـەرەی ئـەمـەریـکا بۆ ئـەوروپـا، سـەرلـەنـوێ فـراوانـبـوونـەوەی نفوزی ئەمەریکا لەئەوروپا دێت. بەواتای تـەواوکـردنـی ئـەو بـازاڕە گـەورە بەکاربەرەی لەنەخشەی دارشتنەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا بۆی کێشرابوو دێت. لەبەرامبەریشدا بەواتای لاوازکردن و پاشەکشێکردنی رێژاوی گواستنەوەی گـازی روسـی لەهەردو رێـژاوی باشور و باکورەوە بۆ ئەوروپا دێت، رووخانی سوریا بە واتـای شکاندن، لابردنی پایەیەکی مـێژوویـی و گرنگی دەسـەڵاتـی هەرێمایەتی و جـیـهـانـی روسـەکـان دێـت، سـەرلـەنـوێ شـکـانـدنـەوەی هـەیبـەتی نـێودەوڵـەتـی روسیا، بەواتای نزیکبوونەوەی ئەمەریکا لە ناوچەی نفوزی روسی، ناوچەکانی داغستان، قەوقاس

و دروستکردنی کێشە و گرفتی ناوخۆیی بۆ روسەکان و دوورنییە هەمان سیناریۆی رووخانی یەکێتی سۆڤێت جارێکیتر لە روسیادا دووبارە نەبێتەوە. بە واتا رێگەگرتن لەبەجەمسەربوونی روسیا لەم قۆناغەشدا. لەسەر بناغەی ئەم راستییانە و لەم بارودۆخەدا مەحاڵە رووخانی رژێمەکەی ئەسەد هەروا بە ئاسانی بۆ ئەمەریکییەکان بچێتە سەر، لەبارترین دۆخدا دووبارەبوونەوەی سیناریۆی رێککەوتنامەی سایکس- بیکۆی چارەکەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەچارەکەی یەکەمی سەدەی بیستویەکدا، لەبارترین چارەسەرە بۆ هەردوو بەرە. بۆیە ئەمڕۆ لەدوای یەک سەدە لەو رێککەوتنە زەمینەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەو گۆڕینی جیۆسیاسی ئەم ناوچەیە دەخوڵقێت.

13/9/2013

## کۆتایی شەڕی سوریا و سەرەتای قۆناغێکی نوێ

شکست، پاشەکشێ و پەرتبوونی ئۆپۆزسیۆنی سوری لەهەناویدا، دامەزراندن و لەدایکبوونی قۆناغێکی نوێی لە سیستمی جیهانی هەڵگرتووە.

ئەمڕۆ لە دواین قۆناغەکانی شەڕدا، دەرکەوتنی ئاماژە و سیمای سەرکەوتنی سوپای سوریا بەسەر ئۆپۆزسیۆندا لەدوای سێ ساڵ شەڕ، تەنیا نەبووەتە هۆی ئەوەی نەیارانی ناچارکات بە رازیبوون بەدانوستان، بەڵکو زەمینەی دامەزراندنی قۆناغێکی نوێ، هاوکێشە و هاوسەنگییەکی سیاسی نوێشی سازاندووە.

## شەڕی ئەسەد و ئۆپۆزسیۆن

ئەم شەڕە کە بە رواڵەت شەڕی دەسەڵاتەکەی ئەسەد و ئۆپۆزسیۆنی سوریایە، لەکرۆکدا رەهەندێکی هەرێمایەتی و ئەجێندایەکی نێودەوڵەتیشی هەڵگرتووە، بە وەکالەتیش شەڕی نێوان تورکیا، ئێران و لە رەهەندێکی دوورتریش شەری نێوان روسیاو ئەمەریکایە.

هەڵگیرسانی شەرو دروستبوونی قەیرانی سوریا پرۆژە و بەرژەوندیەکانی نێوان هەردوو وڵاتی مەزن، روسیا و ئەمەریکای گەیاندە ئاقاری پێکدادانی راستەخۆی نێوان هەردوو وڵات.

لەسەرەتای شەڕەوە روسەکان بەرگریان لە سوریا وەک بەرگری لەشورای دەسەڵاتی ستراتیژی روسیا راگەیاند، ئەمەریکییەکانیش بە شەڕی مانەوەیان لەپۆستی سەرۆکایەتی جیهان و مانەوەی جیهان لەسەر مۆدێلی تاک جەمسەری ئەمەریکا دادەنا.

لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی نێوان رژێمی سوریاو روسیا پێشینەیەکی مێژویی ستراتیژی هەیە، بەڵام لەم قۆناغەدا هەموو ئەو راستیانەش رەتدەکاتەوە، کە لەسەر ئەو بناغە مێژوییە

دامـەزراوە، سوریا ئەمڕۆ بۆ روسـەکان ئەو سەنگەرەیە، کە لە دووبـارە بوونەوەی هەمان چارەنوسی یەکێتی سۆڤیەتی پێشو دەیپارێزێت ئـەو رێگەیەیە، کـە جارێکیتر روسـیـا لەبری یەکێتی سۆڤێتی جـاران دەکاتەوە بە هێزێکی مەزن و جەمسەرێکی نوێی جیهان لەهاوشانی ئەمەریکادا.

## شکستی ئەمەریکا

لەکرۆکدا مانەوەو نەڕووخانی دەسەڵاتی سوریا و بەرگریکردنی لەشەپۆلەکانی بەهاری عـەرەبـی، بـەواتـەی شکستپێهێنانی ئەمەریکا دێت لەهەوڵەکانی بۆ زیندوکردنەوەی هەردوو پـرۆژەی نابۆکۆ و خـۆرهـەڵاتـی نـاوەڕاستـی گەورە، پرۆسەی رووخاندنی یەک لەدوایەکی سیستمە سیاسییە عەرەبیەکان، کە وا نەخشەی بۆ کێشرابوو لەوڵاتی مەغریبەوە دەست پێ بکات و لە پاکستان کۆتایی پێبێت، لەژێر رووپۆشی بەهاری عەرەبی و هێنانەدی جیهانێکی شێوە بەهەشت بۆ گـەلانـی عـەرەبـی، پێش سوریا لەمیسر و لیبیا، رووکـەشـی ناڕاستی بـەدەر کەوت.

شکستی ئەمەریکییەکان لە عێراق وەک دڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بادانەوەی رژێمەکەی مالکی بەلای بەرەی ئێراندا، پاشەکشێی رۆڵ و کاریگەرییەکانی ئەمەریکا لە ئاراستەکردنی رووداوەکانی میسر، لیبیا و لەکۆتاییشدا شکستی بەرەی ئەمەریکا لە سوریادا، دواین بزماربوو لە تابووتی پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دراو ئەو شورایەیان لەبەردەمدا دروستکرا، کە بەهیچ شێوەیەک نەتوانن بپەڕنەوە بۆ ئێران و ئاسیای ناوەند.

هاوکات بەڕوویەکیتردا لەدوای شکستی یەکەمی ئەمەریکا لەبنیادنانی پرۆژەی نابۆکۆ لەئاسیای ناوەندو ئازربایجان، شکستی ئەمەریکا لە سوریا، راگەیاندنی کۆتایی ئەم پرۆژەیەبوو.

بۆیە راوەستانی شەڕ و مانەوەی رژێمی ئەسەد، نەک هەر وەرچەرخانێک لەئاراستەی ململانێ و رکابەرییە سیاسییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان دەخولقێنێت، بەڵکو دەبێتە زەمینەیەک بۆ لێکتێگەیشتن و دانوستان لەنێوان هێزەنێودەوڵەتی، هەرێمایەتیەکان، شەپۆلێکی نوێی دانوستان، مشتومر لەنێوان

لایـەن و هـێـزە نـاوچـەیـی، هـەرێـمـایـەتـی و نێودەوڵەتییەکان دەرەخسێنێت.

## پابەندبوون بەبڕیارە نێودەوڵەتیەکان

لەیەکەم قۆناغی دوای شـەڕ، رازیبوونی سوریا بە پابەندبوون بە بڕیارە نێودەوڵەتیەکان و خێراکردن لە لەناودانی تەرسانەی چەکی کیمیایی و شایەتیدانی وەزیـری دەرەوەی ئـەمـەریـکـا بـەگـوێـڕایـەڵـی رژێـمـی سـوریـا بە بڕیارەکانی ئەمەریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەک هەر گۆڕان و وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر رژێمەکەی ئەسەد و قەناعەتهێنان بەرازیبوون بە شکست، بگرە ئەمەریکای لەباری شەرمەزاری لەپای شکستی لەشەڕی سوریا رزگارکرد.

ئەمرۆ لەم قۆناغەداو لەپشت پەردەی دانوستانە ئاشکراکانەوە، کۆمەڵێک ئەجێنداو موبادەرەی نوێ بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بەتایبەتی نێوان ئەمەریکاو روسیا، لەسەر بناغەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ناوچەی نفوزیانو بەرجەستەکردنی هاوسەنگی هێزو هاوکێشەی سیاسی نوێ، پێشنیارکرانو خرانەروو.

ئەم دۆخە نوێیە کە بەکۆمەڵێک پیشنیاری هەردوو زلهێزی دنیا، ئەمەریکا و روسیا، سیما و نەخشەی ئایندە و ئاراستەی کارکردنی دیاریدەکرێت، لەبناغەدا کارکردنە لەسەر دارِشتن و دامەزراندنی قۆناغێکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتو بەرجەستەکردنی شەرِێکی نوێی سارد لەنێوان هەردوو جەمسەری نوێدا.

لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەکانی نزیکبوونەوە، دانوستانی نێوان ئەمەریکا، ئێران خاڵێکی گرنگ و وەرچەرخانێکی گەورەیە بۆ سەرلەنوێ بەرجەستەکردنەوەی هاوسەنگی هێز، رێککردنەوەی هاوکێشەی سیاسی و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان هەردوو جەمسەردا.

12/11/2013

## کورد لەهەناوی گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

لەخەونی بێئاگاییدا سەرقاڵی دابەشکردنی پۆست و داهاتی نەوتە.

ئەمڕۆ لەسەروبەندی کۆمەڵێک گۆڕانکاری زۆر گرنگ و گەورەی چۆنایەتی، لەناو چەقی وەرچەرخانێکی مێژووی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا، کورد لە شیرین خەوێکی بەتاڵدا سەرقاڵی دابەشکردنی سامانی نەوت، پۆستی حکومەتە لاواز و بێدەسەڵاتەکەیدایە.

مشتومڕ و ململانێی نێوان حزبە کوردییەکان، بۆ دەستخستنی پۆست، داهاتی ناوخۆی وایکردووە خەون، خولیای مێژوویی نەتەوەیی و نیشتمانی، ماف و ئایندەی،

لەناو خواست، بەرژەوەندی کەسایەتی و رکابەرایەتی بەرپرسانیدا نەک هەر تۆز لێی بنیشێت و کەس بیری نەکەوێتەوە، بەڵکو لەهەناوی ئەو خواست و بەرژەوەندییانەدا بخنکێت.

رێککەوتننامەی نێوان ئێران و ئەمەریکا، کە کوردیش ناڕاستەخۆ لەم رێککەوتننامەیەدا پێگەیەکی هەیە، بۆیە بەنەرێنی و ئەرێنی پریشکی ئاکامەکانی بەردەکەوێت، لەم بارەدا ئێمە نەک هەر بێئاگاین لەناوەڕۆک و ئامانجەکانی رێککەوتن، بگرە هەر هەست بەگرنگی، کاریگەری ناکەین و هیچ قسە و بۆچوونێکیشمان ئەگەر بچووکیش بێت بەقەبارەی سەنگی خۆمان نییە.

له هەناوی ئەو رووداوەدا ئاماژە، تارمایی گۆڕانێکی گەوهەری و وەرچەرخانێکی مەزن لە نەخشەی جیۆسیاسی ئەم ناوچەیەو جیهان دەخولقێت. لەدووتویی ئەم رێککەوتنە و لەسێبەری گەڕانەوەی ئێران بۆ ناو بازنەی گەمەی سیاسی هەرێمایەتی، خێزانی نێودەوڵەتی و بە بەرجەستە بوونی گۆڕانێکی چۆنایەتی و گەوهەری لەدۆخی هاوسەنگی

هێز و هاوکێشەی سیاسی، گۆڕان لەدۆخ و پێگەو سەنگی زۆربەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەگۆڕێت.

لەستراتیژی ئەم ڕێککەوتنەدا، گۆڕانی هاوکێشەی سیاسی لەهەناویدا گۆڕان لەپێگە و دۆخی سیاسی کوردیش بەرجەستە دەکات. لەم ئاڕاستەیەدا و لەبواری لایەنە نەرێنییەکەی دووبارەبوونەوەی ئەگەری کارەساتی ڕێککەوتننامەی جەزائیر مەحاڵ نییە.

## ئێران – سوریا

دەستێوەردانی ئێران لەکێشەی سوریاو دامەزراندنی پایەیەکی گرنگی سەرکەوتنی ڕژێمی سوریا لەبەرامبەر ئۆپۆزسیۆندا. نەک تەنیا لەبەرژەوەندی ڕژێمی ئەسەد شکایەوە، بەڵکو لەکرۆکدا ئێرانییەکان شەڕێکی چارەنوسسازی خۆیان لەو وڵاتە ئەنجام دەدا.

سوریا وەک ئەوەی پێگەیەکی گرنگی جیۆستراتیژی هەیە، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی وڵاتی نێوان هەردوو ڕووبار و باکوری ئەنادۆڵو باشوری میسر و دورگەی عەرەبی،

بۆیە پێگەیەکی بەهێزی لەناو نەخشەی ڕکابەرایەتی، ململانێی هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکاندا هەیە.

## ئێران– لوبنان

وڵاتی لوبنان، کە بەدرێژای مێژووی سیاسی ئەو دەرگایە بووە، کە هێز و داگیرکەرانی خۆرئاوا لێیەوە دەستییان خستوەتە ناو کاروباری سوریا و ئەو وڵاتەیان بەو ئاڕاستەیەدا بردووە، کە خۆیان ویستویانە، بەڵام لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ ئەم دەرگایە کەوتۆتە دەست ئێرانییەکان، لەڕێگەی حزبوڵڵای لوبنانییەوە نەک هەر ئەو دەرگایە لەئەمەریکا و خۆرئاواییەکان داخرا، بەڵکو بەتەواوەتی دەستی خستە ناو کاروباری سوریاو پێشتیوانییەکی بەهێزی لەوێوە بۆ بەرگری لەڕژێمەکەی ئەسەد دامەزراند. بەواتا کۆنترۆڵکردنی لوبنان بەواتای کۆنترۆڵکردنی سوریا دێت، کۆنترۆڵکردنی سوریاش بەواتای لانیکەم دروستکردنی درزێکی گەورە لەکەوانە بەپیتەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**ئێران – عێراق**

لەبواری عیراقدا بە هۆی بوونی قوڵاییەکی ستراتیژی ئایدۆلۆژی (باوەڕی مەزهەبی) لەنێوان هەردوو وڵاتدا، بەردەوام ئێرانییەکان توانیویانە دەستیان لەعیراقدا هەبێت، بگرە بەردەوام تەماحی گەورەیان بەم وڵاتە هەبووە. لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە بە هەموو هەوڵ و توانایەکی ئەمەریکا نەیتوانی عیراق کۆنترۆڵ بکات، بۆیە لەکۆتایدا بەتەواوەتی دەستبەرداری بوو بە گەڕانەوە بۆ لای ئێرانییەکان. ئەمڕۆ نەخشە و ستراتیژی سیاسی عیراق بەپلەی یەکەم، لەلایەن ئێرانەوە دادەڕێژرێت. بەشێوەیەکی گشتی ئێران و عیراق لەڕووی ستراتیژییەوە تەواوکەری یەکترن.

لەدوای سەرکەوتنی ئەمەریکا بەسەر یەکێتی سۆڤێتو مانەوەی وەک تاکە هێزو بەرجەستەبوونی سیستمی تاک جەمسەری لەجیهاندا، کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کرد. لەسەرەتای سەدەی بیستویەکدا، لەبازنەی پڕۆژەی سەدەی نوێی ئەمەریکادا، نەخشەڕێگەی

بۆ بەردەوامبوون لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە لەپرۆسەی گۆڕینی سیستمە سیاسییەکانی چەند وڵاتێکی عەرەبییەوە دەستپێکرد، لەم چوارچێوەیەدا جگە لەتوندکردنو فراوانکردنی گوشارەکانی لەسەر ئێران، دەستی خستە کاروباری سوریاو شەڕێکی ناوخۆی بەهاندانی ئەمەریکا بۆ نزیکەی سێ ساڵ بەرپاکرد. لەدەیەی دووەمی سەدەی بیستویەکەوە بەگەڕانەوەی روسیا وەک هێزێکی مەزنی گۆڕەپانو ململانێی نێودەوڵەتی لەشەڕی سوریادا، ئاراستەی رووداوەکانو هاوکێشەو هاوسەنگی هێز بەتەواوەتی گۆڕا. لەم چوارچێوەیەدا پاشەکشێی ئەمەریکا لەزۆربەی وڵاتانی عەرەبی و خۆرهەڵات بەتایبەتی عیراق، ئەفغانستان و تا ئاستێک میسر، لیبیا و..تاد، سەرکەوتنی ئەجێندای روسی-ئێرانی، ئەمەریکا و خۆرئاوای ناچارکرد بەڕازیبوون بەدانوستان و رێککەوتن. لەم بازنەیەدا ئەوەی دانوستانەکەی توشی هەندێک کێشە و گرفت کرد ئەوەبوو، کە پاشەکشێی ئەمەریکا لەهەناویدا پاشەکشێی لەڕۆڵ و کاریگەری بۆ

هێزە هەرێمایەتییەکانی بەرەی خۆیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا، بەتایبەتی وڵاتانی (ئیسرائیل، تورکیا، سعودیە)، کە لەدوو رووەوە کاریگەری نەرێنی ئەم دانوستانەیان دەکەوێتەسەر، لەلایەک پاشەکشێی ئەمەریکا ناڕاستەخۆ بەواتەی پاشەکشێی رۆڵ و کاریگەرییەکانی ئەمانیش دێت. لەلایەکیتر بەنزیکبوونەوەی ئەمەریکا لەئێران و بەرجەستەبوونی شێوە جێگیرییەک خودی پێویستییەکانی ئەمەریکاش بەم پاشکۆیانە کەم دەبێتەوە.

لەهەناوی ئەم گۆڕانکارییانەدا جگە لەکورد، کە تەواو بێئاگایە لەوەی چی روودەدات، کۆی هێز و وڵاتە هەرێمایەتییەکان لەترس و دڵەڕاوکێدان و گومانیان لەنەخشەو ستراتیژی نوێی نێودەوڵەتی و جێگیربوونەوەی رۆڵو پێگەیان لەو نەخشەی سیاسی نوێیەدا هەیە.

## رێککەوتننامەی جنێڤ

مێژوو و ریشاڵی دانوستان، لێکتێگەیشتنی نێوان ئێران و ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لەدە ساڵە ناو بەناو سەری هەڵداوە، بەڵام وەک دانوستانێکی جدی و

هاوتەبا تەنیا ماوەی کەمتر لەدوو مانگە دەستی پێکردووە. لەگەڵ دەرکەوتنی ئاماژەو تارماییەکانی شکستی ئۆپۆزسیۆنی سوری لەڕووخانی رژێمی ئەسەد، دانوستان و رێککەوتننامەی نێوان هەردوو بەرە لەهەر سێ ئاستەکەیدا، نێودەوڵەتی، هەرێمایەتی، ناوچەیی، زۆر بەخێرایی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی تا لەکۆنفرانسی جنێڤ توانیان بگەنە رێککەوتنێکی گرنگ. ئەم دانوستانە کە لەنێوان ئێران و کۆمەڵەی 5+1 (ئەمەریکا، فەرەنسا، روسیا، بەریتانیا، چین) و ئەڵمانیا، بە ئامانجی کۆتاییهێنان بەکێشەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی ئێران. بەرپەرچدانەوەی ئەم دانوستانە لەلایەن چەند هێزێکی هەرێمایەتی، نێودەوڵەتی شێوە ئاڵۆزی، مشتومڕ و گرفتی بۆ دانوستانەکە دروستکرد.

لەسەروبەندی دانوستانەکاندا فەرەنسییەکان زۆر بەتوندی دژی رێککەوتنەکە وەستانەوە و بەهاندانی ئیسرائیل گوشارەکانیان بۆ سەر کۆمەڵی 5+1 زۆر زیادیکرد، تا ئەو ئاستە توانیان شێوە شکستێک بەخولی دووەمی دانوستانەکان بێنن، یان هیچ

نەبێت دوای بخەن. هۆی سەرەکی تورەبوون و ناڕازیبوونی فەرەنسییەکان لەدانوستانەکە، لەکرۆکدا بە هۆی دواکەوتنیان لەنزیکبوونەوە لەگرێدانی پەیوەندی ئابوری و سیاسی لەگەڵ ئێران، عیراق و ناوچەکانی تری نفوزی ئێران بوو، هاوکات بەبارێکی تریشدا سەرکەوتنی دانوستانەکە و ڕێگادانی ئێران بۆ بەردەوامبوون لەپڕۆژەی وزەی ئەتۆمی (الماو الپقیل) لەبواری مەدەنی و بەرهەمهێناندا، کەوا پێشبینی دەکرێت ببێتە رکابەرێکی بەهێزی فەرەنسییەکان هۆیەکی تری ناڕازیبوون و بیانووەکانی فەرەنسا بوو. ئەم راستییە هۆی سەرەکی تەحەفوزی فەرەنسییەکان بوو لەسەرەتاوە لەسەر دانوستانەکە، بەڵام دواتر توانیان ئەمیش رازی بکەن.

وەک هەردوو هێزی هەرێمایەتی سعودیە و ئیسرائیلیش لەگەڵ ئەوەی بەردەوام ئەمریکییەکان هەوڵی دڵنیاکردنەوەیان دەدەن، بەڵام تا ئەمڕۆش ناڕازین، هەوڵدەدەن کێشە و گرفت دروستبکەن، لەدوایین راگەیاندنی فەرمی ئەمەریکادا خودی ئۆباما بۆخۆی ئیسرائیل و هەموو ئەو وڵاتانەی ئاگادارکردەوە

لەعاقیبەتی خراپی تێکدانی ئەم دانوستان و ڕێککەوتنە.

بەیتی قەسید لەم ڕووداوەدا، کە ئاماژەی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لەپەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان دەخاتەڕوو، لەهەناویدا تارمایی شەڕێکی ساردی نوێش دەردەکەوێت. ئەم ڕێککەوتنە کۆی هاوکێشەی سیاسی دەگۆڕێت و هاوسەنگی هێز جارێکی تر لەسەر بەرەی سیستمێکی نوێی جیهانی دادەڕێژرێتەوە. لەم قۆناغەداو لەسێبەری ئەم گۆڕانکارییە گەوهەرییانەدا، کورد ئەگەر بەوریایی و چالاکانە ستراتیژێکی سیاسی ڕوون و دیاری نەبێت، کە لەگەڵ ئاراستە و ڕەوتی گۆڕانکارییەکاندا بگونجێت ئەوە ئەگەری دووبارەبوونەوەی سیناریۆی ڕێککەوتننامەی جەزائیر جارێکی تر دەبێتەوە دیفاکتۆ.

2/12/2013

## یەکێتی لەنێوان ئەیلول و نیساندا
## هۆکارەکانی پاشەکشێ و سەرکەوتن

قسەکردن سەبارەت بەدەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و هۆیەکانی پاشەکشێ یان شکستی یەکێتی لە21ی ئەیلول، هەستانەوە و سەرکەوتنەکانی لە30نیساندا، راوەستان، تێڕامان و وردبوونەی دەوێت، پرسیارگەلێک بەبێ ویستی ئێمە خۆیان نمایش دەکەن و چەمکێکی زۆر هەستیار، کە چەمکی هۆیەکانی پاشەکشێ و سەرلەنوێ هەستانەوەی یەکێتییە، چەندین سیناریۆو چیرۆکی جیا جیا دەوروژێنێت.

## دانانی بەردێک لەبناغەکەدا

لـــــەدوای دەرکــەوتــنــی دەرئـەنـجـامـی هەڵبژاردنەکانی 30 نیسان، بزاوتێکی گفتوگۆ و نوسین بۆ قسەکردن لەسەر هۆیەکانی شکست، سەرکەوتن و نەخشەڕێگەی یەکێتی بۆماوەی داهـاتـوو نـەک تەنها لای یەکێتییەکان، بەڵکو لەلایەن چەندین ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنوسی بێ لایەن، سیاسەتمەدار و چاودێری سیاسیشەوە بۆتە جێگەی باس و قسەکردن. بەتێڕامانو وردبوونەوە لەو هەموو هەوڵانە، دەردەکەوێت، کـە کـۆی ئـەو کـەسـو گـروپـانـە هـەریـەکـەیـان بەشێوەیەک و لـەڕوویـەکـەوە یـان لـەچەندین ڕووەوە پەنجەیان خستۆتە سـەر باسـەکە و چەند ڕاستییەکیان وروژاندووە، بەڵام پێموایە هیچ یەکێک لـەوانـە نەیتوانیووە هەقی خـۆی بداتێ و کۆی ڕاستییەکان بخاتەڕوو، ئەمەش لەبەرئەوەی پرسێکی وا گرنگ، هەستیار بە دەزگا و سەنتەری تایبەت دەکرێت، میکانیزم و پێداویستیی خۆی هەیە، بەڵام ئەو کەسانە، کـە هـەریـەکێکیان دەرئـەنـجـامـی دڵسۆزییان بەردێکییان لـەبـنـاغـەدا دانـــاوە، تەنیا دەبنە کەرەستە بۆ ئەو توێژینەوە و دیراسەیە، بۆیە

منیش لێرەدا بەهەمانشێوەی ئەوان تەنیا چەند بەردێک دادەنێم بە هیوای ئەوەی دواتر بتوانرێت بینایەکی پتەو و ڕێکی لێ دروستبکرێت.

## بەرپرسیارێتی شکستەکەی ئەیلول

لەنێو هەموو ئەو قسانەی نوسراونەتەوە، ئەوانەی تەنیا وەک باس، گلەیی سەرپێیانە لەبازاڕ و شوێنە گشتییەکان بووە بەبازنەی گفتوگۆی نوسەران و ڕووناکبیران، بە تایبەتی ئەوانەی لە یەکێتییەوە نزیکن، پشکی شێری باسەکان لەسەر ڕۆڵی نەرێنی سەرکردایەتی کلاسیکی یەکێتییە لەهەردوو پرۆسەکەدا.

زۆربەی کادر، لایەنگران و تەنانەت زۆرێک لەو سەرکردانە بۆخۆشیان راشکاوانە بەرپرسیارێتی شکستەکەی ئەیلولیان خستە ئەستۆی خۆیان، بەڵام وەک هۆیەکانی سەرکەوتنی 30 نیسان تا ئەمڕۆ نەک هەر هیچ دەستێکی ئەوانی تێدا نییە، بەڵکو زۆر کەس پێیوایە هۆی سەرەکی سەرکەوتن، دەرئەنجامی بەشدارینەکردنی ئەوانە لەپرۆسەی بانگەشەکردن و دەرنەکەوتنیانە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە.

لەهەناوی ئەم بۆچوونەدا پرسیارگەلێک دێتە بازنەی باسەکەوە، ئایا بەڕاست ئەمانە تەنیا هۆکاری شکستی یەکێتی بوون لەهەڵبژاردنەکەی ئەیلولدا، یان تەنیا هۆیەکی لاوەکی بوون؟

ڕۆڵی ئەم سەرکردایەتییە کۆتایی هاتووە؟

زۆرجار کە باسی ئەم چەمکە دەکرێت، بۆچوونەکان بەو ئاڕاستەیە دەڕوات، کە دەبێت ئەم سەرکردانە دەستبەرداری پۆست و دەسەڵاتەکانیان بن بۆنەوەی نوێ، چونکە ئەمانە خاوەنی راستەقینەی سەرکەوتنەکەی 30ی نیسانن و هەر ئەمانیش دەتوانن یەکێتی لەم بارودۆخەی تێیکەوتووە رزگار بکەن. لێرەدا پرسیارێکیتر بەزەقی خۆی نمایش دەکات و دەڵێت:

ئایا بەڕاست ئەم سەرکردانە رۆڵیان کۆتایی هاتووە، چیتر دەبێت بچنەماڵەوە و لەسیاسەت دووربکەونەوە؟ یاخود وەک ئەزموونی زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەمانە دەبێت لەدیوێکیتری دەسەڵاتدا وەک راوێژکار و ڕێنماییکاری نەوەی نوێ رۆڵیان بدرێتێ؟

ئەگەر ئەم توێژە نەیانویست لە دەسەڵات

دووربکەونەوە لەئایندەی نزیک و دووردا، چ دەرئەنجامێک چاوەڕوانی یەکێتی دەکات؟

بەسووربوونیان لەسەر مانەوە لەدەسەڵات و پێگەی ئێستایان، ئایا ئەم توێژە دەتوانن لەشەو و ڕۆژێکدا ئەوەندە گۆڕانکاریی لەخۆیاندا بکەن، کە بتوانن جارێکیتر یەکێتی بخەنەوە سەر هێڵی پێشکەوتن و هەڵسانەوە؟

ئایا دەتوانن خۆیان لەو خەسڵەتانەی (حەزی تاکڕەویی، ئاوازی بوغرایی، لەخۆباییبوون و..هتد) کە چەندین ساڵە بۆتە بەشێک لەپێکهاتەیان، ڕزگار بکەن؟

## میکانیزمێک بۆ دابەشکردنی ئەرک

پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، بەبەراوردکردنێک لەنێوان هەردوو پرۆسەو هەردوو زەمەندا کۆمەڵێک ڕاستی یارمەتیدەر دەبن بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە.

سیاسەت و بەرنامەی یەکێتی لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەی ئەیلولدا، زۆر بەهەڵەشەیی و بەشێوەیەکی ڕەمەکییانە

بەڕێوەچوو، هیچ سیمایەکی دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتی تێیدا بەدی نەدەکرا. لەنیساندا ئەگەر زۆر بەکەم و کورتیش بێت، شێوە بەرنامە، سیاسەت و میکانیزمێک بۆ دابەشکردنی ئەرک و کارەکان هەبوو.

لەئەیلولدا یەکێتی لەبۆشاییەکی عەقڵانیدا تەنیا موخاتەبەی سۆز و بەزەیی دەنگدەری دەکرد، لەنیساندا بەشێوەیەکی نیمچە رێکخراو موخاتەبەی عەقڵ و سۆزی دەنگدەری پێکەوە دەکرد.

لەئەیلولدا یەکێتی بەشەرم و بەناڕوونی باسی لەجیابوونەوەی خۆی لەپارتی دەکرد، لەنیساندا بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکێتی بۆنی دژایەتیی پارتی لێدەهات و رێککەوتننامەی گۆڕان، پارتی و یەک هەڵوێستییان بەرامبەر یەکێتی و وتاری جیابوونەوەی یەکێتی لە پارتی و ئاماژەکانی هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی ستراتیژی یارمەتیدەربوون بۆ گەڕانەوەی زۆرێک لەدەنگەکانی خەڵک بۆلای یەکێتی.

## سزاو پیلانگێڕیی

له ئه‌یلولدا ده‌رئه‌نجامی ناڕوونیی خیتابی سیاسی و راگه‌یاندنی یه‌کێتی، ده‌نگێکی زۆری یه‌کێتی چوو بۆ گۆڕان، له‌نیساندا به‌پێچه‌وانه‌وه ناڕوونیی خیتابی سیاسی، راگه‌یاندنی گۆڕان، شڵه‌ژان و سه‌رلێشێوانیان بووه هۆی نه‌ک هه‌ر گه‌ڕانه‌وه‌ی ده‌نگه‌کانی یه‌کێتی، به‌ڵکو به‌شێکی به‌رچاو له‌ده‌نگه‌کانی گۆڕان و پارتیش بۆ یه‌کێتی هاتن.

له ئه‌یلولدا به‌شێکی زۆر له‌کادر و لایه‌نگرانی یه‌کێتی وه‌ک سزایه‌ک له‌مه‌ڕ نادروستی و ناعه‌داله‌تیی سیاسه‌تی حزبه‌که‌یان ده‌نگیان به یه‌کێتی نه‌دا، به‌ڵکو به‌زۆری ده‌نگیان به‌گۆڕاندا، که خۆی له‌به‌رگی رکابه‌ری پارتی و یه‌کێتی پێکه‌وه ده‌رده‌خست، له‌نیساندا ترسی له‌ناوچوونی یه‌کێتی به‌تایبه‌تی ده‌رئه‌نجامی بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌کانی گۆڕان بۆ کۆتایهاتنی یه‌کێتی له30ی نیسان‌و ده‌رکه‌وتنی پلانێک له‌لایه‌ن پارتی و گۆڕانه‌وه بۆ کۆتایهێنان به یه‌کێتی، ده‌نگێکی زۆری یه‌کێتی و گۆڕان گه‌ڕانه‌وه بۆ یه‌کێتی.

لە ئەیلولدا بەرپرسانی یەکێتی لە لیستی کاندیدەکانی هەڵبژاردندا ناوی خۆیان خستبووە پێشەوەی ناوی کاندیدەکانەوە و بۆ بەدەستهێنانی دەنگی هاوڵاتیانیش، پەنایانبردۆتەبەر ئەو کەسانەی دەنگیان پێدەدەن، بەڵام لەنیساندا نەک هەر هیچ کەسێکی نزیک لەو سەرکردانە نەکرانە پاڵەوان، بەڵکو زۆر بەکەمی لەلیستەکاندا کەسانێک دەبینران، کە بۆنی بەرپرسانی لێبێت.

## یەکێتی کەسی لێ زیادنییە

ئەمانە و چەندین پرس و هۆکاریتر پێکەوە رووی راستی ئەم دەرئەنجامانە روونەدەکەنەوە. بۆیە تێگەیشتن لەهەردوو دەرئەنجامەکە، بەبێ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە مەحاڵە، ئەمەش تەنها لەڕێگەی دامەزراندنی سەنتەرێکی توێژینەوە و راپرسی بەهێزەوە، کە لە لایەن کەسانی شارەزا و ئەکادیمییەوە بەڕێوەببرێت، بەرجەستە دەبێت. بۆیە پێموایە لەم بارودۆخەدا دەبێت یەکێتی کەسی لێ زیاد نەبێت،

بەرنامەی کاری بۆ هەموان هەبێت، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێت گۆڕانکاریی ریشەیی لەکۆی پرسەکانی حزبایەتی بەتیۆر و بەرنامەی هاوچەرخەوە بکات.

14/5/2014

# کورد زەرەرمەندی یەکەمی دابەزینی نرخی نەوتە

نەوت وەک شمەکێکی بازرگانی لەسەرەتای دۆزینەوەیەوە تێکەڵ بەژیانی خەڵکو دەسەڵات بووە. لەمێژووی سیاسی عیراق و وڵاتە نەوتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەوت کاریگەر بەهێزبووە و رۆڵی بەرفراوانی هەبووە لەئاڕاستەکردنی رووداوەکان و سەپاندنی ئەجێندە سیاسییەکانی دەسەڵاتی ناوخۆی وڵاتە نەوتییەکان و داگیرکەرانیشی.

ئەم شمەکە لەگەڵ ئەوەی بۆ وڵاتی بەکاربەر، داگیرکەر سەرچاوەی خۆشگوزەرانیی، فاکتەری سەرەکی پێشکەوتن و بەهێزبوون بووە، هاوکات بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەر بە تایبەتی وڵاتانی دواکەوتووی خۆرهەڵاتی

ناوەڕاست تیغێکی دوو سەرە بووە. واتە لەیەک کاتدا، سەرچاوەی نیعمەت و نەهامەتیش بووە.

## نەوت وەک ئامرازێک

نەوت بە جەوهەر هەڵگری نەهامەتیی، ترس و شەڕ نییە، بەڵکو دەرهاویشتەی نەهامەتی و خۆشگوزەرانی نەوت، وابەستەی شێواز، مۆدێل، کولتور، فەلسەفەی سیستمی سیاسی و قاعیدەی کۆمەڵایەتی وڵاتانی خاوەن نەوت خۆیانە. سامانی نەوت لەعیراق بە گشتی لەسەرەتای دەرکەوتن و دۆزینەوەی بەبڕێکی زۆر بەئاڕاستەیەکی نادروست و خراپدا براوە، چ وەک دەسەڵاتی ناوخۆ بێت یان لەژێر کاریگەریی و گوشاری وڵاتانی داگیرکەردا بووبێت. لەستراتیجی کۆی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی دەسەڵاتی عیراقدا لەیەکەم قۆناغی دامەزراندنییەوە وەک چەکێک تەماشا و مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئامانج و ئەرکی سەرەکی کراوەتە چەوسانەوەی گەلانی عیراق بە گشتی، کورد و شیعە بەتایبەتی، بەردەوام ئامرازی دەسەڵاتی تاکڕەوی و دیکتاتۆری دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق بووە.

بەم شمەکە نەک هەر چەک بۆ لێدانی خەڵکی سڤیل کڕراوە و بەکارهاتووە، بەڵکو بەردەوام ئامرازێک بووە بۆ کڕینی وەلای گروپێک لەخەڵکانی هەلپەرست و رازیکردنی داگیرکەران. لەڕووەکەیترەوە نەوت بەبەردەوامی ئامرازێک بووە بۆ شێواندنی بەها، ئاکاری کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی گەندەڵی....هتد.

## تەخشانو پەخشان

کۆنترۆڵکردنی کەرتی نەوت، داهاتەکانی لەلایەن حکومەتی دیکتاتۆر و فاشیلەوە، کۆمەڵێک کێشە و گرفت بۆ کۆمەڵگەکانی وڵاتە نەوتییەکان دروست دەکات، دیارترینیان شێواندنی ئابوری نیشتمانی و کولتوری کۆمەڵایەتی و ئیفلیجکردنی کۆی هێزی کاری راستەقینەی کۆمەڵگەیە. لەڕوویەکی ترەوە بارێک دەخولقێنێت شمەکە بیانییەکان ئەوەندە نرخ و بەهایان دادەبەزێت بەهیچ شێوەیەک بەرهەم و شمەکە ناوخۆییەکان توانای ململانێ و رکەبەرایەتییان نەک تەنیا لەبازاڕە جیهانییەکان، بەڵکو لەبازاڕە ناوخۆییەکانی وڵاتیشدا نامێنێت.

دەرئەنجامی ئەم کێشەو گرفتانەش کۆمەڵێک کێشەو گرفتی تر دەخوڵقێت، لەوانە لاوازبوونی کەرتی تایبەت، تاساندنی چینی ناوەند، کوشتنی تواناو بەهرەکان. دەرئەنجامی ئەم سیاسەتەو ئاڕاستەی کارکردنی دەگاتە بارێک دەسەڵات لەدەستی توێژێکی بچووکو سنورداردا چڕدەبێتەوە، بەمەش سەرمایەداری خزم و کەسە نزیکەکانی دەسەڵاتی سیاسی دروست دەبێت، نەک سەرمایەدارییەکی گشتی نیشتمانی. بە هۆی بێتوانایی و ئینتیهازییەتی ئەمجۆرە سەرمایەداراوە، سامانی نیشتمانی بەشێوەیەکی زۆر گەورە تەخشان و پەخشان دەکرێت، سروشتی ئاسایی سیستمی سیاسی و ئابوری بەشێوەیەک دەشێوێت لەبری بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگە بەپێچەوانەوە دواکەوتن و گەندەڵی زیاتر بەرپا دەکات.

بەپشت بەستن بەکەرتی نەوت بەتەنیاو پشتگوێخستنی کەرتەکانی تری ئابوری سیستمی ئابوری وڵات تەنیا یەک ڕەنگی دەبێت و خەسڵەتی هەمەڕەنگی نامێنێت.

لەم بارەدا دروستبوونی قەیران و کێشە لەم کەرتەدا وەک ئەوەی ئەمڕۆ لەدابەزینی نرخی نەوتدا دەیبینین وڵات توشی ئەو کارەساتە دەکات، کە ئەمڕۆ عیراق و کوردستان پێیدا تێدەپەڕن.

## چەند پڕۆژەیەکی تر

دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت بەدەست دەسەڵاتی کوردییەوە لەگەڵ ئەوەی مێژووییەکی دووری نییە، بەڵام هاوکات پێدەچێت هەمان رێباز و ئەزموونی گەلانی تری ئەم ناوچەیە دووبارە بکاتەوە، بەڵکو هەندێکجار خراپتریش لەوان. لەماوەی پێشودا دەسەڵاتدارانی کورد بەپشت بەستن بەتورکیا، کە دوژمنێکی دێرین، سەرسەختی کورد و مافەکانێتی، سیاسەتی نەوتیان داڕشتووە. ناڕاستەوخۆ بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە ئەمان بەپشتبەستن بەداهاتی نەوتی خۆیان لەڕێگەی ئیغراکردنی تورکیاوە ستراتیجی سەربەخۆکردنی کەرتی نەوت و ئابوری کوردستان بەرجەستە دەکەن. لەڕاستیدا نەک بەتەنیا لەم سیاسەتەیاندا

سەرکەوتوو نەبوون و تورکیاش جارێکیتر کڵاوی کردەوە سەرمان، ناچاری کردین بەئاشبەتاڵ و گەڕانەوە بۆ لای دەسەڵاتی ناوەند لە بەغداد، بەڵکو بڕێکی زۆر داهاتی نیشتمانی خۆشمان بەهەدەردا و یەک بەردی بناغەی دامەزراندنی ژێرخانی ئابوریشمان دانەنا.

ئەمڕۆ، کە قەیرانێکی گەورە کۆی وڵاتە نەوتییەکانی گرتووەتەوە، پشکی شێری ئەو قەیرانە رووبەڕوی عیراق دەبێتەوەو وردتریش ئێمە لەکوردستانی عیراق زیاتر باجی ئەم قەیرانە دەدەین، ئەمەش لەڕاستیدا لەبەر دوو هۆ، لاوازی حکومەتی هەرێم لەبڕیاردانو وەرگرتنی رێوشوێنی نوێبوونەوە و ریفۆرم لە لایەک، چڕبوونەوەی فشارەکانی ناوەند، تورکیا و شەڕی داعش لە لایەکیترەوە.

لەم بارودۆخەدا و لەماوەی چەند مانگی داهاتودا وا پێشبینی دەکرێت، کە حکومەتی هەرێم بەداهاتی نەوت و ئەو پارەیەی وەک بودجە بۆی دەنێردرێت لەبەغداوە (ئەگەر ناوەند کێشەی بۆ دروستیش نەکات و ئیلتزامی

بەرانبەر هەرێم هەبێت)، نەک هەر هیچ گرفتێکی بۆ چارەسەر نەکرێت، بەڵکو قەیران و کێشەکانی زیاتر روو لەقووڵبوونەوە و فراوانبوون بکات، بۆیە دەبێت زۆر بەخێرایی کار لەسەر دارشتنەوەی چەند پرۆژەیەک بکات بە تایبەتی لە کەرتە ئابورییەکانی کشتوکاڵی، گەشتیاری، پیشەسازیی و وەبەرهێنان. پلان و نەخشەی تایبەتی بۆ پاڵپشتی وەبەرهێنانی ناوخۆی هەبێت.

27/1/2015

## داعش کوڕی شەرعیی بەعسیزمە

لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە تائەمڕۆ، کە لەساڵی 2015داین چەند گروپێکی تیرۆرستی، رواڵەت و پێشەوایی کۆی گروپە تیرۆستییەکانی جیهانیان داگیرکردوە. لەوانە رێکخراوی (قاعیدە) و (داعش) زۆر بەئاشکراو لەهەردوو بواری تیۆری‌و پراکتیکدا، شەڕو دوژمنایەتی خۆیان لەدژی کۆی شارستانییەتی مرۆڤایەتی راگەیاندووە. ئەم دوو رێکخراوە هاوشانی ئەوەی، کە تەواوی گۆڕەپانی تیرۆری نێودەوڵەتی و رابەرایەتی ئیسلامی سیاسی توندڕەویان داگیرکردووە. سەرچاوەو چاوگی ئایدیۆلۆژی و بیری سیاسییان تەنیا ئاینی ئیسلامە. لەجەوهەریشدا هەردووکیان کوڕی پڕۆژەی فاشیزمی نەتەوەی عەرەبین،

ئەم دوو لایەنە، کە کۆی لایەن‌و گروپەکانی ئیسلامی سیاسییان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردووە، لەجەوهەردا جیاوازیی و ناکۆکی نێوانیان کەلەبەرێکی زۆر گەورەو دژوارە.

جیاوازیی ستراتیجی نێوان ئەم دوو بەرەیە، لەجەوهەردا لەوێوە بەرجەستە دەبێت، کە دابەش دەبن بەسەر دوو سەرچاوەی جیاوازو سروش لەدوو بیرو قوتابخانەی فاشیزمی عەرەبی جیاوازەوە وەردەگرن، لەبواری کارکردنیشدا لەگەڵ ئەوەی یەک مۆدێل‌و ئامرازی کارکردن بەرجەستە دەکەن، بەڵام لەواقیعدا دوو رەوتی سیاسی جیاواز، ناکۆک و دژ بەیەکن. رێکخراوی قاعیدە و هاوبیرانی لەکرۆکدا کوڕی بیری ئیخوانی میسری و پڕۆژەی عەرەبی ناسرین، هەرچی رێکخراوی داعش و هاوبیرەکانییەتی درێژە پێدراوی رەوتی ئیخوانی عیراقی و کوڕی پڕۆژەی فاشیزمی بەعسیزم – باڵی عیزەت دورین.

## گرێبەستی شەیتان

لەئۆکتۆبەری 2006دا بەشێکی زۆر لەسوننەکانی عیراق بەهەردوو رەوتی ئیسلامی سیاسیی و کۆنە بەعسییەکانەوە بەئامانجی یەکخستنی هێزی سوننەکان لەدژی هێزەکانی ئەمەریکا، شیعە و کورد، رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی عیراقیان دامەزراند. ئەم رێکخراوە لەڕووی کاری رێکخراوەییەوە لەلایەن پیاوانی دەزگای موخابەراتی بەعس‌و ئەفسەرانی گاردی کۆماریی و ژمارەیەکی زۆر لەبەعسییە کۆنەکانەوە دامەزرا.

بەشی هەرە زۆری عەرەبە سوننەکان، لەهەردوو رەوتی بەعسییەکان و ئیسلامی سیاسی بەگرێبەستێکی زارەکی ستراتیجێکی نوێیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی نوێی عیراق و ئەمەریکییەکان دامەزراند. سەرچاوەی باوەڕو ئایدیۆلۆژی ئەم رێکخراوە لەوردەکارییدا تێکەڵەیەکە لەبیرو ئایدیای ئیخوانییە عیراقییەکان و بەعسیزم. لەم بارەدا بۆ دژایەتیکردنی نفوزی ئێران لەعیراق‌و لاوازکردنی دەسەڵاتی شیعەو کورد، ناڕاستەوخۆ سعودیە، قەتەر و چەند وڵاتێکی دیکەی عەرەبی کەوتنە هاندان و

پاڵپشتیکردنی ئەم ڕێکخراوە. لەم بازنەیەدا لەگەڵ ئەوەی سعودییەکان سەر بەقوتابخانەی وەهابییەتن و لەجەوهەردا نێواندژی و ناکۆکی زۆریان لەگەڵ بەرەی بەعسی عیراقیدا هەبووە، بەڵام وەک سیاسەتێکی کاتیی و لەسەر بناغەی ئەو پەندەی، کە دەڵێت دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە، کەوتنە هاوکاریی و یارمەتیدانی ڕێکخراوی داعش بەتایبەتی بۆ لێدان و لاوازکردنی دەسەڵاتی شیعەو کورد.

## خەونی یەکگرتنەوەی عیراقو شام

له 9ی نیسانی 2013 ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق سنوری کردەوە تیرۆرستییەکانی گەیاندە ناو خاکی سوریاو بەچەند ڕێکەوتنێکی سیاسی لەگەڵ چەند گروپ و لایەنی تیرۆرستی لەو وڵاتەدا، ئەم ڕێکخراوەیان کردە دەوڵەتی ئیسلامی لەعیراقو شام (داعش). لەڕاستیدا سروشی ئەم داهێنانە وابەستەی ستراتیجێکی کۆنی بەعسییەکانە، کە لەکۆتایی حەفتاکاندا بەڕێککەوتنێکی نهێنی لەنێوان حافز ئەسەد و سەدام حوسێندا بەرجەستەکرا. ناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتنە بەو شێوەیە بوو، کە ئەسەد هاوکاریی

سەدام بکات لە لابردنی ئەحمەد حەسەن بەکر لە کورسی دەسەڵاتی عیراق، دواتر عێراق، سوریا یەکبگرنەوە و ئەسەد ببێتە سەرۆکی وڵاتی یەکگرتوی عیراق، سوریا و سەدامیش ببێتە جێگری، بەڵام دوای ئەوەی سەدام بەهاوکاری بەعسییە سورییەکان ئەحمەد حەسەن بەکر، لەسەرۆکایەتی کۆماری عیراق لادەبات، خۆی لەجێگەیدا پۆستی سەرۆک کۆمار وەردەگرێت، لەم رێکەوتنە پەشیمان دەبێتەوە و لەو کاتەوە ناکۆکی و کێشە دەکەوێتە نێوان عیراق، سوریاوە.

لەسەر بناغەی ئەم بیر و تێڕوانینە لەساڵی 2013ەوە، رێکخراوی داعش هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەم خەون و خواستە کۆنە بەعسییەکان دەدات و لەڕێگەی فراوانکردنی شەڕ و چالاکییەکانی رێکخراوی تیرۆرستی داعشەوە دەیەوێت ئەم خەونە بەپراکتیکی بهێنێتە دی.

## بەکارهێنانی ئاین

لەسەرەتای پەنجاکاندا بەهۆی بەهێزیی و بەرفراوانی حزبی شیوعی عیراقییەوە، بواری

چالاکی و کاری سیاسی بەعسییەکان زۆر سنوردار ببوو. لەو بارودۆخەدا باشترین ڕێگە و گونجاوترین سیاسەت ئەوەبوو بەعسییەکان ئاین بکەنە چەکێک بۆ لێدانی شیوعییەکان، لەم بازنەیەدا نەک تەنیا پشتگیریی بیری ئیسلامی سیاسییان دەکــرد، بەڵکو خۆشیـان وەک حزبێکی باوەڕدارو بەرگریکار لەئاینی ئیسلام نمایش دەکرد.

لـەدوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدامەوە، پـاشـمـاوەی ئـەو بەعسییانەی لـەپـڕۆسـەی ڕووخان قوتاریان بوو لەناوچەکانی سوننەدا بە ئامانجی جارێکیتر گەڕانەوە بۆ دەسەڵات بـەردەوام هەوڵی خۆ ڕێکخستنەوەیان دەدا، بەڵام بەهۆی ریسوابوونی بەعس و شکانی هەیبەتییەوە ئەو ڕاستییەیان بۆ ئاشکرا بوو، کـە ئـەم هـەوڵـی گـەڕانـەوەیـەیـان بەڕواڵەتی بەعسەوە کارێکی ئەستەمە بۆیە باشترین سیناریۆ پەردەپۆشکردن بوو لەژێر چەتری ئیسلامی سیاسیدا.

## تیرۆر لـەبەعسەوە بۆ داعش

یەکێک لەئامراز و فاکتەرە سەرەکییەکانی

بـەعـس لـەسـەرەتـای دامـەزرانـدنـیـیـەوە لەتەسفیەکردنی نەیارانی، بەرجەستەکردنی تیۆری کوشتنو تیرۆرکردن بوو.

سیاسـەتـی داعشییەکانیش لەکوشتن، ئەشکەنجەدان و سوکایەتیکردن بەمرۆڤ، بە ئامانجی تۆقاندن و ترساندنی بەرانبەر لەدۆستو دوژمـن هەمان مۆدێل و ڕێبازی بەعسییەکانە. ئەندامانی ڕێکخراوی داعش بەهەمان خەسڵەتی بەعسییەکان وا پەروەردە دەکـرێـن، کـە چێژ و خـۆشـی لەکوشتن و ئازاردانی خەڵکانی تر ببینن. سوکایەتیکردن بەمـافـەکـانـی مـرۆڤ و شـێـوانـدنـی تـەرمـی قوربانییەکان، سیناریۆی کوشتن بەهەڕەمەکی و نـهـێـنـی، سـوتـانـدنـی بـیـرە نـەوتـەکـان و بەرجەستەکردنی سیاسەتی سوتاندنی زەوی و نەهێشتنەوەی ژیـان لـەدوای خۆیان لەو خەسڵەتو ماریفەتانەن، کە لەبەعسەوە بۆ داعش ماونەتەوە. بۆیە هیچ گومانێک لەوە ناکرێت، کە داعـش کـوڕی شـەرعـیو هـەرە بەئەمەکی بەعسە.

10/2/2015

## پرۆسەی سیاسی عیراق لە نەشتەرگەرییەکی قەیسەریدا

عیراق ئەمڕۆ لەقۆناغی پەڕینەوەیدا بۆ گەیشتن بەبارودۆخێک، کە شیاو و گونجاو بێت بۆ بەرجەستەکردنی دیموکراسی، لەدۆخێکی زۆر ئاڵۆز، پڕ لەکێشە، گرفت و قەیراندا، زۆر بەسستی هەنگاو بەرەو جێگیربوون و رەخساندنی بارودۆخێکی لە بار هەنگاو دەنێت.

گەلانی عیراق تائەمڕۆش نەیانتوانیوە خۆیان لەپاشەرۆی رۆژە رەشەکانی دیکتاتۆریی، تۆتالیتارییەتی بەعس، تایەفەگەریی داماڵن، بیر و تێڕوانینی خۆیان بۆ سەردەمێکی نوێ و ژیانێکی نوێ ئامادە بکەن. تا ئەمڕۆش کاریگەرییەکانی رابردووی هەردوو بیر، دنیا

بینی تۆتالیتاریزم، رادیکاڵی سیاسی فاکتەرێکی روخێنەرە و لەهەناوی عیراقییەکاندا جێگیرە، بەپێچەوانەی رەوتی ئاسایی بەرەوپێش چوونی جیهان و عیراقیشە. ئەم نەخۆشییە، کە لای زۆرێک لەسیاسەتمەدار و خەڵکانی ئاساییش بوەتە باوەڕو توانای ئەوەیان نییە دەستبەرداری بن، گەورەترین بەربەستە لەبەردەم رەوڕەوەی بەرەوپێش بردنی عیراق و بەرجەستەکردنی جێگیرییەکی درێژخایەن. ئاڕاستەو دەرئەنجامی سیاسەت و پڕۆسەی کاری ئەم رەوتە لەکرۆکدا ئاڕاستەی سیاسی عیراق بەرەو هەڵوەشاندنەوە و لێکترازان دەبات، رۆژ بەڕۆژ درزەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بەرەو گەورەبوون و شکست دەبات، ئەم سیاسەتە نەک تەنیا پڕۆسەی بەدیموکراسیکردنی عیراق بەرەو لاوازیی و مەرگ دەبات، بەڵکو تروسکایی هیواو ئاواتەکانی یەکپارچەیی عیراق و پێکەوە ژیان زیندە بەچاڵ دەکات.

لەدامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە تا رووخانی رژێمە تۆتالیتارییەکەی بەعس، ئەم وڵاتە بەردەوام لە شەڕو باری نائاسایی و

ناجێگیردا بووە، سەرجەم پێکهاتەکانی عیراق باجی گەورەی ئەم سیاسەتەیان داوە. مێژووی سیاسی عیراق لەدروستبوونییەوە وەک دەوڵەت تا ئەمڕۆ تەنیا کۆمەڵێک کارەسات، جەنگ، کوشتوبڕ و رووداوی توندوتیژی تۆمارکردووە.

## مێردەزمەی مێشکی خەڵکی عیراق

لەئەمڕۆدا ئەو مێژووە ترسناکە گەورەترین مێردەزمەی بیر و عەقڵییەتی خەڵکی عیراقە، بەرهەمی سەرەکی ئەو زەمەنە پڕ لەکارەساتە ئەمڕۆ تەنیا بێمتمانەیی و نامۆبوون، رق، دژایەتی و گومانە، کۆی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان پێکهاتە و سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆی عیراق تەنیا بێمتمانەیی، رق و نەگوجان بەرهەم دەهێنێت. تا ئەمڕۆ سوننەکان نایانەوێت دەستبەرداری خەونی گەڕانەوەی عیراق بن بۆ رۆژانی تۆتالیتاریی و بەعسیزم. شیعەکان نایانەوێت دەستبەرداری خەونی دامەزراندنی مۆدێلێکی حوکمڕانی تۆتالیتاریی و رادیکاڵی سیاسی شیعەگەرایی بن یان مۆدێلی حوکمرانی

کۆماری ئیسلامی دووبارە بکەنەوە. لەم بارودۆخە و لەنێوان ئەم دوو ئەجندە ترسناکە و لەسەر کاریگەرییەکانی ئەو رابردووە نادروستە کورد بۆخۆی ئەجندایەکی دیار و روونی نییە.

ئەم قەیرانە نەک تەنیا لەئەجندەو بیری سیاسی پێکهاتەو لایەنە سیاسییەکانی عیراقدا رەنگی داوەتەوە، بەڵکو لەناو دەستوری نوێی عیراقیشدا رەنگی داوەتەوە و رۆژانە گرفت و قەیرانی نوێ دروست دەکات. لەتارمایی ئەم قەیرانەداو لەژێر چەتری سازانی نیشتمانیدا نەسازانێکی راستەقینە دەبینرێت. دیموکراسی، ماف، عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکرێتە قوربانی رێکەوتن و سازانی سیاسی. تا ئەمڕۆ لەبیر و عەقڵییەتی عیراقییەکاندا نەک تەنیا ئیرادەیەک نییە بۆ لەبیرکردنی رابردوو، بەڵکو خواستێک هەیە بۆ تۆڵەکردنەوە و یەکتر پاکتاوکردن. لەسەر رۆشنایی ئەم راستیانە ئەوە یەقینە، کە تا ئەمڕۆش پرۆسەی ئازادی راستەقینەی عیراق دەستی پێنەکردووە، بەم لۆجیکە لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە تا کۆتایی

دەسەڵاتی مالکی سوننەکان ئامادە نەبوون ئەم واقیعە نوێیە قبوڵ بکەن، بەبارێکیتریشدا شیعە بەتایبەتی لەماوەی حکومرانی مالکیداو بەهاندان و پاڵپشتی ئێرانییەکان بەردەوام هەوڵ و سیاسەتەکانیان بۆ دامەزراندنەوەی سیستمێکی تۆتالیتاریی شیعەگەریی بووە. پێکدادانی هەردوو ئەجندەی شیعەو سوننە لەئەمڕۆدا سنوری عیراق دەبڕێت و چەندین وڵاتی هەرێمایەتی وەک سعودیە، قەتەر، ئەردن و ... هتد ئەبنە بەشێک لەم شەڕەو ئەم وڵاتە زیاتر بەرەو وێرانەو داڕووخان دەبەن. لەساڵی 2013دا دەرئەنجامی قوڵبوونەوەی ئەم قەیرانانە عیراق لەدوو روەوە توشی لێکترازان و ناجێگیریی بوو لە لایەک کورد لەژێرگوشارەکانی مالکی و هەوڵەکانی بۆ دەستەمۆکردنیان و بەکارهێنانیان بۆ خزمەتی ئەجندە و بەرنامەی سیاسی خۆی و دامەزراندنی سیستمی تۆتیالیتاریی شیعەگەرایی لەبەغداد دورکەوتنەوە، لەڕوویەکیترەوە ئەم سیاسەتە بووە هۆی دەرپۆقینی داعش.

عیراق لەقۆناغی راستکردنەوەی هەڵەکانیدا

نزیکبوونەوەی مەترسییەکانی رووخان، هەڵوەشاندنەوە و دابەشبوونی عیراق و ئینفلاتی ئەمنی ئەو فاکتەرە سەرەکیانەبوون، کە بەرەی شیعەیان ناچارکرد بەلابردنی مالکی و پاشەکشێ بەبیری تۆتالیتاریی شیعەگەرایی، شیعەکان ئەگەر بۆ کاتێکی دیاریکراویش بێت لەئەمڕۆدا سیاسەتەکانیان بەئاڕاستەی دورکەوتنەوە لەئەجندەو ستراتیجی پاوانخوازیی و تۆتالیتاریی دەبەن. لەم قۆناغەدا کەسێتی عەبادی وەک فریادڕەسێک بە بێ هیچ دڵنیاییەک خۆی نمایش دەکات و زۆرێک لەعیراقییەکانیش بەناچاری ئەم فریادڕەسە قبووڵ دەکەن.

ئەوەی لەم قۆناغەدا ئەرکەکانی عەبادی زۆر گرانتر دەکات هاوشانی قەیرانی دارایی، بەرجەستەبوونی دیاردەی گەندەڵیی و تیرۆرە، کە بەشێوەیەک بەرجەستە بوون هەموو جومگەکانی ژیانی عیراقییەکانی گرتووەتەوەو رۆژانە قەیران و کێشەی زیاتر دەخوڵقێنێت.

لەم بارەدا لەگەڵ ئەوەی هیواو ئاواتەکان زۆر لاواز بوون، بەڵام تەنیا تروسکایی هیوای عیراقییەکان پرۆسەی ریفۆرم و چاکسازیی و

گۆڕانەکەی عەبادیە. لەم ئەرک و پرۆسەیەدا ئەو ئاستەنگەی بۆ عەبادی زۆرترین گرفت دروست دەکات ئەجندەی تۆتالیتاریی و رادیکاڵی سیاسی رەوتێکی گەورەی شیعەکان خۆیانە، بەتایبەتی ئەجندەی هەرێمایەتی ئێران و خواستەکانی لەگەیشتن بەڕابەرایەتییەکی هەرێمایەتی. بۆیە پرۆسەی دیموکراسی لەعیراقدا جگە لەوەی لەبارودۆخێکی زۆر دژواردا بەرجەستە دەبێت، دور نییە هەر بەمردوییش لەدایک بێت.

24/2/2015

## قەیرانی ئیفلیجیی بڕیاری سیاسی

یەکێک لەو بەربەستانەی لەکۆی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و عەرەبی و کوردستانیش، لەئەمڕۆدا بووە بەئاستەنگو ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم پڕۆسەی جێگیریی سیاسی و گرفت بۆ سیستمی سیاسی دروست دەکات، پرسی ئیفلیج بوونی پڕۆسەی بڕیاردانە.

گرفتی ئەم قەیرانە تەنیا لەوەدا نییە، کە چ کارەساتێکی لەپڕۆسەی بەڕێوەبردن و جێگیریی سیاسی بۆ ئەم وڵاتانە خوڵقاندووە، بەڵکو جەوهەری گرفتەکە لەوەدایە واقیعی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و کولتوری.. هتد، ئەم وڵاتانەی توشی بارێک کردووە هیچ ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەو

گرفتەکانی نەماوەتەوە. لەجەوهەردا بووە بەقەیرانێکی ستراکچەری ئەم مۆدێل و شێوە سیستمانە و دەربازبوون لێی، رەنگە تەنیا بەگۆڕینی سیستمەکە بەرجەستە ببێت.

**سێ ئەجێندا یەکانگیر دەبن**

لەم وڵاتەی ئێمەدا سێ سەرچاوە، کە لەجەوهەریاندا هەڵگری سێ ئەجێندای جیاواز و هەندێک جار ناکۆک و دژ بەیەکیشن، لەهەر بڕیارێکی ستراتیجیدا یەکانگیردەبن، ئەم سەرچاوانە: ئەجێندای نێودەوڵەتی، کە ستراتیجی سەرەکییان لەبازنەی رکەبەرایەتی و ململانێدایە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خۆیان لەم ناوچەیە. وەک ئەجێندای هەرێمایەتیش، لەجەوهەریدا لەنێوان بەرەی شیعەگەری ئێرانیو بەرەی سوننەگەریی تورکیو عەرەبیدا چڕدەبێتەوە، شەڕو رکەبەرایەتییەکی دژوارە لەپێناو فراوان کردنی ناوچەی نفوزدا. لەبواری ناوخۆیشدا تا ئەمڕۆش ئەو راستییە لەجیاوازی دنیابینی و ستراتیجی کارکردنی یەکێتی و پارتی

دەبینرێت، هاوکات لەمەودایەکی فراوانتریشدا ئەم دوو حزبە کۆی حزبە کوردستانیەکانیان کردووەتە دوو بەرەوە، ئەم دابەشبوونە کە ناڕاستەخۆ هەر لایەنێکیان بەلایەنێکی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی جیاوازەوە دەبەستێتەوە، لەپرۆسەی بەرێوەبەردنی وڵاتدا، چەندین کێشەوگرفتی بۆ کۆی کۆمەڵگەی کوردی و دەسەڵات و سیستمی سیاسی ئەم هەرێمە خوڵقاندووە. بارێک لەناجێگیریی، پاشاگەردانی، گەندەڵیی، بێ متمانەیی و سوککردنی بەهای سیاسی خوڵقاندووە.

دەرئەنجامی دوایین هەڵبژاردنەکانی کوردستان گۆڕانی نەخشەی سیاسی دەسەڵات لەم هەرێمەدا لەنێوان سێ لایەنی سەرەکی یەکێتی و پارتیو گۆڕاندا، نەمانی ئۆپۆزسیۆن، بارێکی جیاواز لەڕابردووی خوڵقاندووە. لەم بارە نوێیەدا پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بەتەنیا کەمینەیەکی سیاسییە، دەیەوێت لەسێبەری حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا، کە دەرئەنجانی بارودۆخێکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی

بۆی خولقاوە، دەسەڵاتی بڕیاردانی لەکۆی کوردستاندا هەبێت. ئەم ئەجێندایە تا ئەمڕۆ لەلای یەکێتییەکان مایەی رازیبوون نییەو بەئاشکرا رەتیدەکەنەوە، ناڕاستەوخۆش لەلای لایەنەکانی تری کوردستانیش قبووڵ نییە، بەڵام بارودۆخی هەرێمی کوردستان‌و خودی ئەو حزبانە وای لێکردوون کە لەمەڕ ئەم پرسە بێ دەنگ بن.

لەڕاستیدا جەوهەری ئەم قەیرانە لەبازنە گشتییەکەیدا لەوێوە رێچکە دەگرێت، کە زەعیم تەواوی بڕیارە ستراتیجی‌و گرنگەکانی دەسەڵات لەدەستی خۆیدا چڕ دەکاتەوە، ئەرک‌و کاری حکومەت‌و پەرلەمان تەنیا دەبێتە خزمەتکردنی بڕیارەکانی. کۆی ئەو بڕیارانەی لەلای ئەوەوە پەخش دەکرێن، دەبنە یاساو دەقی پیرۆز. لەم دۆخەدا کۆی خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی وڵات، جگە لەگوێڕایەڵی و رازیبوون بەو چارەنوسەی سەرۆک بەدنیابینی خۆی بۆیان دەخولقێنێت، هیچ رێگە و ئاواتێکیتریان بۆ نامێنێتەوە. دەرئەنجام کۆی وڵات بەهاوڵاتیان و لایەنە سیاسییەکانەوە، بەڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانەوە لەبیر و

دنیابینی ئەودا دەتوێنەوە.

لەم پرۆسەیەدا هەموو سەرچاوەکانی داهات، دارایی، سامانی وڵات ون و نادیار دەبن، بڕێکی بێشومار لەو داهاتە بۆ کڕینی وەلائو ویژدانی رووناکبیران و رۆژنامەنوسانی وڵات بەفیڕۆ دەدرێت. توێژی رووناکبیران و رۆژنامەنوسانی دەربار لەم دۆخەدا ئەرکو پیشەی سەرەکیان دەبێتە هێنانەوەی پاساو و بانگەشەکردن بۆ بیرودنیابینی زەعیم و ئەوەی لەزاری ئەوەوە پەخش بکرێت دەبێتە وتەی پیرۆز وشایانی رەخنەگرتن نییە.

سەرچاوەی سەرەکی قەیرانی بڕیاری سیاسی لەکوردستان لەو ساتەوە جێگیر دەبێت، کە ئێمە بەدابەزینمان لەشاخەوە بۆ شار، لەخەباتی چەکدارییەوە بۆ بونیادنانی بناغەی حوکمڕانی دەوڵەتداری، بەهەمان عەقڵیەت و دنیابینی شاخ، شار بەڕێوەدەبەین، لەیەکەم ساتەکانی دامەزراندنی حوکمڕانی لەسەرەتای نەوەتەکانەوە زۆر بەنەشارەزایی و بێ ئەزموون خۆمان فڕێدایە ناو پرسی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە. نەشارەزاییمان لەئیدارە و خواستەکانی قۆناغی نوێ، نەشارەزاییمان

لەهونەری دروستکردنی بڕیاری سیاسی، ئێمەی گەیاندە ئەم ڕۆژەی قەیرانی ئیفلیج بوونی بڕیاری سیاسی کوردی لەهەناوی ئەزموونی کوردیدا ببێتە هەڕەشە لەسەر کۆی پڕۆسەی ڕزگاری نیشتمانیمان.

## نایانەوێ لێیتێبگەن

ئەوەی لەئەمڕۆدا هەندێ لایەن نایانەوێ لێی تێبگەن، ئەوەیە، کە تەشکیلەی دەسەڵاتی حوکمڕانی لەکوردستاندا تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەهاوشانی ئەوەی ئێمە بەشێکین لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو کۆی قەیرانو کێشەکانی ئەوان دەمانگرێتەوە، بەڵام لەجەوهەردا تایبەتمەندی ئێمە بەتایبەتی لەسەپاندنی سیستمی فرە حزبی ئەو جیاوازییە دەخوڵقێنێت، کە ئەوەی بۆ دیکتاتۆرە عەرەبییەکان ڕەخسابێت بۆ ئێمە لەبار نەبێت.

لەبارودۆخی ئەمڕۆی ئێمەدا مەحاڵە لایەنێک، بتوانیت بڕیاری تاک لایەنە بەسەر خەڵکو لایەنە سیاسییە کوردستانیەکاندا بسەپێنیت. هەرێمی کوردستان لەئەمڕۆدا بووە بەپێگەیەک کۆی ئەجێنداو دەستی لایەنە

نێودەوڵەتییەکانو هەرێمایەتییەکان رۆڵیان هەیە لەئاڕاستەی رووداوەکانو داڕشتنەوەی بڕیاری سیاسیدا، بۆیە هەر بڕیارێکی سیاسی بەبێ رەزامەندی خەڵکو لایەنە سیاسییەکان مەحاڵە بتوانرێت لەم هەرێمەدا جێبەجێ کرێت. بڕیاری سیاسی بەوەی لەکرۆکدا وابەستەی سەروەریی یاسایە، کاتێک یاسا سەروەر نەبێت، بێگومان بڕیاری سیاسیش بێ ناوەڕۆک و بەتاڵ دەبێت.

بۆیە دەبێت هەموو لایەنەکانو خەڵکی کوردستانیش ئەوەیان لەبیر نەچێت، کە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان زۆر لەوە ئاڵۆزترە، کە هەستی پێدەکەین، هەموان دەبێت لەوە تێبگەن، کە لەئەمڕۆدا بەرپرسیارێتییەکی مێژووییان دەکەوێتە سەرشان. ئاڕاستە کردن و رابەرایەتیکردنی ئەم دۆخە، هاوسەنگی و میانڕەویەکی تایبەتی دەوێت. سەردەمی ئەو درووشمەی، کە دەڵێت: »یان هەمووی بۆخۆم یان هەموتان دەخۆم« بەسەرچووە.

10/3/2015

## ستراتیجی هەرێمایەتیی شیعە

ئەجنداو پـــڕۆژەی سیاسی شیعە لەم قـۆنـاغـەدا، کـە بـەڕابـەرایـەتـی کـۆمـاری ئیسلامی بەڕێوەدەبرێت، بەهەمان سروشت و جـەوهـەری پـــڕۆژەی سـونـنـەگـەرایـی، لـەجـەوهـەردا سـروش لەبیری فارسییەوە وەردەگـرێـت. تەرکیبەی سیستمی سیاسی شـیـعـە، کـە لـەڕواڵـەتـدا وەک سیستمێکی لیبرالی خـۆی نمایش دەکـات، لـەکرۆکدا لەتێکەڵەیەک لەسیۆکراتی رۆح و دیموکراسی لەجێبەجێکردندا پێکدێت. پـڕۆژەی سیاسی شیعە لەسەرەتای دروستبوونییەوە وەک ئەوەی د.عەلی شەریعەتی دەیڵێت: (پێویست بوو لەسەر بزوتنەوەی سەفەویی و پیاوانی ئاینی وابـەسـتـەی بیری شیعەگەرایی بن،

هەموو هەوڵ و کارەکانیان بۆ سازانێک بێت لەنێوان پرسی نەتەوەیی ئێرانی، ئاینی ئیسلامدا). بۆیە ئەم ئەجندایە لەگەڵ ئەوەی هەڵگری دروشمی رەوتێکی ئیسلامی گشتگیرەو بانگەشە بۆ یەکخستنی کۆی هێزی ئیسلام دەکات، بەڵام لەکرۆکدا تا ئەمڕۆ بەتەنیا لەبازنەی ئەجنداو ئامانج و سنوری بەرژەوەندییەکانی شیعەدا دەخولێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا سنورداریی پێکهاتەی شیعە، بوونی چەندین بەربەست، ئاستەنگی مێژوویی و سیاسی، ئەو بارە دەڕەخسێنێت، کە پڕۆسەی گەشەکردنی رەوتی ئێرانیزم توشی چەندین گرفت و بەربەستی راستەقینە ببێتەوە، بۆیە لەم قۆناغەداو بەم ستراتیج و میکانیزمە پڕۆسەی بەشیعەکردن لەوڵاتانی ئیسلامیدا کارێکی سانا نییە و زەحمەتە بەڕێگەی ئاشتیانە و بەرجەستەکردنی رێبازی مەدەنییانە بتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت.

بەسەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران و باڵادەستبوونی شیعە، لەساڵی (1979) ەوە،جارێکیتر ئەجندای ئیمپراتۆریەتی

سەفەوی لەبەرگێکی نوێدا دامەزرایەوە، قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ هەموو ئەو کێشە و بەربەستانەی لە لایەن وڵاتە مەزنەکانەوە بۆی دروست دەکرا، توانی سنوری زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی ببڕێت، وەک هێزێکی رکابەری پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئەجندای سوننەگەرای عەرەبی دروست بێت.

ئێران وەک هێزێکی هەرێمایەتیی کاریگەر، لەسەرەتای سەدەی بیستویەکەوە بەڕوونی بووە مەرجەعی سەرەکی و رابەری ئەجندای ئیسلامی شیعە دەکات، لەقۆناغی یەکەمی ستراتیجی نوێیدا زۆر بەوردی کاری لەسەر جێگیرکردنی جێپێی خۆی و فراوانکردنی ناوچەی نفوزی لەکۆی ئەو وڵاتە ئیسلامییانە کرد، کە پێکهاتەی شیعە تیایاندا رێژەیەکی دیار و کاریگەریی هەیە. لەقۆناغی دووەمیشدا زۆر بەوریاییەوە کار لەسەر دیاریکردنی ئاراستەی مێژووی ئەم ناوچەیە دەکات.

ئەمڕۆ بەرەی شیعە بەتابەتی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر رێکتر و پتەوتر لەبەرەی سوننە، خۆی نمایش دەکات و ئەجندای سیاسی

خۆی بەرجەستە دەکات. بەکۆی وڵات، حزب، بزوتنەوە و ڕێکخراوە شیعییەکان پێکەوە وەک یەک یەکەو بەیەک ستراتیج کار دەکەن. پێکەوە ڕەوتـی ئایدیـۆلـۆژیای سیاسی و بەرنامەی شیعە بەرجەستە دەکەن. لەڕووی ڕێکخستن و ستراکچەری دامـەزراوەیـی و نەهجی کارکردنەوە، بەهێڵێکی گشتی پێکەوە گرێدەدرێنەوە. بۆیە لەڕواڵەتیشدا سیمای یەک یەکەیان پێوە دیـارە. دەرئەنجام ئەم ڕاستییانە وایکردووە ترسی ئەجندای شیعە لەسەر نەیارەکانی زۆر لەوە زیاتر بێت، کە ئەمڕۆ درکی پێدەکرێت و دەبینرێت.

لـەسـتـراکـچـەردا، دەسـەڵاتـەکـەی بـەشـار ئەسەد و عەبادی، دوو باڵی سەرەکی ڕەوتی شیعەگەریی و ئەجندای ئایدیۆلۆژی و سیاسی ئێرانییەکانن. بۆیە دەبینین دیارترین خاڵەکانی پێکدادانـی بـەرەی شیعەو سوننە لەعیراق، سوریادا چڕ دەبنەوە.

لـەم بـازنـەیـەدا عـیـراق و سـوریـا دەبـنـە دوو ئـاڕاسـتـە بـۆ ئیحتیواکردنی جەمسەری سوننەگەرایی و تەواوکردن و سەپاندنی هیلالی شیعی، کـە دەرئـەنـجـامـەکـەی پاشەکشێیەکی

بەرچاو دەبێت بۆ ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە لەم دۆخەدا ئەمریکییەکان دەکەونە بەردەم دووڕیانێک یان دەبێت بچنە بەرەی پشتیوانیی لەرەوتی توندڕەوی سوننەگەرایی، کە خۆی لەڕێکخراوی داعش و قاعیدەدا چڕدەکاتەوە، یاخود دەبێت بەڕێگەی سیاسی و شێوە سازانێک بەشی خۆیان لەم ناوچەیە بەرن، نەک کۆنترۆڵکردنی کۆی ئەم ناوچەیە وەک لەڕابردوودا لەژێر رکێفیدا بوون.

عیراق بەوەی ئیمتیدادی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بەهێزترین پێگەی شیعەگەرایی ئێرانی دەبێت، لەم وڵاتەوە ئێرانییەکان خاڵی دەستپێکی پڕۆژەی سەدەی نوێ بەرجەستە دەکەن، بۆیە سەرکەوتن و باڵادەستیان لەقۆناغی ئایندەدا تا ئاستێکی زۆر وابەستەی سەرکەوتنیانە لەم وڵاتەدا.

سوریا گەورەترین بەربەستە لەبەردەم بەرجستەکردنی پڕۆژەکانی ئەمەریکا و رۆژئاوا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو هاوکات ئەو دیوارەیە، کە رۆژئاوا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست دادەبڕێت. بۆیە لێرەشدا مانەوەی دەسەڵاتەکەی ئەسەد بۆ ئێرانییەکان زامنی پێگەی بەهێزی هەرێمایەتیی

ئێران و ڕەوتی شیعەگەرییە.

لەساڵی (2009)ەوە، دوای کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لەعیراق، پێکهاتەی شیعە بەپاڵپشتی و هاندانی ئێرن زۆر بەخێرایی کەوتنە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەسەلاتی عیراق، لەم پڕۆسەیەدا کاریان لەسەر پەراوێزخستنی کوردو سوننە کرد. بەکۆنترۆڵکردنی تەواوی دەسەلاتی عیراق و سەرکوتکردنی سوننەو پەراوێزخستنی کورد، بەرەی ئێران توانییان کەوانەی شیعە لە ئێرانەوە بۆ عیراق و سوریاو لوبنان دامەزرێنن. بەم سەرکەوتنانە توانییان تائاستێک پێگەی ئەمەریکاو خۆرئاوا لەعیراق لاواز بکەن.

لەساڵی (2011)دا، بەهەڵگیرسانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و سەرقاڵبوونی وڵاتە سوننەکان بەو شۆڕشانەوە، ئەو هەلە بۆ ئێرانییەکان ڕەخسا، لەزۆربەی ئەو وڵاتانەی پێکهاتەی شیعەیان هەبوو، جێپێی خۆیان بکەنەوە، چەندین گروپ، ڕێکخراو و چالاکی بۆ بنیادنان و فراوانکردن و بەهێزکردنی بەرەکەیان دامەزرێنن. لەم پڕۆژەیەدا

ئێرانییەکان لەسەرەتاوە کاریان لەسەر تێکەڵکردنی پرسی نەتەوەیی و حەماسەتی تایفەگەریی بیری سیاسی خۆیان داڕشتەوە.

## خاڵی پێکدادان و پاشەکشێی شیعەگەرایی

لە ساڵی (2013)دا ئەجندای شیعەگەریی لەعیراقدا توشی قەیرانێکی گەورە بوو، کە دەرئەنجام ناچاربوو پاشەکشێیەکی بەرچاو بکات. ئەم دۆخە نوێیە بووە هۆی ئەوەی کۆتاییهێنان بەوادەی مالیکیزم و هێنانەپێشەوەی عەبادیزم. لێرەوە ستراتیجی نوێی ئێران بۆ سەرلەنوێ کۆنترۆڵکردنەوەی بارودۆخەکە لەگەڵ ئەجندای ئەمەریکادا پێکدادان دروست دەکات. لێرەوە ئەمریکییەکان جارێکیتر کار لەسەر جوڵاندنی ئەو فاکتەرانە دەکەن، کە دەبنە بناغە بۆ لێدان و پاشەکشێی ئێرانییەکان، دیارترین ئەو فاکتەرانە قەیران و کێشە ناوخۆییەکانی بەرەی ئێران-عیراق-سوریایە، بە تایبەتی قەیرانەکانی (کورد، سوننە، قەیرانی ئابوری زیادبوونی هەژاری و زیادبوونی خەرجییە دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی).

24/3/2015

## ئیسلامی سیاسی کوردیی پڕۆژەیەکی شۆفێنیزمی عەرەبی

لەدوای راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991ی خەڵکی کوردستانەوە، ئیسلامی سیاسی کوردی جارێکیتر بەهەردوو باڵە توندڕەو و میانرەوەکانییەوە، بوونە بەشێک لەقەیران و کێشەو ئاستەنگ لەبەردەم پڕۆسەی خەباتی رزگاریی نیشتمانیی نەتەوەی کوردستاندا.

پڕۆسەی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا، لەجەوهەریدا کۆپییەکی تەواوی ئسلامی سیاسی عەرەبییە، درێژەکراوەی ئەو بیرو رێبازەیەو لەهەناویدا هەمان ئایدیۆلۆجیا و ئامانجی ئەوانی هەڵگرتووە، ستراکچەرو ئالیەتی کارکردنی هیج جیاوازییەکی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی شۆفێنی عەرەبیەدا نییە،

لەجەوهەریشیدا تەنیا کار بۆ بەرجەستەکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەکات.

پڕۆژەی ئیخوانییەکان، کە لەکرۆکدا دایکی ئیسلامی سیاسی عەرەبی و درێژەکراوەی پڕۆژەی قەومی عەرەبییە، لەهەناویدا هەڵگری ڤایرۆسی توندوتیژیی و چەندین قەیران و نێوان دژییە.

بیرو ئایدیۆلۆژیای ئەم گروپانە، تەنیا بەڕووکەش هەڵگری ئاڵای ئیسلامە، لەکرۆکدا خزمەت بەبیری شۆڤێنی عەرەبی دەکەن و لەدەرئەنجامیشدا کار لەسەر ناشیرینکردنی ئیسلام دەکەن.

لەم پرۆسەیەدا کۆی گروپ، رێکخراو، بزوتنەوە ئیسلامییەکان بەیەک ئاڕاستە و یەک تاکتیک کاردەکەن، لەسەرەتادا لەژێر چەند ناوێکی مەدەنیانەی وەک یەکێتی خوێندکارانی ئیسلامی، کۆمەڵەی باوەڕداران، گروپی ئیسلامی...هتد، خۆیان رێکدەخەنەوەو و دواتر بەسیاسەتێکی زۆر پراگماتیانە کۆی باڵ و لق و پۆپەکانیان دروستدەکەن.

یەکێک لەنێواندژییەکانی ئەم رەوتە ئەوەیە، لەجەوهەریاندا هەڵگری سروشتی وەسەنیەت و جاهلییەتی عەرەبین، بەڵام کە دەگەنە دەسەڵات

رووبەڕووی واقیعی پێشکەوتووی گەلەکەیان دەبنەوە، ناتوانن خۆیان لەگەڵ پرانسیپەکانی ئـازادی و دیموکراسیدا بگونجێنن، ڕەنگە لەڕاستیدا ئەمە گرفتی زۆربەی ئەو گروپ و هێزە ئیسلامییانە بێت، کە لەپرۆسەی بەهاری عەرەبیدا گەیشتونەتە دەسـەڵات، دیارترین ئەو گروپانەش ئیخوانییەکانی میسر بوون، کە لەیەکەم ئەزموونیاندا هەموو دەستەکەیان ئاشکرابوو، نەک هەر بە تەنیا خۆیان، بەڵکو کـۆی ئـەو ڕەوتـەیـان تـوشـی نائومێدیی و شکست کرد. هەندێک لەو گروپانە بۆ هەڵهاتن لەو قەیرانە، بانگەشەی دامەزراندنی مۆدێلی نوێ لەژێر ناوی مەدەنی نوێدا دەکەن.

## قەیرانی ئیسلامی سیاسی

قەیرانی ئیسلامی سیاسی بۆ یەکەمجار لەجێبەجێکردنی بەرنامەی کارکردنیانەوە، رووی راستەقینەی ئاشکرا دەبێت. بەرنامەو سیاسەتی کارکردنیان پەردەیەک لەناڕوونیی وناشەفافیەت و گومان دایدەپۆشێت، لەم قـۆنـاغـەوە راسـتـەوخـۆ ئـامـانـجـە حـزبـی و شۆفینییەکانیان لەگەڵ خواستی کۆمەڵگەدا

پێکدادەدەن. لێرەوە هەنگاو بەهەنگاو سیاسەت و لۆجیک و هێزی بیروباوەڕیان کاریگەریی نامێنێت، سیاسەتی پراگماتیانەشیان بەتاڵ دەبێتەوە، هیچ کێشەو گرفتێکیان بۆ چارەسەر ناکات. لەقۆناغی کارکردنیان بۆ گەیشتن بەدەسەڵات پرانسیپ و پەیڕەوەکانی مەکیاڤیلیەت زۆر بەوردی بەرجەستە دەکەن. لەم بازنەیەداو لە سیاسەتی دەرەکییاندا لەپێش جەنگی ئەفغانستان بۆ لێدانی یەکێتی سۆڤیەت هاوپیمانییەکانیان لەگەڵ دەزگای هەواڵگری ئەمەریکادا پەرەپێدا، لەدوای سەرکەوتنی ئەمەریکا لەوەدەرنانی یەکێتی سۆڤیەت لەئەفغانستان، دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا زۆرێک لەم رێکخراوانەی پشتگوێخست و هاوکاری و پاڵپشتی دارایی لێگرتنەوە، بەڵام ئەو رەوتە بۆ ناچارکردنی ئەمەریکا بەهاوکاریکردنیان، جارێکیتر کەوتنە ئیستیفزازکردنی ئەمەریکا و کێشەو قەیرانیان بۆ دروست دەکرد.

لەدوای 11ی سێپتەمبەرەوە بۆ خۆپاراستن لەگورزە سەربازییەکانی ئەمەریکا زۆربەی رێکخراو و بزوتنەوە ئیسلامییەکان، وتارێکی

میانڕەو ئاشتیانەیان بەرجەستەکرد و ئاڵای ئاشتی و تەسلیم بوونیان بۆ ئەمەریکا بەرزکردەوە.

بەشێک لەو گروپانە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەزگای هەواڵگری و پەنتاگۆنی ئەمەریکادا بەشێوەیەک تۆخکردەوە تا بوونە هەڵگری ئەجندای سیاسی ئەوان و نەخشە و پلانەکانی ئەو دەزگایانەیان زۆر بەوردی جێبەجێ دەکرد، لێرەوە بیرۆکەی هاوپەیمانییەکی نوێ لەنێوان ئیسلامی سیاسی عەرەبی بەتایبەتی ئیخوانییەکان و دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا دروست بوو، ئەم هاوپەیمانییەش لەپڕۆسەی سەدەی نوێدا، کە بەشێکیان لەپڕۆسەی بەهاری عەرەبیدا بەرجەستە دەبێت سیماو رواڵەتی بەتەواوەتی دەرکەوت.

## ئیسلامی سیاسی لەکوردستان

بەدرێژایی مێژووی خەباتی رزگاری کوردستان، وڵاتانی داگیرکەرانی، نەک هەر گەلی کوردیان هانداوە بۆ بەرجەستەکردنی رێکخراو و بزوتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی، بەڵکو بۆ خۆیان داهێنەرو دامەزرێنەری ئەو گروپ

و بزوتنەوانە بوون و بەپارەو چەکی ئەوان شـەڕی گەلی کوردیان پێکراوە. شۆفێنیزمی عەرەبی و تورکی و فارسی بەقۆستنەوەی سۆزو بـاوەڕی ئاینی گەلی کوردستان ئەم گروپ و ڕێکخراوانەیان بەئامانجی لێدان و لاوازکردنی ئینتمای نەتەوەیی کورد کردووە.

گەڕانـەوە بۆ مێژووی خەباتی رزگاریی گەلـی کـوردسـتـان و وەبـیـرەوەهـێـنـانـەوەی ڕۆژەکانی خەبات، ئەو ڕاستییە زۆر بەڕوونی دەردەخات، کە ئەم گروپ و لایەنە ئیسلامییانە، لەهیچ کـات و جێگایەکدا بەشێک نـەبـوون لەپرۆسەی خەباتی رزگاریی کوردستان و بەشداری شەڕی دژ بەداگیرکەریان نەکردووە.

سـەرەتـای دەرکـەوتـنـی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان لەشێوەی ڕێکخراوەی بۆ یەکەمجار لەساڵی 1980دا لـەدوای هەڵگیرسانی جەنگی عیراق–ئێرانەوە بووە، ئەوکات کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ لێدانی سوپای عیراق و لاوازکردنی کاریگەرییەکانی خەباتی رزگـاری کوردستان ڕێـکـخـراوێـکـیـان بـەنـاوی لـەشـکـری ئیسلامی کوردستانەوە دامەزراند. خەرجی ئەم ڕێکخراوەو کۆی پێداویستییەکانی ئەوکات لەلایەن هەردوو

دەوڵەتی ئێران و لیبیاوە دابین دەکرا. پێکهاتەی ئەم ڕێکخراوە لەتێکەڵەیەکی هەمەچەشنە، ناجۆر، لەخەڵکانی عەرەب، کورد و تورکمان ئامادەکرا. بۆ رابەرایەتی و بەڕێوەبردن کەسێکیان بەناوی عەباس عەبدوللە شاهین (ئەبو ئوسامە)، کە عەرەبێکی خەڵکی شاری موسڵ بوو، دیاریکرد.

ئەم کەسە نەک هەر هیچ شارەزاییەکی لەسروشت و جوگرافیای کوردستاندا نەبوو، بەڵکو زۆر نامۆ بوو بەواقیع و سروشتی کەسێتی و کولتوری کۆمەڵگەی کوردی.

شێوازو ئاڕاستەی کارکردنی ئەم ڕێکخراوە هەر لەسەرەتاوە جێگای گومان و دوودڵی بوو، لەدوای چەند مانگێک لەدامەزراندنیان رووی راستەقینەیان بەڕوونی دەرکەوت، بۆیە لەساڵی 1982 لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، کرانە ئامانج و بە گورزێکی سەربازی جەرگبڕ لەماوەیەکی کورتدا کۆتاییان پێهێنراو ئەوەی رزگاری بوو بەرەو ئێران هەڵهات.

ئێرانییەکان ئەو کات بەم کارەی یەکێتی زۆر قەڵس بوون بۆیە فشار و دژایەتییەکانیان بۆ سەر یەکێتی زۆر چڕکردەوە.

لەساڵی 1984 لەدوای هێوربوونەوەی گرژییەکانی نێوان یەکێتیی و ئێران، بزوتنەوەی (الرابگە الاسلامیە) بەڕابەرایەتی شێخ محەمەد نەجیب بەرزنجی، بەهەمان میکانیزم وکەرەستەی پێشو دامەزرا.

لەساڵی 1991 بەرزگاربوونی بەشێکی زۆر لەکوردستانی باشور، بەرجەستەبوونی ئازادی کاری حزبایەتی لەلایەک و لە روویەکیترەوە زیادبوونی فشار، ئابلۆقەی ئابوری، سیاسی لەسەر کوردستان و خراپبوونی باری گوزەرانی خەڵکی کوردستان، ئەو زەمینەیە رەخسا، کە ئیسلامییە کوردەکان پرۆژەی ئیسلامی سیاسی عەرەبی لەم ناوچەیە بەرجەستە بکەن. لەم زەمینەیەدا هەل بۆئیسلامییەکانی عەرەب رەخسا، کە جارێکیتر چەندین گروپ و ریکخراو بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان دامەزرێننەوە. لەو کاتەوە دیاردەی ئیسلامی سیاسی بەهاوکاری و پاڵپشتی چەند وڵاتێکی عەرەبی و ئیسلامی، بەشێوەیەکی بەرچاو لەم بەشە رزگارکراوەدا گەشەی کردو بڵاوبۆوە.

لەساڵی 1998ەوە، ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان بەشێوەیەکی دیار لەنێوان ئێران و ئەمەریکادا دابەش بوون. بەرەی ئیخوانییە کوردییەکان، کە لەژێر ناوی یەکگرتودا خۆی بەیان دەکرد، لەسەر هەمان ئاڕاستەی ئیخوانییە عەرەبییەکان چوونە بەرەی ئەمەریکا و وڵاتانی کەنداوەوە هاوکاری و یارمەتییەکی دارایی و لۆجستی زۆریان وەردەگرت، بەڵام بەرەی گروپە توندڕەوەکانی (جوند الاسلام و انصار الاسلام) لەبەرەی ئێرانداو لەدژی ئەمەریکا خۆیان ساغکردەوە.

لە 31ی ئازاری 2003 ئەوکات گروپی ئەنسار و ئەلئیسلام، کە هێزەکانی خۆیان تەواو لەسنورەکانی ئێران لەناوچەی بیارە کۆکردبووە و ڕێکخستبوو، لەبەیاننامەیەکدا دژایەتیکردنی خۆیان بۆ ئەمەریکا ڕاگەیاند، فەرمانیان بە بەشی خۆکوژی ڕێکخراوەکەیاندا، کە لەهەرجێگاو کاتێکدا بۆیان لوا هەر ئەمەریکییەک یان بەریتانییەکیان بینی بیانکوژن و کردەوەی خۆکوژیان لەدژ بکەن.

لــەگــەڵ هــاتــنــی مــانــگــی نــیــســان و دەستپێکردنی پڕۆسەی لێدانی سوپای عیراق لەلایەن ئەمەریکاوە، ئەمەریکییەکان گورزێکی سەربازیی بەهێزیان لەئەم گروپانە وەشاند، موشەکەکانی ئەمەریکا تەواوی بارەگاو بنکەکانی ئەم گروپانەیان کردە ئامانج، دەرئەنجام بەهاوکاری حزبە کوردستانییەکان توانرا لەماوەیەکی زۆر کورتدا کۆتاییان پێبهێنرێت و ئەوەی لەمەرگ رزگاری بوو جارێکیتر زۆر بەخێرایی روویان کردەوە ناو سنورەکانی ئێرانەوە. دواتر ئەندامانی ئەم گروپە لەدوای هەڵوەشانەوەی رێکخراوەکەیان روویان کردە ناوچەکانی خۆرئاوای عیراق و موسڵ و لەگەڵ گروپە تیرۆریستەکانی عەرەبی سوننەدا لەژێر ناوی ئەنسار و ئەلسوننەدا کەوتنەوە شەڕ و لێدانی سوپای ئەمەریکاو هێزە بەرهەڵستکارەکانی رژێمی بەعسی پێشوو.

## 17ی شوبات وێستگەیەکی نوێی ئیسلامی سیاسی

گروپ و لایەنەکانی ئیسلامی سیاسی کوردیی بەگشتی و ئیخوانییە کوردییەکان (یەکگرتووی ئیسلامی)، کە سەرچاوەی سەرەکی ئیسلامی سیاسی کوردین بەتایبەتی، لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە وەک سیاسەتێکی تەکتیکی خۆیان، بەردەوام هەوڵدەدەن خۆیان وەک حزبێکی کوردی رەسەن نمایش بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەرەتاوە تا ئەوکاتەی جێ پێی خۆیان لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستانی توندکرد، سیاسەتی خۆگونجاندنیان لەگەڵ حزبە کوردستانییەکاندا بەرجەستە دەکرد، تەنانەت لەبەغداش خۆیان بەشەریک و هاوپەیمانی حزبە کوردییەکان نمایش دەکەن.

لەسەرەتای دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی نوێی حوکمرانی عیراقەوە بەشێکیان بەشداریی پێکاتەی حکومەتی فیدریاڵی نوێیان کرد، لەکوردستانیش، لەسەرەتادا بەشداری حکومەتیان دەکردو تا ئاستێکی زۆر خۆیان لەگەڵ ئەجندای نەتەوەیی حزبە

کوردستانیەکاندا دەگونجان. بەدروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و بەهێزبوونی بەرەی ئۆپۆزسیۆن راستەوخۆ هاتنە بەرەی ئۆپۆزسیۆن و لەسێبەری گۆڕاندا کەوتنە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی کوردی و هەموو هەوڵەکانیان بۆ رووخانی ئەم دەسەڵاتەو بەرجەستەکردنی فەوزا و ناجێگیریی لەشێوەی رووداوەکانی بەهاری عەرەبی خستەکار.

له 17ی شوباتی 2011دا به قۆستنەوەی نارەزایی و خواستی شەرعی جەماوەری خەڵکی سلێمانی بۆ بەدەستخستنی ماف و خواستەکانیان لەپێداویستی ژیان وگوزەرانیان، بەهەمان سیناریۆو لەسەر هەمان ستایل و مۆدێلی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، بەسیاسەتێکی پراکتیکیانە توانیان تەواوی پرۆسەکە بکەنە موڵکی خۆیان و لەدوای دواوەی خەڵک و لایەنەکانیتری ئۆپۆزسیۆنەوە زۆر بەخێرایی بگەنە مینبەرەکان و ئەجندا وسیاسەتی خۆیان بەسەرکۆی ئەو لایەن و خەڵکەدا بسەپێنن.

ئەم سیاسەتەی ئیسلامییەکان، کە

پاڵپشتە بەبوونی فاکتەری ڕێکخراوەی پتەو لەجەوهەریدا هاوکاریێکی گەورەیە نەک تەنیا بۆ ئەمان، بەڵکو بۆ کۆی بزوتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکانی عەرەبی. بەم ڕێگا و سیاسەتە توانییان کۆی لایەنە عەلمانی و کۆمۆنیست و گروپەکانی ڕێکخراوی مەدەنی بخەنە ژێر چەتری ستراتیجی سیاسی خۆیانەوە و بیانخەنە سەر بەرەی خۆیان و دروشمی (اللە اکبر) بەسەرهەمووانـدا بسەپێنن. لەڕاستیدا بەهۆی بوونی جیاوازییەکی جەوهەری لەنێوان بارودۆخی کوردستان و وڵاتانی عەرەبیدا، ئەم سیاسەت و پڕۆژەیەی ئیسلامییەکان و گۆڕان شکستی هێناو لەدوای دوو مانگ لەخۆپیشاندان و نارەزایی بەبێ هیچ دەستکەوتێک کۆتایی هات، بۆیە لەگەڵ هەڵبژاردنی نوێ و بێتوانایی ئۆپۆزسیۆن لەهێنانی زۆرینەی دەنگەکان هەردوو گروپی ئیسلامی و عەلمانی ئۆپۆزسیۆن کەوتنە ماراسۆن بۆ نزیکبوونەوەو بەشداریکردن لەدەسەڵات. هەردوو ڕەوتەکە چوونە بەرەی پارتی و ناوچەی نفوزی تورکیاو ئەمەریکاوە.

## پارادۆکسەکانی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان

پرسی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان، لەکرۆکدا هەڵگری نێواندژی و قەیرانێکی ستراکچەرییە. لەلایەک بانگەشە بۆ گەیشتن بەمافە رەواکانی کورد دەکات لەئامانجیشدا کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پڕۆژەی شۆفێنزمی عەرەبی دەکات. بیری ئیخوانییە کوردییەکان بەشێوەیەک وابەستەی پڕۆژەی شۆفێنزمی عەرەبییە، لەکۆی ئەو کارەسات و زوڵمانەی رژێمی فاشی بەعس لەدژی کورد کردی بە تایبەتی لەهەردو پڕۆسەی ئەنفال و هەڵەبجەدا، هیچ رەخنەو هەڵوێستێکیان لەبەرانبەر بێ هەڵوێستی ئیخوانییە عەرەبییەکان و ئیسلامی سیاسی عەرەبی و دەوڵەتە ئیسلامییەکان نەبوو. لەڕاستیدا ئیسلامی سیاسی لەکوردستان تەنیا کۆپیەکی ئیسلامی سیاسی عەرەبی و شۆفێنیزمی عەرەبی نییە، بەڵکو درێژەپێدەری ستراتیج و بەرنامەی سیاسی ئەوانە، بۆیە دەبینین بەدرێژایی ماوەی خەباتی نەتەوایەتی کورد، ئەم رەوتە چ بەشە عەرەبییەکەی بێت

یان کۆپییە کوردییەکان هیچ کات لەبەرەی رزگـاری کوردستاندا نـەبـوون، هیچ سۆز، ئینتما و پاڵپشتییەکیان بۆ بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان نەبووە.

## خاڵی وەرچەرخان

لەساڵ 2009دا، لەبارێکی زۆر دژوارو ناجێگیردا ئەمریکییەکان عیراقیان بەجێهێشت، لەماوەیەکی زۆر کورتدا بەخێرایی تەواوی سوپاکەیان لەم وڵاتە کشانەوە. دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی عـیـراق بـەتـەواوەتـی بـۆ پێکهاتەی شیعەو ئێرانیەکان واڵابـوو، تا ئەجندای شیعەگەریی خـۆیـان بـەتـەواوەتـی بسەپێنن و تـەواوی دەسەڵاتی حوکمرانی بۆ خۆیان قۆرخ بکەن. لـەمـاوەی تەنیا پێنج سـاڵـدا تـوانـیـان کـورد لـەدەسـەڵاتـی نـوێدا پـەراوێـز بخـەن و چەند گورزێکی گەورە لەپێکهاتەی سوننە بدەن و لەژێر پـەردەی شـەڕی تیرۆردا بەتەواوەتی لەدەسەڵاتی نوێی عیراق دووریان بخەنەوە، دەرئەنجام شـەڕی مێژوویی شیعەو سوننە زۆر بە قورسی دەستی پێکردەوە.

لەئەنجامی ئەم سیاسەتە و شکستی شیعە لەستراتیجی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی نوێی عیراقدا، لەساڵی 2014 شەڕی نێوان شیعەو سوننە بەتایبەتی لەدوای دروستبوونی گروپی تیرۆرستی داعش و بەرجەستەکردنی کوشتنی بەکۆمەڵ لەلایەن هەردوو بەرەوە، چوە قۆناغێکی باڵاترەوە.

داعش کلیلی گەڕانەوەی ئەمەریکا بۆ عیراق

دروستبوونی داعش هاوشانی ئەوەی لەئەمڕۆدا لەبارێکی خراپدایەو کۆی ئاماژەکان بۆ نزیکبوونەوەی کۆتایی ئەم گروپەن، لەجەوهەریدا جارێکیتر گۆڕانێکی چۆنایەتیی لەواقیعی سیاسی و هاوسەنگی هێز لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا بەرجەستە کرد. دەرئەنجامی دروستبوونی داعش جگە لەگەڕانەوەی ئەمەریکا بۆ عیراق بووە هۆی ئەوەی پێکهاتەی سوننە لەهەناوی داعشدا جارێکیتر خۆیان بەسەر پرۆسەی سیاسی و هاوسەنگی هێزی ناوخۆی و هەرێمایەتیدا بسەپێنن. لەڕوویەکی ترەوە بۆ راگرتنی هەمان هاوسەنگی بەرەی شیعە (مالکی) یان لەدەسەڵات دوورخستەوەو لەهەوڵی کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێدان لەگەڵ کورد.

لەئەمڕۆدا، بەرەکان زۆر بەڕوونی جیادەکرێنەوە تەنانەت لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستانیشدا. ئەمریکییەکان وەک بەرەیەکی جیاواز لەبەرەی ئێران تا ئەمڕۆ لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی شیعەگەریی عیراقدایە، بۆیە دەیەوێت لەڕێگەی سوننەو کوردەوە جارێکیتر بگەڕێتەوە عیراق و ئەجندای ستراتیجی خۆی بەشێوەیەکی نوێ، کە لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێت دابڕێژێتەوە.

31/3/2015

## ئەوەی سەرۆك لێی غافڵە

سەرۆک، کە بەسروشت تایبەتمەندی خۆی هەیە، جیاوازە لەکۆی هاوڵاتیانی کۆمەڵگە، لەهیچ ناترسێت، تەنانەت مەرگیش، لەیەک کاتدا بەزەی خوداوەند و دڵڕەقی هیتلەریشی هەیە. لە سەروی هەموو دەسەڵات، بیر، فەلسەفە، یاسا، رێسایەکی ئاسمانی و زەویەوەیە. رەخنەکردنی دەچێتە بازنەی کفر و ئیلحادەوە. رەخنەگر لێی دەبێت بەتاوانی خیانەتی نیشتمانی و ئەنجامدانی کفری مەزن سزا بدرێت. عەقڵ و ئاکارەکانی لەسەرووی هەموو گومانێکەوەیە و سروشتی پیرۆزی و پایەی دەقە پیرۆزەکانی هەیە. یەکسانی و دڵ گەورەیەکەی سروشی لە خوداوەندەوە وەرگرتووە، بۆیە ئەو خەڵاتەیە کە خوداوەند

بە ئێمەی بەخشیوە، ئەگەر بەها وپیرۆزی رانەگرین ئـەوە نەفرەتی ئاسمان و زەوی دەمانگرێتەوە و ئایندەمان رەشتر دەبێت لە رابردومان. خواست و خەونەکانی سەرۆک خەونی هەموو گەل و نیشتمانە، بۆیە دەبێت هەموو کرنۆشی بۆ بەرین وقبوڵی بکەین.

ئەوەی سەرۆک و رەعیەتەکەی دەیانەوێت و بانگەشەی بۆ دەکەن، لە جەوهەردا ستراتیجێکە بۆ پەرینەوە لەبارودۆخی باوی خێڵەکییەوە بۆ بەرجەستەکردنی فەزایەکی دیکتاتۆری. لە ئەمرۆدا عەقڵی سیاسی کوردی نەک هەر کۆیلە و زەلیلی دەستی ئەم نەهجە سیاسیەیە، لە لانکەی دروستکردنی دیکتاتۆریەتدا مۆدێلێک دەخوڵقێنێت لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا بواری ژیان و مانەوەی نەماوە، لەم بازنەیەدا دەیەوێت داهێنان لەتیۆری پەیوەندیەکانی نێوان سەرۆک و کۆمەڵگە و تاک، سەرۆک و خوداوەندا بکات.

## وتارەکانی سەرۆک

سەرۆک لە پرۆسەی گەیاندنی وەسیەتەکانی بە رەعیەتەکەی، لیژنەی نوسینەوەی

گوتارەکانی هەر بەسروش لێی تێدەگەن و دەزانن چی دەوێت و چی رادەسپێرێت بۆ ئامادەکردنی وتارێک. خاڵ و فاکتەرە نەگۆڕەکانی ئەو وتارە، کە لە جەوهەردا بەرجەستەکردنی سیاسەتی تەفرەدان و شێواندنی راستییەکانە، ئامانجی ڕاستەقینە لێیدا پارێزگاریکردنە لە چەمکی وەلاء بۆ سەرۆک و دڵنیابوون لە سەلامەتی و مانەوەی پابەندبوونی خەڵک بە بڕیار و ڕێنماییەکانی سەرۆکەوە تا دەگاتە پەیڕەوکردن و سەپاندنی کولتوری گوێڕایەڵیکردن بۆ سەرۆک و رەنگکردنی فەرمانڕەوای، یاسا، وتەکانی سەرۆک، شەرعیەتکردن و پیرۆزکردنی چەمکی پابەند بوون.

بناغەی چەوسانەوە و زوڵم لەوتارەکانی سەرۆکدا لەوێوە بەرجەستە دەبێت، کە لەهاوکێشەی پەیوەندی نێوان سەرۆک و گوێڕیەڵی نایەکسانی و ناتەبایەکی گەورە دروست دەبێت، بەرەی رەعیەت تەنیا ئیلتزامات و ئەرک و پابەندبوون و گوێڕایەڵی دەکەوێتە سەر، بەڵام سەرۆک هەموو دەستکەوتەکان. سەرۆک بڕیار دەدات و رێنمایی دەبەخشێتەوە،

سزا دەدات و بەند دەکات و دەکوژێت و دەبڕێت، هەرچی رەعیەتە تەنیا رەزەمەندی و ملکەچ بوونی لەسەرە.

زۆر ئاسایە هەموو گەل بەدرۆ بخرێتەوەو هەڵەبن و ئیهانە بکرێن، گرنگ ئەوەیە سەرۆک روو زەرد نەبێت، چونکە سەرۆک هێمای شەرەف و کەرامەتی نەتەوەیەکە، چونکە لە کرۆکدا لەم جۆرە سیستمانە کۆی میلەت و دەوڵەت و حکومەت تەنیا لە سەرۆکدا تواونەتەوە.

## نەسیحەتەکانی سەرۆک

گوتارەکانی سەرۆک بە شێوەیەکی گشتی و سەرەکی لە جەوهەردا بە سورووشت هەڵگری نەسیحەتە.

لە خستنەڕووی نەسیحەتەکانیدا، سەرۆک دنیا بینی خۆی بەسەر کۆی خەڵکدا دەسەپێنێت. ئامانجی نەسیحەتەکانی، لە کرۆکدا بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتەکەی و درێژەدانە بە مانەوەی حوکمرانی خۆی و رژێمەکەی. سەرۆک، پیاوەکانی لە روناکبیران، نوسەر، رۆژنامەنوسان بە بەرنامە، لەدنیابینی سەرۆک

و بەرژەوەندیەکانیەوە، بە سیاسەتێکی تایبەت کار بۆ بەرجەستەکردنی کەلتورێکی سیاسی تایبەت دەکەن. لەم کەلتورەدا پاراستنی دەسەڵات، مانەوەی سەرۆک و کارێزما و پیرۆزی سەرۆک دەبێتە ئەو پیرۆزیانەی کە نزیکبوونە و رووشاندنی دەکرێتە تاوان و تەنیا سزای مەرگ پێشێلکارانی، دڵی سەرۆک و پیاوانی هێور دەکاتەوە.

ئاکاری سیاسی ئەم کولتور و دنیا بینیە، کە لەبناغەدا سروش لە ئەزمون و دنیابینی دەسەڵاتە تۆتالیتاریەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە وەردەگرێت، نەک لە ئەزمون و ماف و بەرژەوەندیە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکانی میلەتی کوردەوە.

لەم بازنەیەدا ئەوەی سەرۆک لێی غافڵە ئەو راستیەیە، کە وتار، بڕیار، وتەکانی هێز و سیحری کاریگەریان نەماوە، لەم بارەشدا لە بڕی ئەوەی ببێتە پردێک بۆ بەرجەستەکردنی دنیابینی و بەرژەوەندیەکانی سەرۆک، کاریگەری پێچەوانەی دەبێت، بەپێچەوانەوە دەبنە هۆی زیاتر قەڵسکردن و بێزارکردن و تورەکردنی خەڵک، لە بری رەعیەتێکی

گوێڕایەڵ نەیار و دوژمنی ناوخۆی بۆ خۆی دەخولڵقێنێت. لەم دۆخەدا ئاماژەکردن بەپشت بەستن بەهێز و لایەنی دەرەکی بە ئامانجی سەپاندنی سەرۆک و رازیکردنی جەماوەر لەسەر مانەوەی لە دەسەڵات، کە لە جەوهەردا هەڵگلری لە هەرەشەیە، نەک هەر هیچ مانایەک بۆ شەرعیەت نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە ئەو پرانسیپەی، کە لادان و روخانی سەرۆک و رژێمەکەی بە هێز و توندوتیژی بەرگی رەوای شەرعیەت لە بەر دەکات.

دروشم و بانگەشەی پیاوی پێویست (الرجل الچرورە) فێڵ و سیاسەتێکی کۆن و ستۆکە، نەک هیچ کاریگەری نەماوە، بەڵکو دەبێتە فاکتەرێکی نەرێنی بۆ دەسەڵات و هێز و کاریگەریەکانی یاخیبوون و رەتکردنەوە زۆر زیاتر دەکات.

سوکایەتیکردن بە واقعی ساسی کوردی و بێ بەهاکردنی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی و جیاکردنەوەی لە دەسەڵاتە شەرعییەکان بە ئامانجی سەپاندنی مانەوەی سەرۆک، ئەو درزەیە، کە پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵات دەگەیەنێتە ئاستی شکان و پێکدادان.

لە راستیدا شەرعیەتی باوکایەتی کلاسیکی (خێڵەکی بێت یان خانەوادەی) و شەرعیەتی تاکرەوی و تەنیا کەسی، بە واتە شەرعیەتێک، کە تەنیا یەک پیاو بەرجەستەی بکات، بەسەر چوون، بۆیە ترسناکی تەسلیم بوون بە ئیرادەی ئەم دوو شەرعیەتە لەم دۆخەی ئەمرۆماندا هیچی لە ترسی داعش و داگیرکەرانی کوردستان کەمتر نابێت.

لەم بارەی ئەمرۆی کوردستان و جیهاندا بەرجەستەکردنی ئەمجۆرە شەرعیەتانە لە سسیستمێکی سیاسی پەرلەمانیدا بیانوەکەی هەرچیەک بێت ئەستمە بتوانێت لە گەڵ فەلسەفە و پێداویستیەکانی ئەم چەرخەدا بگونجێت و بەرەوانی هەڵکات، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیماندا بەرجەستە بکەین و بە وریایەوە بپەرینەوە بۆ قۆناغی شەرعیەتی دەستوری و یاسای.

3/2015

## لەنێوان سیستمی سەرۆکایەتیو پەرلەمانیدا

ئـەمـڕۆ سیـسـتـم و پـڕۆسـەی سیاسی کوردستان لەسات و بارێکدایە کەس بەخیلی پێنابات، زۆر بـەدژواری کـات بەڕێدەکات. پرسی کوربوون نەک بەتەنیا لەکوردستانی باشور، بەڵکو لەکۆی پارچەکانی کوردستانی گـەورەش دەخـاتـە تەنگژەو ناجێگیرییەوەو ئاستەنگ بۆ کـۆی پرسـەکـە دەخولقێنێت. بـەدەسـتـی خـۆمـان کـوردسـتـانی باشـورو ئـایـنـدەی سیاسـی کـوردی ئـەم بـەشـەمـان خستوەتە بەردەم دوو ڕێیانێکەوە. لەم ساتەدا بڕیار لەسەر گرتنەبەری چ ڕێگایەک دەدەن، چ بناغەیەک بۆ ئاینده دادەمەزرێنن، لەنێوان دووبـارەکـردنـەوەی ئـەزمـوون و مۆدێلی

حوکمرانی عەرەبیو بەرجەستەکردنی بناغەیەک بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسی و رەشید، کام ئاراستەو رێگە دەگرینەبەر.

کێشەی هەموارکردنەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان و درێژکردنەوە یان نوێکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ کاک مەسعود لەئەمڕۆدا بوونەتە دوو پرسی سەرەکی نەک تەنیا لەزۆربەی باس و دانیشتنەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان باس و خاڵی سەرەکی گفتوگۆ و مشتومڕەکانیانە، بەڵکو بووەتە باس و ریکلامی سەرەکی کۆی راگەیاندنەکان بەحزبی و بێلایەنەکانەوە.

شەقامی کوردی بەکۆی پێکهاتەو تێڕوانینە جیاوازەکانیانەوە لەبارێکی ترس ئامێز و دڵەڕاوکێدا چاوەڕوانی دەرئەنجامی کۆتایی و شێوازی چارەسەری ئەم پرسانە دەکەن، لایەنە سیاسییەکان چۆن و بە چ میکانیزم و چ دەرئەنجامێک دەگەنە رێکەوتن.

لەم دانیشتنو مشتومڕانەدا ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت مانەوەی سەرۆک بارزانییە لەپۆستی سەرۆکایەتی

هەرێم بەتەواوی دەسەڵاتەکانیەوە، هەرچی لایەنەکانی تریشە بەتایبەتی یەکێتی و گۆڕان دەیانەوێت ئەم پرسانە بەدانوستان و ڕێکەوتن یەکلایی بکرێتەوە، لایەنە ئیسلامییەکانیش بەشێوەیەکی گشتیی بەسەر هەردوو بەرەدا دابەش بوون، وەک سروشتی ئاسایی خۆیان ئەوان بەپرەنسیپی پراگماتی مامەڵە لەگەڵ کۆی پرسەکاندا دەکەن، بەڵام لەجەوهەردا هەریەکەیان لەسەر بناغەی ستراتیجی سیاسی خۆیان بەرەکەیان هەڵبژاردوە. لەڕەهەندێکی دوورتریشدا ئەم ناکۆکیانە هەڵگری دوو ئەجندای هەرێمایەتیو نێودەوڵەتین.

ناڕاستەوخۆ یەکێتیو گۆڕان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە پارتی دەبێت لەبەرانبەر ئەم خواستەیەدا چەند تەنازولێک لە دەسەڵاتەکانی، کە زۆربەی جومگەکانی بۆ خۆی قۆرخ کردووە بکات بۆ ئەمان. پێیانوایە بەم تەنازولانە یەکسانی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو لایەنەکان، لەبانگەشەکانیانیشدا ئەم ڕێکەوتنە بەدیموکراسی سازان ناو دەبەن.

لەنێوان ئەم دوو دنیابینی و خواستەدا، ئەوەی شەقامی کوردی، توێژێک لەڕووناکبیران

دەیانەوێت، بانگەشەی بۆ دەکەن باس و خواسێکی تەواو جیاوازە، خەڵکی لەم لەحزە مێژووییەدا کۆی خواست و ئارەزووەکانیان بۆ ئەوەدەچێت، کە گۆڕانێکی جەوهەری لەستراکچەر و ناوەڕۆکی سیستمی سیاسی ئەم هەرێمەدا بەرجەستە بکرێت، لەم بازنەیەدا کلیلی ئەم گۆڕان و نوێبوونەوەیە لەچەسپاندنی پرەنسیپی (ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات)داو لەکەمترین سنووریدا لەدووبارە کردنەوەی مۆدێلی حوکمڕانی ناوەندا چڕدەبێتەوە.

ئەوەی بەڕوونی دەبینرێت تائەمڕۆ لەبەرەی پارتیدا تەنیا یەک هەڵوێستە، ئەویش ئەوەیە بەدیلی بارزانی تەنیا بارزانییە، وەک لایەنەکانی تریش تا ئەمڕۆ کەس جورئەتی ئەوە ناکات بەئاشکرا باسی ئەو بەدیلە بکات.

ئەزموونی سەرۆکایەتیی چیمان پێدەڵێت؟

لەم باسەدا ئەوەی مەبەستمە قسەکردن نییە لەسەر کەسایەتی سەرۆک بارزانی، بەڵکو قسەکردنە لەسەر مۆدێلی حوکمڕانیو ستراکچەری سیستمی سیاسی لەم هەرێمەی ئێمەدا، کە مۆدێلێکە لەلاساییکردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، ئەوەی

لەم بارەدا بۆ شەقامی کوردی بوەتە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ ئەو راستیەیە، کە ژینگەی سیاسی ئەو وڵاتانە لەمێژە وارەخساوە، کە لەباربێت بۆ پەروەردەکردنی فیرعەون و دەسەڵاتی تاکڕەویی، بۆیە لەم قۆناغەدا و لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی 25ی یەنایەری میسرەوە لە لێواری بەرجەستەکردنی سەردەمێکی نوێین لەژیانی سیاسیاندا، لەماوەی پەڕینەوەیان بۆ بارودۆخێکی نوێ و بەرجەستەکردنی جێگیریی سیاسیی بەو شێوەیەی، کە گونجاوبێت لەگەڵ خواست و پێویستییەکانی سەدەی بیستو یەکدا، شەقام و رووناکبیرانی میسری بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر دوو پرسی سەرەکی دەکەنەوە، کۆی هەوڵو چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رووناکبیرییەکانیان لەم بوارەدا چڕدەبێتەوە، ئەم دوو پرسە کە یەکێکیان سەپاندنی پرەنسیپی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات و ئەویتریان دامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانییە، بەکلیلی چارەسەر و زامنی سەرەکی ئایندەی سیاسیان دەبینن، چونکە وەک ئەوەی محەمەد حەسەنەین

هەیکەل دەیڵێت: لەژینگەی ئەم وڵاتانەدا سیستمی سەرۆکایەتی فیرعەون دروست دەکات.

هەیکەل پێیوایە سوربوونی سەرۆک موبارەک لەسەر گۆڕانکاری نەکردن و مانەوەی لەدەسەڵاتدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، گەیاندییە ئەو بارەی ئەمڕۆ تێیکەوتوە.

لە ساڵی 2006دا هەیکەل لەگوتارێکیدا لەزانکۆی ئەمەریکی بەناوی (المستقبل الان)دا زۆر بەڕاشکاوی بەسەرۆک موبارەک دەڵێت: دەبێت لەوە ئاگاداربیت، کە ئەمڕۆ سەردەمێکی نوێیەو سەردەمی (شەرعیەتی تەنیا کەسەو شەرعییەتی دەسەڵاتی بۆماوەیەتی) نەماوە، دەبێت بەخواستەکانی سەردەم رازیببیت، بەڵام وەڵامی موبارەک ئەوەبوو، کە ئەو دکتۆرای هەیە لەعینادیدا. هەیکەل لەبەشی سێیەمی کتێبی (مبارک و زمانە) دەڵێت: تاماوەی ساڵێک پێش 25ی یەنایەر موبارەک دەیتوانی خۆی و میسر لەدەرئەنجامی ئەو رووخان و شۆڕشە رزگار بکات، بەڵام وەک خۆی دەیوت ئەو دکتۆرای لەعینادیدا هەیە، بۆیە دەرئەنجامەکەی قەفەسی دادگا بوو.

لەم قۆناغەدا شەرعییەتی شۆڕشگێریی نابێتە ئەو پایەو هاندەرەی، کە مافی مانەوە لەدەسەڵات بۆ ماوەیەکی درێژ بدات بەهیچ کەس‌و لایەنێک. گەلی زیندو و هوشیار دەزانێت و دەتوانێت هێڵە رەش و سپییەکانی ئایندەی خۆی بەباشی لەیەک جیاکاتەوەو هەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ سەرکردەو پرسە ژیارییەکانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری وڵاتەکەیدا بکات. چونکە ئەم پرسانە تەنیا پەیوەست نین بە بەرجەستەکردنی ئاشتی و ئاسایش لەساتێکی هەستیار و دیاریکراودا، بەڵکو پرسێکی ژیاری ئایندەیشە، بۆیە لەم بارودۆخەی ئەمڕۆماندا کۆی لایەنە سیاسەکانی کورد پێویستیان بە بەرجەستەکردنی چەمکی عەقڵانییەت‌و ژیری هەیە، چونکە بەڕاستی ئێمە لەبەردەم پرسێکی زۆر هەستیار و ئاڵۆزداین.

21/4/2015

## دەستوور لەسەر بناغەی ئیرادەی کۆمەڵگا دەنووسرێت نەك سازانی سیاسی

دەستور و یاسا یەکێک لەباشترین و گرنگترین ئەو پرسانەیە، کە مرۆڤ لەمێژووی سیاسی خۆیدا دایهێناوە. لەئەمڕۆدا بە هۆی زیادبوون و ئاڵۆزبوونی پرسەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە، پێویستی ئەم پرسە زۆر لەڕابردوو زیاتر بووە، بەتایبەتی بۆ وڵاتانی دواکەوتوو.

لەڕاستیدا سروشتی دەستور لەجەوهەردا وا خوڵقاوە، کە وابەستەی پرسی رێکەوتنی سیاسی نەبێت، بەڵکو هەڵقوڵاوی ئیرادەی کۆمەڵگەو هاونیشتمانەکانی بێت. جیاواز لەیاسا، کە وابەستەی دەقێکی نوسراوە، دەستور

وابەستەی بەهاو گیانی ئیرادەی مرۆڤایەتییە. بۆیە هەر دەقێکی دەستوریی ئەگەر گوزارشت لەخواست و ئیرادەی راستەقینەی کۆمەڵگە نەکات، ئەوە بێگومان لەپڕۆسەی جێبەجێکردندا بەمردوی لەدایک دەبێت و سەرئەنجام دەبێتە چەند رستە و وشەیەکی بێگیان و بێبەها.

لەجەوهەردا دەستور و یاسا دوو پرسی جیاوازن، دەستور گرێبەستێکی سیاسی کۆمەڵایەتییەو گوزارشت لەئێرادەو خواستی میللەت دەکات، بەڵام یاسا پڕۆسەیەکە بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و تاک و کۆمەڵگە و دەسەڵات، پێداویستییەکانی رۆژانەی تاک و کۆمەڵگە بەرجەستە دەکات. بەواتە بەوەی دەستور گرێبەستێکی نیشتمانییەو لەسەر بناغەی رازیبوونی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بۆ ژیانێکی هاوبەش، بۆیە دەبێت لەجەوهەریدا لەسەر بناغەی ئیرادەیەکی ئازاد بیخوڵقێت.

## دەستور بۆ کێ دەنووسرێتەوە؟

بەپێی فەلسەفە و پرەنسیپی پێویستی داهێنانی دەستور، دەبێت دەقی دەستور بۆ

خەڵک و لەسەر بناغەیەکی دروست بنوسرێت و گوزارشت لەئیرادەی کۆمەڵگە بەگشتی بکات، نەک لایەنە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەی دەسەڵات پێکدێنن. یەکێک لەهەڵە مێژووییەکانی دەسەڵاتە سیاسییەکان، بە تایبەتی لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا، دەستور لەجەوهەردا بەئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی دەسەڵات و سیستمی سیاسی نوسراوەتەوە، بۆیە بەردەوامی میکانیزمی نوسینەوەی دەستور بەو شێوەیە بووە، کە دەسەڵات داوای لەچەند یاساناسێکی نزیک لەخۆی کردووە، کە دەقێکی دەستوری بۆ ئامادە بکەن و دواتر ئەو دەقە خراوەتە بەر چاوی هاوڵاتیان بۆ رازیبوون لەسەری، بەڵام بەزۆری ئەم رازیبوونە وابەستەی ئیرادەیەکی راستەقینە نەبووە.

دەستور، لەزۆربەی وڵاتە دیکتاتۆری و تۆتالیتارییەکاندا تەنیا پۆشاکێکە لەبەر سیستمی سیاسی ئەو وڵاتانەدایە، بەڵام وەک جەوهەر و گیان، وجودی نەبووە و نابێت، بۆیە لەئەمڕۆدا و لەسەروبەندی نزیکبوونەوەی قۆناغەکانی کۆتایی دیکتاتۆرییەت و دەرکەوتنی تارمایی نزیکبوونەوەی گۆڕانێکی ریشەیی لەکۆی

سیستمە تۆتالیتارییەکاندا ئەم سروشت و مۆدێلە دەستورییەش کۆتایی دێت.

## کوردو دەستور

لەڕاستیدا ئەزموونی نوسینەوەی دەستور بۆ ئێمەی کورد پرسێکی نوێیە، رابردویەکی مێژووییمان، نەک لەبەرجەستەکردن و جێبەجێکردنی دەستور بگرە تەنانەت لەنوسینەوەی دەستوریشدا نییە، بەڵام لەئەمڕۆدا ئیرادەو خواستێکی جدی هەیە بۆ ئەم پرسەو پێدەچێت هوشیاری کۆمەڵگەی ئێمەش لەمەڕ گرنگی دەستور گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە بتوانین دەستوری باش و گونجاو لەگەڵ دەستورێک، کە تەنیا بۆ دەسەڵاتی سیاسی بنوسرێت جیابکەینەوە لەیەک. لەئەمڕۆدا بەڕوونی ئیرادەیەکی جدی دەبینرێت بۆ داهێنانی دەستورێکی کوردی هاوچەرخ، کە بە بەرگ و باڵای خۆمان بدورێت.

لەسەروبەندی پێداچوونەوەو داڕشتنەوەی رەشنوسی ئەو دەقە دەستورییەی، کە چەند ساڵێکە بێناز لەڕەفەکانی پەرلەماندا فڕێدراوە، ئێمە لەئەمڕۆدا لەبەردەم دووڕێیانێکداین،

ئایە دەستور لەسەر بناغەی ڕێکەوتن و سازانێکی سیاسی دەنوسینەوە یان لەسەر بناغەی ئێرادەیەکی راستەقینەی کۆمەڵگە و بۆ بەرژەوەندی نیشتمانیی و نەتەوەیی کوردستان؟ ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر ئێمە پێویستمان بەدەستورێکە، کە گوزارشت لەخواست و ئێرادەی تەواوی کۆمەڵگەی کوردستان بکات، نەک لەسەر ئێرادەی لایەنێکی سیاسی یان چەند لایەنێکی سیاسی.

لەم دۆخەدا پێویستە دەسەڵاتی سیاسی بەگشتی، بەکۆی لایەنە سیاسی و حزبییەکانیەوە ئەم پرسە بەهەند وەرگرن، نەک پێیان وابێت ئەمە تەنیا ریکلام و پرسێکی ئیعلامی کاتییە بەتێپەڕاندنی هەموو دەنگ و قسەکانی سەر ئەم پرسە کۆتایی دێت. دەبێت لەو راستییە تێبگەین، کە پشتگوێخستنی ئیرادەی هاونیشتمانیانی کوردستان و سور بوون لەسەر دارشتنەوەی دەستور بەو شێوەیەی لایەنێک یان چەند لایەنێکی سیاسی دەیانەوێت و وەک ئامرازێک بۆ پێدانی شەرعییەتێکی سیاسی بەخۆیان مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، دور نییە دەرئەنجامەکەی زۆر

لەوە ترسناکتر بێت، کە پێشبینی دەکرێت، دور نییە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لەکوردستان دووبارە بێتەوە، بەدەستی خۆمان ئەزموون، دەستکەوتی سیاسی و نەتەوەیی چەند ساڵەمان زیندە بەچاڵ بکەین.

لەم پرسەدا وەک ئەوەی کورد دەیڵێت تاریکی شەو سەر لەئێوارە دیارە، ئێمە لەیەکەم هەنگاودا خەریکە توشی شکست و گرفت دەبین، ناتوانین بەڕەوانی لەسەر دامەزراندنی لیژنەیەک بۆ پێداچوونەوەی ڕەشنوسی ئەو دەستورە قسە بکەین، کە چەندین مانگە بووەتە جێگەی مشتومڕ، گفتوگۆ، باسەکانی ڕاگەیاندن و لایەنە سیاسییەکان. لەم بارەدا ئەگەر نەتوانین لەسەر لیژنەیەکی وا ڕێک بکەوین چ گرەنتییەک هەیە، کە لەسەر ناوەڕۆکی دەستورەکە ڕێکبکەوین، کە تا ئەمڕۆ ئەوەی دەبینرێت کەلەبەرێکی زۆر گەورە لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا لەنێوان دوو بۆچوونی تەواو جیاواز و تا ئاستێک دور لەیەکتری هەیە، هاوکات تا ئەمڕۆ هیچ ئاماژەیەک بۆ بەهەند وەرگرتنی ئیرادەی خەڵکیش نابینرێت.

لەڕاستیدا میکانیزم و سروشتی دامەزراندنی ئەم لیژنەیە ئاماژەیەکی دڵخۆشکەر نییە، بۆیە ئەوەندەی پێشبینییەکان بۆ نەگەیشتن بەرێکەوتن و دەرئەنجام داڕشتنەوەی دەستورێکی ئیفلیجە ئەوەندە روو لەوە نییە، کە بتوانین دەستورێکی هاوچەرخ، گونجاو لەگەڵ بارودۆخ، پێداویستییەکانی ئەمڕۆی جیهان، ناوچەکە، عیراق و کوردستاندا بگونجێنین.

5/5/2015

## توركیا لە دووڕیانێکی چارەنوسسازدا

لەئەمڕۆدا لەسەروبەندی ئەو گۆڕان و رووداوانەی جیهان بە گشتیی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بەتایبەتی گرتوەتەوە، پڕۆسەیەکی هەڵبژاردن لەتورکیا بەڕێوەدەچێت. بۆیە ئەم پڕۆسەیە نەک هەر نابێتە رووداوێکی ئاسایی، بە بێ دەنگدانەوە، دەرهاویشتە و کاریگەریی تێپەڕنابێت، بەڵکو لەجەوهەردا دەبێتە وێستگەیەکی گرنگ و خاڵێکی سەرەکی وەرچەرخانی مێژوویی، دەرئەنجامی پڕۆسەکە بەئەرێنی، نەرێنی ئاڕاستە، چارەنوسی تورکیا بە گشتی و کورد بە تایبەتی دیاریدەکات، لەڕەهەندێکی دوورتریشدا کاریگەریی لەسەر کۆی پرسی سیاسی و ئاڕاستەی مێژووی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت.

## هەڵبژاردن و رکەبەرایەتی لەنێوان دوو ئەجندادا

لەجەوهەردا ئەم رکەبەرایەتییە لەنێوان دوو ئەجندای تەواو جیاوازو پێچەوانەی یەکتردایە. ئەجندایەک لەگەڵ ئەوەی چەندین بەرگ و رەنگی جیاوازیان لەبیرو تێڕوانین و دنیا بینیدا پۆشیوە، کار بۆ ئەوە دەکەن تورکیا بەرەو دامەزراندنەوەی سیستمێکی دیکتاتۆری بەهەمان مۆدێلی ئیمپراتۆریەتی عوسمان و بەبەرگ و رەنگێکی نوێوە دەکەن. ئەجندایەکیش دەیەوێت ئەم وڵاتە بەرەو دیموکراسی، ئاشتەوایی، پێکەوە ژیانی دەنگ و رەنگە جیاجیاکان، پێشکەوتن، ژیانێکی ئاسودە و ئارام بۆ کۆی گەلان و ئاینزادە جیاوازەکانی تورکیا بەرێت. لەئەمڕۆدا لەسەر زەوی قوڵی و فراوانی کەلەبەری نێوان ئەم دوو ئەجندایە ئەو بارەی خوڵقاندووە، کە ئەم پرۆسەیە بە بارودۆخێکی گران و پڕ ئاستەنگدا بەڕێوە بچێت، لەم ساتەدا رۆژانە چەندین گرژی و پێکدادان لەنێوان رکەبەرەکاندا دروست دەبێت. بەرەی دیکتاتۆریی، کە واپێدەچێت خۆری دەسەڵاتیان بەرەو ئاوابوون بچێت،

توشی دۆخێک لە تێکچوونی دەروونی و هستیریا بوون، بۆیە دەیانەوێت کۆی پرۆسەکە بەهەر نرخ و شێوازێک بێت یان بەو ئاراستەیەدا بچێت، کە خۆیان دەیانەوێت یان کۆی پرۆسەکە تێکدەن و فەزایەک لەشەڕ و پشێویی بنێنەوە.

لەم پرۆسەیەدا ئەوەی ئەردۆگان و حزبەکەی دەیانەوێت، بەدەستهێنانی زۆرینەی رەهای کورسییەکانی پەرلەمانە، بەقەبارەیەک کە توانای بەرجەستەکردن و بەجێگەیاندنی خواست و ئامانجە سیاسیاکانیان بکات. لەئامانجدا ئەوەی ئەردۆگان دەیەوێت زیندوکردنەوەی مۆدێلی حوکمڕانی عوسمانییە بە داڕشتنەوەی دەستورێکی نوێ و گۆڕینی سیستمی سیاسی وڵات لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی. لەبەرانبەریشدا پارتی گەل دیموکراسی و هاوبیرانی کار بۆ ئەوە دەکەن، تورکیا لەم تاقیکردنەوە چارەنوسسازەدا سەرکەوتوبێت و سیستمێکی دیموکراسی راستەقینە لەو وڵاتە دامەزرێنن.

## کورد و تورکیا

لەکاتێکدا پرۆسەی هەڵبژاردن لە تورکیا بەرجەستە دەبێت، کە زیاتر لەنەوەد ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری تورکیادا تێپەر دەبێت، تا ئەمرۆ بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەسەلاتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا نەیانتوانیوە سیستمێکی دیموکراسی و دەوڵەتی ماف و ئازادی راستەقینە دامەزرێنن. تا ئەمرۆ نەیانتوانیوە کێشەی کەمە نەتەوایەتییەکان بەگشتی وکێشەی کورد بەتایبەتی چارەسەر کەن. بەگرتنە دەستی دەسەلات لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدان لەسەرەتای سەدەی بیستویەکدا نەک نەیان توانی هیچ گۆڕانێکی جەوهەری لەم دۆزەدا بەرجەستە بکەن، بەڵکو سیاسەتەکانیان لەلایەن وەزیری دەرەوە و مونەزیری بیری عوسمانیەتی نوێ ئەحمەد داود ئۆغڵو رووی لەبەرجەستەکردنی سیاسەتی ئیحتیواکردن و تەفرەدان و شێواندنی راستییەکان کرد. لەپرۆژەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردا سیاسەتەکانیان زیاتر بەلای درێژەدان بوە بەشەڕ، بەڵام پوچەڵکردنەوەی ئەم سیاسەتە

لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان و کەسایەتی ئۆجەلانەوە بەردەوام کێشەوگرفتی بۆ درووستکردون. لەسێبەری ئەم ئاشتیەدا کوردانی تورکیا بەرابەرایەتی HDPو پاڵپشتی وهاندانی pkk توانیویانە پێشکەوتن و گەشەکردنێکی گەورە بەدەست بێنن، لەڕاستیدا ئەو سیاسەتەی کوردی باکور بۆ ئەردۆگان و هاوبیرانی لەبەرەی شۆفینزمی تورک بوە مایەی نیگەرانی، بۆیە پێشتر بە ئاشکرا چەندین جار هەوڵی هەڵگیرسانی شەڕیان لەدژی PKK داوە.

ئەم هەڵبژاردنەی تورکیا دەبێتە ویستگەیەکی گرنگی ئەو خەباتە دورو درێژەی کوردی باکور، کە چەندین ساڵە بەرجەستەی کردووە. لەم پرۆسەیەدا ئەگەر HDP زیاتر لە 10% دەنگەکان نەهێنێت ئەوە کۆی دەنگەکانی دەچێت بۆ پارتی دادو گەشەپێدان، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە حزبەکەی ئەردۆگان دەبێتە خاوەن زۆرینەی رەهای کورسییەکانی پەرلەمان، لەم کاتەشدا ئەجندای ئەردۆگان نەک تەنیا لەناو تورکیا، بەڵکو لە کۆی پارچەکانی کوردستان دەخرێتە بواری

جێبەجێکردنەوە. راستەخۆ سیاسەتەکانی دژایەتیکردنی باشور و رۆژئاوای کوردستان دەست پێدەکات، لەناوخۆشدا خەونەکانی بەرجەستەکردنی دیموکراسی و پێشکەوتن و پرۆسەی ئاشتیش کۆتایی دێت، لەکاتێکدا ئەگەرHDP بتوانێت زیاتر لە10% دەنگەکان بەدەست بێنێت، دەتوانیت نزیکەی 60 تا 70 کورسی پەرلەمانی بۆ خۆی مسۆگەر بکات، هاوکات AKP ناتوانێت زۆرینەی رەهای دەنگەکان بەدەست بێنێت وخەونە نەزۆکەکانی کۆتاییان دێت.

2/6/2015

## کۆمەڵگای کوردی لەنێوان دوو جۆر لەدیکتاتۆری‌و ڕەجعیەتدا

لەدوای 24 لەحوکمڕانی خۆیەتی کوردی و لەسەروبەندی ڕوودانی شەپۆلێکی بەرفراوان لەڕاپەرین و شۆڕش لەناوچەی ئاسیای ناوەند، وڵاتانی عەرەبی، بەرجەستەبوونی بیر، دنیابینی گۆڕان و نوێبوونەوە لای گەلانی ئەم ناوچەیە، ئێمەی کورد لەچەقی ئەم ڕووداوانەدا نەک تەنیا شورایەک لەبەرانبەر ئەو گۆڕان و نوێبوونەوانە بۆ خۆمان دروست دەکەین، بەڵکو کار بۆ داهێنانی مۆدێلێک لەحوکمڕانی دەکەین، کە شوێنەواری لەکۆی جیهاندا نەماوە، ئاراستەی گۆڕان و پێشکەوتنی ئێمە بەو ڕووەدا دەبرێت، کە سیستمی حوکمڕانی لەخێڵەکییەوە بگۆڕین بۆ دیکتاتۆری و

تاکڕەوی و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی ستۆک و مردوی سەدەکانی ناوەڕاستی جیهان و بیستەکانی گەلانی عەرەبی و دواکەوتوو.

کۆمەڵگای کوردی لەئەمڕۆدا لەنێوان دەسەڵاتێکی کۆنینەخوازو ڕەوتێکی ئیسلامی ڕەجعیدا توشی سەرلێشێوان و تەفرەدان دەکرێت، لەمبارەدا هاندان و پاڵپشتیکردن لەبیرو دنیابینی ئیسلامی سیاسی و لەهەمانکاتدا نمایشکردنی ئەزموونی حوکمڕانی وڵاتانی دەوروبەر ئەو سیاسەتەن، کە دەسەڵاتی تاکڕەوی کوردی پەیڕەوی دەکات، بەم نمایشە، دەسەڵاتی کوردی دەیەوێت بە خەڵک بڵێت ئێوە لەم بارودۆخەدا ئازادن لەهەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو ڕێگەیە، یان دەبێت بەحوکمی تاکڕەوانەو دیکتاتۆریەتی ئێمە رازیبن بەهەموو عەیب و عارێکیەوە، یاخود بەدیلی ئێمە تەنیا ئیسلامی سیاسییە، لەو کاتەشدا ئێوە ئەگەری دووەم هەڵبژێرن ئەوە بێگومانە، کە ئەزموونی حوکمڕانی ئەو ڕەوتە توندڕەو و خوێنڕێژەی وڵاتانی عەرەبی لەکوردستان دووبارە دەبنەوە، لەم سیناریۆیەدا بەدیوێکیتردا

ناڕاستەوخۆ هاوپەیمانیەکی شەیتانانە لەنێوان هەردو بەرەی کۆنینەخوازی ئاینی و سیاسیدا درووست دەبێت.

هاوکات بەڕوویەکیتردا دەسەڵاتی تاکڕەو و دیکتاتۆری کوردی لەئەمڕۆدا ناڕاستەخۆ مەسجێک دەدات بەخەڵکی کوردستان و تیایدا دەڵێت: بەدیلی دیکتاتۆری تەنیا فەوزایە، لەسێبەری بەرجەستەبوونی فەوزاشدا ژیان، حورمەت، کەرامەت و کۆی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی دەکەوێتە مەترسییەوە بۆیە ئاساییە لەنێوان دیکتاتۆری و فەوزادا خەڵکی دیکتاتۆریەت هەڵدەبژێرن.

لەپڕۆسەی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەدا هەوڵێک لەئارادایە، کە کۆی کێشەو قەیرانەکە لەپرسی سەرۆکایەتی هەرێم چڕ بکرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کێشەو قەیرانەکە زۆر ئاڵۆزترو قوڵترە لەوەی، کە دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت. بەئاراستەیەکی سەرەکی لەئەمڕۆداو لەقۆناغی پەڕینەوەیدا کۆمەڵگەی کوردی لەنێوان دوو خواستدایە، خواستێکی دەسەڵاتی کوردی، کە دەیەوێت بارودۆخەکە وەک ماوەی پێشو بەردەوام بێت، هیچ گۆڕان،

پێشکەوتنێک بەرجەستە نەکرێت و دەسەڵاتی ڕەها لە لای سەرۆکی هەرێم بمێنێتەوە، خواستێکی جەماوەریش، کە پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە گۆڕانێکی جەوهەری لەبارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بەرجەستە ببێت و کۆمەڵگەی کوردی بەرەو دامەزراندنی سیستمێکی حوکمڕانی دیموکراسی و مەدەنی پێشکەتوو ببرێت. بەگوزارشتێکیتر ڕکەبەرایەتی و پێکدادان لەنێوان دوو جۆر لەشەرعیەتدا بەرجەستە دەبێت، بەردەوام بوون لەسەر شەرعیەتی شۆڕشگێڕی و ڕووکردن لەبەرجەستەکردنی شەرعیەتی بۆ ماوەیەتی، یان بەرجەستەکردنی شەرعیەتی دەستووری و یاسای و ڕووکردن لەگۆڕانێکی جەوهەری.

## ئیسلامی سیاسی گەشە دەکات

لەبارودۆخی ئەمڕۆدا ئەو گەشەکردن و زیادبوون و فراوانبوونەی ڕەوتی ئیسلامی ساسی لەکوردستاندا بەڕوونی دەبینرێت، لەبەرانبەردا ڕەوتی دیموکراسی، خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی عەلمانیەت و ئازادیخوازان

نەک تەنیا لەسستی و پاشەکشێدایە، بگرە لەباری بەرگریکردن لەخۆیاندا ئەوەندە لاواز بوون، لەزۆر کات و جێگادا بۆ خۆیان دەبنە پایە بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی رەوتی ئیسلامی سیاسی. قوڵبونەوەی قەیرانەکان و فراونبوونی کێشەو تەنگەشەکانی دەسەڵاتی کوردی، کە فەزایەک لەنائومێدی و ئیحبات و دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی خوڵقاندوە، هاوکات بێئومێدیی لەم دەسەڵاتە، کە بتوانێت ئەم کۆمەڵگەیە لە قەیران رزگار بکات، بیرو عەقڵی لاوان بەرەو خۆپیشاندان، راپەڕین و شۆڕش پەلکێش دەکات، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئیسلامییەکان ئەوەندە بەرێکخراوی و وریاییەوە کار دەکەن، ئەم ئەگەرەشیان پشتگوێ نەخستوە و بەرنامەی تایبەت بەخۆیانیان هەیە، ئیسلامییە سیاسییەکان بەوەی تا ئەمڕۆ بەهێزترین و پتەوترین رێکخستن و بەرنامەیان هەیە زۆر بەوردی خۆیان بۆ ئەم قۆناغەش ئامادە دەکەن، لەئێستادا کادرانی خۆیان لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بۆ ئامادە دەکەن، مزگەوت و شوێنە تایبەتەکانی خۆیان بۆ مەشقکردن

و راهێنان بەکاردێنن. بۆیە پێشبینیەکان بەو ئاراستەیەیە لەکاتی روودانـی هەر راپەڕین و خۆپیشاندانێک ئیسلامی سیاسی زۆر بەخێرایی هاوشێوەی میسر و تونس دەگەنە دەسەڵات یان هەر نەبێت هاوشێوەی سوریاو لیبیا ئـەم وڵاتـە رووەو شـەڕو کوشتارێکی بێکۆتایی دەبـەن. لەجەوهەردا ئەم پێشبینیە ئەو ئاماژەیەیە، کە دەسەڵات دەیەوێت بیدات بەخەڵکی، بەڵام بەداخەوە ئەمە راستییەکیشە.

## ژینگەی گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی

بەشێوەیەکی سروشتی ژینگەی سەرەکی گەشەکردن و پێشکەوتنی ئیسلامی سیاسی ژینکەی قەیران و تەنگەژەو کێشەیە، لەبارێکدا سیستمی سیاسی لەم وڵاتەی ئێمە، نەک تەنیا لێوان لێوە لەقەیران، بەڵکو رۆژانە قەیران و کێشەی زیاتر دەخوڵقێنین و بوین بەکارگەیەکی مەزنی دروسکردنی تەنگەژەو قەیران، ئێمە قـەیران بۆ داپۆشینی قـەیران دەخوڵقێنین، لـەم بـارودۆخـەدا باشترین و گونجاوترین ژینگە بۆ گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی، کوردستانە. قەیرانە دارایـیـەکـان دەستیان

لەبینەقاقای خەڵکی بەگشتی و لاوان بە تایبەتی توندکردوە، لەلایەک شەپۆلێک لەهەڵهاتن لەم وڵاتەو لەلایەکیتر زەمینەیەک بۆ رووکردن لەتوندوتیژی و لەرێگایەکیترەوە جیهانێک لەبێزاریی و بێهیوایی بەرجەستە دەبێت. ئیسلامییەکان بەهۆی هاوکاری دەرەکییەوە تەنیا لایەنن خاوەن پارە، داهاتن و بەو پارانەو قۆستنەوەی باری خراپی خەڵک سیاسەتەکانی خۆیان بەرێوە دەبەن. دەرئەنجامی قەیرانی دارایی و داخستن و نەمانی کۆی دەزگا رۆشنبیریی، رۆژنامەوانی، هونەری و...هتد، لەم دۆخەی ئەمرۆدا بۆشاییەکی کوشتێنەر لەم وڵاتەدا بەرجەستە دەبێت، ئاکامی ئەمەش بێگومان ئەوەدەبێت، کە زۆرێک لەم توێژانەو لاوان رووبکەنە بەرەی کۆنینەخوازی سیاسی و ئاینی و بۆ خۆیان گۆری ئایندەی خۆیان هەڵکەنن. لەم دۆخەدا رۆژ بەرۆژ مزگەوت و بارەگاو بنکەی ئیسلامیەکان دەبنەماڵی ئەو لاوانە، لەوێوە ئەم سامانە نیشتمانییە، نەک هەر بەهەدەر دەدرێن، بەڵکو دەکرێنە سوتەمەنی بۆ سوتاندنی کۆی کۆمەڵگای کوردی.

## ناچارکردنی خەڵک بەهەڵبژاردن لەنێوان دوو مۆدێلی دیکتاتۆریدا

یەکێک لەپرسە هەرە گرنگ و هەستیارەکان لەم قۆناغەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا دیاریکردنی مۆدێلی حوکمڕانی و سیستمی سیاسی کوردییە بۆ قۆناغی داهاتوو، بەواتا کورد لەقۆناغی پەڕینەوەدا چ بڕیارێک دەدات؟ لەم دۆخەدا فەزایەک دەڕەخسێنرێت لەکەمترین ئاست و نزمترین پێویستیدا، هەڵبژاردە بۆ خەڵکی کوردستان تەنیا لەنێوان دوو مۆدێلی حوکمڕانیدا دەبێت، ئەم هەڵبژاردەیە لەجەوهەردا لەنێوان دوو جۆر لەدیکتاتۆریەتی ڕەجعیدا دەبێت نەک لەنێوان دیکتاتۆریەت و دیموکراسی، ئەم دوو جۆرە دیکتاتۆریەتە، کە بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان هەردوو ڕەجعیەتی سیاسی و ئاینیدا چڕ دەبێتەوە دەکرێتە تەنیا ڕێگا بۆ بڕیاردانی خەڵکی. لەم قۆناغەدا پرسەکە لەبواری هەڵبژاردەی خەڵکدا نەماوە، بەڵکو بووەتە پرسێکی سیاسی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و دەرئەنجام بەبێ ئیرادەو خواستی خەڵکی لەسێبەری تەوژمی بیری کۆنینەخوازی ئاینی و سیاسیدا

سەودا لەسەر ئایندەی ئەم نیشتمانە دەکرێت و ئەم پرسە دەخرێتە موزایەدەیەکی بێبەهاوە. ئەمە لەکاتێکدا کۆی بەرەی کۆمەڵگەی مەدەنی و راگەیاندنی ئازاد و هەڵوێستی رووناکبیرانە نیمچە ئیفلیجییەک بووە، بۆیە دەرئەنجام ئەوەی باجی ئەم بەلاڕێگابردنەدا دەدات تەنیا خەڵکی ئاساییە.

## هاوپەیمانیی کۆنەپەرستەکان

دەرئەنجامی هەبوونی پەیوەندییەکی مێژوویی، سروشتی لەنێوان هەردوو بیرو بەرنامەی کۆنینەخوازی سیاسی و ئاینیدا، ئەم دوو رەوتە لەگەڵ هەموو جیاوازی ناکۆکیەکیاندا بەدرێژایی مێژوو هاوتەریب و هاوکارو پشتوپەنای یەکتر بوون. ئەم وێنەیە لەپەیوەندی نێوان کۆی دیکتاتۆرە عەرەبیەکانی و رەوتە ئیسلامییە سیاسیەکانیاندا بە بەردەوامی هەبووە. لەمۆدێلی حوکمڕانی شۆڤینی عەرەبیدا، کە بەشێوەیەکی دیار و پێشکەتوو لەمۆدێلی حوکمڕانی رەوتی ناسرییەوە لەمیسرەوە دەستپێکردو هەر لەسەرەتاوە ناسرو دەسەڵاتە یەک لەدوای

یەکەکانی میسر تاموبارەک بەبەردەوامی نەک هەر دەستیان لەدروستکردن و گەشەکردنی بیرو گروپەکانی ئیسلامی سیاسی هەبووە، بەڵکو زۆر بەوردی پەروەردەشیان دەکرد، هاوکات نەک تەنیا بۆ راگردنی باڵانسی سیاسی و ناوخۆی بەکاریان دەهێنا، بەڵکو زۆرجار هەناردەی وڵاتانی دەرەوەی خۆشیان دەکرد، ئەم ستراتیجەی دیکتاتۆریەتی عەرەبی لەزۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی پەیڕەو دەکرا. لەئەزموونی حوکمڕانی عیراقدا، نەتەوە پەرستەکان لەسەرەتادا بۆ لێدانی شیوعییەت و کۆی بەرەی چەپ بەکاریان دەهێناو دواتریش لەسەردەمی سەدام حوسێندا ئەم سیاسەتە پێشکەوتن و فراوانبوون و گۆڕانی گەورەی بەسەرداهات، رژێمی بەعس وەک ئەوەی، کە ناڕاستەخۆ بانگەشەی بۆ دەکرد، شیعە، کوردی بەنائیسلام، لادەرو کافر ناوزەد دەکرد، گیان، موڵک و ماڵیانی بۆ عەرەبە سوننەکان و ئەم گروپانە حەڵاڵ کردبوو، پایەو فاکتەرێکی بەهێزی بۆ خۆی و حزبەکەی و دەسەڵاتەکەی خوڵقاندبوو، بەم سیاسەتە بەعسییەکان توانیان درز و لێکترازان بخەنە نێوان خەڵکی عیراقو

شەڕی براکوژی و نامرۆڤایەتی بخولقێنن، بگرە ئەو سیاسەتە ئەوەندە بە بەرنامەو چڕوپڕی جێبەجێ دەکرا تەنانەت لەدوای رووخانی سەدامیش، ئەوە بۆ زیاتر لەدوانزە ساڵ دەچێت کاریگەر و شوێنەوارەکانی هەر ماون.

ئەم سیاسەت و بەرنامە شۆڤینییە لەئەمڕۆدا هەر ماوەو زۆر بەڕوونی لەپەیوەندی نێوان داعش و شۆڤینزمی عەرەبیدا دەبینرێت. بەواتا پرۆسەی ئیسلامی سیاسی لەجەوهەردا پرۆسەیەکی شۆفینزمی عەرەبیە و تەنیا ئەوان سودی لێدەبینن و بەرهەمەکەی دەدورنەوە. رۆڵ و کاریگەرییەکانی ئیسلامی سیاسی لەسەر پرۆسەی سیاسی کوردی لەئەمڕۆدا لەوێوە بەرجەستەدەبێت، کە بە بەرگ و شێوەیەکیتر دەیانەوێت خۆیان لەگەڵ بارودۆخی سیاسی کوردیدا لەو جێگایەوە بگونجێنن، کە ببنە پاڵپشت بۆ مانەوەی بارودۆخەکە بەشێوەیەکی قەیراناوی و ناجێگیر، ئەوان لەم سیاسەتەیاندا دڵسۆز نین بۆ بەرەی کۆنینەخوازی سیاسی و دەسەلاتی تاکرەوی کوردی، بەڵکو وەک تەکتیک بۆ بەردەوامبوونی قەیران و ناجێگیریی ئەم هاوپەیمانیە دەبەستن.

لەستراتیجدا ئەوان ئامانجیان گەیشتنە بە دەسەڵات، لەم بارەشدا هەموو خەڵکی کوردستان دەزانێت چی روودەدات و مۆدێلی حوکمڕانی ئەوانیان بینیوە بەتایبەتی لەهەندێک لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، دیارترین نموونەیە، حوکمی قاعیدە بوو لە ئەفغانستان.

لەمبارەدا ئەوەی دەبێتە مایەی نیگەرانی و جێی سەرسوڕمان بەشێک لەڕووناکبیرانی کورد بە هۆی بەرژەوەندخوازی کەسێتی و کاڵفامیان بانگەشەی ئەوەدەکەن، کە ئەمە دیموکراسییە و ئاساییە ئیسلامیەکان بگەنە دەسەڵات و مۆدێلی حوکمڕانی خۆیان دامەزرێنن. ئەوەی بەشێک لەرووناکبیران و خەڵکی ئێمە لێی غافڵە ئەو راستیەیە کە، بە بەردەوامی ئامانجی سەرەکی لەم هاوپەیمانی و پەیوەندییە لە لایک بۆ دژایەتیکردنی گەلانی ستم لێکراو و داگیرکراوی ئەم وڵاتانە بووە، لەلایەکیتریش ئامرازێک بووە بۆ چەوسانەوەی خەڵک و بەرجەستەکردنی زوڵمی کۆمەڵایەتی بە ئامانجی پاوانکردنی و خەفەکردنی هاوڵاتی بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی کۆنینەخواز.

بەبەردەوامی ئیسلامی سیاسی ئامرازێک

بووه بۆ لێدانی بەرهەڵستکارانی سیستمە دیکتاتۆریە عەرەبیەکان. لەبارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانیشدا ئەم واقیعە دووبارە دەبێتەوە، لەلایەک دەسەڵاتی کۆنینەخوازی کوردی لەپێناو مانەوەیدا هاوپەیمانیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا دەبەستێت و هەوڵدەدات وەک ئامرازێک بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و مانەوەی لە دەسەڵات بەکاری بێنێت، هاوکات ئسلامیەکانیش بۆ جێگاکردنەوەی خۆیان و کۆنترۆڵکردنی جومگەکانی پێشکەوتنیان ئەم هاوپەیمانییە دەبەستن.

ئەم دوو بەرەیە لەخەسڵەتیکیتردا یەکدەگرنەوە، هەردوو ڕەوتی کۆنینەخوازی سیاسی و ئاینی لەپێناوی گەیشتن بەدەسەڵات و مانەوە لێیدا، بەردەوام پشت بەهێزی دەرەکی و دەزگا هەواڵگرییەکان دەبەستن. لەم روەوە بەبەردەوامی پەیوەندی نهێنی و گومانا وییان لەگەڵ دەزگا هەواڵگریەکانی رۆژئاواو وڵاتە زلهێزەکانی جیهاندا هەبوە، ئامادە بونە لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا هەموو تەنازول و خزمەتێک لەسەر حیسابی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان بۆ

ئەو وڵاتە مەزنانە بکەن تەنیا بەرانبەر ئەوەی پاڵپشتی و هاوکاری ئەوان بگەنە دەسەڵات و پارێزگاری لەمانەوەیان لەدەسەڵاتدا بکەن.

## دووفاقیی سیاسەتەکانی ئیسلامی سیاسی

بزوتنەوەو رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی، کە لەبنەڕەتدا کوڕی شەرعی شۆفینزمی عەرەبین و دەرئەنجامی قەیران و تەنگەژەو پاشەکشێی بیری شۆفینی عەرەبی و پێشکەوتنی بیری عەلمانیەتی جیهانی، کە دەرئەنجامی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا کاریگەری راستەوخۆ و گەورەی لەسەر ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و عەرەبی دروستکرد، وەک رێگەیەک بۆ چارەسەر و گێڕانەوەی زەمەنێکی بەسەرچوی شۆفینزمی عەرەبی، دروست بوونە. بۆیە لەپراکتیدا جگە لەوەی کۆی قەیران و نێواندژیە هەناویەکانی مۆدێلی حوکمڕانی دیکتاتۆریەتی عەرەبی راستەوخۆ پەڕیوەتەوە بۆ ئیسلامی سیاسی، هاوکات بۆ خۆیشی بەکۆمەڵێک قەیران و تەنگەژەوە لەدایک بووە.

بەتایبەتی لەبواری پراکتیکیدا، کە دەبینین لەئەزموونی حوکمڕانی ئیخوانیەکان لەمیسر چۆن لەماوەیەکی زۆر کورتدا توشی قەیران و نێواندژیەکانیان بوونەوە و زۆر بەخێرایی گەیشتنە قۆناغی پێکدادان لەگەڵ واقیعدا و توندوتیژی بووە تەنیا ئامراز بۆ روبەرووبونەوەی خواست و دنیابینی خەڵکی میسر.

ئەم رەوتە لەئەمرۆدا بەم بارە گران و پڕ قەیرانەوە لەکوردستاندا، کە لەجەوهەردا ژینگەی شۆفینیزمی عەرەبی نییە خوڵقاوە و گەشە دەکات.

ئیسلامی سیاسی عەرەبی لەدوو توێی قەیرانە ناوخۆییەکانی ئەزمونی حوکمڕانی کوردی بە بێ ئەوەی هیچ رەگ و ریشاڵێکی لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا هەبێت، تەنیا بەقۆستنەوەی باری قەیراناوی و سۆزی ئاینداری خەڵکی کوردستان توانیویانە درووست بن زۆر بەخێرایی گەشە بکەن و ببنە بەشێک لەسیستمی سیاسی کوردی.

لەم قۆناغەدا ئیسلامی سیاسی کوردی بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتەکانی بەدوو

ئاراستـەدا بـەرەو پێش دەبـات، لـەلایـەک هاوپەیمانی لەگەڵ دەسەڵاتی کۆنینەخوازو دیکتاتۆریەتدا دەبەستێت و لەلایەکیتریش خـۆی بـۆ رودانـــی هـەر گـۆڕانـکـاریـەکـی لەناکاو لـەو سۆنگەوە ئامادە دەکـات، کە رێکخستنەکانی خۆی بەهێز دەکات و مەشق و راهێنان بەکادرو ئەندامانی لەمزگەوت و جێگا تایبەتەکانی خۆیان دەکـەن. ئەم سـیـاسـەتـە دووبـــارەکـــردنـــەوەی هـەمـان سیاسەت و ئەزمونی ئیخوانیەکانی میسرە، کە تا روخانی موبارەک لەگەڵ دەسەڵاتدا هاوپەیمان بوون، بەڵام لەگەڵ رووخـان و نزیکبوونەوەی کۆتایی راستـەوخۆ بون بەئۆپۆزسیۆن و خۆیان گەیاندە دەسەڵات. لـەدوای رووخانی دەسەڵاتەکەی موبارەک رەوتـــی ئیسلامی سیاسی میسری زۆر بەخێرایی ولای خۆیان گۆڕی و هاتنە سەر شەقام لەو کاتەدا، کە بەرەی خەڵک لەدۆخێک فەوزاو نا ئارامیدا بوو هاوکات ئیسلامیەکان، کە لەدوو روەوە خۆیان بۆ ئەگەری رووخان ئامادەکردبوو، زۆر بەخێرایی توانیان بگەنە دەســەڵات. لـەڕوویـەکـەوە توانیان بەچەند

نمایشێک خەڵکێکی زۆر تەفرە بدەن و ئەو مەسجە بدەنە خەڵک، کە ئەمان تەنیا چارەسەر، ڕێگان بۆ ڕزگارکردنی میسر لەقەیران، کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیان، لەڕوویەکیتریشەوە بە بەستنی پەیوەندی و ڕێکەوتننامەی نهێنی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا دانی گفت و پەیمان پێیان، کە ئەمان دەبنە پارێزەری بەرژەوەندییەکانیان گەیشتنە دەسەڵات.

28/7/2015

# شکستی ئەردوگانیزم سەرەتایەك بۆ لێکترازانی تورکیا

لەدوای رووخانی رژێمە بەعسییەکەی سەدام حوسێن لەساڵی 2003ەوە تا راپەرین و شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، پرۆژەی ئیسلامی سیاسی وەک بەدیلێک بۆ دیکتاتۆری و حوکمی تاکڕەوانەی دەسەڵاتە عەرەبییەکان خۆی نمایش دەکرد، لەودۆخەدا بەشێوەیەکی بەرچاو بە بەردەوامی لەگەشەکردن و پێشکەوتندا بوو. لەم زەمینە و بارەدا پارتی دادو گەشەپێدان بەعەقڵو دنیابینی ئیسلامی ئەردوگانیەوە لەدایکبوو. سیاسەتی پراگماتیو بانگەشەی چەواشەکاریو بۆ دامەزراندنی مۆدێلێکی نوێ لە حوکمڕانی ئیسلامی کە توانای گونجان و سازانی هەبێت لەگەڵ

گۆڕانکاریەکانی جیهان و خواستی گەلانی ئەم ناوچەیە ئەو پروپاگەندانەبوون، کە زۆرێک لەلاوانی نەک بەتەنیا تورک، بەڵکو زۆربەی گەلانی عەرەبی تەفرەداو ئەم مۆدێلەیان بەگونجاوترین و باشترین بەدیلی حوکمڕانی بۆ وڵاتەکەیان دەزانی، لەم قۆناغەدا ئەردوگان و هەواڵانی دەیان ویست لەرێگەی بانگەشەکردن بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ سنوری بیرو تێڕوانینی لاوانی مەیل ئیسلامی ببڕن.

ئەم مۆدێلە لەلایەن زۆربەی حزبە ئیسلامیەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکراو وەک گونجاوترین و باشترین سیستمی سیاسی بۆ ئەم وڵاتانە دەخرایەڕوو. بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە ئەم مۆدێلە توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ گۆرانکاریەکانی سەردەمی نوێدا هەیەو هاوسەنگی، سازانێکی داهێنەرانە لەنێوان خواست، بەرژەوەندیە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات. لەم سیاسەتەیدا ئەردۆگان هەر لەسەرەتاوە بەپڕۆژەیەکی سیاسی- ئابوری- کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی دروشمی دامەزراندنی

دەوڵەتێکی ڕەفا خۆی وەک حزبێکی علمانی-دیموکراسی بەبیرو دنیابینی ئیسلامیەوە نمایش دەکرد.

## ئیسلام چەکێکی لەمێژینەی دەسەڵات

پرسی بەکارهێنانی ئیسلام وەک چەکو ئامرازێک بۆ گەیشتن بەمەرامە سیاسیەکان، بۆ یەکەمجار لەهەناوی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی سوڵتانە عوسمانیەکانەوە بەرجەستەبوو، دواتر ئەم ڕەفتارە دەبێتە بەشێک لە کولتوری حوکمڕانی تورکیا و شانبەشانی دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکان تا ئەمڕۆ قۆناغ بەقۆناغ هاتووە، چەندین جار هەڵکشان‌و داکشانی پێکراوە. لەماوەی حوکمڕانی ئەتاتورکدا ئەم پرسە بۆ یەکمجار بەبەرنامەو چڕی بەکارهێنراوە، لەسەردەمی شەڕی جیهانی‌و قۆناغەکانی دوای شەڕیش ئیسلام وەک چەک لەدژی داگیرکەران بەکاردەهێنرا، بەڵام دواتر لەپرسی ناوخۆیداو دەرئەنجامی دەرکەوتنی نێوان دژیەکانی نێوان بیر، دنیابینی علمانی، ئیسلامی چەندین کێشە و ناکۆکی لەنێوان دەسەڵات‌و ئیسلامیەکاندا دروستبوو. لەساڵی 1923دا

دەسەڵات بە فەرمی ئیسلامیەکانی بەنەیار و یاخی لە سیستمی حوکمڕانی وڵات تومەتبار کرد. چەندین هێرش و پەلامار و راودونانی بۆ سەر ئیسلامیەکان ئەنجامدا، دەرئەنجامی ئەو بارودۆخە پرسی بەسیاسیکردنی ئیسلامی سیاسی لەدروستبوو، بۆ یەکەمجار ئیسلامی سیاسی تورکی دامەزرا.

لەماوەی پەنجاکاندا بزووتنەوەو رەوتی ئیسلامی سیاسی وەک دیاردەیەکی نوێو کاریگەر بازنەی پرۆسەی سیاسی تورکی بڕی. لەم قۆناغەدا، کە ئەنقەرە هاوپەیمانێکی ستراتیجی بەهێزی ئەمەریکابوو، بەرژەوەندیو دنیابینیان بەشێوەیەک تێکەڵ دەبوو دۆستو دوژمنانیانی کردبوو بەیەک (بەواتە ئەوەی دوژمنی ئەمەریکا بوایە، دوژمنی تورکیاش دەبوو، بەهەمانشێوە دۆستەکانیش). لەم ماوەیەدا ئیسلامیەکان لەبەرەی نەیارو دژ بەئەمەریکا بوون بۆیە بەبەردەوامی هانی دەسەڵاتی تورکیای دەدا لەبەرانبەر گەشەکردنو فراوانبونی پرۆسەی ئیسلامی سیاسیدا بوەستنەوە، رێگەنەدەن بەگەشەکردن و زیادکردیان. دەرئەنجام

لەژێرگوشاری دەسەڵاتی سەربازەکانی تورکیادا نەک ڕەوتی ئیسلامی سیاسی تورکی نەیانتوانی گەشەبکەن، بەڵکو پاشەکشێیەکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی.

لەکۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا، گۆڕانێکی جەوهەری لەستراتیجی سیاسی ئەمەریکا لەبەرانبەر ئیسلامی سیاسیدا بەرجەستەبوو. لەم چوارچێوەیەدا نزیکبونەوەو شێوە لێکتێگەیشتن‌و هاوپەیمانیەک لەنێوان ڕەوتی ئیسلامی سیاسی‌و ئەمەریکادا بە تایبەتی لەشەڕی دژ بەشوعیەت لەئەفغانستان دروستبوو. ئەمەریکیەکان دەستی باڵایان هەبوو لەدروستکردنی بزوتنەوەی تاڵیبان و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لەو وڵاتە، تا ئەوئاستەی لەناوەندی هەواڵگری ئەمەریکی و جیهانیدا بریجنسکی بە ئەندازیاری دامەزراندنی بزوتنەوەی تاڵیبان ناودەبرێت. لەم قۆناغەداو لەچوارچێوەی هەمان سیاسەتدا ئەمەریکییەکان هانی سەربازەکانیان لەتورکیا دەدا ڕێگە بۆ دروستبونەوە و گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی لەتورکیا و وڵاتانی خۆرهەڵات بکەنەوە.

لەساڵی1983 - 1993دا دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە تۆرکۆت ئۆزالی ئیسلامی توانی بگاتە دەسەڵاتو پۆستی سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە بگرێتەدەست. ئۆزال لەماوەی حوکمڕانیدا پرۆسەیەکی ریفۆرمی سیاسی– ئابوری بەرجەستەکرد، توانی پێشکەوتنی بەرچاو بەدەستبێنێتو بناغەی ئابوریەکی بەهێز بۆ وڵاتەکەی دانێت. ئەم پیاوە لەهاوشانی سیاسەتە میانرەوەکانی بەعەرابی عوسمانیەتی نوێ دادەنرێت، لەماوەی بوونی لەدەسەڵاتدا چەندینجار ئاماژەی بۆ خواستی دامەزراندنی سیستمی حوکمڕانی عوسمانی نوێکردەوە. بۆ یەکەمجار لەکانونی یەکەمی 1992 بەراشکاوی لەزاری ئۆزال خۆیەوە لەکۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کۆمەڵێک لەو ئەندام پەرلەمانانەی لەپارتی نیشتمانی دایک جیاببونەوە گوزارشتی عوسمانیەتی نوێ بەکاردێنێت.

لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ساڵی 1996، نەجمەجدین ئەربەکانی ئیسلامی توانی 185 کورسی پەرلەمانی بەدەست

بێنێت، بەمەش لەوکاتەدا دەبێتە گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی. لەساڵی 1997 بەتۆمەتی دژایەتیکردنی سیستمی علمانیەت لەدەسەڵات لادەبرێتو حزبەکەی (رەفا) یش هەڵدەوەشێننەوە. کاری ساسیش لەئەربەکان قەدەغەدەکرێت.

## ئەردۆگان لە منداڵدانی قەیراندا لەدایک دەبێت

لەراستیدا ئەردۆگان و پارتی دادوگەشەپێدان لەسروشتێکی ئاسایی و هێمندا لەدایکنەبوو، بەڵکە لەدەرئەنجامی قوڵبونەوەو فراوانبونی قەیرانو نێواندژییەکان دامەزرا، بۆیە هەر لەدامەزراندنییەوە چەندین قەیران و نێوان دژی لەهەناویدا هەڵگرتووە. لەم قۆناغەدا دەرئەنجامی قوڵبوونەوەی ناکۆکی و کێشەی نێوان هەرسێ رەوتی شۆفینزمی نەتەوەی، ئیسلامی سیاسی و علمانیەت لەلایەک و قەیرانەکانی کۆمەڵگەی تورکی لە لایەکیتر لەئامێزی گۆڕانکاریەکانی سەدەی بیستو یەکدا لەدایکبوو.

لەئابی 2001 سەرۆکی پێشوی شارەوانی ئەستانبوڵ رەجەب تەیب ئەردۆگان، کە

خوێندکارێکی لێهاتوی ئەربەکان بوو داوایەک بۆ دامەزراندنی پارتێکی نوێ بەناوی پارتی دادوگەشەپێدانەوە دەداتە حکومەت. دەستەی دامەزرێنەری ئەم پارتە وەک ئاماژەیەک بۆ بەرجەستەکردنی بیری علمانیەت، 13 ژنی گرتبووە خۆی لەمانە تەنیا چوار ژنیان موحەجەبە بوون. هاوکات چەندین کەسایەتی لەپارتی فەزیلەو رەوتەکانی علمانیەت وشۆفینیەکانیش گرتەخۆی. لەسەرەتادا بەم سیاسەتە ئەردوگان دەویست ئەم پارتە بکاتە مەنجەڵێک بۆ کۆکردنەوەی کۆی بیرو لایەنە جیاوازەکان لەعلمانیەت، شۆفینزم، ئیسلامی،.. هتد و بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بەکاری دەهێنان.

لەدروشمدا بانگەشەی بۆ بەرجەستەکردنی رێبازی علمانیو دیموکراسی دەکرد، بەڵام لەجەوهەردا پارتێکی پراگماتی بوو، لەسەر سیاسەتی یاریکردن بە هەستوسۆزی خەڵک و تەفرەدانیان خۆی و پارتەکەی قەڵەو دەکرد. لەسیاسەتەدا ئەردۆگان لاسایی بەعسییەکانی دەکردەوە بەهەمانشێوەی ئەوان، لەسەرەتای هاتنە سەرحوکمدا، تێکەڵەیەک لەبیرو دنیابینی جیاوازو ناکۆک، لەبیری شۆفینی، نەتەوەیی،

چەپ، علمانیەت و دیموکراسی دادەڕشت. سەرکردەکانی ئەم پارتە بەشێوەیەکی گشتی لەهەر سێ ڕەوتی ئیسلامیو شۆفینیو علمانی پێکهاتبوو. لەو قۆناغەدا هۆیەکی سەرەکی کۆکردنەوەی ئەو ناکۆکیو جیاوازیانە ئامانجێکی هاوبەش بوو، لەبارە گشتییەکەیدا خۆی لەکۆتایهێنان بە دەسەڵاتی سەربازەکاندا دەبینییەوە.

لەساڵ 2002 پارتی دادوگەشەپێدان لەهەڵبژاردنێکی پێشوەختەدا توانیان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستبێنن، لەکۆی 550 کورسی پەرلەمانی 363 کورسیان بۆ خۆیان دەستخست، بەمەش توانیان بەتەنیا خۆیان حکومەت پێکبهێنن. لە13ی ئازاری 2003دا ئەردۆگان توانی بگاتەدەسەڵات، لەدوای شەش ڕۆژ لە 18ی ئازاردا پڕۆژەیەکی فرە لایەنی سیاسی- ئابوری- کۆمەڵایەتی ڕاگەیاند. لەجەوهەردا ئەم پرۆژەیە ستراتیجێک بوو بۆ بەرجەستەکردنی سیستمێکی حوکمڕانی هاوشێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەڵام بەبەرگو سیماو میکانیزمێکی نوێوە، هەرئەمەش هۆکاری ئەوەبوو لەدوایدا پرۆژەکە

بەناوی عوسمانییەتی نوێوە بڵاوبۆوە. لەڕاستیدا پرۆژەکەی ئەردۆگان لەجەوهەردا پرۆژەیەکی ئیسلامی سیاسی رووت نەبوو، بەڵکو ستراتیجێک بوو بۆ دووبارەکردنەوەی مۆدێلی حوکمڕانی عوسمانی، بەڵام سیاسەتی ئەم حزبە بەهەمانشێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئاینی کردوەتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی.

## داعش سەرەتای کۆتایی عوسمانیەتی نوێ

لەحوزەیرانی 2014 دا بەداگیرکردنی شاری موسڵ لەلایەن گروپی تیرۆرستی داعشەوە، راستەخۆ هاوپەیمانیەکی نێودەوڵەتی لەدژی گروپی تیرۆرستی داعش بۆ رزگارکردنی موسڵ پێکهات، هەر لەسەرەتاوە تورکیا نەچوە ئەم هاوپەیمانیەوەو رێگەی نەدا ئاسمانی وڵاتەکەی و بنکە سەربازیەکانی لەلایەن فرۆکەکانی هاوپەیمانانەوە بۆ لێدانی داعش بەکاربێت. ئەم بریارەی تورکیا لەسەرەتادا گوشارێکی کاریگەربوو لەکۆی پرۆسە سەربازیەکە، تورکەکان ئەم پرۆسەیان

بەنەگونجاو دەزانیو پێیانوابوو بەپێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی تورکیاوەیە، لەبەر چەند هۆیەک:

1- ترسیان لەوە هەبوو دەرئەنجامی پرۆسەکە، گۆڕانێک لەجیۆپۆلیتیک و هاوسەنگی هێزدا لەم ناوچەیە بەرجەستە ببێت بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی تورکیای ئەردوگانیزمەوە جێگیر بێت. بەتایبەتی لەمەر پرسی نەتەوەی کورد، بالآبوونی پێگەو هێزی ئێران و عەرەب لەبەرانبەر تورکدا.

2- تورکەکان پێیانوایە لەجەوهەردا داعش گوزارشت لەخواستو دنیابینی سوننەی عەرەبی دەکات، بۆیە نەیاندەویست هەستی گەلانی عەرەبی بروکێنن و ئەو دەرگایە لەخۆیان داخەن، کە بەدرێژایی مێژوو بۆ تورکەکان والآبووە بەتایبەتی لەبواری دەستێوەردان لەبارودۆخی سیاسی و ئابوری وڵاتانی عەرەبی.

3- دروستکردنی فشار لەسەر ئەمەریکا بەقبوڵکردنی پرۆژەکەی تورکیای ئەردوگانی.

لەم دۆخەدا تورکەکان بەشداریان

لەپرۆسەی سەربازی دژی داعش بەستەوە بەسێ مەرج:

1- دەبێت لەسەرەتاوە رێکەوتن لەسەر ئەوە بکەن، کە لێدانی ئەسەد تا روخانی رژێمەکەی بەردەوام بێت.

2- دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام لەباکوری سوریا .

3- راهێنان و مەشقپێکردنی ئۆپۆزسیۆنی سوری (بەرەی نوسرە)، نزیک لەتورکیاو ئامادەکردنی وەک جێگرەوە بۆ دەسەڵاتەکەی ئەسەد.

بەڵام ئەمریکیەکان راستەخۆ ئەم مەرجانەیان رەتکردەوەو نەچونە ژێر باری داواکەی تورکیا.

## کورد بوو بە بەدیلی تورکیا

لەم پرۆسەیەدا ئەمەریکا مەرج و داواکای تورکیای رەتکردەوە و ملی بۆ گوشارەکانی نەدا، بۆیە هەر لەسەرەتاوە کاری لەسەر دیاریکردنی بەدیلێک لەسەر زەوی کرد، لەم چوارچێوەیەدا کوردەکانی خۆرئاواو چڕتریش پەیەدەی هەڵبژارد بۆ

ئەوەی هاوپەیمانی بێت لەسەر زەوی.

لەو پرۆسەیەدا یارمەتیو هاوکاری تەواوی هێزەکانی پەیەدەی کرد تاتوانیان زۆربەی ناوچە کوردستانیەکان رزگارکەنو سنورەکانی دەسەڵاتییان بگەیەننە نزیک دەریا، تەواوی سنوری نێوان تورکیا و جیهانی عەرەبیان رزگارکرد، بەمەش دیوارێکیان لەنێوان تورکیا و جیهانی عەرەبیدا دروستکرد، دەرئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانە تورکەکان زۆر نیگەران بوون، ئەم پێشکەوتنو فراوانبوونەی دەسەڵاتی پەیەدەیان بەهەرەشەیەکی جدی لەسەر بەرژەوەندی خۆیان دەزانی. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا تورکەکان تەواو نیگەران دەکات، گەیشتنی سنورەکانی دەسەڵاتی کوردە بەدەریا نەک تەنیا لەڕووی سیاسییەوە گورزێکی کوشندە دەبێت لەئایندەی یەکپارچەی خاکی تورکیا، بەڵکو لەڕووی ئابوریشەوە دورنییە نەبێتە بەدیلێکی سەرەکی رێرەوی گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەواتا بەپراکتیکی دەبێتە هۆکاری زیندوکردنەوەی پرۆژەی نابۆکۆی ئەمەریکا.

## سەرکەوتنی هەدەپە،
## هەڕەشەیەک بۆ لێکترازانی تورکیا

سەرکەوتنی بەرچاوی هەدەپە لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی 2015ی تورکیا، بەپێی زۆربەی لێکدانەوە سیاسیەکان وەرچەرخانێکی گەورەبوو لەمێژووی سیاسی تورکیا، گورزێکی گەورەبوو لەپرۆسەی سیاسی ئەردوگانیزم و عوسمانیەتی نوێ، هاوکات بازێکی زۆر گەورەبوو بۆ پرۆسەی رزگاری نیشتمانی کوردستانی باکور. لەم قۆناغەداو بۆ رزگاربوون لەقەیرانەکانی، ئەردوگان و پارتەکەی زۆر شێتگیرانە کەوتونەتە دروستکردنی قەیران و کێشە، بەشێوەیکی ئەوەندە سەرپێیی و بێبەرنامە گرفتەکان دەخوڵقێنن، واپێدەچێت کۆنترۆڵو ئاراستەی رووداوەکان لەدەستی خۆیانیشدا نەمابێت. بەبێ هیچ دیراسەیەک شەڕیان لەدژی پەکەکە هەڵگیرسان، هاوکات کەوتوەتە راودونان، دەستگیرکردنی ئەندام، لایەنگران و چالاکەوانانی هەدەپە و دیموکراتخوازەکان. لەروویەکیترەوە بۆ دژایەتیکردنی کوردەکانی رۆژئاوا، کەوتە یارمەتیدانی گروپی

چەکدارانی داعش. هەر لەسەر هەمان ئاراستە بە بەردەوامی دەستدەخاتە کاروباری کوردستانی باشور بەتایبەتی، کە لەم رۆژانەدا لەپرسی سەرۆکایەتی هەرێم لایەنگیری مانەوەی بارودۆخی کوردستان بەناجێگیری و پڕ قەیرانەوە دەکات، سوپای تورکیا لەئەمڕۆدا سنورەکانی کوردستانی باشور بە بیانوی شەڕی دژ بەپەکەکەوە دەبڕێت، بەڵام لەجەوهەردا ئامانجی دروستکردنی قەیرانێکی هەرێمایەتییە.

کۆی ئەم کێشە، قەیرانانە و ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو قوڵبوونەوەی کێشەو گرفتە ناوخۆییەکانی تورکیا دەچێت، پرسی لێکترازانی ئەم وڵاتە بووەتە ئەگەرێکی زیندو، هەر ئەم پێشبینیەشە ئەردوگان، پارتەکەی توشی هستریا، شێتگیری کردوە، بە راست و چەپدا هەوڵی دروستکردنی قەیران دەدات.

11/8/2015

## لێکترازانی عیراق لەستراتیجی ئەمەریکادا

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەرێکەوتنێکی سیاسی (سایکس- بیکۆ 1916) لەنێوان وڵاتە سەرکەوتوەکانی شەڕ (بەریتانیاو فەرەنسا)، نەخشەیەکی سیاسی بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ گوێدانە خواست و بەرژەوەندیەکانی گەلانی ئەم ناوچەیە کێشرا. ناعەدالەتی و ناڕەوایی ئەم نەخشەیە و دابەشکردنەکە، لەدوای رێکەوتنەکەوە تا ئەمڕۆ، بۆ ماوەی سەدەیەکە جگە لەشەڕو ناجێگیری و کوشتار زیاتر هیچی بۆ گەلانی ئەم ناوچەیە لێ بەرهەم نەهاتووە.

## هەڵوەشاندنەوەی سایکس بیکۆ

لەسەرەتای سەدەی بیستویەک، لەئەمڕۆدا دەرئەنجامی بەرجەستەبوونی گۆڕانێکی بنەڕەتی و جەوهەری لەسیستمی سیاسی جیهانی و تێکچونی ئەو هاوسەنگیی هێزەی لەدوای رووخانی یەکێتی سۆڤێت و بەرجەستەبوونی دنیای تاک جەمسەری ئەمەریکاوە دروست ببوو، مەوداو قوڵی ئەو شەڕو پێکدادان و ناجێگیریە زۆر زیادی کرد، ئەم دیاردەیە لەم قۆناغەدا بووە هۆی ئەوەی، کە چەندین تیۆر و دنیابینی نوێ بۆ دیاریکردنی ئاراستەو ئایندەی ئەم ناوچەیە لەناوەندەکانی توێژینەوەی سیاسی و ستراتیجی جیهانی دروست بێت، کۆی ئەم توێژینانەش بەگشتی بەئاراستەی گۆڕینی نەخشەی سیاسیو سیستمە سیاسیەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، لەو توێژینەوە و تێڕوانینانەدا، تیۆرەکانی فەوزای داهێنەر، پرۆژەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەو نوێ، سایکس بیکۆی نوێ، وتارە بە ناوبانگەکەی راڵف پیتەرزو.. هتد.

کۆی ئەم پرۆژەو دنیابینیانە، کە ئامانجی سەرەکی لێیدا چاککردنەوەی هەڵەیەکی

مێژووییە وەک ئەوەی رابەرانی بانگەشەی بۆ دەکەن، لەپراکتیک و جێبەجێکردندا جەخت لەسەر کۆتایی بەناعەدالەتی و نارەوایی نەخشەی سیاسی ئەم ناوچەیە دەکەن، بۆیە بە گشتی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بانگەشە بۆ پێویستی هەڵوەشاندنەوەی سنورە دەستکردەکانی رێکەوتنامەی سلیکس بیکۆ.

لەم چوارچێوەیەدا کێشانی نەخشەیەکی سیاسی نوێ بۆ ئەم وڵاتانە، کە عەدالەتو ئازادی تیادا بەرجەستە بکرێت، باشترین ئامراز و چارەسەرە بۆ کۆتایهێنان بەشەڕ، کوشتار، توندوتیژی و بەرجەستەکردنی جێگیریەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی. لەم دۆخەداو لەهەناوی دروستبوونی جیهانێکی فرەجەمسەری، کە گۆڕانێکی جەوهەری لەسیستمی جیهانی دەخوازێت پێویستی بە سەرلەنوێ هاوسەنگکردنەوەی هێزدەبێت.

لەسێبەری ئەم گۆڕانکاریەدا هێزی نوێ دروست دەبێت، ئەم هێزانەش بەرژەوەندی نوێو خواستی نوێیان دەبێت، بۆیە پێداچوونەوە بەنەخشەی سیاسی ئەم ناوچەیە پێویستیەکە نەک کۆی هێزە هەرێمایەتیو

جیهانییەکان لەسەری کۆک دەبن، بەڵکو ناکرێت لەکاتی خۆی زیاتر دواخرێت.

لەم بوارەدا زۆربەی ناوەندەکانی توێژینەوەی ستراتیجی و سیاسییە جیهانییەکان، شەڕی ئەمەریکا - عیراق و رووخانی رژێمەکەی سەدام حوسێین بەدەستپێک و سەرەتای بەرجەستەبوونی ئەم پرۆژە و ستراتیجە دیاری دەکەن. بە پێی بۆچوونە مێژووییەکانو توێژینەوە ستراتیجیەکان لەرابردوو، ئێستاشدا عیراق دڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە و هەر گۆڕان و نوێکاریەک لەم ناوچەیەدا بە بێ ئەوەی بە عیراقدا تێپەڕێت ئەستەمە سەرکەوتو بێت، هاوکات بەوەی عیراق بۆخۆی چەقی ئەو ناعەدالەتیو ناڕەوایەیە، کە لە رێکەوتنەکەی سیاکس بیکۆدا بەسەر خەڵکی ئەم ناوچانەدا سەپێنرا، بۆیە ئاسایە لەئەمڕۆشدا عیراق یەکەم دەرگاو کلیلی هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێکەوتنەو سڕینەوەی ئەو سنورە دەستکردانە بێت.

**راڵف پیتەرز**

بۆ یەکەمجار پرسی هەڵوەشاندنەوەی سنور بەشێوەیەکی روون و گشتگیر، کە کۆی ئامانجو نەخشەی کاری هەڵوەشاندنەوەی تیادا دەرکەوێت لەوتارێکی ئەفسەری خانەنشینکراوی ئەمرکی راڵف پیتەرز، لەساڵی 2006دا لەژێر ناوی سنورەکانی خوێندا ئاشکرابوو. لەم وتارەدا جەوهەری خواستو ستراتیجی ئەمەریکا وەک مەزنترین هێزی جیهانو پێویستی قۆناغی بەرجەستەبوونی سیستمی نوێی جیهان دەرکەوت.

بەشێوەیەکی گشتی پیتەرز لەوتارەکەیدا تیشک دەخاتەسەر دوو پرس، یەکێکیان پرسی پێویستی گۆڕینی ئەو سنورە دەستکردانەیە، کە لەئاکامی رێکەوتنامەی سایکس –بیکۆوە دروست بوون، ئەویتریان گۆڕینی سیستمە دیکتاتۆریەکانی ئەم ناوچەیەیە، کە دەیان ساڵە بوەتە لانکەی پەروەردەکردنو پێگەیاندنی دیکتاتۆریو زوڵم.

لەواقیعدا ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەیان ساڵە لەدەرەوەی ئاراستەی بەرەوپێشچونی پرسی دیموکراسی

لەدۆخێكی داخـــراو و تـایـبـەتدا دەژیــت، دیكتاتۆرەكانی ئـەم نـاوچـەیـە لـەرابـردودا سـودیـان لەململانێ‌و ركـەبـەرایـەتـی نێوان جەمسەرە سەرەكیەكانی جیهان بینیوە بۆ مانەوەو درێژەدان بەدەسەڵاتی دیكتاتۆری و تاكڕەوی خۆیان.

لەم پرۆسەیەداو لەسەر بناغەی وتارەكەی پیـتـەرز چـەنـد وڵاتـێـك هـەڵـدەوەشـێـنـەوە، چـەندیـتـر دروســت دەبـــن، هـەنـدێـك وڵات زەرەمەند دەبن و هەندێك سودمەند، هەندێك وڵات لەلایەكەوە لێی دەبرێت و لەلایەكیترەوە دێتە سەری.

بە شێوەیەكی گشتی ئەو وڵاتانەی بەم شێوەیە دیاریكردوە، وڵاتە سودمەندەكان: دەوڵـــەتـــی شـیـعـەی عــەرەبــی، ئـەرمـیـنـیـا، ئازربیجان، بلوجستانی ئـازاد، كوردستانی ئـازاد، ئێران، دەوڵەتی ئیسلامی(لەشێوەی ڤـاتـیـكـان)، ئــوردن، لـوبـنـان، یـەمـەن. وڵاتـە زەرەرمەندەكان : ئەفغانستان، ئێران، عیراق، ئیسرائیل، كوەیت، پاكستان، قەتەر، سعودیە، سوریا، توركیا، ئیمارات، فەلەستین.

## هەڵوەشاندنەوە

بە پێی ئامارێک کە لەساڵی 2013دا ئەنجامدراوە، ژمارەی ئەو شەڕ، توندوتیژی، پێکدادان، ناکۆکی و رکەبەرایەتیانەی لەو ساڵەدا بەرجەستەبوو گەیشتە زیاتر لە 600 شەڕو پێکدادان، لەوانە 45 دانەیان سنورەکانی توندوتیژیان بڕیو زۆربەیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرجەستەبوون. بەپێی توێژینەوەکان ئەم شەڕانە هۆکاری سەرەکی هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانی چەندین وڵاتە.

پرسی لێکترازان و هەڵوەشاندنەوە، لەکرۆکدا لەسەر بناغەی دوو ئەجێندا بەرجەستە دەبێت. ئەجێندایەکی نێودەوڵەتی، کە دەرهاویشتەی بەرجەستەبوونی گۆڕانێکی جەوهەری لەسیستمی جیهانی و گۆڕانی هاوسەنگی هێزە، ئەویتریان بەرجەستەبوونی خواستی گەلانی ستەملێکراوی ئەو وڵاتانەیە، کە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و نایەکسان حوکمیان دەکات. بەشێکی زۆر لەم وڵاتانە بە تایبەتی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەدایە. لێکترازان بەو واتایەی، کە پەیوەندی نێوان پێکهاتە

جیاوازەکانی ئەو وڵاتانە تێکدەچێت و هیچ مەودایەک بۆ هاوکاریکردن و لێکتێگەیشتنی نێوانیان نامێنێتەوە یان لاواز دەبێت. وەک پرسی هەڵوەشاندنەوەش بەواتە ناکۆکییەکان دەگەنە ئاستێک، کە ئەستەمە جارێکیتر ئەو پێکهاتانە بتوانن پێکەوە بژین و هەڵکەن. لەم بوارەدا بارودۆخی عیراق و سوریا دوو نمونەی دیاری ئەم پرسەن، عیراق و سوریا پێکەوە لەهەڵوەشاندنەوە نزیکدەبنەوە، بەڵام وەک تورکیا لەئەمڕۆدا لە قۆناغی لێکترازاندایە.

## عێراق

ئەمڕۆ عیراق لەبارێکدا دەژێت لێیدا هیچ تێگەیشتنێک بۆ پرسی هاوڵاتیبوون، ئینتمای نیشتمانی نەماوەتەوە. دەوڵەت وەک گوزارشت تەنیا بۆ ناساندنی ناوچەیەکی جوگرافی، کە لەرابردودا ستراکچەری دەوڵەتێکی دیاریکراو بووە دەردەکەوێت، لەئەمڕۆدا پەیوەندیەکی ژیاری و پەیوەستبوونێکی بەهایی لەنێوان پێکهاتەکانیدا نەماوەتەوە. پێکهاتەکان لەسەر بنەمای جیاوازی نەتەواویەتی و ئاینی و مەزهەبی هەریەکە کیانێکی تایەت بەخۆی

دامەزراندوە، کورد لەباکور و لەسەر خاکی خۆیان هەرێمێکیان دامەزراندوە، سوننەکان لەرێگەی گرووپی تیرۆرستی داعشەوە زۆربەی ناوچەکانی خۆیان لەژێر دەسەڵاتی حوکمڕانی شیعە دەرکردوە، هەرچی ماویشەتەوە، لەژێر دەسەڵاتی ناوەند، تەنیا ناوچە شیعیەکانە.

## دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعی

لەدوای رووخانی رژێمە دیکتاتۆرییە سونیەکەی بەعسەوە، شیعە زۆرینەی دەسەڵاتی عیراقیان بۆخۆیان قۆرخ کرد، هەر لەسەرەتاوە بەرنامەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعی هاوشێوەی ئێرانیان کردە ئامانجو ستراتیجیان، بۆ ئەم مەبەستەش لەژێر پەردەی شەڕی پاشماوەکانی بەعسدا کەوتنە لێدانی پێکهاتەی سونە، هاوکات بەبارێکیتر داو ناڕاستەخۆ لەسەر خواستو داوای ئێرانیەکان کاریان لەسەر دەرپەراندنی ئەمەریکا لەعیراق کرد، لەم پرۆسەیەدا سونەکان هەمان هەڵەی سالانی بیستەکانی سەدەی بیستەمی شیعەیان دووبارە کردەوە، کە لەسەرەتاوە بەهاندانی مەرجەعیەتەکانیان لەڕووی

سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەو کاتەی بەریتانیاو فەرەنسا وەستانەوە و دژایەتی خۆیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق لەژێر ئینتدابی بەریتانیا دەربڕی، سوننەکان لەسەرەتای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقەوە لەدوای 2003ەوە، بەهەموو شێوەیەک کەوتنە دژایەتی ئەمەریکا، کورد، شیعەو دەیانویست لەرێگەی گوشاری هێزەوە کۆی عیراق وەک رابردو بگەڕێننەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، لەوە غافڵبوون، کە لەئەمڕۆ جیاواز لە رابردو ئاراستەی سیاسەتو سترایجی نێودەوڵەتیان لەگەڵدا نییە، نەخشەو پلانی ستراتیجی ئەمەریکا لەئەمڕۆدا پێچەوانەی ئەو واقعەیە کە لەسەرەتای سەدەی بیستەم دروست بوو، دەرئەنجامی کۆمەڵێک شکست لەدوای رووخانی عیراقەوە لە 2003ەوە سوننەکان وانەیەکییان وەرگرت و لەوەگەیشتن، کە مەحاڵە جاریکیتر بتوانن مێژووی کۆن دووبارەکەنەوە، بۆیە لە ئەمڕۆدا دەستبەرداری ئەو خەونو خواستە دەبنو ئەوەی دەیانەوێت دەرچوونو رزگاربوونە لەژێر دەسەڵاتێکی تایەفەگەری شیعی.

لەم چوارچێوەیەشدا کار بۆ دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆ، کە لەئایندەدا بکرێتە ناوک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سوننەی عەرەبی دەکەن. لەبەرانبەریشدا ئاراستەی رووداوەکان وادەڕوات، کە دەوڵەتێکی شیعی عەرەبیش لەباشوری عیراق دامەزرێت، لەم ئاراستەیەدا پێشبینی ئەوەدەکرێت ئەم دەوڵەتە شیعییە کار بۆ گرتنەخۆی هەموو ئەو ناوچانە بکات، کە شیعەی عەرەبی تیادا دەژیت، لەوبارەشدا پێشبینی دەکرێت ئەم دەوڵەتە نەک تەنیا بەشێک لەخاکی سعودیەو کەنداو دادەبڕێت، بەڵکو بەشێکی ئێران، بە تایبەتی ناوچەی ئەهوازی عەرەبیش بگرێتە خۆی، بۆیە دەرئەنجام گریمانەی ئەوەش هەیە، کە ناکۆکی و کێشەی ناوخۆی لەناو ماڵی شیعەشدا رووبدات و قەیرانێک لەنێوان شیعەی عەرەب و شیعەی ئێرانی غەیرە عەرەبیشدا بەرجەستە ببێت.

خولاسەی پێشبینی لەچوارچێوەیەدا ئەوەیە، کە بەربەستە ناوخۆیەکانی هەڵوەشاندنەوەی عیراق وەک دەوڵەت تائاستێکی بەرچاو کەم بوەتەوە و لاواز بووە، دەسەلاتی

ناوەند کۆنترۆڵی ناوچەکانی لەدەستداوە، پەیوەندیەکانی نێوان شیعە -سونەو نێوان کورد- سونەو شیعە -کوردیش لەئاقارەکانی لێکترازانێکی یەکجارەکییە.

لەم چوارچێوەیەدا فراوانبوونی کە لەبەری نێوان شیعەو سونە لەڕووی ناوخۆیەوە گەیشتوەتە ئەو ئاستەی، کە ئەستەمە بتوانن جارێکیتر پێکەوە هەڵکەن، لەبواری نێودەوڵەتیشدا، زەمینەیەکی هەریمایەتی بەهێز بۆ جیابونەوەی سوننە لەعیراقدا هەیە، لەم چوارچێوەیەدا وەک کوردستانیش لەهەردوو بواری ناوخۆیی و دەرەکیش پرسی جیابونەوە و دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ بەشێوەیەکی بەرچاو چوەتە پێشەوە. لەم قۆناغەدا بە هۆی بەرجەستەبوونی گۆڕانێکی جەوهەری لەسیستمی جیهانی و تێکچونی هاوکێشەی هێز دەرئەنجامی کۆتایهاتنی جیهانی تاک جەمسەری، بەربەستەکانی بەردەم هەڵوەشاندنەوەی عیراق روو لەلاوازبوون دەکات. بەواتا لەئەمڕۆدا ڤیتۆی هەرێمایەتی لەدژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەباشوری کوردستان پاشەکشێی

بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

لەبواری نێودەوڵەتیشدا بەپێی زۆربەی توێژینەوەکان ڤیتۆی ئەمەریکا لەدژی پارچەپارچە بوونی عیراق هەڵوێستێکە گوزارشت لە پێگەیشتن و کامڵ نەبوون و ئامادەکاریەکانی سیستمی جیهان دەکات بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ئەم ناوچەیە، بەڵام لە ستراتیجدا ئامانجی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانی پێکاهاتەکانی عیراقە لەچوارچێوەی ستراتیجی سەرەکی سەدەی بیستو یەکیدا.

## هەڵوەشاندنەوەو لێکترازانی عیراق

هەڵوەشاندنەوەو لێکترازانی عیراق و سوریا وەک دەوڵەت چەندجارێک لەزاری بەرپرسانی باڵای ئەمەریکاوە بانگەشەی بۆ کراوە، تازەترین ئەو بانگەشانە لەلێدوانەکانی کارل ئاشتن و ماکڵ هایدن، کە زۆر راشکاوانە دەڵێن ئەستەمە جارێکیتر عیراق و سوریا وەک دەوڵەت بەستراکچەرە کۆنەکانیانەوە درووستبنەوە. ئەم دوو وڵاتە لەسەر زەوی بەپراکتیکی

دابەشبوونە، بەڵام ئەوەی بەربەستە لەبەردەم بەفەرمیکردنی ئەم دابەشبوونەو جێبەجێکردنی، بەپلەی یەکەم خودی پێکهاتەکانی عیراق نییە، بەڵکو بەزۆری هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکانە، چونکە ئاراستەی گۆڕانکاریەکان بەڕوونی تائەمڕۆ لای زۆرێک لەو وڵاتانە دیارنییە.

لەم بازنەیەدا دنیابینی تورکیاو ئێران بەهۆی بوونی پێکهاتەی کورد بەشێوەیەکی زۆر لەو دوو وڵاتە، ئەو گریمانەیە بەهێزدەکات، کە لەدەرئەنجامدا ئەم گۆڕانکاریانە ئەوانیش بگرێتەوە، بۆیە تائەمڕۆ زیاتر لەهەمووان ئەم دوو وڵاتەن بەربەستو گرفت بۆ پرسی دابەشبونی عیراقو سوریا دروست دەکەن، بەڵام وەک ئەمەریکییەکان پێدەچێت دابەشکردنی ئەم وڵاتانە لەجەوهەردا رێگەیەکی سەرەکی بێت لەبەرجەستەکردنی ستراتیجی نوێو جێبەجێکردنی پرۆژە ئابوری و سیاسییەکانی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی و جیهان بەگشتی، بۆیە دەرئەنجام لەبواری رێکەوتندا بەرژەوەندی وڵاتە جەمسەرەکان

بەتایبەتی ئەمەریکا و روسیا دەکەونە پێش بەرژەوەندی وڵاتە هەرێمایەتییەکان، بەمەش ئەگەری دابەشبوونی عیراق‌و سوریا زیاتر واقیعیە لەوەی، کە سەرلەنوێ ئەو بەشە لێکترازاوانە گرێبدرێنەوە.

25/8/2015

## نەرمەهێز لەستراتیجی نوێی ئێراندا

لەسەرەتای سەدەی بیستویەکەوە رۆڵی هەرێمایەتی ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو روو لەزیادبوون و فراوانبوونە. ئەم پێشکەوتن و گەشەکردنە لەبواری دەرەکیدا دەرئەنجامی بەرجەستەبوونی گۆڕانێکی جەوهەری بوو لەسیستمی سیاسی جیهانی و هاوسەنگی هێز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی.

لەروویەکیترەوە پێشکەوتنی ناوخۆی ئێران بەتایبەتی لەبواری ئابوری و هێزدا، رێگەی زیاتری بۆ بوون بەهێزێکی هەرێمایەتی گەورە خۆشکرد.

لەئەمڕۆدا لەگەڵ ئەوەی لەکرۆکدا ئێران کۆمەڵێک قەیرانی گەورە لەهەناویدا دروستبووە و بەردەوام لەگەورەبوون و زیادبووندایە، بەڵام

لەبواری دەرەکیدا بووە بەهێزێکی کاریگەر و بە پراکتیکی بووە بەهێزێکی هەرێمایەتی و کاریگەری لەسەر ئاراستەی زۆرێک لەڕووداوەکان هەیە.

لەم چوارچێوەیەدا رۆڵی کۆماری ئیسلامی لەوڵاتانی عیراق، سوریا، لبنان، یەمەن و لیبیا زۆر چوەتەپێشەوە، سیاسەتی دەرەکی ئێران لەم وڵاتانەدا بەپراکتیکی بوونەتە بەشێک لەبەرنامەی سیاسی حکومەتی عیراق و سوریا و هاوکات کاریگەری تەواویشی لەسەر ئاراستەی سیاسەتی وڵاتانی یەمەن و لوبنان و لیبیاش بە گەورەیی هەیە.

لەمەڕ خواست و دنیابینی ئێرانیەکان لەم بوارەدا، لەزاری خۆیانەوەش بانگەشەی بۆدەکەن. لەم رووەوە لێدوانی راوێژکاری سەرۆکی ئێرانی بۆ کاروباری نەتەوەو کەمینە ئاینیەکان، کە دەڵێت: ئێران لەئەمڕۆدا بووەتەوە بەئیمپراتۆر، وەک چۆن لەرابردودا ئیمراتۆریەکی مەزنی جیهان بووە. لەواقیعدا ئەم دۆخە ئەوە لەسیاسەتمەدار و رابەرانی کۆماری ئیسلامی دەخوازێت، کە لەستراتیجی دەرەکیاندا زۆر بەوریاییو چڕی کار بۆ قۆستنەوەی هەموو ئەو هەلانە بکەن، کە

دێنەپێشەوە، هاوکات هەموو ڕێگایەکی سیاسی و سەربازی و ئابوری بۆ گەیشتن بەئامانجە ستراتیجیەکانیان بگرنەبەر. هەموو سەرچاوەکانی دەسەڵاتیان‌و هەموو جۆرە هێزێکیان، لەهێزی زبرو نەرم، لەهێزی سەربازی، سیاسی، ئابوری و کولتوری بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان بگرنەبەر.

## نەرمەهێزی ئێرانی

لەساڵی 2008ەوە لەهەناوی خولْقانی قەیرانی ئابووری جیهانی‌و بەرجەستەبونی سیماکانی پاشەکشێی ڕۆڵی ئەمەریکا لەجیهان بە گشتی و لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی، جموجۆڵی ئێرانیەکان، لەسەرەتادا بۆ رزگاربوون بوو لەو قەیران‌و کێشانەی تێی کەوتبوون دەستی پێکرد، دواتر بەقوڵبونەوەی کێشەکان‌و لاوازبونی هێزی بەرگری سوپای ئەمەریکا بەتایبەتی لەعیراق لەبەرانبەر شەپۆلی نارەزایی عیراقییەکان، سیاسەتەکانی ئێرانیش گۆڕانی بەسەرداهات.

لەم بارودۆخەدا، بەرجەستەکردن و بەکارهێنانی نەرمەهێز لەلایەن ئێرانیەکان بووە پێویستیەکی سەرەکی‌و گرنگ بەهیچ

شێوەیەک نەدەبوو پشتگوێی بخەن یان تەوزیفکردنی دوابخەن.

بە گۆڕانی بارودۆخەکە ئەم پرسە گۆڕانی جەوهەری بەسەرداهات، لەوەدەرچوو، کە وەبەرهێنانی نەرمەهێز بۆ ئێرانیەکان تەنیا بۆ مەبەستی دەرچوونو رزگاربوون بێت لەو گوشارو گەمارۆیەی چەندین ساڵبوو بەسەریاندا سەپێنرابوو، بەڵکو بووە بەشێک لە ئەجندای ئایدیۆلۆژی و سیاسی ئێران و ستراتیجی نوێیان لەسەر دارِشتەوە.

نەرمەهێز وەک گوزارشتو زاراوە، کە بۆ یەکەمجار لەلایەن جوزێف نایەوە بەکارهاتو دواتر لەساڵی 2004یشدا کتێبێکی تایبەتی بەم ناوەوە بڵاوکردەوە. لەپراکتیکدا نەرمەهێزی ئێرانی بووەتە بەشێک لەستراتیجی دەرەکیان بۆیە چەند پایەیەکی سەرەکیان بۆ داناوە، ئێرانییەکان لەئەمڕۆدا ئەو پایانە زۆر بەوریاییو ژیرانە بەکاردێننو سودی لێدەبینن.

دەسەڵاتی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئەم هێزەی وەک ئامرازێکی سەرەکی لەسیاسەتی نێودەوڵەتیاندا بەکاردەهێنن. هەندێک لەو

سەرچاوەو فاکتەرانەی ئەمجۆرە هێزە وەک ئەوەی جوزێف باسی لێوە دەکات و ئێرانییەکان داهێنانیان تیاداکردوە:

–هێزی کولتوری: ئەم هێزە لای ئێرانییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لەچەند بواردا چڕدەبێتەوە، لەوانە بەکارهێنانی زمانی فارسی، کولتوری کۆمەڵایەتی، راگەیاندن، وتاری شۆرشگێرانە، تەوزیفکردنی کێشەی فەلەستین.

بەکارهێنانی زمانی فارسی بۆ ئەو گەل و ناوچانەی بە فارسی دەدوێن و ئاخاوتن دەکەن فاکتەرێکی زۆر کاریگەرە لەسەریان، لەم رووەدا ئێرانییەکان زۆر داهێنەرانە توانیان لەرێگەی زمانەوە لەچەند گروپ و لایەنێک خۆیان نزیکبکەنەوە.

لەبواری کولتوریدا بەوەی ئێران خاوەنی میراتیەکی زۆر دەوڵەمەند و بەپیتە، ئەم سەرچاوەیە لەئەمڕۆدا بۆیان بووە بەهێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورە، هونەر، مۆسقا، گۆرانی و رۆشنبیری ئێرانی کاریگەری لەسەر بیر و دنیابینی گەلانی ئەم ناوچانە دروستکردوە.

لەبواری راگەیاندندا بەوەی ئێرانییەکان خاوەنی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی راگەیاندنن لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هاوکات لەروویەکیترەوە کاریگەریان لەسەر ئاراستەکردنی راگەیاندنی چەند وڵاتێک بە تایبەتی سوریا و عێراق و لوبنان هەیە، دەتوانن هێزی راگەیاندن وەک نەرمەهێزێکی کاریگەر وەبەربێنن و بیخەنە خزمەتی ئەجندای ستراتیجی خۆیانەوە.

گوتاری سیاسی ئێرانییەکان و هەڵوێستیان لەمەر کێشەی فەلەستین و دژایەتیکردنی ئەمەریکا، کە سروشتێکی شۆرشگێری هەیە کاریگەری لەسەر راکێشانی سۆز و دنیابینی گەلانی موسڵمان و عەرەبی بەشێوەیەکی بەرچاو هەیە، ئەو دەرگایەیە کە ئێرانییەکان لێوەی توانیویانە سنوری فراوانبوونی شیعەگەری ببڕن و سۆزی بەشێکی نەتەوەی عەرەب و موسڵمانان بۆ لای خۆیان رابکێشن.

## شیعەگەری پایەیەکی تایبەتی نەرمەهێزی ئێرانی

دەسەڵاتی سیاسی کۆماری ئیسلامی لەدروستبوونیەوە پرسی شیعەگەری و باوەڕی تایفەگەری شیعی بەشێکی سەرەکی بووە لە ستراتیجی سیاسی و ئایدیۆلۆژی. واتە شیعە بۆ ئەوان تەنیا وەک سیاسەت بەکارنەهێنراوە، بەڵکو بەشێکی سەرەکی بووە لەهزرو ئایدیۆلۆژیای ئێرانی و بەشێوەیەکی زۆر ورد و چڕ ئەم پرسەی لەسەرجەم بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتوری و مەدەنی... هتد وەبەرهێناوە. بە بەردەوامیش فاکتەرێکی سەرەکی و بەهێزی نەرمەهێزی ئێرانی بووە.

لەساڵی 2003ەوە، بە رووخانی رژێمە سوننەکەی بەعس، توانی زۆر بەخێرایی سنوری دەوڵەتی عیراق ببڕێت، لەم دۆخەدا بەوەی زۆرینەی خەڵکی عیراق شیعە مەزهەبن زۆر بەخێرایی توانی دەسەڵات لەم وڵاتەدا بۆ شیعە قۆرخ بکات و تەواوی ئەجندای سیاسیو ئایدیۆلۆژی خۆی لەم وڵاتە بکاتە بەرنامەی سەرەکی حکومەت شیعیەکەی

عیراق، کە لەدوای روخانی بەعسەوە دامەزرا. هاوکات بە هۆی بەرگری توندو فراوانی لەرژێمە عەلەویەکەی سوریا توانی ببێتە هێزێکی هەرێمایەتی گەورەو کاریگەری لەسەر دارشتنەوەی هاوسەنگی هێزو سیستمی سیاسی لەم ناوچانە هەبێت. بەگەیشتن بەعیراق و کۆنترۆڵکردنی تەواوی دەسەڵاتی سیاسی سوریاو لوبنان توانی کۆنترۆڵی کەوانەی شیعی بکات، بەمەش نەک هەر توانی ببێتە هێزێکی گەورە لەبەردەم بەرەی سونەگەری تورکیو عەرەبیدا، بەڵکو توانی بەربەستێکی گەورەشە لەبەردەم پرۆژە ستراتیجیە ئابووریو سیاسیەکانی ئەمەریکا دروست بکات. لێرەوە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی ئێران بەپراکتیکی تێکەڵ بەئاراستەی بەرژەوەندی جەمسەرە سەرەکیەکانی جیهان بەتایبەتی روسیاو چین بووەوە. مانەوەی رژێمەکەی بەشار ئەسەد نەک بەتەنیا بووە خواستی ئێرانیەکان، بەڵکو روسەکانیش زۆر بەخێرایی هاتنە گەمەکەوە. مانەوەی رژێمەکەی ئەسەد بەپراکتیکی خەونی زیندووکردنەوەی پرۆژەی نابۆکۆی ئەمەریکایان جارێکیتر بەتاڵکردەوە.

بەشێوەیەکی گشتی لەئەمڕۆدا لەهەر جێگە و ناوچەیەک پێکهاتەی شیعە بەشێوەیەکی بەرچاو هەبێت، ئێران لەو جیگەیەدا شوێنپێ و پێگەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای هەیە، بۆیە لەئەمڕۆدا بەهۆی بونی شیعە لەوڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەند بەڕێژە و قەبارەیەکی دیار، ئەو هەلە بۆ ئێرانییەکان رەخساوە بەرنامەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خۆیان بکەنە ستراتیجێکی جیهانی و کار بۆ بەرجەستەکردنی لەسەر ئاستی کۆی جیهانی ئیسلامی بکەن.

## بەهای سیاسی

ئێرانیەکان لەم بوارەدا کار بۆ بەرجەستەکردنی بەهایەکی سیاسی تایبەت بەخۆیان دەکەن، بانگەشە بۆ دامەزراندنی مۆدێلێکی حوکمڕانی تایبەت، کە بەدیموکراسی ئیسلامی ناوی دەبەن، دەکەن. لەم مۆدێلەدا پرۆسەی هەڵبژاردن لەبازنەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی تایبەتدا ئەنجامدەدەن. دیاریکردنی مافەکانی هاوڵاتیبوون و ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی لەدنیابینی ئیسلامی شیعەگەریەوە

جەوهەری ئەم مۆدێلە سیاسییەیە. لەم سیاسەتەدا کۆماری ئیسلامی مۆدێلێکی تایبەت وەک بەدیلێک بۆ مۆدێلی کلاسیکی ئیسلامی دەخەنەڕوو.

ئەوەی لەم مۆدێلەدا جیاوازە تەنیا لەرووالەتدایە، بەلام وەک جەوهەر، بیری ساسی ئێرانی، کە لەرابردوودا تێکەڵەیەک بووە لە ئەجندای شیعەگەری و نەتەوەی فارسی لەئەمڕۆدا بە بەرگ و رەنگێکی نوێوە دووبارە دەبنەوە. لەراستیدا ئەم مۆدێلە حوکمڕانیە بۆ زۆرێک لەگروپ و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئیسلامی سیاسی و عەرەبی ئەو فریادڕەسەیە، کە لە قەیرانەستراکچەرەکانی سیستمە سیاسیەکانیان رزگاریان دەکات. بەواتە ئەوان دەخوازن ئەم مۆدێلە لەحوکمڕانی بتوانێت ببێتە بەدیلێک بۆ ئەو گۆڕان و نوێبوونەوەیەی، کە لەئەمڕۆدا بووەتە مێردەزمەی کۆی دەسەلاتە دیکتاتۆریەکان.

## سیاسەتی دەرەکی

ستراتیجی دەرەکی ئێران لەدوای ساڵی 2003ەوە گۆڕانێکی گەورەی

بەسەردا هاتووە، ئەم ستراتیجە زیاتر روو لەفراوانبوون‌و دەستێوەردان لەکاروباری وڵاتـانـی دەورووبـــــەروو ئـاراسـتـەکـردنـی روداوەکان بەو رووەی، کە لەگەڵ ستراتیجی سەرەکی خۆیدا بگونجێت.

بەڵگەنامەی ستراتیجی ئێرانیەکان بۆ ئەم قۆناغە، کە لەنوسراوێکی سیاسیدا بەناوی ستراتیجی بیست ساڵەی ئێران واتە لەساڵی 2005-2025. وەک گرنگترین بەڵگەنامەی نەتەوەیی لـەدوای دەستور بڕیاری لەسەر دراوە. لەم بەڵگەنامەیەدا ستراتیجی دەرەکی ئێرانی بۆ ئەم قۆناغە دادڕێـژراوە. ئامانجی سیاسی ئێران لەکرۆکدا بـەو ئاراستەیەیە، کە بگەتە ئاستی وڵاتە سەرکەوتووەکان. لەم سیاسەتەدا کار بۆ تێکەڵبوون بەسیستمی نوێی جیهانیەوە دەکات.

## پوختە

ئێران لەئەمڕۆدا لەگەڵ ئـەوەی بەدەست کۆمەڵێک قەیرانی ستراکچەریەوە دەناڵێت، بەڵام بەوەی خاوەنی هێزێکی گەورەی سیاسی و سەربازییە، هاوکات خاوەنی قەبارەیەکی

گەورەی نەوت و گازی سروشتییە لەگەڵ هەموو هەوڵێک بۆ گۆشەگیرکردنی خاوەنی پێگەیەکی گرنگە لە سیستمی سیاسی نوێی جیهان.

لەسەرەتای سەدەی بیستویەکدا گۆڕانکارییە جیهانییەکان کاریگەریەکی ئەرێنی بۆ پێگەو ڕۆڵی ئێران خوڵقاند. خەونی مێژووی ئێرانییەکان بۆ دروستکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی جارێکیتر نزیکبوەوە لەدامەزراندن، لەم چوارچێوەیەدا ڕابەرانی کۆماری ئیسلامی لەسەر میراتی هزر و دنیابینی رابردویان لەهەوڵی دامەزراندنی مۆدێلێکی حوکمڕانی تایبەت بەخۆیاندان. لەم دۆخەدا ئێرانیەکان نەک تەنیا نەرمەهێزی خۆیان بەلێهاتویی بەکاردێنن، بەڵکو کردویانەتە بەشێک لەستراتیجیان و لەکۆی جومگەکانی ستراتیجی سیاسیاندا بەکاری دێنن. لەڕاستیدا لەم بوارەدا سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەستهێناوە و توانیویانە بەم سیاسەتە دەست بخەنە کاروباری چەندین وڵات و ئاڕاستەی ڕووداوەکان بەو ڕێگەیەدا بەرن، کە لەبەرژەوەندی خۆیاندا بوو.

لە لایەکیترەوە ئەم پێشکەوتن و گۆڕانکارییە ئەرێنیانە هەروا بە بێ بەربەست و ئاستەنگ و گرفت نییە، یەکێک لەگەورەترین مەترسییەکانی سەر ئایندەی ئێران، پێچەوانەوەی ئاراستەی گۆڕانکاریە نێودەوڵەتیەکانە،کەدوورنییەلەهاوپەیمانیەکی نوێ و رێکەوتنێکی نێودەوڵەتی نوێدا هەموو خەونەکانی ئێرانیەکانیش پێچەوانە نەبێتەوە. بارودۆخی ئەمڕۆ ئێران تائاستێکی بەرچاو لەبارودۆخی کۆتایی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکانی یەکێتی سۆڤێت دەچێت، کە لەوکاتەدا دروستکردنی چەند گروپێکی ئیسلامی لەئەفغانستان بۆ دۆشینی تەواوی هێز و تواناکانی یەکێتی سۆڤێت و دواتر فراوانکردنی بازنەی شەڕەکانی بۆ ئەوروپای خۆرهەڵات و تەواوی ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی کۆمەنیستی تیایدا زاڵبوو، کە دەرئەنجام بووە هۆی رووخانی یەکێتی سۆڤێت.

لەم قۆناغەدا فراوانبوونی بازنەی شەڕەکانی ئێران لەدەرەوەی سنورەکانی

خۆی (عیراق، سوریا، لوبنان، یەمەن، لیبیا..) دور نییە هەمان سیناریۆ بەکارەکتەری نوێوە دووبارە نەبێتەوە.

ئەم شەڕو رووداوانە، کە لەئەمڕۆدا توانای ئابوری ئێرانی توشی قەیرانێکی دارایی گەورە کردووە، دوورنییە بەهەمانشێوەی یەکێتی سۆڤێت نەبێتە قەیرانێکی روخێنەر. لەم قۆناغەدا داعش بەپراکتیکی بووەتە ئەو هێزەی، کە بەبەردەوامی و لەچەند جیگایەکی جیاوازەوە رۆژانە هێزی ئابوری و سەربازی و سیاسی ئێرانییەکان دەدۆشێت، بۆیە لەهاوشانی بوونی چەندین جیاوازی لەنێوان هەردو نموونەدا، دووبارەبوونەوەی هەمان چارەنوسی سۆڤێتییەکان بۆ ئێرانیەکان ئەگەرێکی دوورنییە.

8/9/2015

# سوریا لەستراتیجی نوێی روسیادا

پرۆسەی چوونە ناوەوەی هێزە سەربازییەکانی روسیا بۆ سوریا لەجەوهەردا بەهۆی شکست و پاشەکشێی هێزەکانی بەشار ئەسەد و یەکە سەربازییەکانی ئێرانە، لەبەرانبەر هێرش و پەلامارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا. یەکە سەربازییەکانی ئێران لەسەرەتای پرۆسەی شەڕی سوریاوە لەو وڵاتەدا لەهاوشانی سوپای سوریا شەڕی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی سوری دەکەن، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بەپاڵپشتی ئەمەریکا و رۆژئاوا ئەم بەرەیە بە بێ روسیا نەیانتوانی شەڕەکە تا کۆتایی بەرن، بۆیە روسەکان ناچاربوون راستەوخۆ بۆ خۆیانیش بچنە شەڕەکەوە.

پرۆسەی چوونە ناوەی هێزە سەربازیەکانی

روسیا بۆ سوریا، کە روداوێکی لەناکاو و کتوپڕ بوو، شەپۆلێکی نیگەرانی و نارەزایی گەورەی لەسەر ئاستی جیهان لێکەوتەوە. لەیەکەم بەرپەرچدانەوەیاندا ئەمەریکا لەزاری سەرۆک ئۆباماوە راستەوخۆ ئیدانەی ئەم پرۆسەیەی کرد، بە بڕیار، کردەوەیەکی نادروست و شکستخواردوی ناو برد، لەلێدوانەکەیدا ئۆباما دەڵێت: ئەم سیاسەتەی پوتین هەڵەیەکی ستراتیجیە و دەرئەنجامەکەی شکست دەبێت، هاوکات هەڕەشەیەکی جدیشە بۆ سەر پرۆسەی ئاشتی لەسوریا و ناوچەکە.

ئەم لێدوانە، کە بەرواڵەت دەربڕینی نارەزایی و نیگەرانیەکانی ئەمەریکایە لەمەڕ ئەم کردەوەیەی روسیا، لەجەوهەردا بۆنی ئازارو شکستێکی گەورەی لێدەکرێت. لەلایەکیترەوە زۆرێک لەهاوپەیمانانی ئەمەریکاو بەرەیەکی بەرفراوانی ناو سیاسەتی ئەمەریکا بۆ خۆشی بەشکستی ئۆبامای دەخەنەڕوو، رەخنەی توندی سیاسەتەکانی دەکەن لەسوریا و کۆی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. هاوکات بۆچونێکیتر لەلێدوان و راگەیاندنەکان پێیانوایە ئەمە سیاسەتێکی ئەمەریکایە بۆ

دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموونی شەڕی ئەفغانستان. لەم پڕۆسەیەدا ئەمەریکییەکان بۆ خۆیان سوپای روسیایان راکێشاوەتە ناوشەڕەکەوە تا بەهەمان چارەنوسی سوپای یەکێتی سۆڤیەتی بەرن لەشەڕی ئەفغانستاندا.

## هێزە سەربازیەکان روسیا چوونە سوریاوە

دەستپێکی چوونە ناوەوەی هێزە سەبازیەکانی روسیا بۆ سوریا، سەرەتا بەشێوەیەکی نهێنی و لەژێر پەردەی هاوکاری مرۆییدا ئەنجامدراوە، بەڵام لەماوەیەکی زۆر کورتدا ئەم پڕۆسەیە ئاشکرابوو، هاوکات قەبارەیەکی زۆر گەورەتر و فراوانتری لەخۆگرت. بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی روسەکان لەمجۆرە پڕۆسانەدا وەک ئەوەی لەئۆکرانیاو سوریادا بینیمان، بەدوو قۆناغ، زۆربەنهێنی و هاوکات ئەوەندە بەقەبارە و هێزێکی گەورەوە ئەنجامدەدرێت، دەبێتە موفاجەئەیەکی لەناکاو بۆ کۆی وڵاتانی جیهان. لەئەمڕۆدا روسەکان نەک هەر هاوکاری، یارمەتی لۆجستی، چەکسازی

و هەواڵگری پێشکەش بەسوپای سوریا دەکەن، بەڵکو یەکە سەربازییەکانی روسیا بە پراکتیکی لەبەرەی سوپای سوریادا بەشداری ئەم شەڕە دەکەن.

لەم قۆناغەدا ئەوەی دەبێتە جێگەی سەرنجی جیهان، ئەمەریکا و رۆژئاوایش بەتەواوتی سەغڵەت دەکات، بەشداریکردنی روسەکان تەنیا بەوەوە ناوەستێت، کە ئاماژەمان پێکرد، بەڵکو کار لەسەر گواستنەوە و دامەزراندنی سیستمێکی موشەکی پێشکەوتو دەکات لە سوریا. لەم پرۆسەیەدا روسەکان کار بۆ پێشخستن و بەهێزکردنی بنکەی سەربازی خۆیان لەتەرەتوس دەکەن، ئەمەش لە جەوهەردا ئاماژەیەکی بەهێزە، کە روسەکان خۆیان بۆ شەڕێکی نێودەوڵەتی گەورە ئامادە دەکەن.

لەم پڕۆسەیەدا ئاراستەی رووداوەکە بەرەو دۆخێک دەچێت، کە هەرسێ رەهەندی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوخۆی سوریا پێکەوە یەکانگیر بکات و ئەم شەڕ رواڵەت و سیمای شەڕێکی جیهانی هەڵگرێت.

## پەیوەندی ستراتیجی روسیا – سوریا

میژووی پەیوەندییەکانی نێوان روسیاو سوریا، نزیکدەبێتەوە لە حەفتا ساڵ تەمەن. لەساڵی 1944 دا سۆڤێتیەکان یەکەم لایەن بوون، کە بۆ یەکەمجار دانیان بەسەربەخۆیی دەوڵەتی سوریادا نا. دەرئەنجامی ئەم هەڵوێستەی سۆڤێتیەکان لەو کاتەوە پەیوەندییە دبلۆماسیەکانی نێوان هەردو وڵات دروست بوو.

لەساڵی 1970دا، بەهاتنە سەر حوکمی حافز ئەسەد ئەم پەیوەندیە پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی. بۆ یەکەمجار هاوپەیمانییەکی ستراتیجی لەنێوان یەکێتی سۆڤیەت و سوریادا بەرجەستە بوو. ئەم هاوپەیمانییە لەو کاتەدا ئەمەریکییەکانی تەواو نیگەران کرد و بە هەڕەشەیەکی جدیان لەسەر بەرژەوەندیەکانیان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست تۆمار کرد.

لەپەرپەرچدانەوەی ئەم هاوپەیمانیەشدا ئەوکات شۆڕشی رزگاریخوازی کورد بووە قوربانی، لەساڵی 1975 بۆ رووبەرووبونەوەی ئەم هاوپەیمانییە ئەمەریکییەکان ناچاربوون

هاوکاری سوپای عیراق بکەن و شۆڕشی کورد کۆتایی پێبێنن، بۆئەوەی عیراق تەرخان بێت بۆ شەڕی سوریاو وەستان لەڕووی ئەو هاوپەیمانیە و دژایەتیکردنی رژێمەکەی ئەسەد. هەر ئەوکات ئەو بڕە چەکەی کە بە بەهای بیست و پێنج ملیۆن دۆلار بۆ شۆڕشی کورد کڕابوو، وەستێنراو نەدرایە کورد، دواتر لەکۆتایی حەفتاکاندا ئەم چەکانە درایە هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکانی ئەفغانستان بۆئەوەی شەڕی رژێمە کۆمۆنیستییەکەی ئەفغانستانی پێبکەن و دواتریش پرۆسەی تێوەگلانی یەکێتی سۆڤێتیان لەو شەڕە بەرجەستەکرد.

لەکۆتایی حەفتاکاندا دوای ئەوەی رژێمە بەعسیەکەی عێراق خۆی گرتەوە و بەهێزبوو، بەعسیەکان و وردتریش خودی سەدام حوسێن، کە ئەوکات جێگری سەرۆک کۆماری عیراق بوو، مەیلی بەلای دەرچون بوو لەژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکا، خواستی دیکتاتۆریانەی سەدام ئەم زەمینەیەی خولقاند، کە وەرچەرخانێک لەسیاسەتی عێراقدا رووبدات. لەوکاتەدا بەرێکەوتنێکی نهێنی لەنێوان ئەسەد و سەدام حوسێندا، ئەحمەد حەسەن بەکر

لەپۆستی سەرۆکایەتی عێراق لابراو سەدام چووە جێگەی، جەوهەری رێکەوتنەکە وابوو بەسەرکەوتنی نەخشەکەیان لە لابردنی بەکر، یەکگرتنی هەردوو وڵاتی عیراق و سوریا رابگەیەندرێت و حافز ئەسەد بکرێتە سەرۆکی ئەو وڵاتە یەکگرتووە و سەدامیش ببێتە جێگری، بەڵام دوای پرۆسەکە راستەوخۆ سەدام پەشیمان دەبێتەوە، خۆی وەک سەرۆکی عیراق، سەرکردە و رابەری نەتەوەی عەرەبی رادەگەیەنێت.

لەکۆتایی هەشتاکانەوە دەرئەنجامی رووخان و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندییەکانی نێوان سوریا و یەکێتی سۆڤیەتیش کۆتاییهات. لەگەڵ بوژانەوەی روسیاو دەرکەوتنی وەک وەریسێکی شەرعی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، ئەم پەیوەندییە جارێکیتر دروستبوەوە، بەڵام بەهۆی لاوازی روسیا لەوکاتەدا ئەم پەیوەندیە تائاستێکی بەرچاوە تەنیا رواڵەتی بوو. لەسەرەتای سەدەی بسیت و یەکداو بەهاتنە سەر حوکمی سەرۆک پوتین، بارودۆخی سوریا گۆڕانێکی ئەرێنی گەورە

و پێشکەوتنێکی خێرای بەخۆیەوە بینی، ئەم گۆڕان و پێشکەوتنە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پێشخستن و ژیانەوەی پەیوەندی نێوان ڕوسیای نوێ و سوریادا هەبوو.

لەساڵانی سەرەتای ئەم سەدەیەدا و دەرئەنجامی شکستی پرۆژەی نابۆکۆ لەئازەربایجان و دەرکردنیان لەلایەن ڕوسیاوە لەو ناوچەیەو ئەگەری گواستنەوەی پرۆژەکە بۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستی بوژانەوەو بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان ڕوسیاو سوریا جارێکیتر دروستبووەوە. لەم قۆناغەوە سورییەکان بوونە کڕیارێکی سەرەکی و گەورەی چەکی ڕوسی، هاوکات ڕوسەکانیش هاوکاریەکی گەورەیان پێشکەش بەسوریەکان دەکرد. تەنیا لەنێوان ساڵی 2007 تاساڵی 2012 سوریەکان بەبڕی 4،7 ملیار دۆلار چەکیان لەڕوسیا کڕیوە. ئەمە جگە لەوەی، کە کۆمپانیا ڕوسییەکان بەشێوەیەکی بەرچاوە کەوتنە وەبەرهێنان لەڕوسیادا. لەساڵی 2009وە قەبارەی 20 ملیار دۆلاریان لەسوریادا خستەکار.

لەبواری سیاسیدا ئەم وڵاتە بەوەی سنوری لەگەڵ دەریای سپی ناوەڕاست، ئیسرائیل، ئوردن، لوبنان، عیراق، تورکیادا هەیە، دەبێتە کلیلی کردنەوەی دەرگای نێودەوڵەتی بۆ روسیا. لەرویەکیترەوە بەوەی لەمێژە روسەکان خەون بەگەیشتن بەئاوە گەرمەکانەوە دەبینن، بەڵام بەدرێژایی ماوەی شەڕی سارد، تورکیا وەک بەشێک لەهاوپەیمانی ناتۆ بەربەست و نەیارێکی گەورەی یەکێتی سۆڤیەت بووە، بەڵکو پێگەیەکی بەهێزی ئەمەریکا بووە بۆ وەستانەوە لەڕووی هەر هەوڵێکی فراوانخوازی و گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان. لەئێستاشدا تا ئەمڕۆ تورکیا لەهەمان بەرەدایە، لەم دۆخەدا بەسەرلەنوێ دروستبوونەوەی شەڕێکی ساردی نوێ و جیابوونەوەی بەرەکان پێشبینی دەکرێت تورکیا لەبەرەی رۆژئاوادا لەدژی سوریا خۆی ساغ بکاتەوە بۆیە جێگیربوون و کردنەوەی بنکەی سەربازی بەهێز لەپشت ئەم ناوچەیەوە بۆ رووسەکان گرنگی ستراتیجی هەیە. بەواتەیەکیتر لەم رووەیشەوە سوریا دەبێتە ئەو پایەمەی، کە هاوسەنگی هێز لەخۆرئاوای دەریای سپی

ناوەڕاست لەبەرژەوەندی روسیادا رادەگرێت. ئەم راستیە یەکێک لەنهێنیەکانی سوربوونی روسەکان لەسەر بەرگریکردن لەرژێمەکەی بەشار ئەسەد.

لەبواری جیۆئیکۆنۆمیکدا بەوەی سوریا لەمێژە بووە بەرێڕەوێکی ستراتیجی گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتی، لەم قۆناغەدا زیندوکردنەوەی پرۆژەی نابۆکۆی ئەمەریکی، کە دەبێت بەسوریادا تێپەڕێت تادەگاتە سەر دەریا، بەسەرکەوتنی دەبێتە هێزێکی گەورەی فشار لەسەر پڕۆژەی رێژاوی باکور و باشوری روسیا. لەراستیدا سەرکەوتنی نابۆکۆ بەبێ رووخانی رژێمەکەی بەشار ئەسەد و وەدەرنانی روسیا لەم وڵاتە ئەستەمە، بۆیە لێرەشەوە جارێکیتر سوریا دەبێتەوە پێگەیەکی ستراتیجی ژیاری بۆ رووسەکان، ئەستمە بەئاسانی دەستبەرداری ببێت.

لەبواری سەربازیدا گەڕانەوەی ئەمەریکا بۆ بنکەی سەربازی ئەنجەرلیک، رووسەکانی هاندا، کە زۆر بەخێرایی و لەهەنگاوێکی کتوپڕدا هێزی سەربازی ببەنە سوریاوە

و بنکەی سەربازی تەرەتوس زۆر بەهێز بکەنەوە، بەواتە لەبواری سەربازیدا تەرەتوس دەبێتە سەنگی سەربازی روسەکان و لێرەوە هاوسەنگی سەربازی لەبەرانبەر بنکەی ئەنجەرلیک دروست دەبێت.

## شەڕێکی جیهانی بەوەکالەت

ئەو شەڕەی ئەمڕۆ لە سوریادا بەڕێوەدەبرێت، لە جەوهەردا شەڕێکی بەوەکالەتە. هاوکات سروشتێکی جیهانیشی هەیە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەخۆ چەندین وڵات بەپراکتیکی لەم شەڕەدا بەشدارن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی شەڕەکە لە لایەن روسیا و ئەمەریکاوە ئیدارەدەدرێت و کۆی وڵاتانی بەشداریش بەسەر هەردوو بەرەدا دابەش بوون. لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە بارەگشتیەکەیدا بەرەکان بە تەواوەتی جیابونەتەوە و بەرەی شیعەگەری ئێرانی لەبەرەی روسیادان و بەرەی سوننەگەری دەکەونە بەرەی ئەمەریکاوە.

لەواقیعدا قوڵبونەوەو فراوانبوونی ئەو شەڕە، ئەو بارەی خولْقاندوە، لەگەڵ ئەوەی

لەئاستێکی باڵادا شەڕ و ڕکەبەرایەتی لەنێوان دوو ئەجندا و دوو بەرژەوەندی دایە، بەڵام هەندێکجار و لەچەند خاڵ و بوارێکدا پێکدادان لەنێوان بەرژەوەندی یەک بەرەیشدا درووست دەبێت، بەواتە ئاساییە، کە پێکدادان لەچەند خاڵێکدا لەنێوان بەرژەوەندی و ئەجندای سیاسی ڕوسیا و ئێران، یان ئەمەریکا و سعودیەدا ڕوودەدات. لەم چوارچێوەیەدا پەیوەندی و لێکخشان و پێکدادانی بەرژەوەندیەکانی نێوان ئەمەریکا، ڕوسیا، ئێران، سعودیە، بە تایبەتیش لەدوای ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران و ڕۆژئاوا و چوونی سوپای ڕوسیا بۆ سوریا، وا پێشبینی دەکرێت وەرەقەکان تاماوەیەک تێکەڵ ببن و پێکدادانی نائاسای دروست ببێت. بۆ نموونە، بە چوونی سوپای ڕوسیا بۆ سوریا مەودای دەسەڵاتەکانی ئێران و بەشار ئەسەد بەشێوەیەکی بەرچاو تەسک دەبێتەوە و زۆربەی فاکتەرەکانی هێز بۆ شەڕ و دانوستان دەکەونە دەست پوتین. لەرووییەکیترەوە نزیکبونەوەی ئێران، ڕۆژئاوا بە گشتی، ئەمەریکا و ئێران بە تایبەتی ئەو بارە دەخولقێنێت، کە بازاڕی ئێرانی بە رووی

کۆمپانیاکانی رۆژئاوا و لەئایندەیشدا کۆمپانیا ئەمەریکیەکاندا بکرێتەوە، بەواتە لەکرۆکدا ئەم نزیکبوونەوەیە بازنەی بەرژەوەندییەکانی روسیا لەم وڵاتە تەسک دەکاتەوە.

لەجەوهەریشدا دەبێتە ناوکی هەڕەشەیەکی شاراوە لەسەر ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان روسیاو ئێران. لەم چوارچێوەیەدا بەوەی تائەمڕۆ فەزای دەسەڵاتی روسەکان لەعیراقیشدا لەهەناوی نفوزی ئێرانیەکاندایە، بۆیە گومانی تیادانییە، کە هەر گۆڕانێک لە هەڵوێستی ئێران کاریگەری لەسەر ئایندەی پەیوەندیەکانی عیراق و روسیا دەبێت. بۆیە لەئەمڕۆدا روسەکان لەرێگەی کۆمپانیا نەوتیەکانیەوە دەیانەوێت نفوزێکی بەهێز بۆخۆیان دروست بکەن. لەئەمڕۆدا کۆمپانیا نەوتیەکانی روسیا بەتایبەتی هەردوو کۆمپانیای گازپرۆم و نەفتروسی روسی بەشێوەیەکی بەرچاو لەهەوڵدان بۆ قۆرخکردنی سەرچاوەکانی وەبەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی لەباشوری عیراق و دەڤەری سەوزی سلێمانی.

لەم گەمەیەدا ئیسرائیلیەکان بەوەی

بەشێکی سەرەکی ئەم کێشەیەیە و بە پراکتیکی لەبەرەی ئەمەریکا و سعودیەدایە، بەڵام بە هۆی هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی لەسەر ئیسرائیل، ئەم وڵاتە ناتواتێت رۆڵیکی ئاشکراو کاریگەر بگێرێت.

## جیابوونەوەی بەرەکان

لەئەمڕۆدا بەپراکتیکی لەسەر زەوی سوریا وەک دەوڵەتێکی ئازادو سەربەخۆ نەماوەتەوە، سەروەری نیشتمانی بەتەواوتی کەوتوەتە ژێر پرسیارەوە، هاوکات بەبارێکیتردا بەوەی زیاتر سێ لەسەر چواری خاکەکەی لەدەست حکومەتە فەرمیەکەی دیمەشقدا نەماوەتەوە، ئەم وڵاتە بووەتە گۆڕپانی شەڕێکی بەرفراوان و زۆرێک لەقەیران و رکەبەرایەتییە جیهانی و هەرێمایەتیەکان تیادا یەکانگیر دەبن. لەئەمڕۆدا بەپراکتیکی سوریا لەنێوان کورد، بەرەی نوسرە، داعش و دەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەدا دابەش بوونە. لەبواری تێکەڵبوون بە دەستی دەرەکی یان پەیوەندی نێوان هێزە ناوخۆیی و دەرەکیەکان، تورکیا لەڕێگەی بەرەی نوسرەوە هەوڵی سەپاندنی ئەجندای

سیاسی خۆی دەدات، سعودیەکان لەڕێگەی داعشـەوە، روسەکـان و ئێرانیەکانیش لەڕێگەی دەسەڵاتەکەی بەشارەوە ئەجندای خۆیان بەرجەستە دەکەن، لەم چوارچێوەیدا ئەمەریکا ئیدارەی کۆی بەرەی سوننە دەکات و تا ئاستێکی دیار کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنی بەرەی نوسرە و داعش هەیە، هاوکات لەڕوویەکیترەوە پاڵپشتی لەکوردەکان دەکات، لەم پرۆسەیەدا ئامانجی ئەمریکیەکان تایبەتمەندی و گرنگی ستراتیجی هەیە، لەپرۆسەی یارمەتیدانی یەپەگەدا، ئەمەریکییەکان سێ ئامانج چڕدەبنەوە.

یەکەم: کردنەوەی بەرەیەکی نوێ و بەهێز لەدژی دەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەد.

دووەم: کردنەوەی ڕێگەیەک بۆ ژیانەوە و ئەنجامدانی پرۆژەی نابۆکۆ لەکاتی نەرووخانی رژێمەکەی بەشار ئەسەددا.

سێیەم: راگرتنی هاوسەنگی هێز لەنێوان هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریادا.

بۆ نموونە بۆئەوەی لەئەگەری رووخانی رژێمەکەی ئەسەدا دا ئەو بارە دروست نەبێتەوە، کە لە رووخانی رژێمەکەی قەزافیدا

رووویــدا، بـەواتــە راگـرتـنـی باڵانسی هێز بۆ راگـرتـنـی جێگیری و هـاوسـونـگـی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانـدا، هـاوکـات لەئەگەری مانەوەی بەشار ئەسەد و دابەشبوونی ئەم وڵاتە، کوردەکان دەبنە هاوپەیمانێکی گونجاو و کاریگەری ئەمەریکاو رۆژئاوا.

## سیاسەتی ئەمەریکا لەروبەرووبونەوەی روسیادا

ستـراتـیـجـی ئـەمـەریـکـا لـەخـۆرهـەڵاتـی ناوەڕاستدا لـەرووبـەروبـونـەوەی پرۆسـەی سەربازی روسیا لەسوریادا، بەشێوەیەکی بـەرچـاو گـۆڕانـی بـەسـەردا دێـت. لـەبـارە گشتییەکەیدا ئەمەریکیەکان لەئەمڕۆدا کار بۆ فراوانکردن و بەهێزکردنی بەرەی دژ بە روسیا دەکـات، لەم چوارچێوەیەشدا دورستکردنی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی سیاسەتێکی باوی ئەمەریکیەکانە، کە بـەردەوام لەقەیرانەکانی رابـردودا بە تایبەتی ئـەوانـەی هاوشێوەی قەیرانی ئەمڕۆی سوریایان پێکیهێناوە. لەم بـازنـەیـەدا لـەبـواری نـاوخـۆیـدا کـار لەسەر بەهێزکردنی بەرەکانی دژ بەهێزەکانی ئەسەد

دەکـات، بـەڵام بەبێ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەم شـەڕەدا لەبواری لۆجستی و هاوکاری چەکسازی و هەواڵگریەوە بەشداری شەڕەکە دەکات.

ئاماژەیەکی ئەم رووداو و گۆڕانکاریانە پێدەچێت بەو ئاراستەیەدا بێت، کە ئەمەریکا دەیـەوێت بەشێوەیەک لەشێوەکان مۆدێلی شـــەڕو رووبـــەروبـــوونـــەوەی ئەفغانستان بگوازێتەوە بۆ سوریا. بەم سیاسەتە لەڕێگەی بەکارهێنانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بەتایبەتی هـەردو گرووپی نوسرە و داعـش روسەکان پەلکێشی شەڕەکە بکەن و هەوڵی وشککردنی تواناکانی بەهەمانشێوەی یەکێتی سۆڤیەت لـە ئەفغانستان بـدەن. لەبەرجەستەبوونی ئـــەم سـیـاسـەتـەدا پێدەچێت ئـەمـەریـکـا و هـاوپـەیـمـانـەکـانـی گـروپـی داعـش لـەعـیـراق پاشەکشێ پێبکەن بۆ ناو سوریا.

لـەئـێـسـتـادا لـەگـەڵ ئـــەوەی پێدەچێت یەکێک لەئەگەرەکانی ئەمەریکا لەسیاسەتی رووبەرووبونەوەی روسیا بەئەفغانستانکردنی سوریا بێت، بەڵام کۆمەڵێک جیاوازی نێوان ئەم دوو رووداوە ئەو بارە دەخولقێنێت، کە

دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە لەئەمڕۆدا هەروا بە ئاسانی بەرجەستە نەکرێت. ئەم دوو قەیرانە لەدوو کات و جێگەی جیاوازدا خولْقاون، روسیای ئەمڕۆ یەکێتی سۆڤیێتی ئەوکات نییە، سوریا بەڕبەی ئەفغانستان ناپێورێت، داعش قاعیدە نییە، ئەمانە و چەند جیاوازیەکیتر گەواهی ئەوەن، کە سوریا بە ئەفغانستان نابێت.

## کوردو روسیا

لەگەڵ ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا کورد لەبەرەی ئەمەریکایە، بەڵام تێکەڵبوونی وەرەقەکان و دابەشبوونی کورد بەسەر هەردوو بەرەکەدا، ئەو بارەی خولْقاندووە پەیوەندیەکانی نێوان کورد و روسیا هەمان ئاراستە، سروشت و رەنگی پەیوەندی نێوان ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی سوریا و روسیای وەرنەگرتبێت. کورد لەسوریادا ئامانج و ئەجندای تایبەت بەخۆی هەیە، کۆی ستراتیجیەکانی لەپرسی رزگاری نیشتمانیدا چڕدەبێتەوە، روسەکان لەم قۆناغەدا نایانەوێت هەموو کورد پاڵنەن بۆ ئەوەی بچنە بەرەی

ئەمەریکاوە، بەتایبەتی، کە لەئەمڕۆدا بەشێکی گەورەی کورد لەباشور و باکور لەبەرەی ئەمەریکادا خۆیان ساغ نەکردوەتەوە.

## پوختە

بە پێی زۆربەی ئاماژەکان پێدەچێت لەئەمڕۆدا روسەکان توانای ئەوەیان هەبێت یان بۆیان نەلوێت، کە کۆی خاکی سوریا بگەڕێننەوە ژێردەسەڵاتی بەشار ئەسەد، بۆیە ئەوەی لەم قۆناغەدا دەبێتە ئامانجی سەرەکی روسەکان پارێزگاریکردنە لەمانەوەی ئەسەد بەم دەسەڵاتەی ئەمڕۆیەوە، روسەکان لەسەر بناغەی دوو ئاراستە کاردەکەن یەکێکیان مانەوەی ئەسەدە لەسنورێکی دیاریکراوە، بەواتە دەوڵەتێکی بچوک، کە لەکەنارەکانی دەریاوە دەست پێدەکات و بەقەڵەمونە دەگاتە پایتەختی سوریا دیمەشق، واتە دەوڵەتێکی بچوک، کە کەمتر لەسێ لەسەر چواری خاکی سوریا دەگرێتەوە. لەئاراستەی دووەمیشدا کار لەسەر درێژەدان بە شەڕ دەکات تا ئەو بارە دەخوڵقێت جێگرەوەیەکی گونجاو

و بەدڵی روسیا بۆ بەشار دەدۆزرێتـەوە، بەواتە رێکەوتنێکی نێودەوڵەتی ستراتیجی بۆ دابەشکردنی سوریا لەنێوان خۆیاندا، لەو رێکەوتنانەدا بـەرژەوەنـدی هـەردوولا دەپارێزرێت و هاوسەنگیەکی نوێ دەبێتە پایەی جێگیریەکی درێژ خایەن.

22/9/2015

# هاوپەیمانی نوێی بەغدا ئامرازێك بۆ روبەڕووبوونەوەی ئەمەریکا

بۆردومان و لێدانی گروپی تیرۆرستی داعش لەلایەن فڕۆکە سەربازییەکانی روسیاوە، بەپراکتیکی گۆڕانێکی جەوهەری لەئاراستە و سروشت و رێڕەوی قەیرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و سوریاو عیراق بەتایبەتی بەرجەستە دەکات.

لەم گەمەیەدا دەرکەوتنی تارمایی جیابوونەوەی بەرەکان بەشێوەیەکی دیار هەنگاوەکان بەرەو بەرجەستەکردنی هاوپەیمانی سیاسی و سەربازی نوێ زۆر خێراتر دەکات. بەشێوەیەکی گشتی و دیار بەرەکان بەتەواوەتی جیادەبنەوە، وڵاتە

نزیکەکانی نزیک لە ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی خۆیان لەنێوان بەرەکاندا ساغ دەکەنەوە. وڵاتە بێلایەنەکان زۆر سنوردار دەبن.

لەم دابەشبوونەدا بەرەی ڕۆژئاوا بەڕابەرایەتی ئەمەریکا زیاتر لەبیست دەوڵەت دەگرێتەخۆی و هاوکات هاوپەیمانی عەرەبیش، کە دە وڵاتە و لەئەمڕۆدا شەڕێکی سەخت لەدژی حوسییەکان و نفوزی ئێران لە یەمەن بەڕێوەدەبەن، لەجەوهەردا بەشێکی ئەم هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەیە، کە ئەمەریکا بەڕێوەی دەبات.

ئەم هاوپەیمانە زیاتر لەساڵێکە بەپراکتیکی بەشداری شەڕی دژ بەدەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەد و گروپی تیرۆرستی داعش دەکەن، لەم شەڕەدا دەرئەنجام داعش زیاتر بەهێزبووە، بەڵام ڕژێمەکەی ئەسەد ڕووەو لاوازبوون و داڕووخان چووە، بۆیە زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە گروپی تیرۆستی داعش لەجەوهەردا لەکارگەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکادا دروستکراوە و ئامانج تێیدا بەرجەستەکردنی ستراتیجی نوێی ئەمەریکایە لەناوچەکەدا.

لەبەرانبەر ئەم بەرەیەدا، روسەکان وەک جەمسەر و هێزێکی گەورەی جیهانی لەسەرەتاکانی ئەم سەدەیەوە هاتونەتە گەمەکەوە. بۆ رووبەڕووبونەوەی ستراتیجی فراوانخوازی و پاوانکاری ئەمەریکا بەرەیەکیان بۆ خۆیان پێکهێناوە، لەمڕووەوە لەگەڵ ئەوەی روسەکان چەندین رێکەوتن و لێکتێگەیشتنی تریان لەگەڵ چەندین وڵات بەتایبەتی چین و وڵاتانی ئاسیای ناوەند و هەندێک لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین هەیە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم هاوپەیمانییە یەکەم وێستگەی راستەوخۆی رووبەڕووبونەوەی بەرەی ئەمەریکایە.

لەم گەمەیەدا لەگەڵ ئەوەی تائەمڕۆ بەڕواڵەت کۆتایهێنان بەگروپی تیرۆستی داعش دەکرێتە ئامانجی هەردو بەرەکە، بەڵام لە جەوهەردا شەڕ و ململانێ و رکەبەرایەتیەکان لەسەر دابەشکردنی ناوچەی نفوز و پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانە لە تەواوی ئاست و پێگە و جومگەکانیدا.

## شەڕێکی ساردی نوێ

لەدوای رووداوەکانی بەهاری عەرەبییەوە، تارمایی دەستپێکردنی شەپۆلێکی نوێی شەڕی ساردی نێوان ئەمەریکا و روسیا رۆژ بە رۆژ زیاتر دەردەکەوێت. لە هەناوی کۆی رووداوەکاندا ناوکی شەڕ و رکەبەرایەتی و ململانێیەکی نێودەوڵەتی دەڕوێت و رۆژ بە رۆژ زیاتر لە گەورەبوون و فراوانبووندایە.

جیاوازی ئەم شەڕە لەگەڵ شەڕی ساردی قۆناغی سیستمی دوو جەمسەری، جیاوازییەکی جەوهەری و تەواو پێچەوانەیە، شەڕی ساردی قۆناغی یەکەم بەرگی شەڕ، رکەبەرایەتیەکی ئایدیۆلۆژی، بیر و دنیابینی لەبەرکردبوو، بەڵام شەڕی ساردی نوێ بەرگ و سروشتی شەڕی نفوز و بەرژەوەندی لەبەردەکات.

لەم شەڕەدا بەشداربووانی بەرەکان لە لایەن جەمسەرە سەرەکییەکانەوە ئەرک و بەربەستی کەمتریان دەکەوێتە سەر، بۆ نموونە، مەرجی سەرەکی رووسەکان بۆ بەشداری لەهاوپەیمانی لەسەر سێ بناغە (هاوبەشی، هاوپەیمانی، لێکتێگەیشتن) بەرجەستە دەبێت. لە هەناوی ئەم رووداوانەدا و لەسەر بناغەی ئەم دنیابینیە

جیاواز و نوێیانە ڕواڵەتی سیستمێکی نوێی جیهانی لەسەر بناغەی جیهانێکی فرەجەمسەر دەردەکەوێت. لەم دۆخەدا ئەمەریکا و روسیا وەک دوو جەمسەری سەرەکی جیهانی دەردەکەون. بۆیە دەرئەنجام لەڕووی ستراتیجیەوە ئەو بەریەککەوتن و پێکدادان و جیاوازییەی دروست دەبێت، دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرپابوونی شەڕێکی ساردی نوێ.

## پێکدادانی ستراتیجەکان

لەقۆناغی پەڕینەوە، ناجێگیری سیاسی، ئابوری و سەربازی دەرئەنجامی ئاوابوونی خۆری سیستمی کۆن و بەرجەستەنەبونی سیستمێکی نوێ، پێکدادان و لێکخشان لەنێوان ستراتیج و بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا دروست دەبێت. ئەم دۆخە لەپێکدادان، لێکخشانە سیاسی، سەربازی و ئابوریانە، ماوەیەکی پێویستی دەوێت تاجێگیریەکی درێژخایەن و بەهێز دروست دەبێت. لەدۆخەدا رکەبەرایەتی و ملاملانێ نێودەوڵەتییەکان، کە لەبناغەدا پێکدادانی بەرژەوەندی لەنێوان ئەمەریکا و روسیا و چیندا دروست دەکات، لە پراکتیکدا

لەچەند خاڵ و پێگەیەکی ستراتیجیەوە تەشەنە دەکەن، دواتر کۆی جومگەکانی ژیان دەگرنەوە. لەمبارەدا بە شێوەیەکی گشتی و چڕ کۆی بوارەکانی پێکدادان و رووبەڕووبونەوە لەچوار خاڵدا چڕدەبنەوە:

1- پێکدادان و ڕکەبەرایەتییەکان بۆ کۆنترۆڵکردن و دابەشکردنی ئابوری و بازاڕی جیهانی.

2- ململانێ و رکابەرایەتییەکان بۆ دابەشکردن و پاوەنکردنی سەرچاوەکانی سامانە سەروشتیەکان، بەتایبەتی سەرچاوەکانی نەوت و گازی سروشتی و ڕێگاکانی گواستنەوەی بۆ بازاڕە بەکاربەرەکان لەسەر ئاستی جیهان.

3- تەحەکومکردن بەڕێکخراوە جیهانیەکان لەسەرجەم بوارەکانی ئابوری، سیاسی، ئاسایش و مرۆیی.

4- شەڕی بنکە سەربازییەکان.

لەم چوارچێوەیەدا، لەسەرەتای سەدەی بیستویەکەوە وەک مەرجێک بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو هاوکێشەی نێودەوڵەتی و سەپاندنی خۆی وەک هێزێکی جیهانی، روسەکان زۆر

بەخێرایی کاریان بۆ فراوانکردنی ناوچەی نفوزی خۆیان لەکۆی پێگەو پایە ستراتیجیەکان کردووە، هاوکات بە بەرنامەیەکی ورد کاریان لەسەر ئەم چوار خاڵەکردوە، کە ئاماژەمان پێکردوە.

لەیەکەم قۆناغدا، بەرنامەی کۆنترۆڵکردنەوەی چوار وڵاتیان (ئۆکرانیا، بیلاروسیا، کازاخستان، جۆرجیا) دارشتەوە. لەقۆناغی دووەمدا نەخشەی کشان و گەیشتنیان بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خستە بواری جێبەجێکردنەوە، لەم بازنەیەدا گەیشتنیان بە سوریا دەبێتە سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ و کردنەوەی دەرگایەکی نێودەوڵەتی سەرەکی بۆ گەڕانەوەیان وەک جەمسەرێکی سیستمی نوێی جیهان.

لە ئەمڕۆدا روسەکان لەسەرجەم بوارەکانی سیاسی، سەربازی و ئابوری ململانێ و رکەبەرایەتیەکی سەختیان لەبەرانبەر ئەمەریکا دەستپێکردوە. رکەبەرایەتەیکان لەبواری ئابوریدا لەهەر سێ کەرتی ژیاری (بازرگانی، وەبەرهێنان، وزە)دا چڕدەبێتەوە، لەبواری سیاسیدا چەندین هاوپەیمانی و رێکەوتنی

ستراتیجی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی دادەمەزرێنێت. لەبواری سەربازیدا زۆر بەخێرایی و وردی کار بۆ فراوانکردن و زیندووکردنەوەی بنکە سەربازییەکانی دەرەوەی سنورەکانی خۆی دەکات.

## هاوپەیمانی نێودەوڵەتی نوێی بەغدا

یەکێک لەپایەو بناغە سەرەکییەکانی شەڕ و رکەبەرایەتی نێوان هێز و جەمسەرە مەزنەکانی جیهان لەئەمڕۆدا پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوچەیی بەهێزە. لەم بوارەدا نزیکبوونەوەی روسیا و ئێران و دەسەڵاتی شیعەگەری عیراقی و رژێمەکەی بەشار ئەسەد دەبێتە ناوکی دامەزراندنی هاوپەیمانیەکی نوێ بۆ روسەکان، هاوکات گورزێکی کوشندەیەش دەبێت لەستراتیجی نوێی ئەمەریکا بە تایبەتی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەم رێکەوتنە، لەئەمڕۆدا سەرجەم بوارەکانی سەربازی، سیاسی، ئابوری دەگرێتەوە و بەرگی رێکەوتنێکی ستراتیجی لەبەردەکات، زۆر بەخێرایی بەرەو

بەرجەستەکردنی هاوپەیمانیەکی ستراتیجی درێژخایەن دەچێت.

بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم هاوپەیمانییە بارودۆخی نوێی ناوچەکە دروستی کردوە، بەڵام لەجەوهەردا سروشی لەهاوپەیمانی بەغدادی ساڵی 1955-1956ەوە وەرگرتووە. ئەم هاوپەیمانییە، کە ئەوکات بیرۆکەیەکی ئەمەریکی بوو، بۆ وەستان لەڕووی ستراتیجی فراوانخوازی یەکێتی سۆڤێت و جەمسەری سۆسیالستی لەنێوان وڵاتانی (بەریتانیا، پاکستان، ئێران، تورکیا، عیراق)دا دامەزرا. ئەم ڕێکەوتنە ئەوکات لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە پشتیوانی و هاوکاری تەواوی دەکرا، بەڵام هاوپەیمانی نوێی بەغدا لە ئەمڕۆدا بۆ وەستانە لەڕووی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا.

لەبواری پراکتیزەکردندا، ئەم هاوپەیمانیە لەئەمڕۆدا زیاتر لەبواری خۆسازدان بۆ شەڕی داعش کارەکانی رادەپەڕێنێت، لەم بازنەیەشدا ناوەندی بەغدا بۆ توێژینەوەو کۆکردنەوەی زانیاریو ئەنجامدانی کاری هەواڵگری دروست بووە. ئەوەی دەبێتە بناغەی رەوانی

ئەم هاوپەیمانیەو هیوای سەرکەوتنی زیاتری دەداتێ ئەوەیە، کە کۆی ئەجندەکانی بەشداران لەم رێکەوتنەدا هاوتەریب بەرەو پێشەوە دەچن و هیچ پێکدادان و نێواندژیەک لەنێوانیاندا بەدی ناکرێت.

## کورد لە هاوپەیمانی نوێی بەغداددا

ئەم هاوپەیمانییە لەتەرازوی هاوسەنگی و ملانێی نێوان روسیاو ئەمەریکا لەلایەک، نێوان بەرەی ئێران و بەرەی سوننەی عەرەبی لە لایەکیتر رەنگدانەوەیەکی گەورەی لەکوردستان داوەتەوە، بە پراکتیکی کورد لەم گەمەیەدا بووە بە بەشێک لەیارییەکە، بەڵکو لەمەش ئاڵۆزتر ئەوەیە، لەسەر ئاستی ناوچەکە بە تەواوی بەسەر هەردوو بەرەکەدا دابەش بووە. لەگەڵ ئەوەی تائەمڕۆ هیچ ئاماژەیەک بە ئەرێنی یان نەرێنی نییە بۆ ئەوەی ئایا کورد لەبەرژەوەندیدایە ببێتە بەشێک لەم هاوپەیمانیە یان دژی بوەستێتەوە، ئایا کورد دەتوانێت لەناو ئەم شەڕە گەورەیەدا بەبێلایەنی بمێنێتەوە و نەچێتە پاڵ هیچ بەرەیەک؟. گومان لەوەدانییە کورد بەبێ ویست و ئیرادەی خۆی دەکرێتە بەشێک لەم شەڕە،

بەڵام وەک خودی کورد بۆخۆمان بریار لەسەر گرتنەبەری چ ئاراستەیەک بدەین، ئەمە پرسیارە گرنگ و چارەنوسسازەکەیە.

بۆ پێشبینی، شیکارکردنی رۆڵ، پێگە و ئایندەی کورد لەم هاوپەیمانییەدا، بە شیکارکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانو توێژینەوەی ئەجندا ناکۆکەکان دەبێت ئاراستە و سیاسەتە دەرەکیەکانمان دابرێژینەوە. پێویستە لەم بوارەدا پەیوەندی نێوان کورد و لایەنە سەرەکییەکانی هاپەویمانیەکە بە وردی هەڵجێنین:

## کوردو روسیا

لەگەڵ ئەوەی تائەمڕۆ هیچ شێوە پەیوەندییەکی ستراتیجی و راستەوخۆ لەنێوان هیچ لایەنێکی کوردی و روسەکاندا نییە، بەڵام پێدەچێت جوتبوونی بەرژەوەندییەکان بە تایبەتی لەچەند بەشێکی کوردستان ئەوە بخوازێت، کە کوردیش ببێتە لایەنێکی ئەم هاوپەیمانیە. بەپراکتیکی لەئەمڕۆدا کورد لەباکوری کوردستان دەکەونە ناوچەی نفوزی تورکەکانەوە، دەرئەنجامی جێگیربوونیان

لەبەرەی نەیاری تورکیا راستەوخۆ دەبنە بەشێک لەبەرەی روسیا، لەبەشی خۆرئاوای کوردستان لەگەڵ ئەوەی کورد لەبەری بەشار ئەسەدا نەبوونە، بەڵام بەوەی هیچ خواست و ئامانجێکی بۆ رووخانی رژێمەکەی ئەسەد و دژایەتیکردنی روسەکان نییە، بەڵکو ئەجندای کورد لە بازنەی شۆڕشێکی سەربەخۆیی و ئازادیدا کاردەکات بۆیە روسەکان کورد وەک نەیارێکی خۆیان نابینن، ئەمە جگە لەوەی بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسییەکانی روسیا لەباشوری کوردستان بە بەردەوامی روو لەزیادبوونە.

## کورد و ئێران

لەئەمڕۆدا نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە ئێران بووە بەهێزێکی هەرێمایەتی گەورە، کاریگەری بەهێزی لەسەر ئاراستەکردن و بەرێوەبردنی رووداو و گۆڕانکاریەکان هەیە، بەڵام لەجەوهەردا بەرژەوەندییەکانی کورد و ئێران تائەمڕۆ بەهاوتەریبی ناچن بەڕێوە. بەوەی تائەمڕۆ کوردستانی خۆرهەڵات هیچ مافێکی سیاسی و کولتوریان نییە، لەپراکتیکدا

دەبنە نەیاری ئێرانیەکان، لەباشوریش تا ئەمڕۆ پەیوەندی و بەرژەوەندی نێوان کورد و ئێران سەنگی بەلای کۆماری ئیسلامیدایە، هەڵویستی ئێرانییەکان لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان و پرسی سەربەخۆیی بۆچونێکی زیاتر نەرێنییە. ئەوەی تروسکایی بێت لەپەیوەندی ئەرێنی نێوان کورد و ئێران، زیاتر لە باکوری کوردستان بەدیدەکرێت. لەخۆرئاوای کوردستانیش هەڵسوکەوتی ئێرانییەکان لەبازنەی بەرژەوەندیەکانی ئەسەد دەرناچن.

## کوردو شیعەی عیراق

شیعە وەک لایەنێکی سەرەکی هاوپەیمانەکە، کاریگەری لەسەر ئاراستەی رووداوەکان دەبێت، پەیوەندی نێوان کورد و شیعەی عیراق بە تایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی سوننەگەری بەعسدا، پەیوەندییەکی باش و گونجاو بووە، هەردوو پێکهاتە چەوساوەی دەستی دەسەڵاتە بەعسییەکەی سوننە بوونە. لەسەردەمی نوێ و دوای رووخانی رژێمەکەی سەدام حسین،

پەیوەندی کورد و شیعە بەشێوەیەکی گشتی گونجاو و رەوان بووە.

**کوردو بەشار ئەسەد**

پەیوەندیی نێوان کوردی خۆرئاوا و رژێمە بەعسییەکەی ئەسەد بەدرێژایی حوکمڕانی بەعسییەکان زۆر خراپ بووە، لەهیچ کات و بارێکدا دەسەڵاتی ئەو وڵاتە دانی بە کەمترین مافەکانی نەتەوەی کوردا نەناوە، بەڵام لەئەمڕۆدا لاری و خراپی باری ئەم حکومەتە، بەشار ئەسەد ناچاردەکات پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ کوردەکاندا سازبکات.

حوسنی کەلام لەم دۆخەدا کورد دەبێت زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ روداو گۆڕانکاریەکاندا بکات، بەهەڵەشەیی، بێ توێژینەوە، شیکارکردن و بە بێ مەرج نەچێتە هیچ بەرەیەکەوە.

6/10/2015

# پەیوەندیی روسیا – ئێران، سەرەتایەك بۆ شەراکەتێکی ستراتیجی

بناغەی ئەم هاوپەیمانییە نوێیەی لەئەمڕۆدا لەنێوان روسیاو ئێراندا بەپراکتیکی بەرجەستە دەبێت، سەرەتای دەستپێکردن و دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2012. ئەم گۆڕانە لەستراتیجی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات، قۆناغێکی نوێیە لەپەیوەندی و ستراتیجی هەردو وڵات و لەجەوهەردا گۆڕانکاری و پێشکەوتنی رووداوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خوڵقاندویەتی.

لەو مێژووەوە هەردو وڵات زۆر بەچڕی کار بۆ داهێنانی میکانیزم و ئامرازاکانی لێکنزیکبوونەوە دەکەن. لەم بوارەدا بناغەیەکی

بەهێزیان بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانییەکی ستراتیجی بە ئامانجی پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندییە ژیاریەکانی بواری جیوسیاسی داناوە.

لەپایە نەگۆڕەکانی ستراتیجی سەرەکی روسیادا گرنگی کۆنترۆڵکردنی وڵاتانی کۆمەنوێلس لەئاستی یەکەمی بەرنامەی کاری سیاسیدایە، روسەکان پێیانوایە جێگیری و ئارامی ناوچەکانی چواردەوری ئەم وڵاتانە، بەتایبەتیش سنورەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشو دەچێتە بازنەی ئاسایشی نەتەوەی روسیاوە، لەم روەوە گرنگی پەیوەندییەکانی روسیا و ئێران دەچێتە چوارچێوەی ستراتیجی سەرەکی روسیاوە. ئەم راستیانە هۆکاری سەرەکی نزیکبوونەوەی روسیا و ئێرانە لە یەکتری.

لە ئەمڕۆدا خواستی نزیکبوونەوە و پێویستی بەستنی هاوپەیمانی لای سەرکردە و سیاسەتمەدارانی هەردو وڵات بەڕوونی لە هەڵوێست و لێدوان و هەڵسوکەوتەکانیاندا دەبینرێت.

## لە هاوڕێیەتییەوە بۆ هاوپەیمانی

بەفراوانبوون و قوڵبوونەوەی ململانێ، رکەبەرایەتی نێوان روسیا، ئەمەریکا و چڕبوونەوەی ناکۆکی و پێکدادانە ناڕاستەوخۆکانیان لەچەند ناوچەیەکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هاندەرێکی بەهێزبوو بۆ خێراکردن لەنزیکبوونەوە و فراوانکردنی پەیوەندییەکانی نێوان روسیا و ئێران و ئەنجامدانی چەندین رێکەوتنامەی گرنگ و بەهێز. ئەم هەنگاوانە لەنزیکبوونەوە سروشتی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتی بردە قۆناغی ستراتیجیەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم بوارەکانی سیاسی، ئابوری، تەکنولۆژیا، بازرگانی، ئاسایش و ئارامی، سەربازی گرتەوە.

## قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکانی ئەمەریکاو روسیا

لەناوەڕاستی ساڵی 2015ەوە بەقوڵبوونەوەی قەیرانی سوریا و پێشکەوتنی گروپە تیرۆرستییەکان و نزیکبوونەوە لەڕووخانی رژێمەکەی ئەسەد پێویستی

گۆڕینی پەیوەندیەکانی نێوان روسیا و ئێران بۆ هاوپەیمانی بووە خواست و ئەرکێکی هەنوکەیی بۆ هەردو وڵات.

ئەم هاوپەیمانییە لەم کاتەدا بووە هۆی قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوان ئەمەریکا و روسیا و پرسی چارەسەری قەیرانی سوریا بە تەواوەتی ئاڵۆزبوو، گۆڕەپانی شەڕەکە گەرمبوون و فراوانبوونی زیاتری بەخۆیەوە بینی.

لە روویەکیترەوە ئەم گۆڕانە لەدۆخ و هاوسەنگی هێز بووە سیماو رواڵەتێکی دیاری جیاکردنەوەی جەمسەری روسیاو ئەمەریکاو جیاکردنەوەی بەرەکان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

لەم قۆناغەدا روسیاو ئێران لەهەناوی دامەزراندنی ئەم هاوپەیمانیە کار بۆ دامەزراندنی شەراکەتێکی ستراتیجیە دەکەن، بەشێوەیەکی گشتیش بەرنامەی کارکردنیان لەچەند بوارێکدا چڕدەکەنەوە، لەوانە:

1 - هاوکاری سەربازی، کە لەچەندین بواردا دەردەکەون، لەوانە هاوکاری سەربازی روسیا بۆ ئێران لەبوارەکانی

پێشخستنی تەرسانەی چەکسازی، پێدانی تەکنولۆجیای چەکسازی و سەربازی نوێ،.. هتد.

2 - فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەبواری ئابوری: هاوکاری ئێران لە لایەن روسیاوە لەبوارەکانی بازرگانی، نەوت، گازی سروشتی و تەکنۆلوژیای پێشکەوتوو.

3 - پەیوەندی سیاسی: ئەم پەیوەندییە لەئەمڕۆدا بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە رووبەڕووبونەوەی شەڕی داعشدا نمایش دەکات، لە جەوهەردا چەندین بواری ژیاری بۆ بوونیادنانی بناغەی پرۆسەی ستراتیجی جەمسەرگیری دەگرێتەخۆی.

لە ئەمڕۆدا گرنگترین و گەرمترین ئەو مەلەفانەی دەچنە بواری کاری هاوبەشی هەردوو وڵاتەوە، مەلەفەکانی، عیراق، سوریا، ئەفغانستان، تاجیکستان، دەریای خەزەر، چالاکیەکانی ناتۆ لەقەوقاس و چەند ناوچەیەکیتر.

بەشێوەیەکی گشتی چڕبوونەوەی هاوکاری و پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە لەشەڕی داعش بەتایبەتی لەسوریاو عیراق ، نەک هەر

ئەم پەیوەندییەی بردە قۆناغێکی نوێوە، بەڵکو بووە سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی شەڕی سارد و هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ دابەشکردنی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان جەمسەرە سەرەکییەکانی سیستمی نوێی جیهاندا.

## ستراتیجی پەیوەندی نوێی روسیا

لەم قۆناغەدا، روسەکان ستراتیجێکی نوێیان بۆ برەودان، پێشخستنی پەیوەندییە سیاسی، ئابوری و سەربازییەکانیان لەبواری دەرەکیدا بەرجەستە دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی ئەم پەیوەندییە لەسێ بواردا چڕدەبێتەوە شەراکەت، هاوپەیمانی، لێکتێگەیشتن.

ئەم سیاسەتە نوێیەی روسەکان کرانەوە و بەرژەوەندی لایەنی بەرانبەر زۆر زیاتر دەپارێزێت، بەشێوەیەکی گشتی لەرابردودا لە کۆی سیاسەتە دەرەکییەکانی رابردوی خۆی و سیاسەتی دەرەکی ئەمڕۆی ئەمەریکاشدا، ئەم ئاستە لەکرانەوە و هاوسەنگی بەخۆیەوە نەبینیووە.

تائەمڕۆ سیاسەتی دەرەکی ئەمەریکا لەسەر هەمان بناغەی رابردوی بەتیۆری دروستکردنی پرد لەنێوان ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کۆی ئەم پەیوەندیانە زۆر ناهاوتایە، سەنگی سود و بەرژەوەندییەکان بە بەردەوامی و بە قەبارەی گەورە بەلای ئەمەریکادایە، بگرە بەزۆری ئەم پەیوەندییە ناڕۆشن و تەمومژاویە، ئەمە جگەلەوەی لەمێژووی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لێوانلێوە لەزوڵم و ناعەدالەتی، کە هەندێکجار نەک بەرژەوەندی هاوپەیمانەکەی، بەڵکو خودی هاوپەیمانەکەشی کردوەتە قوربانی بەرژەوەندیەکانی خۆی، بۆ نموونە لەڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی 1975، کە کورد هاوپەیمانی ئەمەریکا بوو، کۆی شۆڕشی رزگاری کوردیی کردە قوربانی بەرژەوەندییەکی باڵاتری خۆی. ئەو رەفتار و ئاکارە لەسیاسەتی ئەمەریکا لەئەمڕۆدا بووەتە هۆکاری سەرەکی لەدەستدانی متمانە و دروستبوونی نەیار و دوژمن بۆی. روسەکان بەهۆی پێگەی سنورداریان لەسیستمی نوێی جیهانی و وەرگرتنی وانەیەک لەسیاسەتەکانی

ئەمەریکا لەئەمڕۆدا دەیانەوێت سیاسەتێکی نوێ و جیاواز لەرابردو داهێنێت، لەم ستراتیجەدا سێ بواری سەرەکی دەکاتە بناغە:

لەبواری هاوبەشیدا: روسەکان بەم پایەیە کار لەسەر دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوسەنگ یان نزیک لەهاوسەنگی لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان بەرجەستە دەکات، هاوبەش بوونەوە بەئاستێک بەرژەوەندی هەردوولا بەهاوتای بەدەست بێت، لەم بوارەدا هاوکاری روسەکان بۆ ئێرانیەکان و ئەنجامدانی وەبەرهێنان لەسەرجەم بوارەکانی ئابوری، سیاسی، سەربازی، تەکنولۆجیادا بە پێی رێککەوتن و ئەو پرەنسیپانەی لەسەری رێکدەکەون، تایبەتمەندی دەبێت.

لەبواری هاوپەیمانیدا: روسەکان ئەوکاتەی دەبنە هاوپەیمانی وڵاتێک ئامادە دەبن هەڵوێستی بەهێز و ئەرێنیان لەبەرانبەر هاوپەیمانەکانیاندا بێت، بۆ نموونە پەیوەندی روسیا و رژێمەکەی بەشار ئەسەد و بەرژەوەندی هاوبەش هۆکاری جوڵاندنی هێزی سەربازی روسیابوو بۆ بەرگریکردن لە رژێمەکەی بەشار ئەسەد.

لەبواری لێکێگەیشتندا، ئەو کاتەی روسەکان دەبنە شەریک و هاوپەیمانی وڵاتێک تێگەیشتن و دنیابینیان بۆ بەرژەوەندی و خواستەکانی ئەو وڵاتە لەسۆنگەی دنیابینی ئەوانەوە دەبێت.

بەم پرەنسیپ و دنیابینییە پەیوەندی ئێران و روسیا لەئەمڕۆدا روەو پێشکەوتن و شەراکەتێکی ستراتیجی دەچێت، بەوەی ئەم پەیوەندییە لای روسەکان لەسەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەشەو هیچ بەرگێکی ئایدیۆلۆژی لەبەرناکات، پێناچێت پێکدادان لەنێوان دنیابینی ئایدیۆلۆژی ئەم دوو وڵاتەدا دروست ببێت، بۆیە پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت لە ئایندەدا ئەم پەیوەندیە بەرگی شەراکەتێکی ستراتیجی پتەوی لێ بدورێتەوە.

20/10/2015

# خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم شەپۆلەکانی گۆڕاندا

بەشێوەیەکی گشتی لە ئەمڕۆدا کۆی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە بارێکی قەیراناوی، پڕ کێشە، گرفت، دۆخێک لە شەڕ، توندوتیژی، ناجێگیر، نائارامی سیاسی، ئابوری و کولتوریدا کات بەڕێدەخات.

دوایین ویستگەی گۆڕان و وەرچەرخان لەم ناوچەیە، کە لەمنداڵدانی شەپۆلی راپەڕین و شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبییەوە بەرجەستەبوو، لە جەوهەردا هەنگاوێکی گرنگ و سەرەکی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تاک جەمسەری جیهانی و بەرجەستە کردنەوەی سیستمێکی نوێی فرە جەمسەریە. ئەم رووداوانە لە کرۆکدا گۆڕانێکی جەوهەریە لە پەویوەندیە

نێودەوڵەتیەکان و سەرلەنوێ هاوسەنگی هێز و تـەواوی بەها و پرانسیپەکانیان بەرجەستە دەکاتەوە. ستراکچەری ئەم سیستمە نوێیە لە پراکتیکدا هەمان هەڕەمی رابردوی هەیە، بەڵام کارەکتەرەکان و سروشتی گەمەکە دەگۆڕێن. لـەم قـۆنـاغـەدا لـە لـوتـکـەی دەسـەڵاتـدا چیتر ئەمەریکییەکان بە تەنیا حوکمداری ناکەن، لە گەڵ ئەوەی وا پێشبینی دەکرێت بۆ ماوەیەکی زۆرتر لەئایندەشدا ئەم وڵاتە بەهێزترین دەوڵەتی زەوی دەبێت، بـەڵام لە لوتکەی دەسەڵاتی جیهانیدا روسیا و چین دەبنە دوو شەریکی سەرەکی، لە خوار ئەمانیشەوە وڵاتە سەرکەوتوەکان بە نمونە ئەڵمانیا و بەرازیل و هیندستان.. . هتد، وڵاتـە گـەورە کلاسیکییەکان وەک ژاپـۆن و بەریتانیا و فەرەنسا.. .. .. هتد. جارێکیتر لەنێوان جەمسەرەکاندا دابـەش دەبنەوە. لە پێگەیەکی خوارتردا هێز و دەوڵەتە هەرێمایەتیەکان دێن، بۆ نمونە لە خۆرهەڵاتی نـاوەڕاسـت تورکیا، ئێران، میسر و سعودیە بە هەمانشێوازی وڵاتە سەرکەوتوەکان لە نێوان جەمسەرەکاندا دابەش دەبنەوە. لەم مۆدێلە سیاسیەدا چەندین وڵاتی تر دێنە هاوکێشەکەوە، بەڵام بەسەنگ و پێگەی

لاوازەوە لەوانە، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە نمونە، عێراق، سوریا و چەند گروپێکی چەکداری وەک داعش و قاعیدە.

لە ئەمرۆدا شەڕ و پێکدادان و رکەبەرایەتیەکان وەک سەردەمی سیستمی دوو جەمسەری بەرگی ئایدیۆلۆجیا لەبەر ناکەن، بەڵکو بە کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپی جیاواز لەسەر بناغەی بەرژەوەندی خۆیان ساغ دەکەنەوە و بەرەکان جیادەبێتەوە. لەم قۆناغەوە جەمسەرەکان بە هێڵێکی روون دابەشکردنێک لەسەر ئاستی جیهانی بەرجەستە دەکەن. ئەم جیاکاریە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست فۆرمێکی تایبەت بەخۆی وەردەگرێت، لە بەرەکاندا وڵاتانی سعودیە، میسر، قەتەر، تورکیا و زۆرینەی گروپ ولایەنە سوننەکان دەکەونە بەرەی ئەمەریکاوە.

وڵاتانی ئێران، سوریا، عێراق(حکومەت) و زۆرینەی بەرەی شیعە دەکەونە بەرەی روسیاوە

لە هاوشانی ئەم دابەشبونە و دەرئەنجامی بەرجەستەبوونی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە فۆرم و سروشتی چەمکی پەیوەندی نیودەوڵەتی و هاوکات بە هۆی سروشتی ئاسای قۆناغی پەرینەوە، کە لە پراکتیکدا بارێک لە تێهەڵکێش

بوون و ئاڵۆزی و بێ سەروبەری دەخوڵقێنێت، سیما و رواڵەتی پەیوەندی نێوان وڵاتان و هێزە سەرەکیەکانیش هەمان سروشت هەڵدەگرێت.

لەم قۆناغەدا پەیوەندی نێوان هێزە هەرێمایەتیەکان زۆر تەسک و سنوردار دەبێتەوە، بۆ نمونە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەم دۆخەدا پەیوەندی نێوان هێزە هەرێمایەتیەکانی تورکیا، ئێران، سعودیە و میسر بەشێوەیەک تەسکبوونەتەوە زۆرجار وا دەردەکەون، کە تەواو لە یەک دابڕابن، بگرە هەندێکجار خاڵەکانی پێکدادانیان سیمای سەرەکی پەیوەنیەکانیان دادەپۆشێت.

لەم بارەدا سروشت و ناوەرۆکی پەوەندیەکانی نێوان هەر دوو وڵاتێک بە جیا لەوانیتر دادەڕێژرێتەوە و تایبەتمەندی خۆی دەبێت. بۆ نمونە پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و ئێران هەمان ئاراستە و فۆرمی پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و سعودیەی نییە، ئەم دوانەش جیاوازن لەپەیوەندی نێوان ئەمەریکا و تورکیا، بەهەمانشێوە پەیوەندی نێوان روسیا و ئێران، روسیا و سوریا، روسیا و تورکیا، روسیاو میسر هەریەکەیان تایبەتمەندی

خۆی هەیە، بۆیە لەم سیستمە نوێیەدا هیچ نەبێت لەم قۆناغەیدا پەیوەندیەکان بە ئەرێنی و نەرێنی لە بەرەکاندا چڕنابێتەوە، بەڵکو دەشێت لە یەک کاتدا وڵاتێک پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی هەردو بەرەکەدا هەبێت.

لە بازنەی ئەم پەیوەندیانەدا مەرج نییە هەڵسوکەوتی سیاسی لایەنێک یان دەوڵەتێک تەنیا لەبەرەیەکدا سنوردار نابێت، هاوکات دەرئەنجامی کردەوە سیاسییەکان بەرهەمەکەی بۆ یەک بەرەو یەک هێز نابێت. بۆ نمونە: لە بواری سودی سیاسیدا بوونی داعش و سیاسەتەکانی تەنیا لە یەک بەرەدا سنوردار نابێت، رەنگە لە یەک کاتدا بەرهەمی داعش بۆ ئەمەریکا و روسیا بە دوو ئاست و دوو قەبارەی جیاواز بەرجەستە ببێت.

## بوارەکانی پەیوەندیکردن

پەیوەندییە سیاسی و ئابوریەکان، لەستراکچەری سیستمی سیاسی جیهانی نوێدا بەشێوەیەکی گشتی لەسێ بوارەدا چڕدەبێتەوە: پەیوەندی نێودەوڵەتی –نێودەوڵەتی، نێودەوڵەتی – هەرێمایەتی، هەرێمایەتی- هەرێمایەتی.

ئەمڕۆ، لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسێ پێگەی سەرەکیدا، هەرسێ بوارەکانی پەیوەندی یەکانگیر دەبن.

سوریا: پێکدادان و رکەبەرایەتییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و لۆکاڵیەکان ئایندەی ئەم وڵاتە بەرەو ئاقارێکی زۆر ترسناک پەلکێش دەکەن. لە سوریادا، روسیا و ئێران زۆر بەچڕی پشتگیری و یارمەتی رژێمەکەی بەشار ئەسەد دەدەن، لە بەرانبەریشدا ئەمەریکا و تورکیا و سعودیە لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی سوریدان و بە هەموو شێوەیەک راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دژی بەشار ئەسەد دەجەنگن.

عێراق: لەم وڵاتەدا کۆی پێکهاتەی شیعە بە واتە حکومەتە فەرمییەکەی بەغداد، لە جەوهەردا لە بەرەی روسیا- ئێراندا ساغبونەتەوە. هەرچی سونەی عێراقیشە لە بەرەی ئەمەریکادا خۆیان نمایش دەکەن، بەڵام وەک کورد لە گەڵ ئەوەی بە رواڵەت وا دەردەکەوێت، کە لە بەرەی ئەمەریکادایە، بە پراکتیکی لە نێوان هەردوو بەرەکەدا دابەشبوونە.

تەنانەت لە بواری ئابوری و کۆمپانیا نەوتیەکاندا، زۆربەی کۆمپانیا روسیەکان لە باشوری عێراق و زۆنی سەوزی یەکێتی لە کوردستاندا وەبەرهێنان دەکەن، هەرچی کۆمپانیا ئەمەرکییەکان چڕی وەبەرهێنانیان دەکەوێتە زۆنی زەرد و رویان زیاتر لە ناوچە سوننە نشینەکانە.

یەمەن: لەم وڵاتەش بە هەمانشێوازی سوریا و عێراق بەرەکان بە تەواوەتی جیابونەتەوە و شەڕ و پێکدادانەکان هەمان سروشتی بارە گشتیەکەیان وەرگرتووە.

خولاسەی مەبەست چڕبوونەوەی ئەم هەموو نێواندژی، قەیرانانە، پێکدادانی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکان لەم ناوچەیەدا ئاماژەیەکی بەهێزی رودانی گۆڕانێکی جەوهەری و وەرچەرخانێکی گەورەیە لە ئاراستەی بەرەوپێشچونی مێژووی ئەم ناوچەیە. بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان و خۆرهەلاتی ناوەڕاست، بەشێوەیەکیدا لە بارودۆخی دوای شەڕی جیهانی دووەم دەچێت بەتایبەتی کاتێک، کە دەرئەنجامی گۆڕانی هاوسەنگی

هێز و بەرجەستەبوونی واقیعێکی جیاواز لە رابردو، چەندین دەوڵەت دابەشبوون، ئەو کات چەند وڵاتێک بە پراکتیکی لەنێوان هەردولای جەمسەری سەرمایەداری و سۆسیالیزمدا دابەشبوون، ئەڵمانیا، کۆریا، یەمەن و. .. . هتد کران بە دوو لەتەوە. لە ئەمڕۆشدا ئەوەی پێشبینی دەکرێت چەند وڵاتێک بە سەر بەرەکاندا دابەش بکرێن، بۆ نمونە ئاماژەکانی واقیعی ئەمڕۆ پێشبینی بۆ دابەشبوونی عێراق و سوریا هەریەکەیان بۆ سێ هەرێمی جیاواز بە راشکاوی باسی لێوە دەکرێت. هاوکات بە بارێکیتریشدا قسە لەسەر پێکەوەگرێدانی هەندێک لەو پارچانە بەوڵاتانی دەوروبەرەوە دەکرێت بۆ نمونە، گرێدانەوەی ناوچەی سوننەی عێراق و سوریا بە وڵاتی لوبنانەوە، بەواتە سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی فینیقیای گەورە. لە روویەکیترەوە پێدەچێت شەپۆلی گۆڕانکاریەکان بە گۆڕینی نەخشەی سیاسی هەندێک وڵاتەوە نەوەستێت، بەڵکو گۆڕان بەسەر سیستمە سیاسیەکانیشدا بسەپێنێت. بەواتە چیتر ئەم ناوچەیە نەک نابێتە لانکەی پەروەردەکردنی دیکتاتۆریەت و تاکرەوی،

بەڵکو چیتر دیکتاتۆرە کۆنەکانیش ناتوانن تیایدا بمێننەوە.

لیڤین 25/10/2015

# کوردستان لەستراتیجی نوێی ئەمەریکادا

لەسەرەتای سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆرستی داعشەوە، پرۆسەی پێدانی چەک بەکورد، لەلایەن ئەمەریکاوە بەشێوەیەکی کەموکورت ئەنجامدراوە. ئەم پرۆسەیە، کە لەسەرەتادا بەسستی بەڕێوەدەچوو، دوو بۆچوونی جیاوازی لەمەڕ ئەم هاوکاری و پێدانی چەکەی خوڵقاند.

کورد پێیوایە دەبێت راستەوخۆ ئەمەریکا پەیوەندی و یارمەتیەکانی بدات بە کورد، هەرچی ئەمەریکیەکانیشە، تا ئەمڕۆ سورن لەسەر ئەوەی، کە دەبێت لەڕێگەی ناوەندەوە یارمەتی و پێدانی چەک بە کورد بدرێت.

لەم شەڕەدا بەوەی لەسەرەتاوە کورد بووە

ئامانجێکی داش، پێویستی بەرجەستەکردنی لێکتێگەیشتن و هاوکاری و شێوە یەکخستنێکی کاری سەربازی دروست بوو، کورد بووە هێزی سەرەکی لەدژی داعش لەسەر زەوی، ئەم پێگەیە ئەو هەلەی بۆ رەخساند، کە ببێتە هاوبەشێکی کارا لەهاوپەیمانیەکی نێودەوڵەتی.

سروشتی ئەم پرۆسەیە لەسەرەتاوە بەو شێوەیە دەقیگرت، کە ئەمەریکیەکان هاوکاری و یارمەتیەکانیان لەڕێگەی پێدانی چەک و بەشداری شەڕ لەئاسمانەوە لەڕێگەی هێزی ئاسمانییەوە ئەنجام بدرێت، هێزە کوردییەکان لەسەر زەوی ئەم شەڕە ئەنجام دەدەن، بەواتە ئەنجامدانی ئەم شەڕە بە بێ کورد بە ناتەبایی و بێ هاوسەنگی بەڕێوەدەچوو.

## هاتنی سوپای روسیا بۆ سوریا

بەهاتنی سوپای روسیا بۆ سوریا، گۆڕینی هاوکێشەی هێز لەسوریا دۆخێکی نوێی خولْقاند و قەیرانەکەی زۆر قولْکردەوە، لەسەر زەوی هاوسەنگی هێز بۆ بەرژەوەندی بەشار ئەسەد گۆڕا، بەمەش نەخشەی ئەمەریکا بۆ رووخانی رژێمەکەی ئەسەد و زیندوکردنەوەی

پڕۆژە ئابوری و سیاسییەکانی لەم ناوچەیە نزیکدەبێتەوە لە شکست و کۆتایی.

ئەمەریکییەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم هەنگاوەی روسیا و هەر ئەگەرێکیتری جولانی هێزی سەربازی لە ڕۆژانی داهاتودا، بڕیاری هێنانی هێزی پیادە و دروستکردنی بنکەی سەربازی نوێ و بەهێزکردن و زیادکردنی هێزەکانی لەم ناوچەیە خستە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەم قۆناغەدا لە هاوشانی هاتنی سوپای روسیا بۆ سوریا، دامەزراندنی ژورێکی عەمەلیاتی هەواڵگری و سەربازی لەبەغدا لەنێوان روسیا و ئێران، عیراق، سوریا و بڵاوەکردنی هەواڵی دامەزراندنی هاوپەیمانییەکی روسی لە دەرەوەی هاوپەیمانی ئەمەریکا، بووە هۆی لێکترازان و جیابوونەوەی بەرەکانی شەڕی داعش بەشێوەیەکی دیار. تۆمارکردنی سەرکەوتنی پرۆسە سەربازییەکانی روسیا لە سوریا لە ماوەیەکی کورت و پاشەکشێی بەرچاوی هێزە تیرۆرستیەکانی داعش و نوسرە، بەرنامە و ستراتیجی شەڕی لەم ناوچەیە بە تەواوەتی گۆڕی. ئەم پێشهاتەیە

کاریگەری گەورە و وەرچەرخانێکی تەواوی لەستراتیجی ئەمەریکا خوڵقاند، پرۆسە و بەرنامەی کاری سەربازی و سیاسی ئەمەریکا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەبەرگ و ڕەنگێکی نوێدا دادەرێژێتەوە.

لەبەرپەرچدانەوەی ئەم پێشهاتەیەدا، نەک تەنیا وتاری سیاسی و لێدوانی سیاسی و سەربازی ئەم وڵاتەی توشی شڵەژان و سەرلێشێوان کرد، بەڵکو شێوە ناکۆکی و دووبەرەکییەکی خستەناو ئیدارەی سیاسی ئەمەریکاوە و ڕاستەوخۆ بەشێک لە سەرکردەکانیان کەوتنە ڕەخنەکردن و تومەتبارکردنی یەکتر، زۆرێک لەمانە سیاسەتەکانی ئۆبامایان بە هۆکاری ئەم دۆخە نەخوازراوە تۆمەتبار دەکرد.

لەڕوویەکیترەوە ئەم هەنگاوەی روسەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دنیابینی، هەڵوێستی گەلان، ئەم ناوچەیە و لایەنە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەی لە کرۆکدا لەبەرەی ئەمەریکادا خۆیان ساغ نەکربوەوە، یان ئەوانەی بەناچاری لەبەرەی ئەمەریکادا بوون، دروستکرد.

گەڕانەوەی روسیا بۆ ناو هاوکێشەی سیاسی نێودەوڵەتی و گەمە گەورەکە تەنیا ئەوە نەبوو، کە لەسەر زەوی هاوکێشەو هاوسەنگی هێز و ئاراستەی رووداوەکانی گۆڕی، بەڵکو بزمارێکی پتەوبوو لەتابووتی سیستمی تاک جەمسەری جیهانی و پێگەی ئەمەریکا لەلوتکەی دەسەڵاتی جیهاندا درا.

بە بارێکیتریشدا دەرکەوتنی ئاکام و سەرکەوتنی پرۆسەی لێدانی داعش لەلایەن روسیاوە، ئەو باوەڕەی لای زۆرینەی دەسەڵاتداران و خەڵکی ئەم ناوچانە خوڵقاندوە، کە لەماوەی پێشودا ئەمەریکییەکان لە لێدانی داعشدا راستگۆ نەبوونە، هەندێکیش ئەو باوەڕەیان لا دروست بووە، کە داعش ئەگەر لەجەوهەردا لەکارگە سیاسییەکەی ئەمەریکا خۆشییەوە دروست نەکرابێت، ئەوە بێگومان دەرئەنجام و دەرهاویشتەی سیاسەتی چەوت و نادروستی ئیدارەی ئەمەریکایە.

لەم دۆخەدا بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەم پێشهات و رووداوە، ئەمەریکییەکان بڕیاری هێنانی سوپای سەربازی و هێزی تایبەتییان بۆ کوردستانی رۆژئاوا و باشور خستووەتە

بـواری جێبەجێکردنەوە. لەئێستادا خێرایی بەرجەستەبوونی رووداو و گۆڕانکاریەکان وای لە ئەمەریکییەکان کردووە، کە زۆر بەخێرایی بێنە کوردستان و لەپێناوی رەخسادنی پێگەو دۆخێکی گونجاو بۆخۆیان، نەک هەر کار بۆ رازیکردنی کورد دەکـەن، بەڵکو بەپراکتیکی هاتونەتە ناو پرۆسەی سیاسی کوردییەوەو زۆر بەخێرایی کار بۆ کۆتایهێنانی قەیرانی سیاسی کـوردی دەکــەن، لـەم پرۆسـەیـەدا ئەوەی ئاستەنگ بۆ ئەمەریکا دروست دەکات، قوڵبوونەوەی قەیرانی کوردییە، بەشێوەیەک، کـە دەرفــەتــی چــارەســەری زۆر تـەسک بووەتەوە، بۆیە لەم قۆناغەدا ئەوان لەسەر بناغەی دامەزراندنەوەی هاوسەنگی سیاسی کـاردەکـەن، بـەڵام بۆ زامنـکـردنی پرۆسە سیاسییەکەیان و درێــژەدان بەمانەوەیان لەبەرەیەکدا خۆیان ساغ دەکەنەوە، لەمبارەدا ئەمەریکییەکان ئەوە دەزانن، کە ئەو بەرەیەی ئەوان لەسەر زەوی توشی قەیرانێکی گەورە بـووە و ناتوانێت بەبێ پاڵپشتی ئەمەریکا بتـوانـێت درێــژە بـەمـانـەوەی خـۆی بـدات، هاوکات لەپێناوی مانەوەی سەرۆکی هەرێمی

کوردستان لەپۆستی سەرۆکایەتی گومانی تیادانییە ئامادەیە، لەبەرەی ئەمەریکادا تا دوا هەناسە بمێنێتەوە.

لەم بارەدا ئەوەی ئاستەنگ بۆ ئەمەریکا دروست دەکات، ئەو راستیەیە، کە لەئەمڕۆدا جیۆپۆلیتیکی کوردستان ئەو دۆخەی خولْقاندوە، کە بکەوێتە نێوان هەردوو بەرەی شەڕەوە، هاوکات لەسەر زەویش بەپراکتیکی کوردستانی باشور لەنێوان دوو بەرەی هەرێمایەتی و جیهانیدا دابەش بووە. ئەم واقیعە ئەو بارەی خولْقاندووە، لەنێوان بەرە نەیارەکانی کوردستاندا ئەمەریکیەکانیش ناڕاستەوخۆ پشتگیری پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن.

رەنگە لەجەوهەردا بەوەی تا ئەمڕۆ پارتی بالْادەستە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەمەریکاو پارتی فۆرمێکی فەرمی وەربگرێت، بەلْام لەپراکتیکدا ئەگەر لەبەرنامەی ئەمریکییەکاندا نەخشەی مانەوەیان لەکوردستان بۆ ماوەیەکی دورو درێژ هەبێت، ئەوە ناچاردەبن هەلْسوکەوت لەگەلْ کۆی لایەنەکانی تری کوردستاندا بکەن

و هەوڵی دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی گونجاو، کە زامنی بەرجەستەکردنی جێگیری و بەردەوام بوون بێت بدەن.

## کوردستان گۆڕەپانی پێکدادانی ئەجندە پێچەوانەکان

لـــەم دۆخـــــەدا چـــڕبـــوونـــەوەی شـــەڕ و پێکدادانەکان لەنێوان هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و لۆکاڵیەکان لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عیراق و سوریا بەتایبەتی ئەو بارەی خوڵقاندووە، کە پێکدادان لەنێوان چەند ئەجنداو ستراتیجێکی جیاوازو پێچەوانەی یەکتردا دروست ببێت. لەئەمڕۆدا بەپراکتیکی ئەجندای ئەمەریکا، روسیا و هەرسێ هێزی هەرێمایەتی ئێران، سعودیە، تورکیا، ئەجندای هـێزە لۆکـاڵـیـەکـان کـــوردو ســونـەو شیعە لەسەر زەوی یەکانگیر ببن، هەر یەکەیان بەقەبارە و سەنگی و پێگەی خۆی لەهاوکێشە نێودەوڵەتیەکەدا بەشدار دەبێت و بەرنامەی کار و سیاسەتی خۆی دادەڕێژێت و پەیڕەوی بکات.

لـــەم بـــوارەدا ئەمەریکییەکان ستراتیجی سـیـاسـیـیـان بـەئـاڕاسـتـەی کـۆنـتـرۆڵـکـردنـی

سەرچاوەکانی وزە و فراوانکردنی ناوچەی نفوزی سیاسی خۆیانە لەم ناوچەیە، لەم چوارچێوەیەشدا بەرنامەی کاری خۆیان لەسەرجەم بوارەکانی سیاسەت و ئابوری و سەربازیدا لەخزمەت بەرجەستەکردن و ئەنجامدانی پڕۆژە ستراتیجیەکانیانە، کە لەجەوهەردا تا ئەمڕۆ لەچوارچێوەی گەڕانەوەی ڕۆڵ و پێگەی تاک جەمسەری ئەمەریکادایە.

ستراتیجی روسیا لەم ناوچەیە بەپلەی یەکەم بەئاڕاستەی شکستپێهێنانی پڕۆژە ستراتیجیەکانی ئەمەریکایە، بەواتە ئاراستەی سیاسەتەکانی روسیا بۆ رێگرتنە لە بەرجەستەبوونەوەی جیهانی تاک جەمسەری ئەمەریکا و دانانی بناغەیەک بۆ بەرجەستەبوونی سیستمێکی جیهانی فرە جەمسەری.

## دەسەڵاتی ئەمەریکا  روو لەپاشەکشێ و تەسکبوونەوەیە

لەوێنە گشتییەکەیدا ئەوەی دەبینرێت لەم ناوچەیە بەتایبەتی لەعیراق و سوریا، پێگەو ناوچەی دەسەڵاتی ئەمەریکا روو لەپاشەکشێ و تەسکبوونەوە دەچێت. لەفۆرمە گشتیەکەیدا

ساغبوونەوەی شیعە لەبەرەی روسیا، کە تائەمڕۆ لەهەردوو وڵاتی عیراق و سوریا حکومەتی فەرمی لەدەست ئەواندایە، ئەو بارەی بۆ دەڕەخسێنێت، کە بەئاسانی بتوانێت هاوپەیمانی، پێگە، بنکەی سەربازی و سیاسی لەم ناوچەیە بۆ خۆی دابمەزرێنێت، ئەمە بە روویەکیتردا بەو واتایە دێت، کە تەنیا ئۆپۆزسیۆن لەبەرەی ئەمەریکادایە، بەواتە ئەمەریکا ناتوانێت هیچ رێکەوتنێکی فەرمی و حکومی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەنجام بدات.

لەلایەکیترەوە هاوپەیمانانی ئەمەریکا لەهێزە هەرێمایەتیەکان و لۆکالّیەکانیشدا بۆ خۆیان کۆمەڵێک قەیران و گرفتیان هەیە، کە لەئەمڕۆدا نەک ئەستمە بتوانن خۆیانی لێ رزگار بکەن، بەڵکو رۆژ بەرۆژ قەیرانی زیاتر دەخولقێنن و گەمەکە ئاڵۆزتر دەکەن.

تورکیا وەک هاوپەیمانێکی سەرەکی ئەمەریکا قەیرانە ناوخۆیەکانی بەشێوەیەک دەکولێت، نەک هەر ناتوانێت یارمەتی و هاوکاری ئەمەریکا بدات، بەڵکو دۆخەکە زۆر ئاڵۆزتر دەکات و مەترسی گەورە دەخاتە سەر ئایندەی یەکپارچەی خاکەکەی خۆی.

هاوکات قوڵبوونەوە و ئاڵۆزبوونی قەیرانەکان لەم ناوچەیە و فراوانبوونی بازنەی شەڕ و پێکدادانەکان، ئەو بارەی خوڵقاندوە، کە لەکرۆکدا پێکدادان لەنێوان ستراتیجی نوێی ئەمەریکاو خواست و ئەجندای تورکیادا دروست بێت.

لەبواری لۆکاڵی بەوەی لەعیراق و سوریادا بەرەی ئەمەریکا خۆی لەپشتگیری و هاوکاری ئۆپۆزسیۆنێکی میانڕەودا نمایش دەکات، لەواقعیشدا بەوەی ئەم شێوە ئۆپۆزسیۆنە یان بوونی نییە، ئەگەر هەشبێت زۆر لاوازە، بۆیە لەجەوهەردا ئەمەریکا هاوپەیمانێکی راستەقینەی نییە، لێرەوە پێویستی نزیکبونەوە و گرتنەخۆی کورد دەبێتە بڕیاریک ناکرێت دەستبەرداری بێت. لەمەڕ هاوپەیمانی کورد و ئەمەریکایش دۆخەکە لەوێوە بۆ ئەمەریکا ئاڵۆز دەبێت، کە بە پراکتیکی کوردیش لەنێوان بەرەکاندا بەپراکتیکی دابەشبوونە.

لەم دۆخەدا ئەمەریکا لەئەمڕۆدا هەلی هاوپەیمانیان لەسەر زەوی لەباشوری کوردستان، تا ئەمڕۆ تەنیا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام لێرەدا

نزیکبوونەوەی ئەمەریکا و پارتی بە واتەی هاوپەیمانی لەنێوان ئەمەریکاو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دێت. لەم پڕۆسەیەدا ئەجندای هەرێمایەتی هەر سێ هێزە سەرەکیەکە (ئێران، تورکیا، سعودیە)، لەگەڵ ستراتیجی ئەمەریکا و روسیا لەمەڕ پرسی کورد پێکدادان و ناکۆکی دروست دەکەن. لە لایەکیترەوە دەرئەنجامی بەرجەستەبوونی گۆڕان لەپرسی فۆرمی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، فەزایەکی نوێ بۆ دانوستان و لێکتێگەیشتن و ئەنجامدانی رێکەوتن دەخوڵقێت. هاوسەنگی هێز لەنێوان هێزە هەرێمایەتی و لۆکاڵیەکان لەجیهانی ئەمڕۆدا بەقەبارە و یاسا نییە، بەڵکو بەخاوەنداریەتی هەر لایەکە بۆ چەکی پێشکەوتوو.

بۆ نموونە لەسەرەتای دروستبوونی داعشدا چەک و تەقەمەنیەکانی ئەوان زۆر لەچەک و تەقەمەنی حکومەتەکانیان پێشکەوتوتر بوو، بۆیە توانیان لەماوەیەکی زۆر کورتدا، پێشکەوتن و سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستبێنن و ناوچەیەکی بەرفراوان

لەهەردو وڵاتی عیراق و سوریا لەژێر دەستی حکومەت دەرکەن و تائەمڕۆش حوکمڕانی ئەو ناوچەیە بکەن. بەوەی لەئەمڕۆدا کۆی هێزە لۆکاڵیەکان راستەوخۆ دەبنە بەشێک لەهاوپەیمانی نێودەوڵەتی و پەیوەندیەکانیان راستەوخۆ لەگەڵ جەمسەرە سەرەکیەکانی جیهاندا دەبەسترێت، ئەمانە هەریەکەیان لەسەرچاوەی خۆیەوە دەبێتە خاوەن چەک و تەقەمەنی و کەرەسەی سەربازی پێشکەوتوو. بەواتە لەبەرانبەر هەر حکومەتێکی بەهێزدا ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز دروست دەبێت.

لەوێنە گشتییەکەیدا دابەشبوون و جیابوونەوەی بەرەکاندا بارێک خولْقاوە ئەگەر حکومەت لەبەرەی روسیادا بێت ئەوە ئۆپۆزسیۆن لەبەرەی ئەمەریکا دەبێت، ئەم هاوکێشەیە بەپێچەوانەشەوە راستە. لەمەڕ پرسی کورد ئەگەر خۆرهەڵاتی کوردستان بەنموونە وەربگرین، ئەوە لەبەر ئەوەی ئێران لەبەرەی روسیادایە، دەبێت کوردستانی خۆرهەڵات لەبەرەی ئەمەریکادا بێت، بەڵام لەتورکیا پێچەوانەکەی راست دەبێت، بۆیە کاتێک کە تورکیا لەبەرەی ئەمەریکایە، کورد

دەبێت لەبەرەی روسیادا خۆی ساغبکاتەوە. لەبەشەکانی باشورو خۆرئاوای کوردستان، کە لەئەمڕۆدا بوونەتە گۆڕەپانی شەڕ بە هۆی بەرجەستەبوونی سێکوچکەی شەڕ واتە، بەرپابوونی شەڕ و پێکدادان لەنێوان شیعە و کورد و سوننەدا، هاوکات بەوەی هەردوو بەرەی شیعەو سوننە تا ئەمڕۆ هیچیان ئامادەی ئەوەیان نەنواندوە، کە دان بە مافی کوردا بنێن، بۆیە دۆخەکە لەم دو وڵاتە جیاوازیەکی هەیە. هەر ئەم سروشتەش وایکردوە تا ئەمڕۆ لەوێنە گشتییەکەیدا ئەم دو پارچەیە لەنێوان بەرەکاندا بەفەرمی خۆیان ساغ نەکەنەوە. ئەمە لەکاتێکدا لەباشور لایەنە سیاسییەکان بوونەتە دو بەشەوە، لەنێوان هەردو بەرەدا، لەخۆرئاوا کوردەکان سیاسەتی راگرتنی شێوە هاوسەنگییەک لەنێوان هەردو بەرەکەدا بەرجەستە دەکەن. لەم دۆخەدا ئەوەی خواستی ئەمەریکایە، بەهەر نرخێک بێت پێویستی بەوەیە، کە ئیحتیوای کورد بکات. بۆ ئەوەی بتوانێت جێگەی پێی خۆی بکاتەوە و بەربەستێکی بەهێز لەبەرانبەر پێشکەوتنەکانی روسیا لەم ناوچەیە دروست

بکات، هاوکات پێگەیەک بۆ بەرجەستەکردنی پرۆژە سیاسی و ئابوری و سەربازییەکانی لەم ناوچەیە برەخسێنێت.

ئەمەریکا لەئەمڕۆدا زیاتر لەهەموو کاتەکانی رابردو پێویستی بەکوردە. لەسەر بناغەی ئەم پایە و پێشهاتانە لە ئەمڕۆدا، بە مەبەستی راکێشانی سۆزی کورد و رازیکردنی هاوکاری و یارمەتیەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد کردووە، ئەمەش نەک هەر بووەتە هۆی نیگەرانی و تورەیی هەردو هاوپەیمانە دێرینەکانی تورکیا و سعودیە، بەڵکو تورکەکان بە ئاشکرا نیگەرانیەکانیان لەمەڕ ئەم هاوکاری، پەیوەندیانەی نێوان کورد، ئەمەریکا دەردەبڕن، بە پراکتیکی کێشە، گرفت بۆ ئەمەریکا و رۆژئاوا دەخوڵقێنن، لەنوێترین ئەو کێشانە قەیرانی پەنابەران، هاوکاری و یارمەتیدانی داعشە.

لەم دۆخەدا جێبەجێکردنی بڕیاری هێنانی هێزی تایبەتی پیادە و کردنەوەی ژورێکی عەمەلیاتی سەربازی ئەمەریکی لەهەولێر پرسی پەیوەندیەکانی کورد و ئەمەریکا دەباتە بارودۆخێکی نوێ و جیاواز لەرابردو. لەم پرسەدا ئەوەی دەبێتە ستراتیج لای

ئەمەریکییەکان بەرگریکردن نییە لەکورد، یان ئامانج لێی پشتگیری لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نییە، بەڵکو تا ئەمڕۆش کورد لەستراتیجی ئەمەریکادا پێگەو سەنگێکی دیاری نییە، بەڵکو زۆر بە ئاشکرا وەک پارچەیەک لەجەستەی وڵاتە هەرێمایەتییەکان هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات.

ئەوەی تا ئەمڕۆ بەڕوونی دەبینرێت لەسیاسەتەکانی ئەمەریکا بەرانبەر بەکورد، تەنیا وەک پرسێکی مرۆیی بانگەشەی بۆ دەکەن. سادەترین بەڵگەش بۆ ئەم راستییە ئەوەیە تائەمڕۆ ئەمەریکییەکان پاڵپشتی لەمانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ناوەند و هەرێم دەکەن لەسەرجەم بوارە ئابوری و سەربازی و سیاسیەکاندا، بەهیچ شێوەیەک هاوکارنین بۆ دامەزراندنی ژێرخان و رەخساندنی زەمینەیەک بۆ سەربەخۆبونی کورد.

بەواتە لەگەڵ ئەوەی کورد لەم دۆخەدا دەبێتە پێگە و زەمینە بۆ گەڕانەوەی ئەمەریکا بۆ عیراق و جێگیربوونەوە و هاوکات جێبەجێکردنی پرۆژە ئابوری و

سیاسی و سەربازییەکانی، پارسەنگی هێز لەم ناوچەیە بۆ ئەمەریکا راست دەکاتەوە، بەڵام لەبەرانبەردا تا ئەمڕۆ هیچ ئاماژە و رۆشنایییەک لەسیاسەتی ئەمەریکا بەرانبەر بە کورد بەدی ناکرێت، کە لەبەرژەوەندی پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستاندا بێت.

## ئەزموونی پەیوەندی کوردو ئەمەریکا

لەڕاستیدا ئەزموونی پەیوەندی کورد و ئەمەریکا لەمێژوودا روویەکی سپی نییە، بەڵکو لاپەڕەیەکی رەشە لەتۆماری پیلانگێڕی. بەواتە ئەوەی ئەمەریکا لەساڵی 1975 لەگەڵ کوردا کردی سیناریۆیەکە قابیلی دووبارەبوونەوەیە. زامنی دووبارەنەبوونەوەی ئەو کارەساتە بەوەنابێت زیاتر بچینە ژێر باری داوە و خواستەکانی ئەمەریکا، بەڵکو بەوەدەبێت ستراتیجێکی نەتەوەیی و نیشتمانمان هەبێت و هەموو پەیوەندی و هاوکارییەک راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بەم ستراتیجییەوە گرێبدەین. لەم دۆخەدا ئەو پرسیارە بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە، ئایە ئەوکاتەی لەسەر بناغەی هاوسەنگی هێز هەردو بەرەکە دەکەونە سەر مێزی دانوستان، بەواتە ئەو کاتەی هێزە

نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان بەهەمانشێوەی سەرەتای سەدەی بیستەم دەکەونە سەر مێزی دانوستان و کێشەکانیان بەڕێگەی گفتوگۆ و دانوستان چارەسەر دەکەن و ناوچەکە جارێکیتر لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەنەوە، یان بەشێوەی ڕێکەوتنەکەی جەزائیر، کە زۆر بێ ڕەحمانەو بە بێ هیچ هەژمارکردنێک بۆ کورد، بەڵکو لەسەر حیسابی خوێن و ژیانی نەتەوەی کورد گەیشتنە ڕێکەوتن و قوربانی لەو پرۆسەیەدا تەنیا کورد بوو.

لەئەمڕۆدا ئەگەر لەدوای پێکدادان و کۆتای شەڕ، کە دەرئەنجامێکی حەتمییە و لە هەموو بارودۆخ و زەمەنێکدا کۆتایی شەڕ بە هەرشێوەیەک بێت دانوستان و ڕێکەوتنێکی لێکەوتوەتەوە، سەنگ و پێگەی کورد چ دەبێت و چ زامنێک هەیە مێژووی دابەشکردنی کوردستان دووبارە نەبێتەوە؟

لەڕاستیدا ئەوەی لەئەمڕۆدا بە واقیعی دەبینرێت، پەیوەندی کورد و هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکان بەو فۆرمەیە، کە ئەوان دەیانەوێت و لەبەرژەوەندی ئەواندایە، بەڵام وەک ئێمەی کورد، نەک هەر نەمانتوانیوە ئەجندای خۆمان

بسەپێنین و بناغەیەک و ژێرخانێکی سیاسی و سەربازی و ئابوری بۆ رزگاربوون دامەزرێنین، بەڵکو لەدانوستان و رێکەوتنەکانیشدا ئەوەندە بەلاوازی و بێ زانیاریەوە گەمەکە دەکەین، بووینەتە مایەی شەرم بۆ دۆستانمان و مایەی دڵخۆشی دوژمنانمان.

لەم دۆخەی ئەمڕۆدا ئەوەی پێگەو سەنگی کوردی بە تەواوەتی لاواز و بێ بەها کردوە ئەوەیە، کە واقیعی دووبەرەکی و نەگونجان بوەتە بەرگ و رەنگی ئێمە، بۆیە دەرئەنجام نەدۆستانمان متمانەمان پێدەکەن و نەدوژمنانمانیش چەکەرە لەپێشکەوتن و بەهێزبونمان دەکەن و حیسابمان بۆ دەکەن.

3/11/2015

## دروستكردنی شارە زەردەواڵە لە ستراتیجی نوێی ئەمەریكادا

دەركەوتنی داعش وەك گروپێكی تیرۆرستی لەچارەگەی یەكەمی ساڵی 2013ەوە، بەخێراییەكی پێوەری و لەپڕێكدا، لەسەرەتاوە بووە سەرچاوەی گومان و قسەوباس. تومەت بەخشینەوە لەسەر تێوەگلانی چەند لایەن و كەسایەتی ناوخۆی و دەرەكی دروست بوو.

لە 2ی تشرینی یەكەمی 2011 ئۆپۆزسیۆنی سوری لەئەستانبوڵ بەهاوكاری و یارمەتی ئەمەریكاو توركیا دورستكرا. ئەم ئۆپۆزسیۆنە بەهاوكاری و یارمەتییەكی زۆر زەبەلاحیشەوە نزیكەی دو ساڵ لەسوریادا نەیانتوانی هیچ پێشكەوتن و گۆڕانكاریەك ئەنجام بدەن.

لەپایزی ساڵ 2013 دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لەعیراق و شام وەک جێگرەوەیەک بۆ ئۆپۆزسیۆنە سستەکەی رابردو، بەهەمان میکانیزمێکی نویَ لەلایەن بەرەی ئەمەریکاوە دامەزرا.

لەسەرەتای سالّی 2014ەوە، ئەم گروپە توانیان زۆر بەخێرایی پێشڕەوی بکەن، لە 10/6 دا شاری موسڵیان داگیرکردو لەماوەیەکی زۆر کورتدا تەواوی ناوچە سوننەکانی عیراق و سوریایان خستە ژێر دەسەلاّتی خۆیانەوە.

## زەمینەی دروستکردی داعش

لەڕاستیدا درووستبوونی گروپی تیرۆرستی و توندڕەوی ئیسلامی و دەرکەوتنی داعش وەک دیاردەیەکی سیاسی لەمنداڵدانی شکست و پاشەکشێکانی ئەمەریکا، سەرەتا لەعیراق و دواتریش لەشکستیدا لەڕووخانی رژێمەکەی بەشار ئەسەدەوە دەستی پێکرد.

لەم قۆناغەدا پێشکەوتنی بەرەی روسیاو ئێران لەناوچەکەو بالاّدەستبوونی

شیعە لەعیراق و سوریا لەلایەک و بەرجەستەبوونی شۆڕشێکی نوێ لەمیسر، کە کۆتایی بەدەسەڵاتی ئیخوانەکان هێناو شێوە نزیکبوونەوەیەکیش لەگەڵ رووسیادا بەرجەستەبوو، ئەم رووداوانە پێکەوە بوونە هۆی سەرەکی دروستکردنی داعش. لەبواری ناوخۆی عێراقیشدا، ئەمەریکییەکان بۆ سازاندنی زەمینەیەکی گونجاو بەئامانجی دروستکردنی گروپێکی تیرۆرستی توندڕەو هاوشێوەی قاعیدەو تایبەتمەندی عیراقی هەبێت، بە بەرنامە کاریان لەسەر قوڵکردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان پێکهاتەکانی عیراق بەگشتی و سونەو شیعە بەتایبەتی کرد.

## ئاماژەکانی تێوەگلانی ئەمەریکا لەدروستکردنی داعش

لەپرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام(داعش)دا، کۆمەڵێک ئاماژە و کردار دەبنە بناغەی لۆجیکی ئەم باوەڕو دنیابینییە. لەو ئاماژانە:

–بەرژەوەندیی ئەمەریکا لەدروستکردنی داعش:

لەساڵی 2009دا شکست و پاشەکشێی ئەمەریکا لەعیراق، کۆنترۆڵکردنی حکومەتە فەرمیەکەی بەغدا لەلایەن پێکهاتەی شیعەوە، ناڕاستەوخۆ بووە هۆی باڵادەستبوونی ئێران لەعیراق، تەسککردنەوە، دوورخستنەوەی ئەمەریکا و دروستکردنی ترس لەسەر ئایندەی کۆی پرۆژە سیاسی و سەربازی و ئابوریەکانی لەم وڵاتە. لەلایەکیترەوە ڕێگەنەدانی بەشار ئەسەد بەتێپەڕینی بۆڕی گازی سروشتی قەتەری بەوڵاتەکەیدا و گەیاندنی بە ئەوروپا و نزیکبوونەوەی زیاتری لەڕوسیا و زیندوکردنەوەی پەیوەندییە ستراتیجیەکەی نێوانیان، دوو هۆی سەرەکی بوون بۆ گۆڕینی ستراتیجی ئەمەریکا لەم ناوچەیە.

لەڕوویەکیترەوە بەرزبوونەوەی زۆری نرخی نەوت و گازی سروشتی، نەک هەر ببوونە گرفت و کێشە بۆ ئەمەریکا و کۆی وڵاتە بەکاربەرەکان، بەڵکو بوو بەپاڵپشتی و فاکتەرێکی سەرەکی گەڕانەوەی روسیا بۆ ناو هاوکێشەی نێودەوڵەتی و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی هاوسەنگیەکی نوێی هێز.

## پەیوەندیی مێژوی نێوان ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی

پەیوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە لەدروستبوونیەوە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، بەڵام لەبارە گشتیەکەیدا لەئەزموونی ئەفغانستاندا وەرچەرخان و گۆڕانێکی جەوهەری بەسەردا هاتووە. لەقۆناغەکانی سەرەتایدا ستراکچەری ئەم پەیوەندییە بەقەبارەو ئاستی سنوردار بوو، زیاتر پەیوەندییەکان لەلێکتێگەیشتن و گۆڕینەوەی بیروبۆچوون، زانیاری، پێدانی هاوکاری و یارمەتیدا چڕ دەبووەوە، لەئەزموونی ئەفغانستاندا بۆ یەکەمجار رێکخراوێکی توندڕەوی ئیسلامی بەتەواوەتی لەلایەن ئەمەریکاوە دروست دەکرێت و ئامانج و ستراتیپجی تەنیا بەرژەوەندی ئەمەریکا دەبێت.

لەڕووی مێژوییەوە بەپراکتیکی بەرجەستەبوونی ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆساڵی 1953، لەو کاتەدا سەرۆکی ئەمەریکا ئایزنهاوەر لەکۆشکی سپی چاوی بەدکتۆر سەعید رەمەزان، ئەندامی نوسینگەی ئیرشادو زاوای حەسەن ئەلبەنا دەکەوێتو

چەندین بیر و دنیابینی بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانی دوو لایەنە گفتوگۆ دەکەن. هەر لەو ماوەیەدا جیفرسۆن کافری باڵوێزی ئەو کاتەی ئەمەریکا لەمیسر نامەیەک بۆ سەرۆک ئایزنهاوەر دەنوسێت و تیایدا دەڵێت: ئیخوانە ئیسلامییەکانی میسر و هاوپەیمانەکەیان لەکۆمەڵی ئیسلامی پاکستان، دەشێت ببنە هاوپەیمانێکی باشی ئێمە لەدژی کۆمۆنیزم. لەو کاتەوە بیرۆکەی دروستکردنی هاوپەیمانی لەنێوان ئەمەریکا و ئیسلامی سیاسی چووە بواری بەرجەستەکردن و پراکتیزەبوونەوە.

لەکۆتایی حەفتاکاندا بۆ یەکەمجار دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا نەخشەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لەئەفغانستان خستە بواری جێبەجێکردنەوە، لەم پرۆسەیەدا وڵاتانی میسر و سعودیە و پاکستان بەشدار بوون. لەدوا وێستگەیشیاندا پەیوەندی و هاوپەیمانی نێوان دەزگای هەواڵگری و ئیخوانیەکان بەگشتی و ئیخوانی میسری بەتایبەتی لەشۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیدا مۆدێلێکی جیاواز لەپێشویان بەرجەستە کرد، ئەم مۆدێلە دواتر بووە زەمینەیەکی لەبار بۆ دروستکردنی دەوڵەتی

ئیسلامی لەعیراق و شام(داعش).

-دانپێنانی هەندێک لەبەرپرسانی باڵای ئەمەریکاو دزەکردنی چەند زانیاریەک لەمەڕ بوونی پەیوەندی لەنێوان ئەمەریکاو داعشدا.

لەسەرەتای دروستبوونی داعشەوە چەندین جار راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ زانیاری لەمەڕ بوونی پەیوەندی لەنێوان ئەم رێکخراوەو دەزگای هەواڵگری ئەمەریکادا بڵاوکراوەتەوە، لەدواین ئەو زانیاریانە کتێبەکەی هێلاری کلنتۆن (هەڵبژاردە قورسەکان)Hard choices، کە زۆر بەڕاشکاوانە ئاماژە بۆ بوونی پەیوەندی و دەستی ئەمەریکا دەکات لەدروستکردنی داعش و دەڵێت: ئێمە هاتینە شەڕەکانی عیراق و سوریا و لیبیاوە، لەسەرەتاوە لەکۆی شەڕەکاندا بارودۆخەکە بەباشی دەچوو بەڕێوە، دەمانویست دەوڵەتێکی ئیسلامی سەربەخۆ لەناوچەی سوننەنشینی عێراق و سوریا دامەزرێت، بریاربوو لەگەڵ راگەیاندنی ئەم دەوڵەتە ئێمە راستەوخۆ لەگەڵ ئەورووپیەکان و هاوپەیمانەکانماندا دان بەم دەوڵەتەدا بنێین. بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی چەندین وڵاتم

کرد، بەڵام لەناکاو هەموو شتێک کۆتایی هات، هەموو شتێک بە بەرچاوی ئێمەوە بەبێ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەخت کۆتایی هات. لەپڕێکدا شۆڕشی 30/7ی میسر بەرپابوو، لەماوەی تەنیا 72 کات ژمێردا هەموو شتێکی گۆڕی. لەم شۆڕشەدا ئیخوانیەکان لەدەسەڵات دوورخرانەوە و سوپا دەستی بەسەر تەواوی حکومەتدا گرت. لەوکاتەدا ئێمە بەخێرایی کەوتینە خۆمان، دەمان ویست ئاڕاستەی گۆڕانکاریەکە بگۆڕین.

بەپێی زانیاریەکانی هیلاری لەوکاتەدا یەکێک لەهەڵبژاردەکان بەرپاکردنی شەڕ بووە لەدژی دەسەڵاتە نوێکەی سوپا لەمیسر، بەڵام دواتر وەک خۆی دەڵێت: لەم بڕیارە پاشگەزبووینەوە، چونکە بەڕاستی میسر، نەسوریایە و نەلیبیا. میسر سوپایەکی بەهێزی هەیەو هاوکات هیچ کاتێک گەلی میسر پشتی لەسوپاکەی نەکردوە، بۆیە گەیشتینە ئەو باوەڕەی بەم هەڵوێستە میسر لەدەست دەدەین، چونکە میسر وڵاتێکی ئاسایی نییە. لێرەوە پێویستی گۆڕینی ستراتیج و درێژەدان بەگروپی تیرۆرستی داعش دەستی پێکرد.

لەڕاستیدا ئەم دریژەپێدانە ئەوەندەی کێشا دەرئەنجام بۆ ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی دەبێتە مایەی ئیحراجی و شەرم، بەتایبەتی دوای ئەوەی روسەکان هاتنە شەڕەکەوە و لەماوەیەکی کەمدا ئاڕاستەی رووداوەکانیان بەشێوەیەک گۆڕی تەمەنی داعشیان لەزیاتر لەپازدە ساڵەوە وەک ئەوەی ئەمەریکا بانگەشەی بۆ دەکرد گۆڕی بۆ چەند مانگێک.

-یارمەتی چەکسازی و لۆجستی داعش

ئاشکرابوون و کەوتنەڕووی پرۆسەی یارمەتی و هاوکاری چەکسازی و لۆجستی داعش لەلایەن هاوپەیمانانی ئەمەریکا بەتایبەتی تورکیا، ئوردن، سعودیە و قەتەر، بنەمایەکیتری بوونی پەیوەندیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە لەنێوان ئەو دوو بەرەیە.

-دابەشبوونی پێکهاتەکان و وردتریش هەردوو پێکهاتەی شیعەو سوننە لەنێوان بەرە شەڕکەرەکاندا. روونتر ساغبونەوەی پێکهاتەی سوننە لەبەرەی ئەمەریکادا.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم پرۆسەیە وەک ئەوەی پێگەی ئەلکترۆنی the entersibt باسی لێوەدەکات، بەنهێنی لەلایەن دەزگاکانی هەواڵگری ئەمەریکا،

بەریتانیا، ئیسرائیلەوە دامەزراوە و جێبەجێشکراوە. ئەم پڕۆسەیە لەمەلەفە نهێنیەکانی دەزگا هەواڵگرییەکاندا ناوی پڕۆسەی دروستکردنی شارە زەردەواڵای لێنراوە. ئەم ناوەش لەواقیعدا ناوی پڕۆسەیەکی کۆنی هەواڵگری دەزگای هەواڵگری بەریتانیایە.

## میکانیزمی دروستکردنی شارە زەردەواڵە(داعش)

پڕۆسەی دروستکردنی داعش لە کارگەی دەزگا هەواڵگریەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، لە جەوهەردا بەشێکە لە ستراتیجی سیاسەتی دەرەکی ئەمەریکا، ئامانج لەم پرۆژەیە بەرگریکردنە لەو مەترسیانەی، کە دەکەوێتە سەر بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسی و سەربازیەکانیان لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. لەم پرۆسەیەدا، جگە لە هاویەیمانە ستراتیجیە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکانی ئەمەریکا، چەند وڵاتێکیتریش بەشدار دەبن، لەوانە هەندێک لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی دەبنە هاوبەش و بەشداری کارایان دەبێت، ئەو وڵاتانەی بەشداری کارا و سەرەکی و راستەوخۆیان هەیە، سعودیە، ئەردەن، تورکیا، قەتەر و چەند وڵاتێکی

تری هاوپەیمانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، لە گەڵ ئەوەی دابەشکردنی ئەرک و کاری ئەمانە قەبارە و ئاست و شێوازی جیاوازی هەیە، بەڵام لە بارە گشتی و ستراتیجیەکەیدا، دەبنە تەواوکەر و هاوکاری یەکتر لە بەرجەستەکردن و جێبەجێکردنی پرۆسە گەورە و سەرەکییەکەدا.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم پرۆسەیە وەک ئەوەی پێگەی ئەلکترۆنی the entersibt باسی لێوە دەکات، بە نهێنی لە لایەن دەزگاکانی هەواڵگری ئەمەریکا و بەریتانیاو ئیسرائیلەوە دامەزراوە و جێبەجێشکراوە. ئەم پرۆسەیە لە مەلەفە نهێنیەکانی دەزگا هەواڵگریەکاندا ناوی پرۆسەی دروستکردنی شارە زەردەواڵەی لێنراوە. ئەم ناوەش لە واقیعدا ناوی پرۆسەیەکی هەواڵگری کۆنی دەزگای هەواڵگری بەریتانیایە. گەورەی قەبارەی لایەنی دارای و بوجەی ئەم پرۆسەیە، بەشی شێری دەخرێتە سەر وڵاتە نەوتاویەکانی سعودیە، قەتەر، ئیمارات و کوەیت، بەڵام وەک ئەرکی لۆجستی خراوەتە سەر تورکیا، لە بواری سیاسی و رێکخستن و جێبەجێکردنی

لایەنە نهێنیەکانی ئەم پرۆسەیەدا ئـەردەن پشکی شێر وەردەگرێت. لە راستیدا دەسەڵاتە پاشایەتیەکەی ئـەردەن، ئەزمونێکی مێژوی سەرکەوتویان هەیە ، لەم شێوە کارە نهێنی و سیخوڕیانەدا، بەنمونە پێشتر لە سەردەمی شا حوسێندا ئەم رۆڵە لەلایەن دەسەڵاتی پاشایەتی ئەم وڵاتەوە زۆر بە کارای جێبەجێکراوە. لە یاریکردن لە ناو گەمەی کێشەی فەلەستین و سازاندنی رێکەوتنامی جەزائیری شومدا شا رۆڵی سیخورێکی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا دەبینێت، لـەو پـرۆسـەیـەدا وەک ئەوەی نوسەر وبیرمەندی گەورەی عەرەب موحەمەد حەسەن هەیکەل باسی لێوە دەکات لە بەرانبەر ئەم وەزیفەیەی، شا مانگانە بڕی یەک ملیۆن دۆلاری وەک خەرجی گیرفان وەرگرتوە.

نەخشەی گشتی دروستکردنی داعش، کە لەبارە گشتییەکەیدا لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەمەریکاوە کێشراوە، لە مێژوی ئەمجۆرە کارانەدا دروستکردنی داعش مۆدێلێکی نوێی کاری سیخوڕییە، بەڵام لە کرۆکدا لەسەر هەمان دنیابینی و سروشتی

دروستکردنی بزوتنەوەی تاڵبان و ڕێکخراوی قاعیدە خولْقاوە، کە لەحەفتاکاندا بیرمەند و سیاسەتمەداری گەورەی ئەمەریکا برجنسکی نەخشەکەی کێشا و حکومەتی ئەمەریکا جێبەجێی کرد، بۆیە دروستکردن و جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە، هەروا بە هەڕەمەکی و بێ بەرنامە ئەنجام نەدراوە، بەڵکو بە پرۆسەیەکی زۆر ورد و ئاڵۆزدا تێپەڕیوە و کۆی ستراکچەر و بیر و پایەکانی جێبەجێکردنی بە وریای بەرجەستەکراوە. پایە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەیە، کە سەرەتا بە دانانی چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆجی دەست پێدەکات، مەرجەعیەتی ئیسلامی سیاسی دەبێتە بناغەی هزری. لەبواری دیاریکردنی زەمینە و ناوچەی گیرسانەوەی ئەم گروپە، خاکی سونە نشینی عێراق و سوریا بە لە بارترین پێگە و جیگا دیاریکرا.

لە روی دابینکردنی هێزی بەشەریەوە، سەرچاوەکان لەبارە گشتییەکەیدا لە دو ئاراستە چڕدەبنەوە، ئاراستەی یەکەم، هەردوو ناوچەی سوننەگەری لە عێراق و سوریا، لە ئاڕاستەی دوەمیشدا چەکدارە بیانیەکان، ئەمانەش بە

شێوەیەکی گشتی ئەبن بە دوو بەشەوە، چەکدارە بیانیەکان و چەکدارە عەرەبەکان. پرۆسەی کۆکردنەوەی کۆی ئەم چەکدارانە بە پرۆسەیەکی نهێنی و ئاڵۆزدا تێپەڕیوە. دەزگا هەواڵگریەکانی وڵاتانی هاوپەیمان ئەرکی سەرەکی ئەم کۆکردنەوەیان گرتوەتە ئەستۆ. ڕێرەوی گواستنەوەی ئەم چەکدارانە لە کۆی وڵاتانی جیهانەوە لە ئاڕاستە گشتیەکەیدا لە تورکیا و ئەردەنەوە گەیەندراونەتە عێراق و سوریا. بە پرۆسەیەکی زۆر چڕ و ئاڵۆز، نەک هەر کار بۆ گەیاندنیان بەم ناوچەیە کراوە، بەڵکو زۆر بەوردی کار بۆ دروستکردنی تیرۆرست و کۆکردنەوەیانیش کراوە.

بناغەی ئایدیۆلۆجی ئەم ڕێکخراوە لە دنیابینی ئیسلامی سیاسی توندرەوەوە خوڵقاوە، بەڵام وەک ئامانجی ناوخۆی لە گەڵ ئەوەی لەجەوهەردا تەنیا پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوایە، لەنمایشدا تێکەڵەیەکە لەخواستی شۆفینزمی عەرەبی و بیر و دنیابینی ئیسلامی سیاسی پەخش دەکات. ئەم گروپە بە هەمان ستراتیج و ستراکچەری بزوتنەوەی تاڵبان لە ئەفغانستان

له دوو پێکهاتەی سەرەکی دامەزراوە، خەڵکی ناوچەکە، بە واتە پێکهاتەی سوننە لە عێراق و سوریا، کە لە کۆی لایەن و بیر و دنیابینیە جیاوازەکانی سەرچاوەی بیری شۆفینزمی عەرەبی، بەعسی، ئیسلامی، نەتەوەی، عەشایەر و. . هتد پێکهاتوە. وەک گروپی دووەمیش، کە چەکدارە بیانیەکانە ئەمانەش لەجەوهەردا دوو جۆرن، چەکدارە سوننە توندڕەو و تیرۆرستە غەیرە عەرەبەکان و چەکدارانی تیرۆرست و توندڕەوەکانی عەرەب. لەم پرۆسەیدا گروپی دووەم لەسەرەتاوە سیاسەتی خۆگونجان لەگەڵ گروپی یەکەمدا پەیڕە و دەکەن، بەڵام دواتر بە هۆی جیاوازی ئاکار و شێوازی کارکردنیان و جیاوازی ئامانجەکانیانەوە، توشی پێکدادان و کێشە و ناکۆکی دەبن. چەکدارە بیانیەکان بەوەی لە وڵات و نیشتمانی خۆیاندا نین، هیچ سۆز و بەزەیەیکیان بۆ خەڵکی ناوچەکە نییە، تەنانەت لەئایندەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیانیش ناترسن و هەموو جۆرە تاوان و کردەوەیەکی نامرۆڤانە ئەنجام دەدەن، لە کوشتن، ئەتککردن، غەدر و لاقەکردنی خەڵک. لەم

کردەوە و تاوانانەدا چەندین کەس لە گروپی یەکەم تێوە دەگلێن، ئەم کردەوەیە لەکرۆکدا بە شێکە لە سیاسەتی چەکدارە بیانیەکان، چونکە بەمشێوەیە لەکۆتای گەمەکەدا ئەو کەسانە بەوەی هیچ ئاسۆیەکیان بۆ مانەوە لەدوای کۆتای گەمەکە نامێنێت، ئەمانە یان دەبێت تا مردن بەرگری لەو پرۆسەیە بکەن، یان دەبێت لەگەڵ چەکدارە بیانیەکاندا لەدوای کۆتای یاریەکە ئەمانیش بەرەو ناوچەیەکیتری شەڕ وەک ئەوەی خوڵقێنەرەکانیان بۆیان دیاری دەکەن، هەڵبێن. بەواتە لەم پرۆسەیەدا چەندێک تیرۆست دەکوژرێت و لەناو دەچێت لەبەرانبەردا تیرۆرستی نوێ و زیاتر دروست دەبێت، ئەمە کارگەیەکیتری دروستکردنی تیرۆرستیە.

لەم پرۆسەیەدا بەوەی سەرچاوەکانی بەردەوام بوون، لە پێویستی لۆجستی و دارای و چەک و تەقەمەنی لە دەست چەکدارە بیانیەکاندایە، بۆیە دەرئەنجام تەواوی دەسەڵاتی ناوچەکە دەکەوێتە دەست ئەم گروپە.

لە بواری لۆجستیدا ئەرکی تورکیا و

ئەردەن بووە ئەرکی دابینکردن و گواستنەوەی پێداویستی، هاوکاری، یارمەتیەکان، چەک، تەقەمەنی و.. هتد. لە ئەزمونی دروستکردنی تاڵباندا پاکستان ئەرکی لۆجستی و مەشق و راهێنانی چەکدارانی گرتبووە ئەستۆ، لە مۆدێلی داعشدا تورکیا و ئەردەن ئەرکی دابینکردنی سەربازگەکانی مەشق و راهێنانیان پێسپێردرا، بەڵام وەک مەشقپێکردن و راهێنانیان درایە بەڵێندەرە سەربازییە تایبەتەکان، کە خۆی لەکۆمپانیای بلاک وتەردا نمایش دەکات. ئەم کۆمپانیایە، رۆڵی سەرەکیان لە شەڕی رووخانی بەعس هەبوو، شارەزای باشیان لەسەر پێکهاتەی سونە و ناوچەکەیان پەیدا کردبوو. لە ساڵی 2003ەوە کۆمپانیای بلاک وتەر وەک بەڵێندەرێکی تایبەتی سەربازی گەورەترین گرێبەستی لە مێژووی کاری خۆیدا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی مەدەنی ئەمەریکی لە عێراق، بۆ پاراستنی بەرپرسە ئەمەریکیەکان واژۆ کرد. لەو کاتەدا ژمارەی چەکدارانی ئەم کۆمپانیایە گەیشتی نزیکەی 1200 کەس.

ئەندازیاری کێشانەی نەخشەی دروستکردنی تاڵبان برجنسکی بوو، بەڵام

ئەندازیاری دروستکردنی داعش دەزگا هەواڵگریەکانی ئەمەریکا- بەریتانیا- ئیسرائیل بوو، بەواتە پرۆسەیەکی هاوبەشی هەرسێ وڵاتە. لەم پرۆسەیەدا گروپی پارێزگارە نوێکانی ئەمەریکا رۆڵی سەرەکی و کاریگەریان بینیوە، بگرە بە بەشێک لە ستراتیجی نوێی ئەمەریکا تۆماری دەکەن.

لە روی ئامانجەوە ئەم دوو پرۆسەیە، واتە داعش و تاڵبان، دوو ئامانج و ستراتیج و ئاراستەی جیاوازیان هەیە، تاڵبان لە ستراتیجی نوێی ئەمەریکادا رێگایەک بوو بۆ کۆتایی هێنان بە سیستمی دوو جەمسەری جیهانی، بەرجەستەکردنی جیهانی تاک جەمسەری بە رابەرایەتی ئەمەریکا، بەڵام وەک داعش ئامانج لێیدا بەرگریکردنە لەکۆتایی هاتنی جیهانی تاک جەمسەری ئەمەریکاو بەرجەستە بوونی سیستمێکی نوێی فرەجەمسەریە، کە لە لوتکەی دەسەڵاتدا لە هاوشانی ئەمەریکا، روسیا و چینیش جێگیر دەبن.

1/12/2015

## موسڵ پردێك بۆ گەڕانەوەی تورکیا

لەدوای خستنەخوارەوەی فڕۆکە روسیەکە لەلایەن تورکیاوە، بەرجەستەبوونی بڕیاری داخستنی سنوری نێوان تورکیاو سوریاو داخستنی دەرگای یارمەتیدانی داعش و دەستێوەردان لەبارودۆخی سوریا لەلایەن تورکیاوە، بەرجەستەبوونی چەندین سزای ئابوری و سیاسی لەسەر تورکیا لەلایەن روسیاوە، تەسکبوونەوەی پانتایی و سنوری جموجۆڵی سەربازی و سیاسی تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو، هاوکات دەرکەوتنی کاریگەری سزا ئابوریەکانی سەر تورکیا بەو خێراییە، ئەردۆگان و حزبەکەی و حکومەتە تاکڕەوەکەی بەتەواوەتی ناڕەحەت و نیگەران کرد، قەیرانەکانی

تورکیا بەشێوەیەک روو لەهەڵکشانە، پێویستی بەهاویشتنی هەنگاوێکی گەورە و خێرابوو، دەبوو تورکەکان موجازەفەیەک بکەن بۆ هەناردەکردنی ئەو قەیرانانە.

## هەناردەکردنی قەیران

لەئەمڕۆدا، کە نزیکەی سەد ساڵ بەسەر واژوکردنی ڕێکەوتنی سایکس بیکۆدا تێدەپەڕێت و قسە و باسەکان لەسەر هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەو ڕێکەوتنە لەسەر بناغەی نوێی هاوسەنگی هێز و هاوکێشەی نوێی سیاسی بەرجەستە دەبێت، تورکیا وەک لایەنێکی سەرەکی ئەو ڕێکەوتنە و هەستکردن بەوەی، کە لەئەمڕۆدا پێگەو سەنگو هاوکێشەی نوێو سیستمی نوێی جیهانی رەنگە ئەو دەرفەتەی نەداتێ، کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆی رەخسا، بۆیە لێرەدا تەسکبوونەوە و کورتبوونەوەی دەسەڵات و پێگەی تورکیا لەهاوکێشەی نوێی هێز و سیاسەت و ئابوریدا، تەنیا دۆستەکانی سارد نەکردوەتەوە لە بەهەندوەرگرتنی خواست و ئامانجەکانی، بەڵکو نەیارانیشی

هـــانـــداوە زیــاتــر کـــار بــۆ تـێکـشـکـان و دورخستنەوەی ئەم وڵاتە لەگەمە ئابوری و سیاسی و سەربازییە نوێکاندا بکەن.

لـەم دۆخـــەدا پاشـەکشێ و تـەنـازولاتـی تورکیا لەچەند بـوار و ئاستێکدا بەڕوونی دەبینرێت، لەبەرانبەر کوردیشدا، ئەگەر بۆ ئیحتیواکردنیشی بێت شـێوە موجامەلەو پاشەکشێیەک لەهەڵوێستی شۆفینیانەی رابـردویـانـدا بــەدی دەکـرێـت، بەتایبەتیش لەبەرانبەر کوردستانی باشور.

لەئێستادا ئـەوەی جێگەی هەڵوەستە و تێڕامانە، کورد بۆ خۆی دەبێتە فریادڕەسی تـورکـیـا، ئـەو وڵاتـــەی بـەدرێـژایـی مـێژوو وەک مـار وابــووە بۆ کــورد، هــەر کاتێک و لـەهـەر جێگایەک بـۆی رەخسابێت و بۆی لوابێت گـورزی کوشندەی لـەکورد داوەوە و بـەردەوامـیش دژایـەتـی خـۆی بۆ کـورد و پرسـەکەی نەشـاردوەتەوە.

لــەئــەمــڕۆدا ئـێـمـەی کــوردیــن بـویـنـەتـە کەشتی رزگارکردنی تورکیایەکی شۆفینی لەشکستێکی حەتمی. هەموو ئـەو نەرمیو گۆڕانەی لەهەڵوێستەکانی تورک لەباشوری

کوردستان دەبینرێت، لەکرۆکدا سیایەتێکە بۆ راگرتنی کات، تا ئەوکاتەی بۆی دەلوێت ئەم پرۆسەیەی باشوریش بەتاڵ بکاتەوە، لەئێستادا لەگەڵ ئەوەی بەرەی شیعەو حکومەتە فەرمیەکەی بەغدا دوژمنێکی سەرسەختی تورکیان، بەڵام تورکیا بەردەوام جەخت لەسەر یەکپارچەی خاکی عیراق و گێڕانەوەی کورد بۆ ژێر دەسەڵاتی ناوەند دەکات. ئەم روانگە و دنیابینییە، کە لەئەمڕۆدا بەخێرایی لای زۆرینەی کورد گەڵاڵە دەبێت سەرچاوەی هەست و سۆزی نەتەواویەتی و رق و کینە نییە لە هەڵویست و کردارەکانی تورک لەرابردودا، بەڵکو دەرئەنجامی خوێندنەوەیەکی دروستە بۆ هاوکێشەی هێز و سیاسەت و تێگەیشتنە لەگۆڕانکاریەکان، ستراتکچەر و گیانی سیستمی سیاسی جیهانی نوێ و هاوکێشەی هێز لەم قۆناغە نوێیەدا.

کاریگەری و گوشارەکانی سەر تورکیا تەنیا لەبواری دەرەکیدا چڕنەبوەوە، بەڵکو زۆر بەخێرایی تەشەنەی کردوە و ناوخۆی تورکیای بەقەبارە و ئاستێکی زۆرەوە گرتەوەتەوە، لەئەمڕۆدا ئاڕاستەی قەیرانەکە

بەو روەدایە، کە ببێتە قەیرانێکی ستراکچەری، کاریگەری نەرێنی لەسەر لاوازکردن، گۆڕانی پێگەی سیاسی، ئابوری و سەربازی تورکیا هەبێت.

## پاشەکشێی گەشەی ئابوری

لەبواری ناوخۆدا، دەرئەنجامی دروستبوونی کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی ئاسایی خەڵکو پاشەکشێی گەشەی ئابوری شەپۆلێک لەناڕەزایی و تێبینی لەسەر سیاسەتەکانی ئەردۆگان و ئاک پارتی دروست بووە. لەم بارەدا و بەئامانجی دەربازبوون لەم قەیرانەو گواستنەوەی بۆ دەرەوەی سنورەکانی تورکیا، هێزێکی سەربازی بەرەو عیراق جوڵاندو دەرئەنجام بۆ شاردنەوەی قەیرانە ناوخۆیەکانی توانی قەیرانێکی نوێی هەرێمایەتی بخوڵقێنێت.

لەیەکەم بەرپەرچدانەوەی ئەم لەشکرکێشیەی تورکیا، کە بەشێوەیەکی ناڕوون بەرجەستە دەبێت، حکومەتی عیراق بەفەرمی ناڕەزایی خۆی لەم لەشکرکێشیە راگەیاندو بەکردارێکی نایاسایی‌و پێچەوانەی

یاساو عورفە نێودەوڵەتیەکان‌و پێشێلکردنی سەروەری عیراقی باس دەکات، لەسەرەتاوە داوای کرد زۆر بەخێرایی ئەو سوپایە بکشێتەوە. لەهەرێمی کوردستانیش ناوچەی زۆنی سەوز هەر لەسەرەتاوە دژی ئەم لەشکرکێشیە وەستانەوەو ناڕازیبونی خۆیان بەچەند شێوەیەک لەمەڕ هاتنی ئەو هێزە ڕاگەیاند.

لەڕەهەندی هەرێمایەتیدا ئێران‌و لەنێودەوڵەتیدا روسیا، هەردو وڵات نیگەرانی خۆیان لەمەڕ هاتنی تورکیا دەربڕی و راستەوخۆ داوایان کرد ئەو سوپایە بکشێتەوە. لەم پرۆسەیەدا پارتی و بەرەی سوننەی عیراق لەناوخۆ و سعودیە و قەتەر لەبەرەی هەرێمایەتی پشتگیری هاتنی هێزە تورکییەکە دەکەن. لەبواری نێودەوڵەتیدا ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتاوە داوادەکات بە گفتوگۆ ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، بەڵام لەو سۆنگەوە، کە بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردوە، هاتنی ئەم سوپایە کارێکی ناڕەوا و نادروستە، لەجەوهەردا وا هەژمار دەکرێت، کە پشتگیری ئەم هاتنە دەکات.

بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوەی ئەم

ڕووداوە لەڕواڵەتدا کردارێکی سەربازییە، بەڵام لەجەوهەردا دەرهاویشتەی سیاسی و ئابوریشی دەبێت.

## خەیاڵپڵاوی ئەردۆگان و ئاک پارتی

لەنەوەتەکانی سەدەی پێشودا، قەیرانە ئابوری و سیاسیەکانی تورکیا گەیشتە ئاست و قەبارەیەکی ترسناک، لەنێوان ساڵانی 2001 و 2008، واتە ماوەی نێوان قەیرانی گەورەی تورکیا و قەیرانی دارایی جیهانی، تورکیا بەڕابەرایەتی پارتی دادو گەشەپێدان و سەرۆک ئەردۆگان توانی پێشکەوتنێکی بەرچاو و خێرا بەدەستبێنێت. ئەردۆگان و هاوبیرانی لەحزبی دادو گەشەپێدان لەسەرەتای هاتنە گۆڕەپانی سیاسییەوە خەونی گێڕانەوەی مۆدێلی حوکمرانی عوسمانیان هەبوو، بۆیە هەر بەگەیشتنیان بەدەسەڵات لەساڵی 2002ەوە کاریان لەسەر کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی سوپاو شکاندنی سەنەمی ئەتاتورکی کرد. لەم نەخشە ڕێگەیەدا تائاست و قەبارەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو بوون، بەڵام لەبڕگەی دوەمدا،

واتە دامەزراندنی مۆدێلێکی حوکمڕانی نوێ بەبەرگ و عەقڵیەتێکی نوێوە، نەیانتوانی ئامانجی خۆیان بپێکن.

لەم پرۆسەیەدا، ئەردۆغان سیاسەتی ئیحتیواکردنی کورد و عیلمانیەکان و بەرەی شۆفینزمی تورکیایان بەرجەستەکرد. پارتی دادو گەشەپێدان سیاسەتی چێشتی مجێوریان لەبواری هزری و کەلتوریدا پەیڕە و دەکرد، بەواتە گوتاری سیاسیان تێکەڵەیەک لەبیرو دنیابینی ئیسلامی، شۆفێنی، دیموکراسی و عیلمانییە.

دەرئەنجانی ئەم سیاسەتە ئەردۆگان و حزبەکەی توانییان پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدەستبێنن و لەدوایین هەڵبژاردندا (2015) توانیان ئەوەندە کورسی بەدەستبێنن، کە بەتەنیا حکومەت دامەزرێنن. ئەم سەرکەوتنە رواڵەتییە وای لەئەردۆگان‌و حزبەکەی کرد، کە بەهەڵە گۆڕانکاریەکان‌و رووداوە نوێکان بخوێننەوە، دەرئەنجام لەچەند مانگی کۆتاییدا چەندین هەڵەی ستراتیجیان ئەنجامداوە، وڵاتەکەیان گەیاندە ئاقاری لێکترازان و قەیرانەکانیان ئەوەندەیتر قوڵ‌و فراوان کرد.

## موسڵ پردێک بۆ گەڕانەوەی تورکیا

هاتنی سوپای تورکیا بۆ شارۆچکەی باشیقە، بەئامانجی بەشداریکردن لەپرۆسەی رزگارکردنی شاری موسڵو دامەزراندنی کیانێکی سوننی، کە ناوەندەکەی شاری موسڵ بێت، لەجەوهەردا لەبازنەی ستراتیجی ئەمەریکایە لەم ناوچەیە، لەم چوارچێوەیەدا تورکیا وەک وڵاتێکی هەرێمایەتی لەبەرەی ئەمەریکا بەشداریکردنی لەم شەڕەو جێگیربونی لەم ناوچەیە، ئەو هەلەی بۆ دەرەخسێنێت، کە جارێکیترو بەڕێگەیەکی تردا بگەڕێتەوە بۆ ناو هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە و بەرنامە و ستراتیجی نوێی لەم رێگەیەوە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەم پرۆسەیەدا تورکەکان دەخوازن چەند ئامانجێک بپێکن و خواستە سیاسی و ئابوریەکانی، ئەوانەی پێشتر بە هۆی سیاسەت و پێشکەوتنەکانی روسیاوە لەدەستیانداوە، لێرەدا بەشێکیان قەرەبوو بکەنەوە.

لەم دۆخەدا، جارێکیتر ناوچەی رێکەوتنە مێژوویەکەی سایکس-بیکو دەکەوێتەوە بەر ئەگەری هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ

دارڕشتنەوەی. لەم بارەدا بەوەی تورکیا لایەنێکی سەرەکی ئەو ڕێکەوتنە بووە و ئەوکات توانی تائاستێکی زۆر خۆی وەک یەکێک لەوڵاتە داگیرکەرەکان لەو ڕێکەوتنەدا بسەپێنێت، لەئەمڕۆشدا کاتێک ئەو ڕێکەوتنە دەکەوێتە بەر ئەگەری هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ دارڕشتنەوە، بێگومان تورکەکان بە هەموو هێزێکیان دەیانەوێت لەم پرۆسەیەدا بەشداربن‌و پارێزگاری لەپێگەو بەرژەوەندیەکانیان بکەن، ئەگەر لەسەر حیسابی بەرژەوەندی‌و ماف و خواستی لایەنیتریش بێت، لایەنێکی کوردیش لەم گەمەیەدا دەیەوێت حزبەکەی و ناوچەی دەسەڵاتی لەهەر ئەگەرێکی خراپ و ترسێک بپارێزێت، ئەم خواستەی بەڕەوا دەبینێت ئەگەر لەسەر حیسابی بەشەکانی تری کوردستانیش بێت، بەتایبەتی کوردستانی باکور و خۆرئاوا.

بەشێوەیەکی گشتی هاتنی سوپای تورکیا لەجەوهەردا چەند ئامانجێک لەخۆدەگرێت:

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا و لەساتە وەختی بەرجەستەبوونی ڕێکەوتنامەی سیڤەر و دواتریش لۆزان، تورکە ئەتاتورکەکان

لەگەڵ ئەوەی زۆر لەپێگە و دەسەڵاتی هەرێمایەتی و جیهانی خۆیان لەدەست دابوو، بەڵام توانیان بەرێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ داگیرکەرانی بەریتانیا و فەرەنسا کوردستانی باکور لەژێردەستی خۆیاندا بهێڵنەوە، بەڵام بە بەردەوامیش هەر چاویان لەوە بووە، کە کوردستانی باشور، کە ئەوکات بەولایەتی موسڵ دەناسرا بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

گرنگی موسڵ بۆ تورکەکان لەچەندین بوارەدا چڕدەبێتەوە، بۆیە لەئەمڕۆشدا شێتگیرانە بە بێ ئەوەی گوێ بەهیچ دەرئەنجام و چارەنوسێک بدەن، موجازەفەی سەربازی و سیاسی دەکەن. لەم چوارچێوەیەدا هەناردەکردنی سوپای تورکیا بۆ نزیک شاری موسڵ یەکێک لەو موجازەفانە، کە دوورنییە دەرئەنجامەکەی بەزیانێکی زۆر گەورە بۆ تورکیا نەشکێتەوە.

لەم پرۆسەیەدا تورکیا دەخوازێت، لانی کەم پارێزگاری لەیەکپارچەیی وڵاتەکەی بکات، بەواتە ئەگەر دەوڵەتێکی کوردی لەباشوری کوردستانیش دامەزرێت، ئەم ترسە نەگاتە

باکور و هەرەشە لەسەر یەکپارچەی خاکی تورکیا دروست نەکات، بەواتە لەپرۆسەکەدا رزگار کردنی بەشی باکوری کوردستانی تیادا نەبێت.

لەڕوویەکیترەوە، بە بەشداریکردی لەپرۆسەی رزگارکردنی موسڵ و دامەزراندنی کیانی سوننە دەیەوێت پارێزگاری لەڕۆڵ و پێگەی مێژوویی خۆی بکات و ببێتە هێزێک بۆ راگرتنی هاوسەنگی نوێی هێز لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەبواری ئابوری و دەستخستنی وزەدا، دوای ئەوەی روسیا بڕیاری راگرتنی پرۆژەی تورک ستریمی بۆ هەنارەدەی گازی سروشتی بۆ تورکیا راگرت و هاوکات بەوەی ئێرانیش لەبەرەی هاوپەیمانی روسیادایە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت گوشارەکانی بۆ سەر تورکیا بەفراوانی جێبەجێ بکات.

لەم پرۆسەیەدا تورکیا تەنیا هیوای کردنەوەی رێگایەکە بۆ هاوردەکردنی گازی سروشتی قەتەری بەعیراقدا بەرە و تورکیا و لەوێشەوە گەیشتنی بە ئەوروپا، بەڵام ئەم پرۆسەیە بە بێ رەزامەندی حکومەتی عیراقی

شیعی، کە ئەمیش لەجەوهەردا لەبەرەی روسیا- ئێراندایە ئەستەمە، بۆیە لەئەمڕۆدا پێناچێت بەغدا رازی بێت بەم خواستەی تورکیا. ئەمە جگە لەوەی، کە تورکیا چاوی لەگازی سروشتی کوردستانە و بە بەردەوامی لەڕێگەی کۆمپانیای دانا گاز لەکوردستان گوشارەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات. ئەمە هاوشانی ئەوەی، کە تورکیا سودمەندی یەکەمە لەبازرگانیو وەبەرهێنان لەگەڵ کوردستانو هاوکات بەرێرەوێکی گونجاوی دەزانێت بۆ گەیشتنو پەیوەندی بەستن لەگەڵ جیهانی عەرەبی، بە تایبەتی دوای ئەوەی بڕیاری داخستی سوریا دراو هاوکات پێشکەوتنی کورد لەو وڵاتەو گەیشتنیان بەنزیک کەنارەکان و بەستنی شێوە رێکەوتن و نزیکبونەوەیەک لەگەڵ روسیادا تورکیای بەتەواوەتی بێهیوا کرد لەوەی، کە جارێکیتر بتوانێت دەست لەکاروباری ئەو وڵاتە وەربدات.

16/12/2015

## قەیرانی بونیادی لە ئیخوانی کوردیدا

تۆ کاتێک بەردت دەپەرست، بەو بەردە لە کەست نەدەدا. بەڵام ئەگەر بتەکەیان بشکاندایە، تۆ دەستیانت ماچ دەکرد. کەچی تۆ کاتێک، کە خودا دەپەرستیت، بەناوی ئەوەوە دەکوژیت و زوڵم دەکەیت. لەیەکەمدا تۆ لەسەر ئاییینی خودایت ئەگەر بت پەرستیش بیت، بەڵام لە دووەمدا تۆ دژی خودایت ئەگەر موجاهیدو پێغەمبەریش بیت.

ـ عبدولرەزاق ئەلجەبران ـ

نەخشەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، وێنەیەکی دەقاودەقی نەخشەی ئیسلامی سیاسیی عەرەبییە. هەموو باڵ و رەوت و بزوتنەوەکانی کوردستان بە هەمان ناوەوە

وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی. بیر، تێڕوانین، ئامراز و میکانیزمی کارکردنیشیان بە بێ دەستکاری لە قوتووکراوی هەناردەکراوە بۆ ئێمە. لەم پرۆسەیەدا هاوکات قەیران، کێشە، ناکۆکی و نێوان دژبەیەکەکانیش بە قاڵبکراوی خزێنراونەتە نێو نەخشەی سیاسەتی کورییەوە. لەم بازنەیەدا کۆمەڵێک قەیران و کێشەی بنچینەیی و بیری ئیسلامی سیاسیی تایبەت بە کوردیش تێکەڵ بەو قەیران و کێشانە دەبن. لەم ئاکامەدا رەوشی ئیسلامی سیاسیی کوردی زۆر ئاڵۆزترو گرانتر دەبێت، بەشێوەیەک سروشت و پێکهاتەی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا لەدو رەوتدا چڕدەبێتەوە: رەوتی سەلەفیو رەوتی ئیخوانی.

سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئسلامی سیاسی لە کوردستاندا، لەچوارچێوەی حزبایەتیدا تەمەنێکی زۆر کورتی هەیە. بەدرێژایی تەمەنی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوایەتی و نیشتمانی رەوتی سیاسیی ئیسلامی هەڵبەت بە شێک نەبووە لەنێو پرۆسەی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردیدا؛ لە هیچ

پرسێکی خەباتی نەتەوایەتی و بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانییدا بوونی نەبووە، بەڵکو هەندێک جار ئەگەر دۆخ پێویستی کردبێت، دژایەتیی دەکرد.

لە دوای شۆڕشی ئێرانو سەرهەڵدانی شەری عێراق - ئێران و لە ژێر کاریگەریی (سەحوەی ئیسلامی عەرەبی) و بەعسی عێراقیو بووژاندنەوەی ناکۆکیی سەدان ساڵەی نێوان شیعە و سوننە، بە مەبەستی بەکارهێنانیان لەدژی یەکتر، زەمینەیەک بۆ دروستبوونو گەشەکردنی ئەم رەوتانە پەیدابوو. لەم بازنەیەدا، لە ساڵی 1980 بە پاڵپشتی و یارمەتیدانی ئێرانییەکان، رێکخراوێکی ئیسلامی سیاسییان لە گروپێکی هەمەجۆر لە خەڵک دامەزراند. سەرۆکی ئەم رێکخراوە پیاوێکی موسڵاوی بوو بەناوی (ئەبو ئوسامە). ئەم پیاوە هیچ شارەزاییەکی لەدۆخی کوردستان و گەلی کورد نەبوو، یارمەتی و هاوکاریی لە لیبیاو ئێران وەردەگرت. ئەم رێکخراوە بە هۆی ئەوەی ئامانج و خواستەکانی لەگەڵ ئامانج و خواستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورددا

نەدەگونجا، تەمەنێکی زۆر کورتی هەبوو، تەنیا لەماوەی چەند مانگێکدا کۆتایی هات.

بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوەی دروستبوونی ئیسلامی سیاسیی کوردی لە وڵاتانی میسر، سعودیە، تورکیا و باشوری عێراقدا، چڕدەبێتەوە. سەرچاوەی ڕێبازی ئیخوانییە کوردەکان، ئیخوانی میسرییەکان بوو. لە عێراقیش بە نەوەی سێیەمی خێزانی ئیخوانییە عێراقیەکان ناودەبرێت. لە ریزبەندی خێزانیدا ئیخوانییە کوردەکان لەدوای موسڵ و بەغداوە دێن.

لە قۆناغەکانی سەرەتای لەدایکبوونیاندا شاری هەڵەبجە لانکەی لە دایکبوون و گەشەکردنی زۆربەی هەرە زۆری ڕەوتە ئیسلامییە سیاسییە کوردییەکان بووە.

لە ماوەی پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، هەر چوار لایەنە سەلەفییە سەرەکییەکەی کوردستان بارەگای سەرەکییان لە سنوری ناوچەی هەڵەبجەدا بووە. بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانیی عێراق بە رابەرایەتیی (عەلی عبدولعەزیز)، بارەگای سەرەکیی لە هەڵەبجەدا بوو. کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیی عێراق بە

رابەرایەتیی (عەلی باپیر)، بارەگای سەرەکیی لە خورماڵ بوو. (جوندولئیسلامی کوردستانی)ی عێراق بە رابەرایەتیی (عەبدوڵای شافعی)، بارەگای سەرەکی لە بیارە بوو. (کۆمەڵەی ئیسڵاح) بە رابەرایەتی (مەلا کرێکار)، بارەگای لە گوڵپ بوو. واتە کۆی ئەم رەوتە سەلەفییانە لەگەڵ ئەوەی لە رووی مەزهەبییەوە لە ئێران جیاواز بوون، بەڵام پشتییان بە ئێرانەوە بوو؛ یارمەتییان لە ئەوان وەردەگرت.

ناکۆکیو دووبەرەکی و لێکترازانی نێوان پارت و رێکخراوە ئیسلامییەکان ئەگەر لە حزبەکانی تر زیاتر نەبووبێت، هەڵبەت کەمتر نەبووە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم ناکۆکی و دووبەرەکییانە جیاوازیی سەرەچاوەکانی یارمەتیو دارای بووە، بە تایبەتی لەنێوان وڵاتانی سعودیە، میسر، ئێران و تورکیا.. هتد. لە ساڵی 1999دا (بزوتنەوەی ئیسلامی) و (نەهزەی ئیسلامی) یەک دەگرن و یەکێتیی ئیسلامیی کوردستان دادەمەزرێنن. بەڵام لەدوای ساڵێک (عەلی باپیر)، کە ئەو کات

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییەکە بووە، ئینشیقاقی کردووە. کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عێراقی دامەزراندووە. لە ساڵی 2000دا رێکخراوێکی نوێ بەناوێکی کۆنەوە: (بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق) ی دامەزراندووە. ئەمیش دواتر بۆتە چوار پارچەوە: (بزوتنەوەی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، جوندولئیسلام، کۆمەڵەی ئیسلاح). لە راستیدا ناکۆکی و شەڕی نێوان ئەم لایەنانە چەندینجار گەیشتۆتە ئاستی پێکدادان و هەوڵی سڕینەوەی یەکتریان داوەو نهێنی و ناشرینییەکانی یەکتریان ئاشکرا کردووە.

لەهاوشانی ئەوەی، کە بەردەوام خواست و ئامانجەکانی ئەم رێکخراوانە لەگەڵ خواست و ئامانجە نەتەوەییەکاندا ناکۆک و پێچەوانەی یەکتربوون، بەردەوام کێشە و نەگونجانیان لەگەڵ لایەن و پارتە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکاندا هەبووە، بەڵام بە هۆی سروشتی پراگماتی و تەکتیکی کاتێک ئەم رەوتانە بەردەوام لەو جێگە و شوێنانەی لاواز بوون و بۆیان نەلواوە شەڕ و کوشتار بەرپا بکەن، خۆیان لە گەڵ بارودۆخەکەدا

گونجاندوە، لەم چوارچێوەیەدا لە ساڵی 1994 یەکگرتوی ئیسلامی وەک ڕێکخراوێکی ئیسلامی باڵی ئیخوانی دادەمەزرێت و دواتر لە ساڵی 1996، دەچێتە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە و بەشداریی لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێم کردووە.

بەشداریی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە حکومەتدا بە گشتی تا دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان بەردەوام بووە. لەم مێژووە بەدواوە سواری شەپۆلێکی‌تر بوون و بە شێک لە هێلکەکانیان کردە سەبەتەیەکی ترەوە.

لە ساڵی 2009دا یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵ وەک دوو لەگەورەترین هێزی ئیسلامی سیاسی و لەژێر کاریگەریی گۆڕنکارییەکانی بەهاری عەرەبی لەبەرەی گۆڕاندا بوون بە ئۆپۆزسیۆن و بە هەمان ڕێباز و سروشتی لایەنە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی سروشت و ڕێبازی پۆپۆلیستییان هەڵگرت. ئەمە لەکاتێکدا هیچ لێکچوون و هاوبیرییەک لەنێوان گۆڕان و ئەم لایەنە ئیسلامیانەدا نەبوو.

بە گشتی، قەیران و کێشەکانی بونیادی ئەم لایەنانە لەدو بواردا (نەتەویی، دیموکراسی و

عەلمانیەت) چڕ بوونەتەوە.

وەک پرسی نەتەوایەتی، کۆی پارت و لایەنە ئیسلامییە کوردییەکان لەکڕۆکدا لەنێواندژیەکی سەختو دژواردا دەژین. لە جەوهەردا بناغەی سیاسیی کۆی ڕێکخراوە ئیسلامییە کوردییەکان، دووبارەکردنەوەی هەمان بیرو بۆچونی لایەن و پارتە ئیسلامییە عەرەبییەکانن، بە تایبەتی ئیخوانی میسری. ئەمانەش لە کرۆکدا کۆی پرۆسەی ئیسلامی سیاسی بە پرسی نەتەوەی عەرەبی دەبەستنەوە. ئیخوانەکانی میسری ئامانج و خەباتی ئیسلامی بە ئامانج و خەباتی نەتەوەی عەرەبییەوە گرێ دەدەن. لە پرسی نەتەوەی کوردیشدا ئەمە تەواو پێچەوانەی خواستە نەتەوەییەکانی کوردە. لایەن و ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان لەدوای ئەوەی هیچ بزوتنەوە و ڕێکخراو و حزبێکی ئیسلامی عەرەبی ئامادە نەبوون دان بە تاوانەکانی ڕژێمی عێراق لە تاوانەکانی ئەنفالو هەڵەبجەو پرۆسەی جینۆسایدکردنی کورددا بنێن، تووشی شەرمەزاری بوون و کەوتنە بارێکی ناجێگیری دەروونییەوە.

بەرەی ئیسلامی سیاسیی کوردی بە درێژایی ماوەی سەرهەڵدان‌و گەشەکردنی، نەیانتوانیوە تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی‌و نیشتمانی بۆ خۆیان دامەزرێنن‌و خۆیان لە پاشکۆیەتی ئیسلامی سیاسیی عەرەبی رزگار بکەن‌و لە هاوشانی ئامانج‌و دروشمە ئایینییەکاندا دروشمی نەتەوەیی و نیشتمانی بەرزکەنەوە، یان خەباتی رزگاریی نشتمانی و نەتەوایەتی بە خەباتی ئایینی و ئیسلامیی خۆیانەوە ببەستنەوە، بەڵکو زۆر جار ئیسلامییەکانی کوردستان گاڵتە و سوکایەتی بە هێماکانی خەبات و سرورودە نیشتمانی‌و نەتەوایەکانی کورد دەکەن.

لە پرسی دیموکراسی و عەلمانی‌دا، کە لەبنەمادا قەیرانێکی ئەمڕۆی کۆی لایەنە ئیسلامییەکانی جیهانە، لە وەوە سەرچاوەی گرتوە، کە تا ئەمڕۆ ئەم لایەنانە ناتوانن خۆیان بە شێوەیەک لەشێوەکان نوێ بکەنەوە. تا ئەمڕۆ وتاری سیاسی و ئایینییان لە سەر بناغەی بیری کۆنی ئیسلامی دادەڕێژن. ئەمەش لەبواری پراکتیزەکردندا راستەخۆ لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی گەلاندا پێکدادان دەخوڵقێنێت. لەبواری

نێوخۆی پارتەکانی کوردستاندا چەندینجار ئەم پرسە دەبێتە جێگەی باس و مشتومڕی خودی ئیسلامییەکان. بۆ خۆشیان، چەندین سەرکردە و رووناکبیری سەلەفی هەن تائەمڕۆ بە راشکاوی باس لەوە دەکەن، کە دیموکراسیو علمانیەت بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئاییندا ناگونجێن.

## ئەو کاتەی مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی ئایدیۆلوجیا

من بە بەردەوامی لە سەتڵی خاشاک و زبڵ دەخۆم، ئەو سەتڵە ناوی ئایدیۆلۆجیایە، هێزی مادی ئایدیۆلۆجیا وایلێکردوم، کە بە بەردەوامی نەتوانم ئەم خۆراکە وەک خۆی ببینم

سلاڤۆی ژیژک

داڕووخانی جەمسەری سۆسیالستی و هێمای ئایدیۆلۆجیای کۆمیەنیزم یەکێتی سۆڤیەت، تەنیا کۆتای بە سیستمی دوو جەمسەری جیهانی نەهێنا، بەڵکو بووە هۆی پاشەکشێ و رووخانی کۆی ئایدیۆلۆجیا گشتگیریەکان(الشمولی) و زەمینەیەکی

لەبارەی بۆ چونە پێشـــەوەی بیــر و دنیابینی پراگماتــی و پاراســـتنی بەرژەوەنــدی وەک فۆرمێکی هزری نویٚ  رەخساند.

ئەمــرۆ مرۆڤایەتــی لەدواییــن ســاتەکانی قۆناغــی دوایەکانــدا(دوای مارکســیزم، دوای لیبرلیــزم، دوای مۆدێرنیتــە، دوای ئایدیۆلۆجیــا... هتــد)، زەمینەیەکــی لەبــار و بەپیــت بــۆ دامەزراندنی بیــر و دنیابینی نویٚ دەخولٝقێنێت. زۆربەی پێشبینی و دیابینیەکانی نویٚ بەو ئاڕاستەیەدایە، کە جارێکیتر ئەستەمە ئایدیۆلۆجیایەک بخولٝقێت، کە بۆ هەموو گەلان شیاو و لەباربێت، بەلٝکو دەبێت گەلانی جیهان بە پێی واقیع و سروشــتی خۆیــان بەرنامەی کار و دنیابینی تایبەت بە خۆیان داهێنن.

لە هەناوی دروستبوون و بەرجەستەبوونی جیهانێکــی نــویٚ و سیســتمێکی نوێــی فرەجەمســەرەوە، زەمینەیــەک بــۆ رکەبەرایەتییەکــی نــویٚ لەنێــوان کولتــور و دنیابینیــە نوێکان دەرەخســێت. سیســتمی فرە جەمسەری جیهانی، کە لە ئەمڕۆدا تارمایەکەی بەروونــی دەردەکەوێت، کۆتایی بەجیهانی تاک جەمسەری و ئایدیۆلۆجیای شمولی دێنێت و کار

لەســەر دامەزراندنی بناغەی جیهانێک دەکات، باوەڕ و ئایدیۆلۆجیا تیایدا دەبنە رابردو. لە گەڵ ئەوەی لەبۆشــای ئایدیۆلۆجیادا چەند هەوڵێک هەیە بۆ سەرلەنوێ داتاشینی بیر و دنیابینیەک، کــە بۆ هەمــوو جیهان بگونجێــت و لەبار بێت، بەڵام تا ئەمڕۆ هیچ لەوانە نەیانتوانیوە سنوری ژینگەی خۆیان ببڕن و ببنە ئایدیایەکی جیهانی.

ئایدیۆلۆجیــا تەمەنێکی زۆر و مێژوویەکی پــڕ لەئاڵۆزی و ناجێگیــری هەیە، بەڵام لەگەڵ لەدایکبوونــی ئایدیۆلۆجیــای مارکســیزم و جیهانــی دو جەمســەریدا، بوو بــە فاکتەرێکی ســەرەکی تەحەکومکــردن بە تــەواوی ژیانی خەڵــک و تێکەڵ بە کۆی جومگــە ژیاریەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگە بووەوە.

ئایدیۆلۆجیا بەوەی لە جەوهەردا گوزارشتە لەبیــرو دنیابینی گروپێک یان تەنیا کەســێک، بەتایبەتی لەبــواری سیاســەتی بەڕێوەبردنی دەوڵــەت و سیســتمی کۆمەڵایەتــی، هاوکات لەبــواری پراکتیکیــدا بــە بەرنامــە کار بــۆ بڵاوەکردن و ســەپاندنی باوەڕێکی کۆنکریتی دەکات و قۆناغ بە قۆناغ لەبیر و مێشک و هۆشی خەڵاکانێکی زۆردا دەیچەســپێنێت. بەواتایەکی

روونتر تەواوی دنیابینی، پرەنســیپ، ڕێنمایی، جومگە هــزری و پراکتیکیەکانی پێشــوەختە دەخولقێت و دەسەپێنرێت بەسەر پەیرەوانیدا. لادان لــە هــەر بڕگــە و بــەش و دنیابینــی ئایدیۆلۆجیا لای پەیامبەرانی بووە بە گوناه و بە واتای شکاندنی پیرۆزی ئایدیۆلۆجیا باسی لێــوە کراوە. ئەم راســتییە ئــەوە دەگەیەنێت، کە مێشــک، بیر و دنیابینی کــۆی باوەڕداران، پەیڕەوکەرانی ئایدیۆلۆجیا سڕ دەکرێت و هیچ بوارێک بۆ بەشــداری لە پێشخستن و داهێنان بۆیــان ناهێڵێتــەوە. لێرەدا مــرۆڤ بە هەموو بیــر و وشــیاری و دنیابینیەوە بــە بێ ئەوەی خــۆی بزانێت یان بە ئاگا بێت، دەبێتە کۆیلەی ئایدیۆلوجیا و داهێنەرانی .

## ئایدیۆلۆجیا ئەفیونی تاک و گەلان

ڕەنگە بەشێک لەو بۆچونە دروست بێت، کە پێیوایە ئایدیۆلۆجیا خزمەتی بە مرۆڤایەتی کردوە و لە قۆناغێکدا ڕێگایەکی سەرەکی بوە بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ و کۆمەڵگە، ئەم بۆچونە لەو سۆنەگەوە راستی تیادایە، کە لەکات و جێگەی دیاریکراودا و بە شێوەیەکی

سنوردار لەسونگی رووبەڕووبونەوەی لایەنە نەرێنی و ناعەدالەتیەکانی سیستمێکی سیاسی پاوانخواز و دیکتاتۆری، خزمەتی بە تاک و کۆمەڵگە کردوە و بەشداری لە پرۆسەی پێشکەوتن و وشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵگەکان کردوە، بەڵام لە بارودۆخێکی جێگیردا و هاوکات لەو کاتانەی ئایدیۆلۆجیا دەبێتە دەسەڵات، کارەسات دەخوڵقێنێت. یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئایدیۆلۆجیا ئەوەیە، کە بە تیۆری زۆر رەوانە، بەڵام کۆی قەیران و نێواندژی و ناکۆکی و تەنگوچەڵەمەکانی لەبواری پراکتیکە نەک هەر دەبنە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە و دۆخێکی نادروست لەژیانی تاکدا دروست دەکات، بەڵکو بۆخۆی دەبێت خوڵقێنەری قەیران، زۆرجار بۆ رزگاربوون لەو بەربەست و قەیرانانە پەیڕەوانی پەنادەبەنە بەر خراپترین ئامڕاز و زۆر بەتوندی دەکەونە چەوسانە، زوڵم، تێکشکانی تاک و کۆمەڵگەکان. بگرە دەبێتە کارگەیەکی چالاکی دروستکردنی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی و زوڵم و ناعەدالەتی، نمونەی ئەم راستیەش بەڕوونی لەئەزمونی

حوکمڕانی وڵاتە کۆمۆنیست و ئیسلامییە توندڕەوەکان دەبینرێت، بۆیە دەڵێم ئیسلامی چونکە لەجەوهەردا بیری ئیسلامیش لەهەناوی ئایدیۆلۆجیاوە بووە بە باوەڕ. لەم بارەدا واتە ئەو کاتەی ئایدیۆلۆجیا دەبێتە باوەڕ کارەسات دەخوڵقێنێت و پەیڕەوانی لەپێناو سەرخستنی بیرو دنیابینی ئایدیۆلۆجیاندا ئامادەن هەموو تاوانێک دژ بە نەیارانی بیر و دنیابینیان پەیڕەو بکەن، لەم بارەدایە ئایدیۆلۆجیا دەبێتە ئەو چەترەی، ڕەوایی بە هەموو تاوانێک دەدات و مرۆڤەکان دەکاتە دڕندە. لە مەڕ کاریگەریە نەرێنیەکانی ئایدیۆلۆجیا لەسەر تاک و کۆمەڵگە فەیلەسوفی سلۆڤینی سلاڤۆی ژیژەک بەڕاشکاوانە دەڵێت: من بە بەردەوامی لە سەتڵی خاشاک و زبڵم دەخارد، ئەو سەتڵە ناوی ئایدیۆلۆجیایە. هێزی مادی ئایدیۆلۆجیا وایلێکردبووم ، کە بە بەردەوامی نەتوانم ئەم خۆراکە وەک خۆی ببینم.

لە پەیڕەوکردن و وابەستەبوون بە ئایدیۆلۆجیاوە ئەو بارە دەخوڵقێت، کە زۆر بە ئاسانی تاک و کۆمەڵگە بەکۆمەڵێک کۆت و بەندی وەهمی بیر و هۆشی سڕ بکرێت، ئەمە

جگە لەوەی لەکۆی چەمک و پرسە هەستیار و ئاسایەکانیشدا، دنیابینی و شیکارکردنی عەقڵانی وپێشبینیکردن سنوردار دەکات. بەواتە لەم بارەدا هیچ پانتایەکی گونجاو بۆ گوزارشتکردن لە راستیەکان وەک خۆی نامێنێتەوە و چنینەوەی بەرهەمی عەقڵ و دنیابینی زۆر سنوردار دەبێت، لەم دۆخەدا باوەڕ دەبێتە ئەو تۆڕە پۆڵایینەی تەواوی مێشک و هۆش سڕ دەکات و هەموو هەوڵ و خواستەکان بۆ دەرچون لەو قاڵبە بە تەواوەتی تەسک دەکاتەوە، لێرەوە وەک ئەوەی ژیژەک دەیڵێت، تاک پێویستی بە شۆڕشێکە، کە سەرەتا لە ناوخۆی خۆیدا ئەنجامی بدات. بەواتە سەرەتا دەبێت خۆی لە کۆت و بەندی ئایدیۆلۆجیا رزگار بکات. ئەوەی لە ئەمڕۆدا بووە بە بەشێک لەبناغەی دنیابینی و ژیانی تاکەکان، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان بۆ رزگار بوون لەبەندیخانەی ئایدیۆلۆجیا، ژیانی خۆیان لەسەر کۆمەڵێک بنەما و بەهای نوێ رادەهێنێت و بەردەوام لە هەوڵی داهێنانی بیرو دنیابینیەک دایە، کە لە گەڵ گۆڕانکاریەکانی ئەمڕۆدا بگونجێت، لێرەدا

خاڵی دەستپێک ئەوەیە، کە دەبێت سەرەتا کودەتایەکی شەرعی بە سەر بیر و دنیابینی خۆیدا ئەنجام بدات.

## شوێن پەنجەکانی ئایدیۆلۆجیا

ئەو کاتەی ئایدیۆلۆجیا دەبێتە رێگە و بەرنامەی ژیان بۆ تاک و کۆمەڵگەیەک، سەرجەم جومگەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگە کۆنترۆڵ دەکات. لەم کاتەدا لەهەناوی دیموکراسیدا بەڕوونی زوڵم و نایەکسانی و دیکتاتۆریەت دەبینرێت، بە وردبوونەوە لەسروشتی کارکردنی ئایدیۆلۆجیا، توێژەر دەتوانێت بگاتە ئەو راستیەی، کە لە هەناوی دیموکراسیدا دیکتاتۆریەتێکی راستەقینە بوونی هەیە، زۆر بە وردی کار دەکات و ئاراستەی روداو و سروشتی دیاردەکان و ئامانجەکان بەو شێوەی خۆی دەیەوێت دیاریدەکات.

لە بواری سایکۆلۆجیادا ئایدیۆلۆجیا ئەو فاکتەرەیە، کە راستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروون و سۆز و هەستی تاک دەخولقێنێت. دیاردە و رووداوەکان بەو شێوەیە نمایش دەکات، کە تۆڕەکانی ئایدیۆلۆجیا بۆی

دیاریکردوە، بۆیە لێرەوە بە خەیاڵیکردنی ئامانج و بیرکردنەوەکانی تاک بەرجەستە دەبێت، تا دواتر مرۆڤی ئایدیۆلۆجیست دەکاتە کاڵایەکی بێ گیان، خەیاڵاوی، نا واقعی و کوێی بۆچونەکانی لەگەڵ واقیعدا ناکۆک دەبن.

لە بواری مەعریفەدا وەک ئەوەی عبدولکەریم سروش دەیڵێت، ئایدیۆلۆجیا لەجەوهەردا پرسێکی نا مەعریفیە و بەرگی مەعریفەی لە بەر کراوە. بۆیە پێیوایە بەوەی ئایدیۆلۆجیا باوەڕ دەخولقێنێت، باوەڕیش بەوەی لەجەوهەردا لە رەگەزی ئیرادەیە، نەک هزر، بۆیە لێرەوە دەرئەنجامەکەی ئایدیۆلۆجیا دەبێتە ئەو دیوارەی، کە مرۆڤ لە واقیع دادەبڕێت و لە ئاست راستیەکاندا نابینای دەکات.

لە بواری دەسەڵاتدا ئایدیۆلۆجیا دەبێتە ئەو هێزەی شەرعیەت بە دەسەڵات دەدات و هەموو کردار و بڕیارەکانی دەخاتە دۆخێکەوە، کە ناکرێت رەخنەی لێبگیرێت یان رەتبکرێتەوە، رەوای بە زوڵم و ناعەدالەتی هەڵە و کەموکوڕیەکان دەدات، هەر بۆچونێکی جیاوازیش دەخاتە بازنەی خیانەت و دوژمنکاریەوە.

## ئایدیۆلۆجیا خولقێنەری توندوتیژی

ئەو کاتەی ئایدیۆلۆجیا دەبێتە دەقێکی پیرۆز و بەرگی باوەڕ لەبەردەکات، هەر هێرش و هەوڵێک بۆ لەکەدارکردن و شکاندنی بازنەی دنیابینی دەبێتە کوفر و تاوان. توندوتیژی ئایدیۆلۆجی بەوەی پشت بە بناغەیەکی هزری دەبەستێت و شەرعیەت لە باوەڕ و دنیابینی هزری و فەلسەفیەوە وەردەگرێت، لە واقیعدا دەبێتە ترسناکترین و ناشرینترین جۆری تیرۆر و توندوتیژی.

لە هاوشانی ئەوەی، کە ئایدیۆلۆجیا بە بەردەوامی لەگەڵ پراکتیزەبوونیدا دەبێتە باوەڕ، هاوکات لەگەڵ بوون بە باوەڕیشدا دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی دروستکردن و بەرپاکردنی توندوتیژی. لە ئەمڕۆدا بە پاشەکشێ و لاوازبوونی، هزری ئاینی جێگەی دەگرێتەوە، لەم بارەشدا بەوەی ئاین لەجەوهەردا لەسەر بناغەی باوەڕ دروستبووە، دەبێتە سەرچاوەی دروستکردن و خولقاندنی توندوتیژی، بەڵکو دەرئەنجامی جێگرتنەوەی بۆ ئایدیۆلۆجیا توندترین و درندەترین هەڵسوکەوت و سیاسەت پەیڕە

و دەکات، تا دەگاتە ئەو ئاستەی گروپێکی تیرۆرستی درندەی وەک داعش دەخوڵقێنێت.

## ئایدیۆلۆجیا خوڵقێنەری باوەڕە

کاتێک ئایدیۆلۆجیا دەبێتە باوەڕ، تاکەکان دەبنە رۆبۆتێکی دەستی سیاسەتمەداران و ئایدیۆلۆجیستەکان، بە بێ بیرکردنەوە ئەو ئامادەییەیان تیادا دەخوڵقێت، کە هەموو کردارێکی نادروست ئەنجام بدەن، ئەمەش نەک تەنیا لەسەر بڕیاری سیاسەتمەداران و لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئایدیۆلۆجیادا، بەڵکو لەپێناوی خودی ئایدیۆلۆجیا وەک تێکستێکی پیرۆز.

لەئەمڕۆدا، لەپەراوێزی مەرگی ئایدیۆلۆجیا و کۆتایهاتنی بیر و دنیابینیە گشتگیریەکاندا، تارمایی و سیمای قۆناغێکی نوێ لەژیان و مۆدێلێکی جیاواز لەسیستمی سیاسی و بەڕێوەبردن، کە لەبناغەدا لەسەر بنەمای ستراتیجێکی پراگماتی و عەقڵانی بەرجەستە دەبێت، لەم قۆناغەدا ئەوەی بۆ گەلانی دواکەوتوو دەبێتە گرفت و قەیران و بەربەست لە بەردەم پێشکەوتن و گەشەکردنیان

دروست دەکات ئەوەیە، کە ناتوانن خۆیان لە کۆتوبەندی ئایدیۆلۆجیا رزگار بکەن. بە هۆی بێ تواناییمان لە وەرگرتنی گۆڕان و تێنەگەیشتنمان لەسروشتی راستەقینەی رووداوەکان بارێک لە فەوزا و ناروونی و ناجێگیری دەروونی و بێ هێوایی بۆ خۆمان دەخوڵقێنین.

# کورد لە گەمەی هێزە هەرێمایەتیەکاندا

لە گەوهەردا قەیران و گرفتی نێوان کورد و شیعە کێشەی نێوان دو حزب، یان دو گروپی جیاواز نییە لەسەر بەرژەوەندی، بەڵکو راستیی کێشەکە گرفتی نێوان دو بۆچوون و بیرکردنەوەی جیاوازە. کورد دەیەوێت دەسەڵاتێکی رەشید و دیموکراسی لە عێراقدا دابمەزرێت و لەسێبەری ئەم مۆدێلە حوکمڕانییەدا تەواوی پێکهاتە و گەلانی عێراق بە ئازادی و یەکسانی پێکەوە ژیان بگوزەرێنن، لەبەرامبەردا بەوەی ئەمڕۆ دەسەڵاتی شیعەگەرایی بۆتە بەشێک لە ستراتیژی ئێران، ئامانجی سەرەکیی بۆتە دامەزراندنی مۆدێلی حوکمڕانیی ئێرانی لە عێراق، واتە لە

باشترین حاڵەتدا ئاییندەی کورد ئەوە دەبێت، کە ئێستا کوردانی ئێران پێیدا دەڕۆن.

قوڵبوونەوەی تەنگەژە و کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند لەم بەهارەدا و لەسەردەمێکدا، کە کۆی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە کوڵان و ناجێگیر و ئاشوبدا دەژی، عێراق بە گشتی بەرەو کارەساتێکی گەورە دەبات. هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ دەکەوێتە چەقی ململانێ و ناکۆکیی نێوان سێ هێزی گەورەی نەیاری یەکتر: تورکیا، ئێران، رەوتی سوننەی عەرەبی. لە رەهەندێکی دورتریشدا، بەشێک لە شەڕو ململانێکانی نێوان هەردو جەمسەری گەورەی دنیا: روسیا و ئەمەریکا، ناڕاستەوخۆ لە رێگەی پاشکۆو هاوپەیمانەکانیانەوە لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەنجام دەدرێت. بە واتا کوردستان ئەمڕۆ دەبێتە بەشێک لە هاوکێشەی سیاسیی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی. لێرەدا گوناه و کەمتەرخەمیی کورد لەوەدا دەردەکەوێت، کە لەم هاوکێشەیە تێنەگات، یان بە هەڵە شیکاریی بۆ بکات. لەم هاوکێشەیەدا ئێران وەک جەمسەرێکی شیعەگەرایی دەست دەخاتە کاروباری کۆی وڵاتانی عەرەبی‌و

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەم بازنەیەشدا لە کوردستان بە حوکمی نزیکیی لە چەقی شەڕ و ناکۆکییەکان، دەستێکی زیاتری هەیە. ئێران لەشێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا بە یەک ستایل و بە یەک ئاڕاستەدا کار ناکات، بەڵکو سیاسەتێکی دوو فاقی هەیە، بۆ نموونە لەشێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ میسر و تونس‌دا پاڵپشتی لە گەلان دەکات، بەڵام لە سوریا دژی گەلەو بەرگری لە سیستمی حوکمڕانیی دیکتاتۆریانەی ئەسەد دەکات. ئەم سیاسەتە دو فاقییە لە رووی ئاکاری سیاسییەوە گرفت و کێشەی زۆری بۆ ئێرانییەکان درووست کردوە؛ دەستتێوەردانی ئێران لە کوردستان رەگو ریشەیەکی مێژوویی هەیە، بە درێژایی مێژووی خەباتی رزگاری کورد، ئێران دەستی لەزۆربەی بزوتنەوە و حزبە سیاسیەکاندا هەبووە، هەندێکجار شێواز و مۆدێلی کارکردنیشیان ئەو دایڕشتووە، بگرە لەهەندێک نموونەدا ئایندەی شۆڕشەکانیش بە دەستی ئەو بووە، بەڵام ئەمڕۆ، زۆر بە فراوانتر و قوڵتر، کاریگەریی لەسەر رووداو و بڕیارەکانی دەسەڵاتی عێراق بە گشتی

هەیە، لە لایەک زۆر بەزەقی کار لەسەر ئاڕاستەکردنی دەسەڵاتی شیعەگەرایی مالکی بەو ئاڕاستەیە دەکات، کە لە بەرژەوەندیی رەوتی شیعەگەراییدا بێت.

لە روویەکی ترەوە، تورکیا وەک رابەری رەوتی سوننەگەرایی لە رێگەی چەند هاوپەیمانێکەوە و بە پاڵپشتی ئەمەریکا زۆر بە زەقی دەستی خستووەتە کوردستان و عێراق و ئیدارەی شەڕێکی هەرێمایەتی لەم ناوچەیە دەکات.

لە بەرەی عەرەبی سوننەشدا، ئەمڕۆ بە رابەرایەتیو پاڵپشتی هەریەک لە قەتەر و سعودیە، سوننە عەرەبە عێراقییەکان دەجوڵێنرێت و بانگەشەی بەهاری عەرەبی لە عێراقدا دەکەن.

لەم نێوەندەدا کورد بۆ خۆی دابەش دەبێت بە سەر دو بەرەی جیاوازدا، بەرەی تورکیاو سوننەی عەرەبی لە گەڵ بەرەی ئێرانو مالکیدا. لەم بازنەیەدا کرۆکی کێشەکە لە نەخۆشکەوتنی تاڵەبانییەوە تەشەنەی کرد، چونکە بە راستی ئەمڕۆ بۆشاییەک لە پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ دەرەوەدا دروست بووە؛ تا ئەمڕۆ

هیچ سەرکردەیەک لەیەکێتیدا دروست نەبووە بتوانێت ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە، کە لای تەرازووەکەی مالکی و ئێران راگرێت. بۆیە قەیرانی یەکێتی تەنیا کاریگەریی لەسەر بارودۆخی خۆی نییە، بەڵکو گرفت و کێشە بۆ کۆی عێراق و ناوچەکە درووست دەکات.

لەم چوارچێوەیەدا، تا ئەمڕۆ دیارنییە، کە ئایا ئەم دابەشبوونەی کورد لە بەرژەوەندییدایە، یان بە پێچەوانەوە. لە کاتێکدا، کە مانەوەی مالکی بە بێ تاڵەبانی توشی تەنگژەیەکی سیاسیی قوڵی کردوە؛ توانای داهێنانی چارەسەر و راگرتنیی هاوسەنگیی هاوکێشە سیاسییەکەی نەماوە. بۆیە بۆ راگرتنی بارودۆخەکە و چارەسەری کێشەو گرفتەکان، بەردەوام کار لەسەر خولقاندنی کێشەو گرفتی نوێ دەکات. لەجێگایەکیتردا نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی گرفتی گەورەی بۆ پارتی دیمکراتی کوردستانیش دروست کردووە؛ نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی نەبوونی کەسێکی شیاو لەجێگەیدا ئەو زەمینەیەی خولقاندوە، کە کۆی ناوچەی سلێمانیو بەغداش لە دەست بارزانی دەرچن و توانای مامەڵەکرنی لە گەڵیاندا نەبێت.

لە راستیدا لەم بارودۆخەدا شەڕ و پشێوی بە هەموو پێوەرێک لەبەرژەوەندیی کورد و شیعەدا نییە، بەڵام بێگومان لە بەرژەوەندیی سوننە و مالکیدایە.

فـرەوانـیو فـرەڕەهـەنـدیـی هاوکێشـەی سـیـاسـی لـەم نـاوچـەیـە، ئـەو زەمـیـنـەیـەی خـولـقـانـدوە، کـە کـۆی کـێـشـەو گرفتەکان کاریگەرییان لە سەر یەکتردا هەبێت. لەم نـێـوەنـدەدا تـەنـگـەژەی سـیـاسـیـی سـوریـا کاریگەریی نەگەتیڤی راستەوخۆی لەسەر پەیوەندییەکانی نـێـوان لایـەنـی نـاکـۆک و نـەیـارەکـانـی عـێـراقـدا هـەیـە. مالکی لەسەر خواست و داوای ئێران و وەک بەرگری لە رەوتێکی شیعەگەرای، پاڵپشتی لە دەسەڵاتی ئەسەد لەسوریا دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش چەندینجار هەوڵی شکاندنی ئەو گەمارۆیەی داوە، کە بەرەی تورکیا بە هاوکاریی پارتی دیـمـوکـراتـی کـوردسـتـان لـەسـەر سـوریـا دروستییان کردوە.

لە سەر ئاستی شەڕ و ململانێی روسیا و ئەمەریکا لە رێگەی کۆمپانیا نەوتیەکانەوە، بە تایبەتی هـەردو کۆمپانیای گـاز پرۆمی

ڕوســی و ئـەکسـۆن مـوبیلی ئـەمـەریکی، لـە ڕوویـەکـی تـرەوە کـوردسـتـان دەکرێتە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبونـەوەی ئەم لایەنانە. بە پێی ئەم ئاماژانە، ئەمڕۆ کورد بەشێکی سەرەکیی هاوکێشەی سیاسیی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتییە؛ یاریکەرێکی سەرەکیی ئەم گەمانەیە. بۆیە لێرەدا کاتێک، کە کورد دەبێت بە قوربانیو دەکەوێتە پەراوێز، هۆی سەرەکی خۆیەتی، کە نازانێت یاریەکی دروست بکات.

# گەمە گاڵتەجاڕیەکانی ئەنفال

ئەمڕۆ زیاتر لە بیست و پێنج بەهار بە سەر کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالدا، زیاتر لە دە بەهار بە سەر رووخانی رژێمی بەعسدا تێدەپەڕێت.

لە هاوشانی ئەوەی هیچ برینێکی ئەو کارەساتە سارێژ نەکراوە، بگرە کۆی سیستمی حوکمڕانیی عێراقیش کەوتوەتە قەیرانێکی گەورەوە، دەسەڵاتی نوێی عێراق لەبریی هەنگاونان بۆ دامەزراندنی سیستمێکی حوکمڕانیی دیموکراسی و رەشید، کار لەسەر دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆی رژێمی سوننەگەرایی بەعس دەکاتەوە. لەم بارودۆخەدا، کە کورد شەریکێکی مێژوویی ستەملێکراوی شیعەیە، جارێکی

دی رووبەڕووی غەدرو زوڵم دەبێتەوە، نەک تەنیا لەوەی، کە لەدوای بیستو پێنج ساڵ تاوانی جینۆسایدکردن، دۆستە دێرین و هاوستەملێکراوەکەی ئامادە نییە قەرەبووی ئەو تاوانە بکاتەوە و بە زوڵمی تۆمار بکات، بەڵکو سیاسەتەکانی بەرەو ئەو ئاڕاستەیەن، کە جارێکیتر ئەم نەتەوەیە بخرێتەوە دۆخی ژێردەستەیی و زوڵم و زۆریی لەبەرامبەردا بکرێت.

لەماوەی ئەم بیستو پێنج ساڵەدا ئەوەندە لەسەر ئەو کارەساتە وتراوە، ئەوندە هاوار و رۆڕۆ کراوە، هەموو وشەکان و گوزارشتەکان هێزی بزواندنی سۆز و هەستییان لەدەستداوە، بۆیە لێرەدا، دوور لەوەی قسە بۆ ئەوە بکەین، کە دڵی خۆمان سارێژ بکەینەوە، یان بۆ ئەوەی کەسێک دڵی بە ئێمە بسوتێت، بە نوسینی چەند دێڕێک منیش خۆم لەبارێکی گەورەی خەم بۆ چەند ساتێکیش بێت خاڵی دەکەمەوە. لێرەدا ئەم نوسینە رەنگە تەنیا بە مەبەستی قسەکردنو کات کوشتن بێت، چونکە وشەکان واتاو کاریگەرییان لەدەستداوە، بەڵام بۆ من زۆر گرنگە چونکە ئەو هەناسەیەیە. کە بۆ ساتێکی

زۆر کورتیش بێت پشوێکم دەداتێ و لە ئازارێک دامدەماڵێت، چارەگە سەدەیەکە بە کۆڵمەوەیە.

دراما: گەمە گاڵتەجاڕیەکانی ئەنفال

کات: 14/4ی ساڵی 1988.

شوێن: گوندی کولەجۆی حاجی حەمەجان

سیناریۆ: ئەنفال و جینۆسایدی نەتەوەیەک

ناوەرۆک: لەم سیناریۆیەدا دوو بەرە هەن، بەرەیەکی گەلێکی داماو و کڵۆڵ و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بێ ویژدان و زۆردار.

بـڕیـار: کـوشـتـن و سـوتـانـدنـی هـەمـوو گیانلەبەرێک، مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵدار، رووەک.. هتد.

بە تاڵانبردنی هەموو ماڵ و موڵکێکی خەڵکی ئەنفالکراو

سوتان و رووخانی ئەوەی بە تاڵان نابرێت.

نـاوەرۆکـی سـیـنـاریـۆ: بەرجەستەکردنی سـیـاسـەتـی سـوتـانـدنـی زەوی و قـڕکـردنـی نـەتـەوەیـەک تەنیا بۆ رازیـکـردنـی دەروونـی نەخۆشێک.

نمایشی دراماکە:

ئەکتەرەکان:

بەرەی یەکەم: جەلادەکانی بەعس، عەشایەرە

چەکدارەکان، جاشە کوردەکان.

بەرەی دووەم: منداڵێک بە بەرگێکی رووتوڕەجاڵەوە چاوەکانی دەرپۆقیوە و تێناگات. ژنێک لەترسا واقی وڕدەمێنێت، سیماو هەناوی توشی سوباتێکی ئەبەدی بووە. پیاوەکان بە قوڵپەی گریانەوە لەتیمەکانی کوشتن دەڕوانن بەو هێوایەی ئەمان ببرێن‌و منداڵەکانیان ئازادکرێن.

جێبەجێکردنی بڕیار:

جیاکردنەوەی ژنو منداڵان لە پیاوان.

پیاوان لە دوورەوە بە چاوێکی پڕ لە خەم و ئازارەوە لەخێزانەکانیان رادەمێنن، ئاخۆ چ چارەنوسێک چاوەڕوانیان دەکات، لە چاویاندا ئازارەکانی زامی دابڕان نمایش دەکران. ئاخۆ ساتێک دەگەڕێتەوە بۆ بە یەکتر شادبوونەوەیان.

ژنان و منداڵان چاوەڕوان بوون وەک هەمیشە باوکەکان فریایان بکەون و لەدەمی ئەو گورگانە رزگاریان بکەن.

ئەو رۆژە (مەلەکوتی مەرگ) هەموو بن و بارەگای خۆی گواستەوە بۆ کوڵەجۆ، وتی با خەڵقانیتر ئەمڕۆ سەرفراز بن، من تەنیا فریای کوڵەجۆ دەکەوم.

قۆناغی دووەم: ناونوسکردن و گواستنەوەی گوندنشینان بۆ سەربازگەکانی تۆپزاوا، بەڵام تۆپزاوا ئەو ڕۆژە نەیتوانی شایی بگێڕێت، بگرە لە هەموو ڕۆژەکانیتر زیاتر تەعزێبار بوو.

بە شێکیتر گوازرانەوە بۆ نزیک چاڵەکانی مەرگ بۆ گۆڕەپانەکانی (نوگرەسەلمان)و سەماوە، ئای تۆپزاوا تۆ و (نوگرەسەلمان) و سەگەکانتان چی یادوەریەکتان لە بیرەوەریەکانماندا تۆمارکردوە.

قۆناغی سێیەم: سەربازەکان خەڵکانی ئەنفالکراو دەخەنە چاڵەکانەوە و تیمەکانی مەرگیش لە سەرەوە گوللەبارانیان دەکەن، لەم دیمەنەدا، چانسدار ئەوەیە زوو گوللەیەکی بەرکەێت و بەمردوویی بکەوێتە ژێر خۆڵەوە، دەنا دەبوو بە بریندارى زیندە بەچاڵبکرێت.

لەکۆتاییدا ئەم درامایە ئەوەندە لاوازو قێزەوەن بوو بە هیچ شێوەیەک بۆ چرکەساتێکیش سەرنج و سۆزی تەماشاکەرانی عەرەب و ئیسلامی ختوکە نەدا، بۆیە تووڕەبوون لەوەی، کە بەم سیناریۆ بێتامەوە کاتییان بە فیڕۆ دراوە،

ئـاخـر ئـــەوان سـیـنـاریـۆیـەکـی سێکسییان دەویـسـت. سیناریۆیەکیان دەویـسـت دڵ و دەروونە نەخۆشەکانیان، وەک ناوگەڵیان تێر بکات.

لە حوزەیرانی 1992 پێش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە مۆڵەتی بـەرەی کوردستانی کۆمەڵێک رووناکبیر، کۆمیتەیەکیان بۆ بـەرگـریـکـردن لـە مافی ئەنفالکراوەکان دامەزراند، ئەرکی ئەم رێکخراوە ئامارکردنی ئەنفال‌و کۆکردنەوەی زانیاری‌و دیکیۆمێنت بـوو. لـە ئاکامی شیکارکردن‌و دیراسەکردنی ئـەو زانـیـاری‌و دۆکۆمێنتانە، گەیشتنە ئەو باوەڕەی، کە زۆرترین ژمارەی ئەنفال، کە بە بیست هەزار کەس مەزەندە دەکرا لەو رۆژەدا، لە 14/4دا لە گوندی کوڵەجۆی حاجی حەمە جان ئەنجامدراوە، بۆیە سەرۆکی کۆمیتەکە نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵڵا ئەوکات پێشنیاریکرد، رۆژی 14/4ی هەرساڵێک، وەک یادی ئەنفال بناسرێت، بە واتا رۆژێکمان بۆ پرسەو رۆڕۆ دیاریکرد.

ئەمڕۆ چـارەکـە سـەدەیـەک بە سـەر ئەو کـارەسـاتـەدا تێدەپەڕێت، دە سـاڵ بـە سـەر

ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا تێدەپەڕێت. هێشتا ئێمە بەرگی ڕەشمان فڕێ نەداوە. ساڵانە چەند ڕۆژێکمان تەرخانکردوە بۆ پرسە، کۆتەڵ، گریان و گێڕانەوەی کارەساتەکان و پێداهەڵدانی قوربانیان. ئێمە تا ئەمڕۆش لەنێو زەلکاوی ئەو تاوانە قێزەوەنەدا خەون بەسزادانی تاوانبارانەوە دەبینین. خەون بەوەوە دەبینین دۆستان و شەریکەکانمان لەدەسەڵاتی نوێی عێراق ئەم تاوانە بە ڕاستی بناسن و قەرەبووی زیانلێکەوتوانی بکەنەوە. تا ئەمڕۆ ئێمە بە زەبوونیەوە خەم و ئازارەکانی ئەنفال و جینۆسایدمان داوە بە کۆڵمانداو وڵات بە وڵات لە دەرگای پەرلەمانەکان دەدەین، تەنیا بۆ ئەوەی ئەم تاوانە بە تاوان بناسن.

لە دوای بیست و پێنج بەهار حیکایەت و تراجیدیاکانی ئەنفال، خەریکە دەبنە سیناریۆیەکی بێ ماناو بەتاڵ، لە یادی بیستو پێنجساڵەی ئەو کارەساتەدا هێشتا هیچمان نەوتووەو هیچیش نەماوە بیڵێین.

## شەراکەتو سازان
## هەوڵێك بۆ رزگاربوون لە قەیران

گۆڕەپانی سیاسی کوردستان ئەمڕۆ لە بەردەم سێ رووداوی هەنوکەییو هەستیارو چارەنوسسازدایە. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، رەوی بە کۆمەڵی کوردانی رۆژئاواو رەوشی بە کۆمەڵ کوشتنیان، پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا.

وەک پرۆسەی گۆنگرەی نەتەوەیی لەگەڵ بوونی کۆمەڵێک گلەییو رەخنەی لایەنە سیاسییە کوردییەکانو تووڕەیی نەیارانو قەڵسبوونیان، بەڵام ئەم پڕۆسەیە ویستگەیەکو هەنگاوێکی گرنگو هەستیاری مێژووی سیاسیی کوردە، لەم بارودۆخەدا

کورد لە هەموو شتێک زیاتر پێویستی بە یەکتر خوێندنەوە و لێکتێگەیشتن و پاڵپشتی یەکترە.

ڕەنگە ئەمە بۆ یەکەمجار بێت لە مێژووی سیاسی کورددا توانیبێتمان کوردانی هەموو بەشەکان لەسەر یەک سفرە کۆبینەوەو بارودۆخی سیاسی خۆمان تاوتوێ بکەین، ئومێدێک بۆ خۆمان بە زیندوویی بهێڵینەوە. ئەم پرۆسەیە ئەمڕۆ لە ژانی لەدایکبونیدایە، هێشتا ڕووی خۆری بە چاوی خۆی نەبینیوە، بۆیە دەبێت لەم کاتەدا ئێمە تەنیا هیوای سەرکەوتنی بۆ بخوازین‌و کار بۆ لابردنی بەربەستەکانی بەردەمی بکەین، نەک بۆ خۆمان بکەوینە وێزەی‌و سوک‌و ریسوای بکەین.

ڕووداوەکانی خۆرئاوای کوردستان و ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان لە هەردو ڕووی سیاسی‌و مرۆڤایەتییەوە، سەرنجی هەموو لایەکیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە.

لە ڕووی سیاسییەوە ململانێی نێوان هێزە سیاسییە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان

بە تایبەتی لەنێوان پارتی و پەکەکە، تا ئەمڕۆ ئاماژەیەکی دڵخۆشکەر نییە، تا ئەمڕۆ ململانێ و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی بە سەریاندا زاڵە. دپلۆماسیەتی کوردی تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە سنوری لۆکاڵی ببڕێت، نە لە بازنەی هەرێمایەتی و نە لە بازنەی نێودەوڵەتی هیچ جووڵە و رەنگێکی نییە.

لە رووی مرۆڤایەتییەوە لە سەدەی بیستو یەکدا کورد لەبەرامبەر جینۆساید و دەربەدەری و ترسناکترین تاواندایە. لەم بارەدا رەوێکی بە کۆمەڵ لە رۆژئاواوە بۆ باشوری کوردستان بە واتەی چۆڵکردنی وڵات رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە، لەم بارەیەداو لە ژێر ترسی لەناوچوون، رێگە چۆڵکردن بۆ بەرەی دژ بە کورد تا کۆنترۆڵی کوردستان بکەن و کورد لەقۆناغی نوێدا بگەڕێننەوە سەردەمی پێشوو بۆ ژێر رەحمەتی دوژمنانێکی نوێ و بەردەوام بوون لەسەر سڕینەوەی شوناسی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان، پێموانییە کارێکی دروست بێت، بگرە گورزێکی جەرگبڕە نەک بە تەنیا لە کوردانی رۆژئاوا، بەڵکو گورزە لە کۆی پرۆسەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردی. لەم بارەیەدا ئەرکی دەسەڵاتی

هەرێمی کوردستانە بە یارمەتیی کوردانی ڕۆژئاوا، کە میکانیزمێک بۆ چارەسەری ئەم گرفتە بدۆزێتەوە، دەشێت دپلۆماسییەتی کوردی کار بۆ ئەوە بکات سەرەتا ناوچەیەکی ئارام لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەناو خاکی سوریا بۆکوردان بڕەخسێنێت و دواتر هاوکاری و یارمەتییەکان بگوازێتەوە ناو کوردستانی ڕۆژئاوا.

لە ڕووی هێرشی دوژمنانییەوە، جگە لە بەرەی (نوسرە)ی ئیسلامی، کە ئەمڕۆ زۆر دڕندەتر لە بەعس دوژمنایەتی کورد دەکات. ڕژێمەکەی ئەسەدیش بە هەمان سیناریۆی ڕژێمەکەی (سەدام حوسێن)، دوای ئەوەی توانی شکست بە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی عەرەبی بهێنێت، دەکەوێتە لێدان و وێزەی کورد و هەمان سیناریۆی ڕەوی بە کۆمەڵی ساڵی 1991ی کوردانی ڕۆژئاوا لە باشوریش دووبارە دەبێتەوە.

وەک پرسی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستانیش، کە ئەمڕۆ خەریکە درزێک دەخاتە بەرەی لایەنە سیاسییە کوردییەکانەوە، خودی پڕۆسەکە بۆ خۆی دەبێتە قەیران.

لە راستیدا زۆربەی ئەو گەل و نەتەوە و کۆمەڵگەیانەی لەدوای خەباتێکی دوورودرێژی چەکداری دەتوانن وڵاتەکەیان لە داگیرکەر رزگار بکەن، زۆرجار لەگەڵ ئەوەی لەدەسەڵاتی سیاسیی داگیرکەر رزگاریان دەبێت، بەڵام ناتوانن لە کولتور و ئەو عەقڵیەت و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانەی داگیرکەر بە چەندین ساڵ بێ هەستپێکردنیان لە هەناویاندا چاندویەتی رزگاریان ببێت، میراتگەری دەسەڵاتی فاشیزم و داگیرکەر گرێیەکی دەروونی کۆمەڵایەتی جەرگبڕە بە تایبەتی بۆ ئەو گەلانەی لە ئاستێکی زۆر نزمی هۆشیاری و دواکەوتندان، زۆر درەنگ هەست بەو دەردە دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو دەردانە، کە دواتر ئەوەندە تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەبن، لە رواڵەتدا وا دەردەکەوێت ببن بە دیاردەو دواتر دەبێتە خەسڵەتێکی سروشتی ئەو کۆمەڵگەیە. ترسناکترین ئەو دەردانە بە شەرعیکردنو هەڵگرتنی خەسڵەتی ناشرینییە لەسەر تاوان، هەڵە، فێڵ، تەزویر و درۆکردن.. هتد. ئەمانە بە بێ شەرم دەکرێن بە سیاسەت

و لەژێر پەردەی رەوای سیاسیدا شەرعیەتیان پێدەدرێت. لەم چوارچێوەیەدا خۆدزینەوە لە راستییەکان بە مراوەغەو هەڵهاتن لە وڵامدانەوەی پرسیارە هەستیارەکان، شاردنەوە، داپۆشینی تاوان و درۆکان بە بیانووی رەوایی‌و پیرۆزی کارەساتێکی‌تری ئەم کۆمەڵگایانەیە.

ئێمە وەک کورد لەدوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس‌و وەدەرنانی داگیرکەر لە هەرێمی کوردستان، سیستمێکی حوکمرانی نیمچە دیموکراسی، نیمچە شەرعی، پڕ کێشە و گرفتمان دامەزراند، کارەسات لەوێدایە ئێمە دەمانەوێت بیسەلمێنین ئەم مۆدێل‌و شکڵەی دیموکراسی ئێمە مۆدێرنترین، باڵاترین، عەیار بیست و چواری هەموو جیهانە، ناوەند لە بەغداد و گەلانی دەوروبەر دەبێت چاو لە ئێمە بکەن. هەرچەندساڵ جارێک لە دوای بڕێک رەخنەو گلەیی‌و پڕتەو بۆڵە، هەڵبژاردەنێکی پەرلەمانی لاوازو نیمچە مردو ئەنجام دەدەین.

پێش لەدایکبوونی گۆڕان وەک بزوتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆن، هەموو خولێک هەڵبژاردنێکی بێ سەر ئێشەو بێ گلەییمان ئەنجامدەدا، پێش وەخت هەمومان

ئاكامەكانمان دەزانـی، دوای دروستبوونی گۆڕان پرۆسەی هەڵبژاردن ئەمڕۆ بە ئاشکرا بووە بە شەڕی دەستخستنی سامانو گەیشتن بە دەسەڵات، لە راستیدا ئەوەی وایکرد گۆڕان بە ئیفلیجی لەدایکببێت ئەو راستییەیە، کە ئەم بزوتنەوەیەش بە هەمان مۆدێل و ستایلی حزبەکانی تر نەیتوانی عەقڵیەت و شەرعیەتی شاخ رەتبکاتەوە.

ئەمڕۆ ئەوە بووە بە راستی، کە زۆربەی لایەنەکان لە ئامادەکاریدان بۆ هەڵبژاردن ئەوەندەی بیر لە ئەنجامدانی تەزویرو فێڵ و کڕینی ویـژدانـی دەنـگدەر و تـەفرەدانـی رای گشتی دەکـەنـەوە، ئـەوەنـدە بیر لـەوە ناکـەنـەوە، کە پڕۆژەیـەکـی نیشتمانییان بۆ بـەرژەوەنـدی نەتەوەیی و نیشتمانییان لەم قۆناغە هەستیارەدا هەبێت. کۆی ئەم باوەڕ و دیاردانە ئەمڕۆ ئەو زەمینەیەیان خوڵقاندوە، کە پـرۆسـەی هەڵبژاردن بۆ خـۆی ببێت بە قەیران و کێشە. کەوتۆتە ئەو بارودۆخەی، کە لەبری ئەوەی میکانیزمێک بێت بۆ کاری سیاسی و کۆتاییهێنان بە شـەڕ و ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکان، بۆخۆی دەبێتە

سەرچاوەی داهێنانی قەیران و کێشە.

لە بارەی هەڵبژاردنەکانەوە ئەمڕۆ تەنانەت لەنێوان هەردو حزبی دەسەڵاتدار و هاوپەیمانیشدا (یەکێتی و پارتی)، جۆرێک لەجیاوازیی هەڵوێست و بۆچوون لەبارەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووەوە پەیدا بووە. لەکاتێکدا کۆمسیۆن دانی بەوەدا ناوە، کە زیاتر لە 178 هەزار دەنگی مردوان و دووبارە لە لیستی دەنگدەراندا هەیە، یەکێتی و ئۆپۆزیسیۆن پێداگرن لە سەر پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران و ساغکردنەوەی کێشەی پێدانی ناسنامە بە هەزاران کوردی سوریا.

لەم بارودۆخەداو لە هەر سێ رووداوەکە، لە غیابی سیستمێکی دامەزراوەیی، بارودۆخی ناجێگیری هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بێ سەپاندنی دۆخ، بارێک لە رێککەوتن، سازان و شەراکەت، مەحاڵە کورد بتوانێت بێ زیان و بە سەروەری لێی دەرباز ببێت.

ئەم سێ رووداوە پێکەوە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی گۆڕانی گەوهەری و گرنگن لەبارودۆخی سیاسی و نەتەوایەتی کوردا بەرەو قۆناغێکی ئەرێنی و ئایندەیەکی

ڕووناكتر. له لایـه‌ك ئه‌و سێ ڕووداوه‌، كه‌ لـه‌ ڕووی جـوگـرافـییـه‌وه‌ سـنـوری هـه‌مـوو به‌شـه‌كانی كوردستان ده‌بڕێت و له‌ ڕووی ناوخۆیی و خۆیه‌تی كـوردەوه‌ هه‌نگاوێكه‌ به‌ره‌و خۆ ڕێكخستنه‌وه‌ و خۆ ئاماده‌كردن بۆ سـه‌رده‌م و قۆناغێكی نوێ، به‌ڵگه‌ی زیندوی ئه‌م خوێندنه‌وه‌یه‌ لێدان و دژایه‌تیكردنی كورده‌ له‌م كاته‌دا له‌ لایه‌ن كۆی وڵاته‌ داگیركه‌ره‌كانی كوردستان. (توركیا و سوریا و ئۆپۆزسیۆنی به‌ ناو ئیسلامی سوری تا ئاستێك عێراق و ئێرانیش).

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان، ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سرییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشرەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ - بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل - بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حركة الحداثة فی الشعر الكردی | د.سەروەر عەبدوڵڵا | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشرەو محەمەد | | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم - بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم - بەرگی دووەم | ب. لیڤا | | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | شاسوار کەمال | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | 99 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی یەکەم | 100 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی دووەم | 101 |
| 2016 | موصلّح شێخ شیسلامی | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | 102 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | سێگۆشەی گرگرتوو | 103 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | 104 |
| 2016 | سۆران عەلی | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | 105 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | 106 |
| 2016 | سۆران عەلی | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | 107 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | 108 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | 109 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | 110 |
| 2016 | ڕێباز مستەفا | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | 111 |
| 2016 | بابان ئەنوەر | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | 112 |
| 2016 | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | ئومێدی خۆرهەتاوی من | 113 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | 114 |
| 2016 | فوئاد مەجید میسری | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان | 115 |
| 2016 | نەوزاد جەمال | کورد و ئیسلام لە یەکتربردا | 116 |
| 2016 | بابان ئەنوەر | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | 117 |
| 2016 | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | 118 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | چوار سندوق | 119 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | گفتوگۆ | 120 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | سەڵتەکان | 121 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | 122 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | 123 |
| 2016 | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | 124 |
| 2016 | ساراڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | 125 |
| 2016 | سۆران سێوکانی | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | 126 |
| 2016 | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | 127 |
| 2016 | سۆران عەلی | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | 128 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشرەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کاردەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەکرم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |
| 137 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوکردنەوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لە ئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تێۆری زانینی زانستیانە | د.حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لە کوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژوی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غەفور | 2016 |
| 148 | پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د.لوقمان رەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریا غەفوری | 2017 |
| 151 | هونەری شێوەکاری نوێ | رامیار مەحمود | 2017 |
| 152 | جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2017 |
| 153 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 154 | پەیوەندی ئێران و هندستان | ماجید خەلیل | 2017 |
| 155 | چین و ئێران | محەمەد چیا | 2017 |
| 156 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 157 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 158 | رکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |
| 159 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 160 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | 2017 |
| 161 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | شاناز هیرانی | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 162 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 163 | فەلسەفەی هانا ئارێنت | ئارام مەحمود | 2017 |
| 164 | نەوت بەرامبەر زەوی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 165 | پوختەی سەرمایەی مارکس | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 166 | چوارینەی دیموکراسی | رەنجەی نابینا | 2017 |
| 167 | نفوذ الهلال الشیعی فی الشرق الاوسط | عەلی محەمەد صالح | 2017 |
| 168 | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 169 | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | 2017 |
| 170 | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە | سۆران سێوکانی | 2017 |
| 171 | مێژووی درۆ | هاوار محەمەد | 2017 |
| 172 | پرسی کورد | ماجید خەلیل | 2017 |
| 173 | پۆست کۆمۆنیزم | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 174 | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | جەواد حەیدەری | 2017 |
| 175 | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 176 | دەربارەی میواندۆستی | هاوار محەمەد | 2017 |
| 177 | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 178 | رۆشنگەری چییە؟ | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 179 | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | یوسف ئەحمەد مەنتك | 2017 |
| 180 | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 181 | مێژووی پەیەدە | ماجید خەلیل | 2017 |
| 182 | کتێبی سور - چاپی سێیەم | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | 2017 |
| 183 | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | ئەکرەم عەنەبی | 2017 |
| 184 | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2017 |
| 185 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 186 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 187 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 188 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 189 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 190 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 191 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 192 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 193 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 194 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 195 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 196 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 197 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 198 | سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 199 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 200 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 201 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 202 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 203 | سان سیمۆن | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 204 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 205 | جەنگی سارد | شاناز رەمزی هیرانی | 2017 |
| 206 | سیخوڕی و دژە سیخوڕی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 207 | بیرەوەریی هەواڵگری | کارناس جوبرائیل | 2017 |
| 208 | هەواڵگری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ئاران عەلی | 2017 |
| 209 | ئایندەی کاری هەواڵگری لە سەدەی بیست و یەکدا | رەوەند هەورامی | 2017 |
| 210 | ئەرکی سیخوڕانی نهێنی | ئاسۆ حەسەن | 2017 |
| 211 | داعشیزم.. خەلافەت و تیرۆر | ئەسعەد جەباری | 2017 |

iDEA
FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە